315

# ڕامان

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی چوارەم/ ساڵی بیست و شەش/٥ی ١ی ٢٠٢٤



- **خاوەنی ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام



**ناوونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر**

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net

**ژمارە مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) /** 07504494662

**(دەرەوە) /** 009647504494662

**پۆستی ڕامان:** sarkautwali@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا/ هەولێر**

**نرخ/ ٧٥٠ دینار**

## ناوەڕۆکی ڕامان


● دەق
- ڕۆما/ هیوا قادر/ ٣
- چیچێ/ موحسین قۆچان/ ٥
- سێبەر/ گوڵاڵە عوسمان/ ٧
- بێدەنگییەکی تووش/ بوخاری وشیار/ ٩
- ئەفسانەی سەربازە مردووەکە (١٩١٨)/ بێرتۆلد برێشت، لە ئەڵمانییەوە: عەبدولموئمین دەشتی/ ١١
- جیقنە، جگەرە، بنێشتی مۆز/ نیشتمان قادریان/ ١٤
- ڕێگا/ ستیڤان شەمزینی/ ٢٣
- باران نم نم بەسەر ئاوێنەکەدا دەباریێ/ بڵند باجەلان/ ٢٨
- زەواجا نووژەن/ د. خەلیل عومەر/ ٣٣
- هاوین لە یەک چرکەدا/ ڕەی برەدبێری، لە ئینگلیزییەوە: ژیلا ڕەحمانی/ ٣٥
- کەلاوەکەی سەر دەریای ڕەش/ عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)/ ٣٨

● هەڤپەیڤین
- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند (نەوزاد مەجید)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ ٤٥

● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە
- ڕامان لە ڕەهەندە ڕاڤەییەکانی کەسێتییە ئاژەڵییەکان، لە دەقە ئاینییەکانی یارساندا/ نیاز مەحموود عەبدولقادر/ ٧٠
- ڕەهەندە بوونگەراییەکانی ئاگر لە کۆشیعری (گەڕانەوەی زەردەشت)دا/ محەمەد نەبی/ ٨٢

● هزر و فەلسەفە
- محەمەد عەبدو/ پ. د. حەمید عەزیز/ ٩٢

● ئەزموون
- من و ڕۆماننووسین/ عەزیزی مەلای ڕەش/ ١٠٢

● وتار
- تیۆری ڕەخنەیی بنیادگەری و جێبەجێکردنی لە ڕۆمانی کوردیدا/ گۆران سەباح/ ١٠٥
- سایکۆلۆژیایا گۆتنێن پێشیان/ د. نەسرەدین ئیبراهیم گولی/ ١١١
- پرسیارە فانتازیاکان لە بارەی کەسایەتییە مێژووییەکان، ڕۆمان.. مێژوو/ ئیبراهیم نەسروڵڵا، لە عەرەبییەوە: تاهیر عوسمان/ ١١٥

● زمانزانی
- نەخشی کولتوور لە زماندا/ پ. د. شیلان عومەر حسێن/ ١١٩

● مێژوو
- خالید بەگی ئەحمەد پاشای بابان/ هێمن عومەر خۆشناو/ ١٢٦

● هونەر
- مۆنتاژ و مۆسیقا لە دراماتورگی مییرهولددا/ د. فازڵ جاف/ ١٣٦

● خوێندنەوەی کتێب
- نووسین بە تیشکی ئەستێرە/ سەردار قادر/ ١٤٠

● نامە
- چەپکێک نامە... / ئا: سەرنووسەر/ ١٤٦

● بە باڵابڕین
- هەڤپەیڤین و دیمانە شانۆییەکانی ڕامان، وانەی هونەری و سەرچاوەی مێژووییین/ موحسین محەمەد/ ١٥٤

● سووکە لەنگەر
- زمانی داڕشتن لە ئەدەبدا/ حەمەئەحمەد جاف/ ١٦٠

# ڕۆما

**هیوا قادر**
**(سلێمانی)**



**ئاگری جوانی بەربۆتە ڕۆما،**
**ئاگرەکەی نیرۆنیش**
**لەناو یادەوەریدا**
**ڕۆما دەسووتێنێت و ناکوژێتەوە؛**
**زریانێک نییە**
**ئاگری یادەوەری بکوژێنێتەوە.**
**من وەک دووکەڵێک بە دوو پێی خۆمەوە**
**سووک و سۆڵ**
**بەناو کۆڵانی ملوانکە لە ملدا**
**پیاسەدەکەم،**
**ئەو هەموو جۆگەڵەی شەرابە دەبینم**
**بەدەم قریوەقریوەوە**
**گەرووی مرۆڤەکان تەڕ دەکات.**
**ڕۆما**
**هەزاران بەلەمی خەیاڵاوی دەخاتە سەر پشتی خۆی**
**و**
**بە ناو**
**کێڵگەی شمشێری خوێن لێ تکاو و**
**پایەی بیرازکراو بە دەمی چەکوشدا دەڕوات،**
**دەستی ئەو پەیکەرانە دەگرێت**
**کە سێبەر لەسەر ڕوخساریان ناکەوێت.**
**ڕۆما،**
**سەرابێک لە تەلیسمی جوانی؛**
**چاوێک دەتوانێت بیبینێت**
**کە وەک ماسییەک بتوانێت لە ئاگریشدا مەلە**
**بکات.**
**چاوێک پێکەنینی بە بینینی ڕووت بێت و**
**لەناو بینینی هەزار ڕەنگدا ببریسکێتەوە،**

سوێند دەخۆم لە ناو ئەم هەموو جوانییەدا
ئەو هیچانە نابینم کە هیچن
و
ئەو هیچانە دەبینم کە شتن و نابینرێن،
من سیحرێک لە گیرفانمدایە
بینین وەک بەچکە کەروێشک بە گوێ دەگرێت.
ڕووبارەکان دەڕۆن و ڕوخساری مرۆڤەکان و
گەرمی جەستەکان لەگەڵ خۆیان دەبەن،
ئەو نەوتراوانەش کە وەک ئۆڤیلیا
سەیری تریفە دەکەن و
قاچیان دەخزێت و دەکەونە ڕووبارێکەوە و
دەخنکێن،
کەس نییە ڕزگاریان بکات، جوانی نەبێت،
ئاوی گوناهبار هەمووما لەگەڵ خۆی دەبات و
وێنەمان لە جێگایەکی تر خەڵق دەکاتەوە.

نەفرەتلێکراوەکە منم
کە دەبێت ئەو نەبینراو
و
نەبیستراو
و
نەبووانە بدۆزمەوە،
کە ڕۆما لەخۆیدا هەڵیگرتوون.
نیگام وەک تەونی جاڵجاڵۆکە لە قەوسی
کڵێسایەکدا گیردەبێت
لە ژێر قورسایی پایەکان و
جوانی پەیکەرەکاندا واقی وڕدەمێنێت.
کاتێک بینین دەخەمە سەر ئەلفوبێی زمان،
بەشێکی دەمرێت؛
کاتێکیش بیستن دەخەمە سەر لەرەی مۆسیقا،
بەشێکی دەمرێت؛
من وارسی ئەو بەشە مردووانەم
کە دەبێت زیندوویان بکەمەوە

و
نەهێڵم بریقەی جوانیان کوێرم کات،
بەسەر ئەو پلیکانانەدا سەردەکەوم
کە هەزاران هەزاری وەک من
هەزاران ساڵە بەسەریدا سەردەکەون
بۆ ناو قووڵایی خەرەندێک کە ژیانە.
با شەستەباران ببارێت لە ڕۆما
با لەگەڵ دڵۆپەکاندا ڕووناکیش بڕژێت،
با لرفە لرفی ئاگری جوانی بمسووتێنێت.
ئاگری جوانی
بەربۆتە من
لە ڕۆما.

٢٠٢٣/٢/٢٦- ڕۆما

* ئەم شیعرە لە فیستیڤاڵی ڕامان خوێنرایەوە.
(ڕامان)

# چیچێ

موحسین قۆچان
(دهۆک)

(چیچێ فڕی.. فڕی.. فڕی...
دادا دناڤ پێژانیرا
ستریکەکێ چۆی د پەپێ وێ را
چیچێ گری...... گەلەک گری)
ستری تانە
کرێتیا ژ دێمێ شەمبووزا ڤەگرتی
ل مە بەلانە
هەر ستری یەک ئێشانەکە
ب ئینانە دەرێ دبیتە دو
بێ دەستهەلاتی ژانەکە
رۆندکێن چاڤان دکەتە جۆ
کەسێ ستری د پیان ڕا بیت
یێ کەتیە، نەشێت رابیت
د نالیت، دگریت، تەنانابیت
نەشێت مەشا وەردەکان بکەت
دمینیت بندەست، ڕزگار نابیت
ترانەیێن کورد و ستریان هەر ل کارن
جار بەرملن ب سینگێ مە ڤە و
جار ژێ بارن
ئەم حەز ژێ دکەین
گێرا لێ دکەین
مینا زارۆکان مای ژێ دکەین
بۆ دیاری و خەلاتێن خۆ وان ڤرێدکەین
هەر جارەکا ل دۆرێن مە ستری نەمان
ئەم ب دەستێن خۆ یەکی چێدکەین

٢٥/ ١٠/ ٢٠٢٣



## گرێبەست

ئەز هێڤێنی نێرگزەکێ
تۆ ئاوازێن تڤیرکەکێ
دێ ژ دێمێ ڕۆژێ ڤەگرین
بۆ شانەدێرا بوهارێ
دێ ستێرەکێ ب داڤان گرین
ب مژیلانکێن من ڤەدرین
بۆ کەزیکێن تە نازدارێ
دا دێمێ تە رەونەقێ بدەت
دەمێ سیلاڤەک رۆنیێ
ب بەژنا تە دا دهێتە خوارێ
ئەی سترانا د خەریبیێ دا من ژبەرکری
ئەی ڤیانا ژ ئێتینێ بووی و
خۆ د گەردەنا من وەرکری
من تۆ دڤێی پتر ژ سەمتا برینێن خۆ،
پتر ژ حەزا دای و بابان و گیانێ خۆ
هەر چەندە ژی کورێن بلحێن داگیرکەران
خەملا تە یا کرێت کری
لاندکا بوونێ
ئەز دزانم کانیا عشقێ ژ گەهێن تە دزێت
نە چک دبیتن
نە عشق د گەل تە ب دویماهی دهێت
(ب دیناتی ئەز حەز ژ تە د کەم
مەرگێ من گۆری تە بیتن کوردستان)

٢٠٢٣/٥/١

## بەخت

هەر کەسەکێ بچیت وەغەرێ
ژ هێماییێن هەلبەستا من
دێ خەمەکێ د ناڤ چانتا خۆدا هەلگریت
ئەوی دزڤریت ژ وەغەرێ
دێ کێکەکێ
بۆ رۆژبوونا خەمەکا نوی
ژ من دکڕیت
یێ تاوی بوو
سندریکێ ژ خەمێن تیژ
ل نک من چێدکەت
بەری بمریت
ئەز پاسەوانێ خەمانم
ژ بەخت ڕەشی چرایەکێ نالبارم
ب رۆژ هەلدبیت
دەما بۆ تاری دتەمریت

٢٠٢٣/١٠/٢٢

*** ئەم شیعرە لە فیستیڤاڵی (ڕامان)دا خوێنراوەتەوە.**
**(ڕامان)**

# سێبەر

گوڵاڵە عوسمان
(سلێمانی)

زۆری خستە نێوانمان
سێبەرەکەت
هیچیش ناڵێت و
هەموو شتێکی دەوێ
سێبەرەکەت
بە ناو خۆمدا ڕاوم دەنێ
سێبەرەکەت
ماڵە تازەکەمان پێ دەزانێ سێبەرەکەت
دڵە کچانەکەمی گەرەکە
سێبەرەکەت

**

دووکەڵی جگەرەکەتی خۆشدەوێ
ناوی دووەمی تۆیە
وشەکانت پاک دەکاتەوە
ئاگرەکەی ناخت بۆن دەکات
ژێر پێستت دەگەڕێ
س ێ ب ە ر ە ک ە م

**

لە خۆت زیاتری لێم دەوێ
سێبەری تری بۆ دروست دەکردم
بەناوێکی تر بانگی دەکردم
دەرودراوسێی لێ تێگەیاندووم
بە دیوێکمەوە لکاوە
ڕێگام دووردەخاتەوە
س ێ ب ە ر ە ک ە ت

**

سێبەرەکەم
قسەی دڵی خۆی بۆ کۆترەکان دەگێڕایەوە



سێبەرەکەت
کە تووڕەدەبوو کراسی بە بەری وشەکانمەوە
نەدەهێشت
سێبەرەکەم
دەنگی پێت دەناسێتەوە
سێبەرەکەت
شتانێکمی دەزانی کە خۆشم نەمدەزانی
سێبەرەکەم
تۆی دەخستە نێوانمان
سێبەرەکەت
وەک خۆتی لێکردووم کە لە هیچدا نەماویت
**
سێبەرەکەمان
یەک سێبەری هەبوو وشەکانی تۆ و سادەییەکانی
من
سێبەرەکەمان
یەک دڵی
یەک چاو
یەک ڕۆح
یەک مەئوای هەبوو
سێبەرەکەمان
ئێمەی هەبوو
هەندێ جاریش
هەبوو نەبوو
سێبەرێکمان هەبوو.

# بێدەنگییەکی تووش

بوخاری وشیار

تۆم لە سترانێکی غەمگیندا دۆزییەوە
سێبەرێکی بابردوو بوویت و
لەدووی پەڵەهەورێک دەگەڕای
دەتگوت: پەڵەهەوری چی،
پووشوپەڵاشی گڕ تێ کەوتووم

لە ئێمەدا
چیرۆکێکی هەتیو
هەڵی کرد
کەوتینە سکی پەڵەهەورێکەوە و
نەشمان دەزانی
بەسەر کام تیشەشاخدا دەخزین

چ کەس نەیدەزانی
ئەو ڕۆژە بای دێت
با لە دەشتانەوە قەتارەی بەستبوو
بەرەو دڵمان
چا نەبوو بزەمان با نەیبرد
کێ نالێ لە کونیلەی شمشاڵەکەی قالەمەڕەوە
بەرەو گوێچکەی کاریلەیەک نەدەچووین

تۆ دەتگوت:
ئەگەر بمبەیتەوە ناو گۆرانییەکەی دەم با
شایەد بتوانم بە گوێچکەتدا
غلۆرببمەوە ناو دڵت



من دەمگوت:
وا چاترە
بیر لە مەترسی نەکەیتەوە

تۆ دەتگوت:
ژیان مەترسیش دەهێنێت

ئێمە تەنها دەنگی کەوتنی
گەڵایەکی با بردەڵە بووین
کە نەدەگەیشتینە گوێچکەی هیچ کەس
بێگومان هیچ کەس نازانێ
نها لێرە هەور دەگرمێنێ و
لە ئێمەدا شتێک دەخووسێت

خۆ ئێمە دوو دەنگین
لە دەمی ستران چڕینی غەریبەیەک
لەو دەمەی لە زاری حەیرانبێژێ
کەوتینە خوارێ
هەزار بە هەزاری تیشە شاخانمان بڕی
ڕەشماڵ بە ڕەشماڵی کوێستانان گەڕاین
کەوتینە گوێچکەی هەسپێکەوە و
لە بەختی ئێمە هەسپ نەیحیلاند.

# ئەفسانەی سەربازە مردووەکە (١٩١٨)

بێرتۆلد برێشت
لە ئەڵمانییەوە: عەبدولموئمین دەشتی
(ئەڵمانیا)

١
جەنگ گەییە ساڵی چوارەمین
هیچ هیوا نەمابوو بۆ ژین
بڕیاری دا سەربازێ
خۆی، بۆ مەرگی باوێ بازێ

٢
چونکە هێشتان مابوو جەنگ،
دڵی پاشا بەمە بوو تەنگ
بە مەرگی  زووی ئەو سەربازە
ترسا ژیانی لێ ببێ لەنگ

٣
سەرباز لە گۆڕ ما، کپ و مات
تا کەژی هاوین داهات
جا لێژنەیەکی پزیشکی
لەلایەن سوپاوە بۆی هات

٤
چوونە سەر گۆڕی سەرباز
بە پێمەڕە و بە خاکەناز
گۆڕەکەیان هەڵکەنی،
دەریان کرد لاشەی بێناز

٥
دوکتۆر بە پوخت و وردی
هەرچی پێ کرا کردی:
گوتی هێشتان باشە بۆ جەنگ،



ڕای کردووە لە مەترسی!

٦
ئیدی هەڵیان گرت، بردیان
شەوێکی ساماڵ بوو ئاسمان
گەر خوودە نەبووا دەکاران
تێر بکەن سەیری ئەستێران

٧
چونکە جەستەی ڕزی بوو
بۆنی ئەو ناوەی تەنی بوو،
ئارەقیان ڕژاندە سەر
تا کەم بێتن، بۆنی بەدفەڕ

٨
ژنێک و دوو پەرستار
نیوەڕووت، ناسک و نازدار
پڕیان دا باسکی سەرباز
هەڵیان گرت بەرەو لێڕەوار

٩
لە پێشەوە مامە قەش
شەلە شەل و بەرگ ڕەش،
بخووردانی بادەدا،
تا نەکەن بۆگەنی لەش

١٠
لە پێش کاروانێکی خێرا،
بە مۆسیقا و بە زوڕنا
سەرباز وەک فێرکرابوو،
لە دواوە لاقی دەلەقا.

١١
تا لە دەستیاندا نەپەڕێ
نەکەوتە پیسایی سەر ڕێ
باوەشیان پیادا کردبوو
دوو کارمەند بەڕێ و بەجێ

١٢
بە سۆر و سپی و ڕەش،
ڕەنگیان کرد کفنی زۆر گەش
ونبوو پیسی لە گشت جێ
هەڵیان گرت و کەوتنە ڕێ

١٣
پیاوێ سنگ پان و بەهێز
هەنگاوی نا زۆر بەرێز
وەک هەر پیاوێکی ئەڵمان
پیادەی کرد ئەرک و فەرمان

١٤
تەپڵ و موزیک بە ئاواز
ڕێیان گرت بەرەو هەوراز
سەربازیش دەلەنگاوە
وەک کلۆ بەفرێک بەناز

١٥
میاوە میاو و حەپەی سەگ
زریکەی جورجی سەر کفەک
دەیانگوت حەیای خۆ نابەن
نایانەوێ ببنە فەرەنگ

١٦
کاتێک مەشیی گەییە گوندان
مابوون تەنیا کچ و ژنان

دار کڕنووشی برد، مانگ درەشاوە
بژی، بژییان بوو، تێکڕا لەم ناوە

١٧
هەموو، بە ژن و سەگ و قەشەوە،
بە دیداری یەک، شاد دەبوونەوە
سەربازی مردووش لەم ناوە،
دەتگوت مەیموونە، داماوە

١٨
سەرباز بە ناو گوند تێپەڕی
دەرفەت نەبوو بچنە سەری
خەڵک دەوریان تەنی بوو،
مۆسیقا و بژی بژی بوو.

١٩
چەپڵە و سەما و هوتاف لێدان
بە هۆی پڕی ئاپۆرەیان
تەنیا لێیان دیار بوو ئاسمان
تریسکە و تیشکی ستێران

٢٠
دایم ئەستێرە دیار نابێ
سوورایی شەبەق هەر دادێ،
بەڵام سەرباز وەک فێر بووە،
کەڵ دەژی و بۆ مەرگ دەچێ

**ئێریش لودندۆرف (١٨٦٥-١٩٣٧)، جەنەراڵی ئەڵمانی لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا، دوا پیاوی لادێکان، پیر و پەککەوتەکانیش ڕەشبگیر دەکات و بۆ جەنگ جلی سەربازیان لەبەردەکات، بۆیە لەناو خەڵک گوتراوە مردووانیش دەبەن بۆ جەنگ. بە مەزەندە بێرتۆلد برێشت لە ساڵی ١٩١٨ ئەو ساتیرایەی بەو بۆنەوە نووسیوە، من بە تەواوی شێلاومە و هەوڵم داوە بە کوردی بیگێڕمەوە.**

**سەرچاوە:**
**Bertol Brecht Gedichte , 1976 Verlag Phlipp Jun. Leipzig**



# جیقنە، جگەرە، بنێشتی مۆز

**نیشتمان قادریان**
**(بۆکان)**

چاوم دەقووچێنم و لەسەر مێزەکە سەر بە کتێبەکەم دەکەم، نازانم چ ڕۆژێکە، هەر دەڵێی ئەو ڕۆژەیە وا من و دایکم بێ قسەکردن، بوتڵێک ئاو بەدەستەوە بەرەو گۆڕەکەی بابم دەچین، یان نا، دەڵێی چونکە چاوم چاک نەقووچاندووە، بۆم ڕوون نابێتەوە چساڵێکە، نامەوێ تەواو چاو بقووچێنم، دەترسم چاوداخەم و هەموو ڕووداوەتاڵەکان سەرلەنوێ ڕوو بدەنەوە.

دەنگێکی گڕ، بەمینگەمینگ دەڵێ؛ ببوورە خانم جا شتی وا چۆن دەبێت؟

دوای سێ چوارجار خشەخشی ڕاکێشانی کەوش بەسەر سیڕامیکەکاندا دەڵێ؛ئێوە تازە هاتوون؟ نێوتان چییە؟

سەرهەڵدێنم.

نێوم؟

بچمی کابرا بە دەستێکی هەڵواسراو و کارتۆنی باوەشی، لەپێش چاوم وەک هەڵم و تارمایی دێت و دەچێ.

ئەو هەروا ڕاوەستاوە و دەڵێی چاوەڕێی شتێکە .

لێی دەپرسم نێوم چ بوو؟

دەڵێ ؛ ناکرێ؟

نێوم؟

دەست دەبا بنێشتێکی بەرگ زەرد بە وێنەی هێشوویەک مۆز و وێنەیەک وەک کارتپۆستاڵ (پۆستکارت)

لە کارتۆنەکەی باوەشی دەردێنێت، قەڵەمەکە دەخەمە نێو لاپەڕەکان و کتێبەکە دادەخەم. چاو لێ دەکەم و بڕێک بیر دەکەمەوە، هەر ئەو نێوەی ئێستام. کارتپۆستاڵەکە تەواو دێنێتە پێشێ، چاو لەچاوی کە، هەر لەچاوی تۆ دەچێت.

نازانم چ نێوێک بەسەر زارمدا دێت، پیرێژنە نەخۆشەکەی سێحەب (خاوەن) ماڵمان وا هەرای لێ دەکەم دایەگەورە، وەک زۆرکات قوونی لەجێگادایە، قاپەکەی بردەپێش خۆی و شۆرباوەکەی وا دایکم بۆی لێ نابوو، هەڵیقوڕاند و کوتی: کاتێک هاتنەلای من، هیچتان نێوتان نەبوو. قاپەکەی وەلادەنێ و دەڵێ، بەڵام دایکت...، حاح، هێند جوان بوو چاوی لەبەر هەڵنەدەهات، دەتکوت هەویرە تازە دەستاویان داوەتەوە.

بە سەرسووڕمانەوە چاوم لێ کرد و کوتم، دایەگەورە بۆ لەبیرتە؟ سەری لەسەر سەنیرەکە (سەرینەکە) دادەنێ و دەڵێ؛ هەهوو، بۆ نازانی پێویستە زۆر شتمان لەبیر بمێنێت.

کابرا دەنگی تەواو هەڵدێنێت و ئەوجار بەستەیەک بنێشت لە دەستی دەگرێ و دەڵێ ئەوخودایە گەورەیە بنێشتێک... بنێشت.... بنێشتێکم لێ....

زارجووەبنێشتەکەی تف داوە بەرپێم. کوتی تامی نەماوە، بەبزەیەکی ناحەزەوە دەستی بۆ گیرفانی باڵتەفشەکەی برد، وا سەرقۆڵەکانی لە مەچەکی توندبووبوو، بەستەیەکی بنێشت کە وێنەی هێشوویەکی مۆز لەسەربوو، لەچنگی گرتبوو هێنایەپێشێ، پشتەدەستی وێنەی کۆترێکی شینی دندووک سووری لێ کوتابوو، کوتی: ناجووی؟

دایەگەورە لەجێگا تایبەتییەکەی خۆیدا لەحەوشە پاڵی بەدیوارەکەوە دابوو، لاقی درێژکردبوو، کوتی؛ نازانم بۆ قەدەرێکە کۆترباز بۆتە نێری وردەماڵان، خۆی ماکەرتاش دەکا و بەسەر تۆڕی کۆترخانەکەیدا ڕوو لەحەوشەی ئێمە چاوی بز دەکاتەوە.

سەرم قورسە، سەرخۆمی ناهێنم، دادەنیشم و چاو لە کەوشەکۆنەکان و پاتۆڵەسەوزە چڵکنەکەی دەکەم،

دەڵێ؛ ناکڕی؟

دەڵێ، دەڵێم: پیرێژنەکەی سێحەب ماڵمان وا ئێمە وەک کارەکەر هاتینەلای، لەمێژساڵە تووشی فەرامۆشی دڵخواز بووە، هەرجارێ خۆی بە نێوێک دەناسێنێت.

دەنکێک بنێشت هەڵدەگرم و پووڵەکەی دەدەمە دەستی.

کوتم دوای چەندان ساڵ بابزانم تامی بنێشتی مۆز چۆنە. بە قێزوبێزەوە دەنکێکم هەڵپچڕی، ئێستاش بۆنی...، وەک سابوونی تلیساوەی نێو لفکە بە مەڵاشوومەوە نووسا، دەستم کرد بەهێڵنجدان و خۆم پێ ڕانەگیرا، سەرم لەبن مێزەکە نا و پڕ بەسەتڵی زبڵەکە ڕشامەوە.

ڕیزاوڕیز بەرانبەرم نەخۆش و هاوڕێ دانیشتوون و هەموو نیگایان لەسەر من و کابرای بنێشتفرۆش چڕکردووەتەوە و گوێیان هەڵخستووە. جارجار سەریان لێک نزیک دەکەنەوە و پێکەنینێکی شاراوە دەیانگرێت، کەسێک دەنگ هەڵدێنێ، ئەرێ درەنگمە، دوکتۆر هەرنەهات، ئەها دیسان پیکاسۆی بنێشتفرۆش.

لەسەر جێگاکەم هەڵدەستم سەربەنێو کارتۆنەکەیدا دەکەم و هەموو کارتپۆستاڵەکانی دەردێنم، هەموویان چاو لێ دەکەم، حەپەساو، دەڵێم؛ ئێ، خۆ هەموو یەک وێنەن. یەکدانە. ژنێکی خەمۆکی چاوبەگریان. نا. ژنێکی چاوڕەشی شلەژاوی چاوەڕوان.. بۆ؟

دایکم تابلۆکەی لەدیوارەکە کردەوە و دایەگەورە بەخەفەتەوە لچی پان کردەوە، کوتی: ئاواچاکترە، لەدڵی خۆتدا چاوەڕوانی... ئەویش بەسەرسووڕمانەوە چاوم لێ دەکا، تف

و لیکی دمولێوی بەقۆڵی کۆتەکەی دەستڕێ و زیاترم لێ دێتەپێشێ و بزەیەک لەسەر لێوی وەک مۆمی داگیرساو، چاڵی دەمی ون بوو لەنێو تووک و پاڵدا بە پێنج شەش ددانی ڕەش و ڕزیوی وەک کۆلکەدار ڕووناک دەکاتەوە، ئاو لە چاوی دەزێ، دەڵێت، ئێ سەیرە تۆ دەیناسی؟ عەیامێکی دوورە من لەو ژنە دەگەڕێم.

هەست بە سڕبوون و سەرما دەکەم، بە کورسییەکەمەوە بەرەو شوفاژەکە (التدفئة المركزية) دەسووڕێم و دەستمی لەسەر دادەنێم، تینێکی تێدەگەڕێ، بەڵام گەرمم ناکاتەوە. ئێستا دەزانم، بەینێکە لەبەرانبەر مەتەب (تۆڕینگە) ژانی شێواوی و نائارامی دەیگرێ و هەموو ڕۆژێ زۆر پێش ئەوەی من بگەمە بەر دەرگا و چەترەکەم کۆکەمەوە و دەست بگێڕمە نێو خرتی و پرتی جانتاکەمەوە و کلیلەکان دەرهێنم، ئەو بە کارتۆنەکەی باوەشی وا بە نایلۆنێکی سپی داپۆشیوە و پیلی هەڵبەستراو و بەمل داکراوی لەوێ چاوەڕێمە. کڵاوی خووساو و قژوڕدێنی درێژ و ماشوبرنجی و ئاڵۆسکاوی بەفریان لەسەر کەوتووە. سڵاو ناکات و منیش هیچ ناڵێم.

دەرگاکە دەکەمەوە و ئاوڕی لێ نادەمەوە، دەڕۆمەژوورێ، چراکان هەڵدەکەم و جانتا و کۆتەکەم حەوادەدەمە سەرمێزەکە، ئەویش بە خێشکەخێشک بەدوامدا، گوێم لێیە دووجار کەوشە ئادیداسەکانی بە پلیکانەکەدا دەکێشێ و دێتەژوورێ. کارتۆنەکەی لەسەر مێزەکە دادەنێ و بەدەستە ساغەکەی کڵاوەکەی بە بەفرەوە لە گیرفانی ژوورێی کۆتەکەی دەئاخنێت. من گەسکەکەم بەدەستەوەیە و دزەنیگایەکیشم بەدوای ئەوەوە. پەنجەی دەستە ساغەکەی لەسەروقژی ئاڵۆزکاوی دەنێ و بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە. لام لێ دەکاتەوە، لە نەکاو، دادێتەوە دەستم دەگرێ، لە تارماییدا هەست دەکەم، کۆترێکی کوتراو لەسەر پشتەدەستی هەڵدەفڕێت. ساردوسڕییەکی تەڕوچڵکن بەدەستمەوە دەنووسێ. دەزیقێنم، لەدەروونمدا شینومۆر دەبمەوە، گەسکەکە بەردەدەمەوە و دەڕۆمە دیوی دەرزیلێدان و دەرگاکە دادەخەم. ئەو دەنگ هەڵدێنێ و دەڵێ؛ ئەو چاوانەت زۆر لە چاوی یەکێک...

لە چاوەکانی دایکم دەڕوانم، هەست دەکەم جێگە بەجێگەی ڕوخساری جێی پەنجەی کەسێکی نامۆیی پێوەیە، جەستەشی بۆنی ئەوی گرتووە. حەزم دەکرد تکای لێ بکەم هەر ئێستا بچێتە حەمام و هەموو جلەکانی داڕنێت و دەیان جار خۆی بە لفکە و سابوون بساوێتەوە، بەشکوو بڕێک لەو بۆنەناخۆشەی فەراقی سەرمی بردووە، کەم بکاتەوە.

تا دایکم بەنەردیوانەکەدا ڕۆیشتەخوارێ، تیژ بەرەولام هات، من لەنزیک فەرشەشۆراوەکان ڕاوەستابووم. کۆترەکەی نێودەستی وا لەترسان تۆزێکی لێ مابووەوە، هەڵفڕاند و بەرۆکی کۆتەفشەکەی بەدەستێک گرتبوو لە لووتی نزیک کردەوە سەری هەڵێنا و کوتی: وەرە بۆنی پێوەبکە، بێ وێنەیە.

مژێکی درێژی لە جگەرەکەی دا و قوونەکەی بەپشتەوەدا حەوادا و زارجووەبنێشتەکەی تف داوە بەرپێم، دەستی بە گیرفانیداکرد و عەترێکی ڕەنگ زەردی دەرهێنا. لایە دووفشی بەبنباغەڵ و سینگ و ڕدێنی کرد و دەستی بەسەر سینگیدا هێنایەخوارێ. نیگای لەسەر سینگ و مەمکم لەخاچ دا و چاوی بەخوار داوێنمدا شۆڕ کردەوە، بەبزەیەکی قێزەونەوە دەستی بەعەترەوە درێژ کرد، کۆترە شینەکەی پشتەدەستی، دندووکی وەک ئاور سوورهەڵگەڕابوو. کوتی؛ خۆ دەزانم لە حەوت ئاسمانیش ئەستێرەیەک...شەوێک وەرە لە کۆترخانەکەی منڕا ئەستێرەکان ببژێرە. من زۆر دڵئاوام، هەموو ئەستێرەکانت بە ماچ و

باوەشێک... چیکەی کوت؟ نازانم. پاشەوپاش کشامەوە و بەنەردیوانەکەدا هەڵاتمەوە حەوشە.

حەوشە پڕ لە پەڵەخوێن و چەوری و جیقنە و وردەتووکی کۆتران بوو. وێڕای دایکم لەبەر شێرەکە دانیشتبووم، بایەکی توندی دەهات و گەڵاوەریوەکان و وردەتووکی حەوشەی پێچوخول دەدا و بەگژ سەروچاوی ئێمەی دادەکرد، تەشتێکی گەورەی پڕ لەخۆێناومان لەپێش بوو، لۆدەیەک مریشک لەسەر چیمەنتۆی قەڵەشقەڵەش هەڵدرابووەوە. چاوم لێ بوو دایکم دەتکوت لەهەتیتەیان داوە، لەچکەکەی تەواو کشابووەوە دواوە و قژەکانی قرژ بووبوونەوە، وەک کەمتیار بە ڕقەوە تێڕۆدەهات و هەڵیدەدڕین، دەستم لەنێو خوێناوەکەدابوو گوێشم لە دایەگەورە بوو لەسەر کورسییەکەی هەرجارێ باسی حەقایەتێکی دەکرد و لەسەر کەسایەتی حەقایەتەکەی پێشوو قسەی دەکرد. دەیکوت بابی کچی حەقایەتەکە، وێنەکێشێکی لێهاتووبوو، بەڵام دوای ئاشق بوونی تەنیا یەک وێنەی کێشاوە، وەک دەگێڕنەوە ئیتر پیشەکەی وەلادەنێت. دەبێتە دەستفرۆش و لەسەرشەقام جگەرە و شارژ (شەحن) دەفرۆشێت. دەستم بە مریشکێکەوە لە خوێناوەکە دەردێنم و هەڵدەستم و لەسەررا مریشکەکە بەردەدەمەوە نێو خوێناوەکە. سەروچاوی دایکم شەلاڵی خوێناو دەبێ، ئەو برێک ئائا دەگرێتەوە و چاوم لێ دەکا. بەچۆڕەچۆڕی دەستمەوە بەرەو دایەگەورە دەڕۆم. با، فڕەفڕی باڵی کۆترەکانی بەرەولام دێنا، سەرم هەڵێنا کۆترباز کۆترێکی بە پەنجەی گرتبوو، ڕووبەحەوشەکەی ئێمە ڕاوەستابوو، دایەگەورە لاقی کۆدەکاتەوە و چاوم لێ ناکات. دەڵێم ئەو وێنەیە چ بوو؟ چی لێ هات؟

سەری ڕادەوەشێنێ و لەبن خۆیەوە دەڵێ: گزگلەگوو هاتەوە سەرگوێسوانەی بۆ چاولەوەڕاندن. بەدووقامکان پشتەچاوی دەگرێ وا دوو چین و سێ چین بەسەر یەکداکشاون، دەڵێ نازانم بۆ چاوم دەپەڕێ. وەک ئەوەی تازە وێنەی من لەپێش چاوی ڕوون ببێتەوە دەڵێ: هەر لێرە ڕاوەستاوی؟ کەس ئەوەی بۆنەگێڕاومەوە. من چووزانم وێنەی چ بوو. نێوچاوانی بەلۆی پشتوێندە سەوزەکەی ستڕی و کوتی؛ ڕۆژێک...

نازانم بێتو دایکم ڕۆژێک وەقسە هاتبوایە، چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ چەند کەس دەگێڕاوە؟ چۆنی باسی ئەو کچی و بێدەنگی و ئەو تاریکەشەوەی دەرِوونی دەکرد. ڕەنگە من هەرگیز لێم نەپرسیبوایە ئەرێ دایە تۆ قەت دڵت پێوە بوو ڕۆژێک لەڕۆژان چیرۆک و حەقایەتێکم بۆ بگێڕییەوە و خەفەتت خوارد، چونکە نەتتوانی؟

ئەو ڕۆژەی بەناچاری هاتە ئاخافتن و چیدی نەیتوانی لە داوی نیگا پڕ لەپرسیارەکانی من خۆی دەرباز بکا، هاتە بەرانبەرم، کارتۆنەکەی باوەشی بەرداوەعەرزی و بەلاق پاڵی پێوەنا بۆ بن مێزەکە. پەنجەی وەبەر قژەکانی دا و کوتی: لێپرسینەوەی چیم لێ دەکەی؟ دیار بوو لە پەشیمانییەکی قووڵدا پەلەقاژەیەتی. کتێبەکەم وەلانەنا. نەمدەوێرا چاو لەنەخۆشەکان بکەم وا نیگایان پڕبوو لە سەرسووڕمان و چاوەڕێ دانیشتبوون.

ئەویش وەک ئەکتەر لە دیمەنێکی چکۆلەدا دەهات و دەچوو، وەک دایکم بە دەست و چاو قسەی دەکرد. دەیەویست تێ بگەم. وەک جاران دەستی بەملیدا هەڵنەواسیبوو، بەرەو پەنجەرە داخراوەکە ڕۆیی. قۆڵی کراسەکەی بەسەر هەردووک مەچەکیدا لەجۆلانەدابوون دەنگی بەسەر قیژوهەرای منداڵ و ئاهوناڵەی نەخۆشەکاندا هەڵێنابوو. کوتی: دەتەوێ باسی چیت بۆبکەم. من گیرۆدەی چاوەکانی بووم، چاو. نەتەنیا لەبەر ئەوەی کە دڵڕفێن بوون، لەبەر ئەوەی هێندە تیژوقووڵ بوون تا نێو هەناوی مرۆڤی دەپشکنی.

دوکتۆر بێ ئەوەی بێتە بەردەرگای دیوەکەی، لەوێوە هاواری کرد، ئەرێ بۆ لێ نابڕییەوە، ئەو شێتوشوورە وەدەرنێن.

ئەو وەک ئەوەی قسەکانی دوکتۆری بۆ گرینگ نەبووبێت، سەری هەڵێنا و کوتی؛ من نەمدەزانی هەموو شتە تایبەتەکان ڕۆژێک ئاسایی دەبن دوکتۆر. دەستی لەسەروقژی نا و چاوی بەنەخۆشەکاندا گێڕا و هاتەوە بەرانبەرم، کوتی؛ من چووزانم هەموو شتێک بگرە ئەوینیش کاتی بەسەرچوونی هەیە. لێم هاتەپێشێ بەدەستە زبر و چڵکنەکەی چەنەی گرتم و سەری هەڵێنام. حەزم دەکرد بمتوانیبایە هۆن هۆن بگریم، بەڵام ئەوەی لە چاومدا بوو فرمێسک نەبوو، ڕق و قینێکی کوشندە بوو. وەک ئەوەی بیەوێ پاکانە بۆ تاوانەکانی بکات، پرسی: تۆ قەت سەرنجت داوەتە چاوەکانی؟

نیگای لە چاوم دزیەوە: ئاگات لەخۆت بێ، چاوت هەر لەچاوی...

قۆڵی کۆتەکەی بەدەمولێویدا هێنا و داهاتەوە کارتۆنەکەی هەڵگرت و خێشکەخێشک ساڵۆنی کردە دووشەقاو و ڕۆیی.

ئێستا کە دێت حەز ناکات هاوار بکات، وەرە بنێشت، کارتپۆستاڵ. بە لالانەوە هاوار ناکا، ناکڕی؟ وەرە بە پیاوەتی.

لە کەس ناچێتە پێشێ و بنێشت و کارتپۆستاڵەکانی نابات بەردەمیان و گاڵتە لەگەڵ کەس ناکات. بەخێشکەخێشک یەکسەر بەرەو کورسییەکەی من دێ و کارتۆنەکەی باوەشی لەسەر مێزەکە دادەنێ و پاڵ بە شوفاژەکەی پەنامەوە دەدا و دەزانم نیگای لەسەر ڕوخسارم ناگوێزێتەوە، ئەو چاوانەت... ئاوڕ دەدەمەوە، هەست دەکەم سەری هەموو نەخۆش و هاوڕێکانیان بەرەو لام دەسووڕێت، دایەگەورە کوتی، ئەوە کێیە؟

لێی نەپێچایەوە و کوتی چاو لە سەروڕدێنی دەڵێی نێری پیری نەبڕدراوەی کۆڵە.

ساڵۆن لە نەخۆش و هاوڕێ جمەی دەهات، هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا و چەند کەس ملپێچەکانیان لە دەمیان ئاخنی.

ئەو لەسەر جێگای خۆی بێ جووڵە ڕاوەستابوو، سەری بەسەر کارتۆنەکەی باوەشیدا شۆڕ کردبووەوە، هیچی نەدەکوت.

دایەگەورە ڕووی لە من کرد و بەپشووسوارییەوە کوتی زوو بمنێرە ژوورێ، ناتوانم دانیشم.

نیگای چووەوە سەر کابرای بنێشتفرۆش و زیاتری لێ وردبووەوە و هەموو قەوەتی جەستەی ورگنی دایە سەرگۆچانەکەی. دەیویست ڕاست بێتەوە و نەیدەتوانی، دەتکوت لەسەر دڕووان دانیشتووە، ئارام و حەجمینی نەبوو. زەردهەڵگەڕابوو، دەتکوت منداڵە و فێڵەمانگەیەتی، دەمزانی نایەوێ من لەو حاڵەتەی تێ بگەم. بەقوونەخشکە لەسەر کورسییەکەی برێک هاتەپێشێ، تەق گۆچانەکەی هەڵخلیسکایەسەر عەرزەکە. یەکێک گۆچانەکەی هەڵگرتەوە و لەپەنای هەڵیپەسارد. دایەگەورە دەستی لەرزۆکی بەگیرفانی کڵۆنجەڕەشەکەی داکرد و برێک پارەی گنجولۆنجی دەرهێنا.

یەکێک هەرای کرد خانم نۆبەی منە، بەدوای قیژە و گریانی منداڵێکدا، یەکێک دەڵێ خانم، منداڵەکەم ژێر نابێ، نەخۆشەکەم بێتاقەتە من بڕۆمە ژوورێ. نەخۆشێک نایلۆنی دەواکانی لەسەر مێزەکە دانا و کوتی دەرزیم هەیە. من بەسستی بەرەو دیوی دەرزی لێدان دەڕۆم و دەنگی دایەگەورەم بەسەر کۆخە و ناڵەی نەخۆشەکاندا گوێ لێیە، بەسەرسووڕمانەوە بە کابرای بنێشتفرۆش دەڵێ؛ ئەی بۆ دەیانکوت مردووی؟ دیارە زۆر گۆڕاوی. ئەوجۆرەی لەبیرمە، لادیوارێک بووی، وەک کەوی کوڕادەخواردوو هەر قاسپەت دەهات، چیت بەسەرهاتووە، وەک مارمژان بوویە داردۆژەنگ؟

لەپشت دەرگاشیشەییەکەوە چاوم لێیە،

دایەگەورە چنگی برد بەرۆکی کۆتە شڕوچڵکنەکەی گرت و زیاتر لەخۆی نزیک کردەوە و کوتی خوێڕی مرۆڤی وەک تۆ هەر بۆ مردن باشە. پووڵەکەی لە کارتۆنەکە هاویشت و هیچی هەڵنەگرت، کشاوە و پاڵی بەکورسییەکەوە دا.

دیتم، کابرای بنێشتفرۆش لینگەلەرزەی گرتبوو، هەردەهات و کارتۆنەکەی باوەشی زیاتر بەخۆیەوە دەکوشی، کارتۆنەکەی تەواو پووچاندەوە و شتەکانی بە بنەوەدا هەڵڕژان و دوابەدوای ئەوە کارتۆنەکەشی بەربووە سەرعەرزی. هەڵی نەگرتنەوە، بەخێشکەخێشک هەروا کە دەڕۆیی، قۆڵی دەستەساغەکەی بە دەمولێویدا هێنا و پەنجەی وەبەرقژەکانی نێوچاوانیدا و هەڵیدانەوە و کوتی؛

ئاخر نەتبیستووە دەڵێن؛ مرۆڤی چاوەڕوان خۆبەدەست مردنەوە نادا.

من هەروا لەوێ ڕاوەستاوم، هاوڕێی نەخۆشەکە دێتەپێشێ دەڵێ، خانم دەرزییەکەی لێ نادەی؟ لەمێژە چاوەڕێین.

من پشتاوپشت بێ ئەوەی بمەوێ چاو لەسەر کابرای بنێشتفرۆش هەڵگرم، دەکشێمەوە، دیتم هەر دەڕۆیشت و ئاوڕی دەداوە، لەناکاو تێک هەڵگلاو و لەسەرڕا بەپلیکانەکاندا کەوتەخوارێ. وەک ڕۆبۆتێک کە لەپڕتاو قورمیشیان کردبم، لاقەکانم بەخێرایی بەرەوپێش ڕۆیشتن و تەق خۆم بە دەرگاشیشەییەکەدا کێشا و هەردووک دەستم بە ڕوخسارمەوە گرت و لەوێ وشک بووم.

دەمویست بچم هەڵیگرمەوە، لە باوەشی گەرم و قژەکانی لەپێشچاوی بۆلادەم، بەدڵەڕاوکەوە بڵێم؛... بڵێم...، نازانم دەمکوت چی.

بەڵام دەزانم هەرگیز ئەو وشەیەی پێویستە لە دەمدا هەڵناسووڕێ.

دوای ئەوڕۆژە بوو دایکم بەچاو و دەست قسەی دەکرد، بەنووزەنووز ئارامی لێ هەڵگرتم. چاوەڕەشەکانی لەچینی ژانێکی تاڵدا ون دەبوون. لەو ڕۆژەوە دەستی لەخەنە دا و پەیتاپەیتا لەسەر ئاور مەنجەڵ بەچێشتەوە دەسووتا و لەکاتی چا دێم کردندا ئاوی سەماوەر تا ئاخری بەسەر چاداندا دەهاتەخوارێ تا دەگەیشتە بەرپێی ئاگادار نەدەبووەوە. دەرگای حەوشەی هەڵدەدرێ و «تا» لەپەکەی لەپەنای خۆی دادەنا و کەشەفێک لەپەی لەسەرکۆشی و پێڵەیەک کە بەجێی بەرد و زریزانە بەهەڵە، پڕبوو لە لەپە و لەسەر پلیکانەکان چاوەڕێ دادەنیشت، سێبەری هەرکەس وەدەرکەوتبوایە، دڵەکوتەیەکی ڕەنگ سووری تۆخ لەسەر ڕوخساری دەنیشت کە دەیویست خەشیمانە بیشارێتەوە.

دەمزانی دایکم تابلۆکەی نەسووتاندووە و شاردوویەتییەوە، دوای چەرخوخولێکی زۆر لەبن یەکێک لە کێشەوی کۆمێدەکان دیتمەوە، لە کۆڵێک پەڕپاڵی پێچابوو، چاوم لێ کرد، ڕێک وێنەی کارتپۆستاڵی کابرای بنێشتفرۆش بوو. چرچولۆچی و هێڵ و درێژایی و پانتایی ڕوخساری، جوانی چاوەکانی دایکم لەگەڵ وێنەی تابلۆ و کارتپۆستاڵی کابرا موو لێ نادا. تەزوویەک بەسەر لەشمدا باگەڕ دەکات، دایکم... پیکاسۆ... کابرای بنێشتفرۆش... کابرا... دایکم...، چاوم لە دایکمە، ، تا، ، قەندەکەی نیوەی لەسەر کۆلک، لەت لەتی بازنەیی کردووە، بە پەلەیە زوو تەواوی بکا، بۆ کابرای بەرێتەوە. ئەوڕۆش وەک ڕۆژان بەهەڵەداوان چەند کاتژمێر زووتر لەجاران، جلەکانم لەبەردەکەم. بەبەر نیگای سەرسام و پرسۆکی ئەودا، هەروا کە بە قەندشکێنەکەی دەستییەوە بووەتە پەیکەرێکی ناوازە، بەسەر شیلە و خاکەی داچێنراو بە هاڵدا دەڕۆم، ئاوڕ لە ئائای بێ وشەی گەرووی و ڕاوەشاندنی دەست و قەندشکێنی نادەمەوە کە دەزانم دەپرسێت بۆ؟

خوداخودامە کابرای بنێشتفرۆش لەوێ چاوەڕێم بێت، دەرگا بکەمەوە و ئەویش بەپەلە و تامەزرۆ بەدوومدا بێتە ژوورێ. دەزانم، بەپێچەوانەی خووی پێشووم لێی ناترسم، بێز لە تفولیکی دمولەوسی ناکەم. قەڵافەتی خێچوخواری وەڕەزم ناکات. من بەخاوێن کردنەوەی ئەوێ خۆم سەرقاڵ دەکەم و ئەو هەموو چیرۆکانەی بۆ بگێڕێتەوە کە قەتم نەبیستوون.

کوتی قەتم خوو بەو بێدەنگییەی نەگرت، وشەکان، ڕستەکان لە چڕەوگوڕە و پەلەقاژەی دەستەکانی و هاشوهووش و ئائا بێ مانای دەمی لە سەرنج و چێژ دەکەوتن، تا ئەو ڕادەیەی نەمدەتوانی تاقەت بێنم. ئەویش وەک جاران لە چاویدا باریکانی بۆ من نەدەڕێست. وەک جاران دەست و چاوی چەنەوێرغەیان نەدەکرد. بێدەنگتر لە هەمووکات لەچاڵی دەروونیدا دادەنیشت، هەر ئەو ڕۆژانە بوو ترسام چاو لە چاوی بکەم، ئیتر چێژی دیتنی ئەو چاوانەشم لێ زەوت بوو. بۆ دوایەمین جار بە مۆبایلەکەم وێنەیەکم لێ کێشا و ڕۆیشتم، دەست دەبا وێنەی کارتپۆستاڵییە ڕەش و سپییەکەم نیشان دەدات، کوتی؛ سەری شێتیم هەڵگرت و لەبیرم نییە لەکوێ گیرسامەوە. نازانم کەی گەڕاومەوە ئێرە.

دەمەوێ، بەڵام لێی ناپرسم هەموو ئەو ساڵانەی بەدرێژایی تەمەنم، چیت دەکرد کە، با، دەرگای لێ نەدەکردینەوە؟

نامەوێ بزانم داخوا جارێک لە جاران حەولی داوە لەئێمە بگەڕێت. نامەوێ لێی بپرسم کە دیتت چی پێ دەڵێی؟

نامەوێ بڵێم ئەو هەموو ساڵە تێکپەستواوەی نەبوونت چۆن شی دەکەیەوە؟

لەسەر کورسییەکە دانیشت و پاڵی داوە و کوتی زۆر ماندووم. لەسەر کورسییەکەم لەبەرانبەری دانیشتم، چاوی لێ کردم و کوتی چەند ڕۆژە سێحەب ماڵەکەم دەری کردووم، بزەیەکی تاڵی هاتێ، سەری هێنایە پێشێ و کوتی: باڵاخانەی دەروونت نهۆمی بەتاڵی هەیە؟ ڕیزێک فرمێسک وەک کەروێشکی ترساو خزین و خۆیان لەنێو پووشوپاڵی ڕدێنیدا شاردەوە، کوتی؛ دەزانم زۆرم کات نەماوە، هەر بەماوەی ئەوەندەی تێیدا بمرم. بزەیەکی هاتە سەرلێو کوتی دڵخۆشم کەسێک هەیە بمنێژێت. شتێک لەدەروونمدا پاڵی پێوەدەنام بچم سەری بگرم و تێرتێر لەباوەشی بکەم، بەڵام من ددان بەناسینەوەیدا نانێم. دەتکوت کەڕ بووم و ساڵەهایە نابیستم، یان نامەوێ ببیستم، بە کورسییەکەوە نووسابووم ئەو کاتەی ئەو کارتۆنەکەی هەڵگرت و بەخێشکەخێشک ڕۆیشتەدەرێ.

بابم جاران وشەیەکی ڕووت و ڕەقوتەقی بێ سەروسیما بوو، ئێستا ئەو وشەیە هەموو ڕۆژێ لەبەرانبەرم دەبێتە جەستە و ڕوحی وەبەر دێ و ئەشکەنجەم دەدات.

هەرچی دەکەم بۆم ناگونجێ ئەو بۆشاییەی دەروونم بە هاتنەوەی پیکاسۆ پڕکەمەوە. ئاخر وشەی، «بابم»، لەگەڵ، «پیکاسۆ» چۆن یەک دەگرنەوە؟ پیکاسۆ، کابرای بنێشتفرۆش لە پەسیوێکی مێشک و دەروونمدا هەڵمساوە هەردەلێی مێشک و دەروونی منیش نییە. یانی بنێشتفرۆش باوکی بێ ئەمەگ و سپڵەی منە؟ وەک دایەگەورە لەحەقایەتەکانیدا دەیگێڕاوە و دەمزانی سەربوردەی ڕاستەقینەی خۆمە؛ ڕەنگە پیکاسۆ لەسەرەتا ئەویندای چاوکەژاڵی و بێدەنگییەکانی دایکم بووبێت.

دایەگەورە دووجار لەسەریەک کۆخی، لەچکە سپییەکەی هێناوەپێشێ و کوتی: پیکاسۆ چییە؟ وێنەکێشی چی، کچێ ئەوە نێونەتەرەی (نااووناتۆرەی) خەڵکی بێکارە، بۆ گاڵتە و پێکەنین ڕۆڵە، تۆ بۆ هێندە فەقیری، دووقومی لە ئیسکانە ئاوەکە خواردەوە و کوتی؛ بابی

داماوت هەر لەهەزەڵ جگەرەفرۆش بوو.

دەڵێم دایەگەورە، هەودای خەیاڵەکانم مەپسێنە، دەترسم ئەو شتانە هیچیان ڕوویان نەدابێت و من هێشتا چاوم نووقاندبێ و سەرم لەسەر کتێبەکە دانابێ و خەون ببینم.

خەون نەبوو، نازانم لەوکاتەدا وا بەرەو کۆترخانەکە دەڕۆیشتم بیرم لەچی دەکردەوە، من بۆچی هاتبووم؟

کوتی شەوێک وەرە لەکۆترخانەکەی منڕا ئەستێرەکان...

سەرم هەڵێنا، هەورەکان تێکچڕژابوون، تریووسکایی ئەستێرە بەئاسمانەوە دیارنەبوو. هەموو کۆترەکان لێم دەبوونە کۆترباز و سینگیان فش دەکردەوە و دندووکیان سوورهەڵدەگەڕا و بەدەنگێکی بەرز دەیانگماند، ئارام و حەجمینیان نەبوو.

کۆترەکان نامۆییان دەکرد. هەموو وێکڕا باڵیان دەکردەوە و خۆیان بە بنمیچی دارینی دیوی کۆترخانەکە و نهۆمە چکۆلەچکۆلەکانی سپیە هەڵچنراوەکاندا دەکرد، وردە تووکێکی نەرم و ویشکەجیقنە بە بای باڵیان وەحەوا دەکەوت، هالاوێکی بۆگەن بەرەو ڕوخسارم هات.

سەمپاشەکەی (ژەهر پڕژێنەکەی) وا ڕۆژێک لەوە پێش لە کۆتربازم دزیبوو پڕکرد لەبەنزین، کابرای ماتۆڕسوار لەپشت حەوشە کوتی بێنزینت بۆ چییە؟ زەردهەڵگەڕابووم و هەرجارێک زارم دەکردەوە، ڕستەکان لەدەممدا دەپچڕان، کوتم بۆ...بۆ... ئەرێ کوتم بۆچیمە؟ بەهاورێکەم کوت بێتو باڵندەیەک ئاور بگرێ بڵێی...

- من دەڵێم بەگڕیشەوە دەفڕێت، تۆ وەک دایکت... قسەکەی خواردەوە و کوتی: چووزانی؟

کوتم؛ ئەها، لەگەڵ فیبر، چەسپی پێساز... بەنەردیوانەکەدا (پەیژەکەدا) ڕۆیشتمەسەرێ، نازانم کاتژمێر چەند بوو. دەمزانی نیوەشەو تەواو زرینگاوەتەوە.

باکی سەمپاشییەکەم (دەببەی ژەهرپڕژێنەکەم) هەڵگرت و پەیتاپەیتا فشی بەنزینم لە کۆترخانە دارینەکە و کۆترەکان دەکرد، بۆنی بەنزین و هەڵمی جیقنە پشووی سوار کردبووم، کۆترەکان ئۆقرەیان لێ بڕابوو، گێژ بووبوون، بەسەروچاوی یەکدا دەفڕین و دەیانویست خۆیان دەربازکەن.

دوورکەوتمەوە و لقێکی شەمچە ئاوردراوەکەم حەوادا نێو کۆترەکان، دووسێیەکیان بەنێو گڕەمشقاڵەی ئاورەکەدا بەرەو دەلاقەی دەرگاکە شالاویان هێنا، بەگڕەوە بەسەروچاومدا فڕین و کوێرانە خۆیان وەک کوڵوو بە دیواری ماڵە دوونهۆمییەکەی پشتەوە داکێشا، کەوتنەخوارێ، بەدووکەڵ و گڕەوە بەباڵەتەپە و زگەخشکە دەخزین.

هەر جارێک ئاوی زارم قووت دەدا، دەتکوت قوڕقوشمم بەگەروویدا دەکەن. تا ئاورم داوە دەستی لەسەر دەمم دانا. چاوەبۆقییەکانی هەر زرتەیان دەهات و زیاتر لە کاپێلکەی هاتبوونەدەرێ و سپیاییەکەیان دووهێندەی جاران وەدەرکەوتبوو.

دەرگا گەورەکەی کۆترخانەی کردەوە ویستی پاڵم پێوەنێتە نێو ئاورەکە، ترسا دەستی لەسەر دەمم لابا بیکەمە قەرەچی بازاڕ و هاوارهاوار، دەستی توندتر لەسەر دەمم دانا و بردمییە ئەولاوەتر و بە تاجیقنەکانەوە جووتی کردم. کوتی؛ هەر دەتکوژم. بۆنی جگەرە و جیقنە و بنێشتی مۆز هەناسەی پێسوار کردم. من هەر باڵەپڕژەم بوو، چاوم لەژێڵلا هاتبوو، کوتی بەکەر ناوێری، لەکورتان... وەک خەرتەل خۆی بەسەردا شۆڕکردمەوە، دەستی وەک کوڵووی کۆترەکان ئاڵقەی ملم بووبوو، سمێڵ و ڕدێنی بە دمولێو و لاڕوومەتمدا دێنا و هەموو جەستەم وێکڕا بزمارڕێژ دەبوو. بەقیژە و هەرای چەند کەس وا لەناکاو ئاورەکەیان دیبوو، لێم کشاوە، دووزڵلەی لێراکێشام و دەستی لە قژم ناو بەعەرزەکەی دادام. وەک منداڵ هەردارەدارەم

بوو. پەیتاپەیتا چاوی لە ئاوری نێو کۆترخانەکە دەکرد و زیاتر دەهەری دەبوو. کوتی؛ ددانم کێشاوی، هێشتا داش بە داش نەبووین، وەک دایکت زمانیشت دەبڕم، دەرروونی کەفوکوڵی کردبوو، بە دەمیدا دەهاتەدەرێ. هەناسەکانی هەردەهات و دەماسین، دەبوونە مشەمش و کونەلووتی گەورە دەکردەوە، کوتی کۆتری من ئاور دەدەی؟ لەوەی بەولاوە دەبمە مۆتەکەی خەیاڵەکانت. دەستم بۆ دمولووتم برد، چنگم پڕبوو لە خوێن. هەردوو دەستی لە کەلەکەی چەقاند و کوتی دەتکەمە قاوتی بەربا.

ئێستا بەفوویەک دەبم بە گێژەڵووکە، دەبم بە گەردەلوول و هیچ عەرزێک نییە بەدڵ تێیدا بخولێمەوە، دڵم بەگیرسانەوەی لای هیچ درەختێک خۆش نییە، بێزارم لە هەموو باڵندەیەک و جریوەیان سەرم بەرەو لای خۆیان ناجووڵێنن.

ئێستا بوومە گەردەلوولێک و بەسەد سەر دەڕۆم و هەر سەرێکم بەقەد گۆی زەوی لێهاتووە.

نازانم ئەو هەموو ژیانی خۆی لەچەند ساڵ، ڕۆژ، مانگدا بۆ گێڕامەوە، هەموو ئەو ڕۆژ و ساڵانەی من سەرم لەسەر کتێبەکە بوو، یان هەموو ئەو ساڵانەی زستان بوو، بەفر دەباری و دایکم لە حەوشەکەی ماڵی دایەگەورە وا بەقەد هۆگانەجووتێک دەبوو، کەوشەکۆنەکانی منی بەسەرپێوە کردووە و پەنجەکانی دەستی بەدەسکی بێڵەکەوە سوورهەڵگەڕابوو، بەدوولەچکە سەری پێچابوو، بەردەمی هەڵدابوو، لەنێو بەفرەکەدا بزنەڕێیەکی بەرەو دەرگای حەوشە دەکردەوە. ئاسمان خۆشی نەدەکردەوە. دەباری. بەباوبۆرانە، کلوو پڕ بەچنگی دەباری.

دەتکوت دەیەوێ بەیەکجێ هەناسە لە شار ببڕێت و هەمووان وێکڕا کفن بکات، دەمزانی ئەوڕۆ بنێشفرۆش دوورونزیک تا ماڵێ بەدوامەوە بوو، دەمزانی ئێستاش لەپشت دەرگایە و کارتۆنەکەی وا لەپەسیوێک داناوە، لەنێو بەفردا ون بووە، بۆخۆی بەنێو بەفری کۆڵاندا دێت و دەچێ، پەنجەی دەستەکانی بەهووهووی بێتینی دەروونی بۆ گەرم نابێتەوە. دەمتوانی دەرگاکە بکەمەوە و پیکاسۆ بەخێشکەخێشک بەو بزنەڕێیەی دایکم لەنێو بەفرەکە سازی کردبوو و ئاسەواریشی نەمابوو، بەهوو هوو، هەروا کە نیگای تامەزرۆی بەولاتدا دەگێڕا و پەنجەی دەستەساغەکەی خستووەتە بن پیلی هەڵواسراوی، ڕۆحی تەزیوی وەک چۆلەکەی کەسیرە هەموو کەلێن و قوژبن و گێسوان و سەرچڵی دارەکانی حەوشە بکا، بگەڕێتەوە جەستەی چڵکن و بێ ئەنوای، بەڵام من هیچ ناڵێم. حەز ناکەم بچم لێی بپرسم ئەرێ تۆ لەچی دەگەڕێی؟ ئەویش هەروا کە دەیەوێ باوەشم پێدا بکات چڵم و لیکی لووت و لێوی بەقۆڵی کۆتە تەڕەکەی بسترێ و بڵێ، ، داوێنی گەردەلوول و دڵی مرۆڤ تا هەن، بۆ حەسانەوە لە لەنگەر دەگەڕێن.

یانی واهەیە لەوەی بەولاوە من و دایکم یەک ئامانجمان هەبێت؟ هەموو ڕۆژانی هەینی لەلاشانم کوتی و بوتڵەئاوەکەم نیشان بدا و بەچاو بڵێ؛ بابڕۆین، بنێشتفرۆش... نا باب... چاوەڕێمانە.

هەردووکمان لە دەرگا چکۆلەکە دەڕۆینەدەرێ، هەرکاممان بەلایەکدا دەڕۆین. هیچمان نازانین کام ڕێگا بەرەو ئارامیمان دەبا. ئاوردەدەمەوە دایکم دەڕوا، دەڕوا و ئاوڕ ناداتەوە. منیش سەری بوتڵەئاوەکە هەڵدەگرم و هەموو کۆڵانی پێ ئاوپڕژێن دەکەم و دەگەڕێمەوە بەردەرگا.



# ڕێگا

**ستیڤان شەمزینی**
**(سوێد)**

وێستگەی پاسەکە جمەی دێت، نیوەڕۆیەکی گەرم و شێدارە، هێندەی نەماوە خۆر باوەش بە زەویدا بکات، شەقامە قیرتاوە پڕ چاڵەکەش وەک هەناوی دایکێکی جەرگسووتاو، قرچەقرچی دێت. سەرنشینە دابەزیوەکان سەر لە بڕیاری شۆفێری پاسەکە دەرناکەن، بۆچی هەموویان دابەزاند و خۆی بەرەو دواوە گەڕایەوە؟!، ئەمە ڕوون نەبوو بۆ هیچ یەکێک لەوانەی لە پاسەکە دابەزیبوون. هەموو سەرنشینەکان لە چاوەڕوانیی هاتنی پاسێکی تردا بوون، زۆربەی سەرنشینەکان سکیان لە برسا قوڕەی دەهات و گەرماکەش هێندەی تر تینوو و شەکەتی کردبوون. زیاتر لە کاتژمێرێک تێپەڕی و هەتاو هەمووانی سوور کردەوە، هیچ پاسێک دیار نەبوو، تەنانەت شەقامەکە هیچ ئۆتۆمۆبیلێکی تری پێدا تێنەدەپەڕی!. کپییەکی سامناک باڵی بەسەر وێستگەکەدا کێشا بوو، جار جار یەکێک لە سەرنشینەکان بۆڵەیەکی لێوە دەهات و شوێنەکەی جێ دەهێشت، ئیتر بە پێ دەکەوتە ڕۆیشتن. یاغر یاغر وێستگەکە چۆڵ بوو، بە تەنیا ئەو سێ هاوڕێ مێرمنداڵە مانەوە، بە دزیی کەسوکارەوە بڕیاریان دابوو، بۆ جوگرافیایەکی تر سەفەر بکەن.

کاتێک لە نێو پاسەکەدا بوون، مێرمنداڵی یەکەم کە تۆزێک باڵای لەوانیتر بەرزتر بوو، بە دەم فیکەلێدان و هەستێکی تێکەڵاو لە ترس و شادی، دەتریقایەوە دەیگوت هەر گەیشتینە ئەوێ، وا و وا دەکەین. مێرمنداڵی دووەم چاوەکانی وەک ئەستێرەی شەوێکی تاریک دەدرەوشانەوە، کەمێکیش گۆشتن و خەپەتۆڵە بوو، سەری ڕادەوەشاند و بە دەنگێکی بەرز دەیگوت بێگومان، هەر دەبێت دوا ئاواتمان لەسەر ئەو جوگرافیایە بێتە دی. مێرمنداڵی سێیەم بە درێژایی ڕێگای ناو پاسەکە، سەری

نابوو بە پەنجەرەکەی تەنیشتییەوە، وا دەبینرا دوودڵ و پەشیمان بێت، لە دنیای دەرەوەی دەڕوانی، وەک ئەوەی بڵێت نامەوێت ئێرە بە هیچ جێگەیەکی گریمانەکراو بگۆڕمەوە. بە بێدەنگی و بە دەم هەناسەی قووڵەوە لە ئەشکەوتی داڵغەدا نغرۆ بووبوو، دوو مێرمنداڵەکەی تر بە لاچاو و گاڵتەپێکردنەوە لێیان دەڕوانی، مێرمنداڵی یەکەم پێی گوت ئەگەر بڕیاری تەواوەتیت نەداوە، ئێستا بگەڕێیتەوە لە سزای ماڵەوە قوتار دەبیت!. مێرمنداڵی دووەم قسەکە لە دەمی ئەویان وەردەگرێتەوە و لە مێشێک دەڕوانێت لەسەر کوشنەکە و دەڵێت: ئەگەر لە خۆت ڕانابینی پێویستی نەدەکرد تا ئێرەش بێیت، پێموایە زۆریش هاتوویت. مێرمنداڵی سێیەم بێ ئەوەی متەق بکات، وەک ئەوەی گوێی لە هیچ نەبووبێت، لەسەر بێدەنگی و خەیاڵکردنی خۆی بەردەوامە.

ئێستا بە تەنیا ئەوان لە وێستگەکەدا ماونەتەوە، مێرمنداڵی یەکەم و سێیەم بڕیار دەدەن، بگەڕێنەوە بۆ وێستگەی پێشوو، هەرچی مێرمنداڵی دووەمە سوورە لەسەر مانەوە لە وێستگەکەدا، دوای مشتومڕێکی زۆری نێوانیان، دوو مێرمنداڵەکەی تر، مێرمنداڵی دووەم جێ دەهێڵن، ئەویش بە دەم جوینی بنێشتی سەهمەوە چاوەڕوانی پاسێکی تر دەکات. مێرمنداڵی یەکەم و سێیەم پێکەوە دەکەونە ڕێ، هەنگاوەکانیان خێراتر دەکەن پێش ئەوەی فێنکایی عەسر دابێت و جموجووڵی خەڵکی شار دەست پێ بکاتەوە، ئەویش نەکا کەسوکاریان بە ماڵ جێهشتنیان بزانن. گیانیان شەلاڵی ئارەقاو دەبێت، گۆرەوییەکانیان لەناو پێڵاوەکانیاندا دەڵێیت کەوتووەتە چۆمێکەوە. ڕێگەکە تا دێت خۆی درێژ دەکاتەوە، بە چەشنێک حەوسەڵەیان لەبەر دەبڕێت، بنی پێیان تلۆقە دەکات، بە حاڵەحاڵ دەتوانن بگەنەوە بە وێستگەی پێشتر، کاتێک دەگەن، بیابانێکی کشومات دەبینن، سەریان سوڕ دەمێنێت، چونکە هیچ گەشتیارێک لێرە چاوەڕێ نییە! مێرمنداڵی یەکەم هاوار دەکات، ئای خودایە ئەوە چییە دەڵێی ئەمە شارە جنۆکەیە و بیسملایان لێ کراوە. ئەوی تر بە هەمان شێوازی خۆی کڕە، ورتەی لێوە نایەت، تەنیا چاو دەگێڕێت. مێرمنداڵی یەکەم دەچێتە بەردەمی و بە قۆشمەچێتییەکەی خۆی پێی دەڵێت: بڕۆ بۆ ماڵەوە میکانۆکانت بهێنە، ئێرە هیچ دووکانێکی لێ نییە.

لە ناکاو هەردووکیان چاویان بە کاغەزێکی چرچی سەر دیوارێک دەچەقێت کە بە خەتێکی ناخۆش و درشت، ئاگادارینامەیەکی لەسەر نووسراوە: (چیتر هیچ پاس و ئۆتۆمۆبیلێک لێرەوە تێناپەڕێت). بۆ یەکەم جار مێرمنداڵی سێیەم قسە دەکات و دەڵێت: ئەمە مەحاڵە، بەڵام هەر دەمەوێت بگەمە ئەو شوێنەی ئاواتەکانمی پێوە گرێ داوە. مێرمنداڵی دووەم بە واق وڕماوی و دەنگێکی کزۆڵەی لێ دەردەچێت (دەبوو پاسێک بهاتبایە و لە وێستگەی دواتر بە هاوڕێکەمان بگەیشتیانەتەوە). چەند خولەکێک بێدەنگی باڵ بەسەریاندا دەکێشێت، پێشهاتە چاوەڕواننەکراوەکە هەردووکیانی یەکسان کرد لە بێ زمانیدا. (دەبێت لە ڕۆیشتن بەردەوام بین، ئامانجەکەمان لە هەر شتێکی دی گرنگترە). مێرمنداڵی سێیەم ئەمەی گوت و هەستایە سەر پێ، مێرمنداڵی یەکەمی لە زمان کەوتوو هیچی نەگوت. تەنیا فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارەوە!. (ئەم فرمێسکە چییە؟ ئەمە یەکەم وێستگەی گەشتەکەیە، ئەی چۆن بەرگەی وێستگەکانی تر دەگریت؟). مێرمنداڵی سێیەم بێ ئەوەی ڕووبکاتە هاوڕێیەکی ئەمەی گوت. ئەوی تریان دەستەکانی دەلەرزین و بەردەوام فرمێسکەکانی وەک ئاوی کانی هەڵدەقوڵان. (من دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە!). مێرمنداڵی دووەم وای گوت و

لەگەڵیدا قەیتانی پێڵاوەکانی شل کردەوە و بە ئاراستەی ماڵەوە کەوتە هەنگاونان. مێرمنداڵی سێیەم چووە بەردەمی و پێی گوت: (هاوڕێی نیوەی ڕێگە مەبە). هاوڕێکەی هەستی بە شەرم و دڵشکان کرد، دەستی خستە سەر شانی و گوتی: (ئەوەی بە بێدەنگی ڕێگە دەبڕێت، لەوە باشتر دەگاتە جێ کە هاتوهاوار دەکات)، ئەم قسانە لە وتەی مێرمنداڵێک زیاتر بوون، وەک دەگوترێت ڕستە جوانەکان لە هەلومەرجە جوانەکاندا لە دایک نابن، ڕەنگە ئەمەش بەشێک بێت لەو ڕاستییە. مێرمنداڵی یەکەم و سێیەم بە دوو ئاراستەی پێچەوانە یەکتریان جێ هێشت.

کەس نازانێت مێرمنداڵی سێیەم بە چ ڕێگەیەکی دژوار، یان ئاساندا، بە تەنیا خۆی گەیاندە ئەو جێگەیەی بڕیار بوو بە سێ قۆڵی پێی بگەن. هەندێک دەڵێن بە دوو ساڵ و بە قورسترین شێوە گەیشتووە، هەندێک دەڵێن هیچ کات نەگەیشتووە، بەشێکی تر دەڵێن بە چەقەنەیەک گەیشتووە، ئەمە ئەو حکایاتەن لە دوای مێرمنداڵی سێیەمەوە دەماودەم دەگێڕدرێنەوە. دوو دەیە و نیو ئەم ئەفسانە و مەتەڵە هەڵنەهاتووە، جێگەی باسی دۆست و ئاشنایان بوو، سروشتی خەڵکیش وایە حەزیان بە حکایەت دروستکردنە. دیارنەمانەکە زۆری خایاند و چیرۆکەکەش کۆن بوو، لەو دەمەی خەریکبوو هەموو شتێک لە بیر دەچووەوە، پیاوێکی کەڵەگەتی چاوڕەشی ئەسمەر، لە شارەکەدا سەر دەردەهێنێت. کەس نازانێت کێیە و لە کوێوە هاتووە، بە چ مەبەستێک هاتووە یان نێردراوە؟. (ئەم دووکەڵە ئاگرەکەی دیار نییە، نەک ئاگرێکی بێ دووکەڵ بێت)، ئەمە تێڕوانینی ئەو ڕۆژنامەنووسە بوو لە بارەیەوە، سەروسەکوتی لە دەغیلە دەچوو. زۆرێک دەڵێن سیخوڕێکی مەترسیدارە، بەو هۆیەی لەگەڵ گەیشتنی بە ئێرە بە لێکۆڵەرەوەی پۆلیسی نشینگەی گوتبوو: (ئێوە وشەکان دەخوێننەوە، من پشتی وشەکان). بەشێکی تر دەڵێن سەرمایەدارێکی نیمچە شێتە، چونکە لەم ڕۆژانەدا لە بەردەم یەکێک لە قاوەخانەکەدا گوتبووی: (پێم دەڵێن تۆ بوونەوەرێکی سەیروسەمەرەیت، ڕاستییەکەش ئەوەیە دەبێت سەیر بم). زۆرێکی دیکەش دەڵێن کابرایەکی فشەکەری قەشمەرە.

مێژوویەک تێپەڕیوە، مێرمنداڵی سێیەم، ئێستا پیاوێکی تێکسمڕاوە و لاجەنگەکانیشی سپی بوون، هیچ کات ئەو دوو هاوڕێیەی تری لە بیر نەکردووە، بەڵام هیچ کاتیش ئاگای لە هەواڵیان نەبووە و خۆیشی نەیویستووە هەیبێت. لە وەرزی پشکوتن و ڕۆژێکی فێنکدا کە دموزی تێیدا دەچێتە ژوانی ئینەننا، بڕیار دەدات هاوڕێکانی بدۆزێتەوە. کەس نازانێت چۆن و بە کوێدا هاتەوە و لە کوێش دەمێنێتەوە؟. نەۆ مێرمنداڵی سێیەم، نووسەرێکی بەناوبانگە، گەرەکیەتی ئەو بەسەرهاتەی خۆی بکاتە ڕۆمان. سەرەتا دەیەوێت بڕوات بۆ ئەو وێستگەیەی هاوڕێی دووەمی تێدا جێ هێشت، هەرچی کۆشا نەیتوانی وێستگەکە بدۆزێتەوە، هیچ شتێک لە پێشوو نەدەچوو، تەلاری بەرز، هوتێلی چوار ئەستێرە، نێرگەلەخانە و قاوەخانە، چەند دووکانێکی لوکس و مۆڵێکی گەورە و پارکێکی بچووک لەو دەوروبەرە دروست کرابوون، هیچ کات ناتوانێت شوێنەواری شەقامەکە بدۆزێتەوە، ناچارە پرسیار بکات، لە هەرچ کەسێک دەپرسێت، بە گومان و سەرسوڕمانەوە وەک شوێنەوارناسێکی تازە شێت بوو لێی دەڕوانن و وەڵامێکی چنگ ناکەوێت، چونکە زۆربەیان تازە لاون.

لە یەکێک لە کافتریاکاندا دادەنیشێت و بەدەم خواردنەوەی کافێ لاتەیەکەوە ماندوێتی دەحەسێتەوە، پێش ئەوەی بچێتە تەوالێتەکە، کتوپڕ چاوی دەچێتە سەر چەند تابلۆیەکی تێکەڵاوی کۆن و نوێ کە بە قەد دیوارەکەوە هەڵواسراون، هەر یەکەیان لە ڕێگەی وێنەیەکی کۆن و نوێوە چیرۆکی ئەم شوێنە دەگێڕنەوە،

ئەمە تاکە دەرفەت بوو بتوانێت وێستگەکە بدۆزێتەوە، بە خێرایی بۆ لای تابلۆکان کشا و سێیەم تابلۆ وێستگەکەی بەدی کرد لە ژێرەوشیدا وێنە تازەکەی بینی کە کراوە بە پارکێکی مامناوەند. بە زوویی خۆی کۆکردەوە و بەرەو دەرەوە چوو، تەنانەت بیری چوو پارەی قاوەکە بدات.

بەدەم هەنگاوەکانیەوە بیری لەوە دەکردەوە تۆ بڵێی چ گوڵێک ببینیت لە شوێن پێی خۆی و هاوڕێکانیدا، سەرنجی زۆری ناو پارکەکەی دا، هەموو شتێک ئاسایی بوو، جگە لە دیمەنی ئەو پیاوە ڕیش هاتووە مەستەی ڕەنگی ڕیشی خۆڵەمێشی بوو کە هەر هاتوچۆی دەکرد و هەمیشە سەیری لای سەرەوەی پارکەکەی دەکرد، وەک ئەوەی چاوەڕێی کەسێک بێت، وردە وردە لێی نزیک کەوتەوە، لە سیمایدا نەدەکرا بە هیچ کەسێک لەوانە بچێت کە بە درێژایی تەمەن ناسیبوونی، شتێک بەرەو دیوانەکە پاڵی پێوە دەنێت، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت دەگاتە بەردەم دیوانەکە، کەمێک چاو دەبڕنە یەکتر و دیوانەکە داوای سیگارێکی لێ دەکات بە مەرجێک چەرخی پێ بێت، ئەمیش بە خۆشحاڵییەوە سیگارێکی پێشکەش دەکات و چەرخەکەی بۆ ڕادەگرێت تا دایبگرسێنێت. موچڕکێکی سارد سەرتاپای لەشی دادەپۆشێت، وەختێک چاوی دەکەوێتە سەر پەنجە زیادەکەی، نایەوێت بڕوا بە چاوەکانی بکات و خێرا پارکەکە جێ دەهێڵێت.

دەگاتەوە شوێنی حەوانەوەکەی، وەک برووسکە خۆی دەکات بە ژووری هوتێلەکەیدا، خۆی دەخزێنێتە ژێر چەرچەف و دواتر لە پەنجەرەی ژووری سێ سەد و سێی نهۆمی سێیەمەوە سەیری دەرەوە دەکات، کێچ کەوتووەتە کەوڵی و دەچێتە باڵکۆنەکە و سیگار بە سیگار دادەگیرسێنێت، ئەم دڵگەرمی و بێزارییە هەمووی نیو ڕۆژ دەخایەنێت. پاش ئەوە دەست بە نووسینی لاپەڕەیەکی نوێی ڕۆمانەکە دەکات، یەکەم دێڕی ئەمڕۆ دەنووسێت: (لە کولتووری ئێمەدا سپی ڕەنگێکی پۆزەتیڤ بووە، یەک جار نەبێت کە لە پەندێکی پێشینانDA بەرجەستە بووە: دەست و پێ سپی). تێ ناگات باسی خۆی دەکات، یان چی؟ ئەم دێڕە ڕەش دەکاتەوە. بیرەیەکی سارد لە ساردکەرەوە دەردەهێنێت و دوو قوومی لەسەر یەکی لێ دەدات و ئەم جارە بیچمی ناشرینی، دادوەرێکی بیر دەکەوێتەوە، ڕۆژی پێشوو لە گەراجی ئۆتۆمۆبیلەکاندا دەستی لە هاوسەرەکەی بەرز کردبووەوە و جنێوی پێ دابوو، ئەمیش پێی گوتبوو: (ئاژەڵەکان تۆیان بینیبوو، بۆیە پاشگەزبوونەوە لەوەی ببنە خاوەن زمان). دەیەوێت پانتاییەک بۆ ئەم قسەیەی بکاتەوە لەو ڕۆمانەی مژۆڵی نووسینیەتی. زۆر ناخایەنێت خەیاڵی دەڕواتە لای دیوانە شەش پەنجەکە، (نا، نا، ناکرێت ئەو بێت)، ئەمەی گوت و بینی نا بە شووشە بیرەکەوە چۆڕپڕی کرد. هەوڵی دەدا بڕوا بە خۆی بهێنێت هەرگیز نەیبینیوە، هەرچی دەکرد، نەدەکرا نکوڵی لە بینینی خۆی بکات، جارێکی تر ویستی ڕووبەڕووی ئەوە بێتەوە چاوەکانی بینیبوویان، لاپەڕەیەکی تازەی هێنایە بەردەستی و لەسەری نووسی: (چاوم هیچ نابینێت، واتە زۆر بە زەقی ڕاستییەکان دەبینم، بەڵام فەرامۆشیان دەکەم وەک ئەوەی نەیانبینم). بەدەم نووسینی ئەم دێڕەوە پرخەی بەرزبووەوە.

ساتێک بێدار دەبێتەوە، تاریکی و کپی شەوەکەی لە ئامێز گرتووە، سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکات یازدە و سی و سێ خولەکە، هەست بە سەرئێشە و ئازارێک لە ئەژنۆکانیدا دەکات. دووبارە دەگەڕێتەوە لای نوستالیژیاکانی و خولیای دۆزینەوەی هاوڕێی یەکەم تەواو مێشکی دادەپۆشێت. وەک پێشتر لە دەفتەری تێبینییەکانیدا هێمای بۆ کردبوو ئامانجی بینینەوەی دوایین جێگەی بیرەوەرییەکانێتی

نـەک دۆزینـەوەی هاوڕێکانـی، هـەر لـە نـاو ئـەو دەفتـەرە بچووکـەدا نووسـیبووی: (گەمـژەکان زوو یەکتـر دەدۆزنـەوە، بـەڵام ئاوەزمەنـدەکان نـا). لـە لاپەڕەیەکی پاشتردا ئـەم دوو دێڕەی بـە خەتێکی تـۆخ یادداشـت کردبـوو (مـەرج نییـە پەشـیمانی سـەر بـە ڕابـوردوو بێـت، هەندێـک پەشـیمانی هەیـە سـەر بـە داهاتـووە، بیرۆکەیەکـت هەیـە و دەتەوێـت بیخەیتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە، بـەڵام پێش ئـەوەی پراکتیکی بکەیت بـە هـەر هۆکارێـک بێـت لێـی پەشـیمان دەبیتـەوە). بـەدەم بیرکردنـەوە لـە ڕابـوردوو وەنـەوزی دێـت و جارێکـی تـر خـەو دەچێتـەوە چاوەکانـی. لەگـەڵ یەکـەم کارگـوزاری هوتێلەکـەدا بـە خەبـەر هـات، دوای دوش و دەم و ددان شـتن، ڕۆیشـت بۆ بەرچایی خواردنی بەیانیان، کەرتێـک سـەموونی بـۆر و پارچەیـەک پەنیـر و چەنـد بۆڵـە ترێیەکـی خسـتە سـەر قاپەکـەی، لـە کەنارێکـەوە دانیشـت، لـە نـاکاو کۆمەڵێـک پیـاوی قـات لەبـەری ورگـن خۆیـان کـرد بـە ژووردا، سـەری سـوڕما لـەوەی نانـی بەیانـی و قاتـی فەرمـی؟ وەک بڵێیـت لـە پرێـس کۆنفرانسـدا بـن!. ئەمـە بیرۆکەیەکـی تـری پـێ بەخشـی و دێڕێکـی تـری بـۆ ڕۆمانەکـەی دەسـت کـەوت: (ژیـان وای لـێ هاتـووە کـەس بـە هیـچ جـوان نابێـت، کەسـیش بـە هیـچ ناشـیرین نابێـت، ئـەوەی پێـوەرە تەنیـا سـامانە).

دوای خواردنـی نانـی بەیانـی، عەودالّبـوون بـۆ دۆزینـەوەی هاوڕێـی یەکەمـی مەسـت و شـەیدای کردبـوو، ئارەزوویەکـی سـەیر پاڵـی پێـوە دەنـا، وەک ئـەو ئـارەزووەی ئارکیۆلۆژیستەکان بـۆ گـەڕان بـەدووی شـوێنەوارە دێرینـەکان هەیـە، بـەرەو گەراجـی ئۆتۆمۆبیـل ڕاگرتـن کەوتـە ڕێ، ئـەم ڕێگەیـە وەک چاوەڕوانـی پاسـەکە درێـژ بـووەوە.

یەکـەم سـلفی لـە ماشـێنەکەی دا، دۆزینـەوەی هاوڕێـی یەکەمـی بەهـۆی نـاوی گەڕەکەکەیانـەوە قـورس نەبـوو، ئەرکـە زەحمەتەکـە بەرگەگرتنـی بینینـی بـوو. بـەدەم شـۆفێریکردنەوە چەنـدان سـیناریۆی بـۆ ئێسـتای هاوڕێکـەی لـە خەیاڵیـدا داڕشـت، لـە خراپتریـن ئەگـەرەوە بـۆ باشـترین ئەگـەری لەبەرچـاو گـرت. بـەدەم خەیاڵاتـەوە گەیشـتە گەڕەکەکـە، بـەڵام جگـە لـە ئەپارتمانـی بـەرز و هەوربـڕ، هیچـی تـری نەبینـی، بـە نائومێدی بـە نـاو باڵەخانەکانـدا پێـچ و دەورانـی دەکـرد، لـە پڕێکـدا ماڵێکـی کۆنـی ئـەو سـەردەمەی خـۆی هاتـەوە پێـش چـاو، سـەرەتا وا تێگەیشـت چـاوی ڕەشکەوپێشـکە دەکات، دواتـر دڵنیابـووەوە ئـەوەی بینیویەتـی ڕاسـتییە. لەبـەردەم ماڵەکـەدا دارتوویەکـی زڕ هەبـوو، یەکڕاسـت خەریـک بـوو لـە هۆشـی خـۆی بچێـت، ئـەو دیمەنـەی بەبیـر هاتـەوە وەک مەیموونێـک چـۆن بـەم دارەدا هەڵقـون و داقونـی بـوو. ئۆتۆمۆبیلەکـەی ڕاگـرت. کوڕێکـی گەنـج لەبـەردەم ماڵەکـەدا وەسـتابوو، لە بیسـتەکانی تەمەنیدا بـوو، (ناکرێـت ئەمـە خـۆی بێـت)، وا دیار بـوو کوڕەکە چاوەڕوانـی شـتێک بـکات، بـە خێرایی خـۆی پێگەیاند و پرسـیاری ماڵـی هاوڕێـی یەکەمی کـرد و گوتـی: مـن بـە دوای ماڵـی فـڵان کەسـدا دەگەڕێـم، چاوەکانـی هـەر یـەک لـە ڕەنگێـک بـوون، یەکێکیـان کەسـک و ئـەوی تریـان شـین و کاتـی خـۆی... کوڕەکـە قسـەکەی پـێ دەبڕێـت و دەڵێـت: بەڵـێ ئـەوە ماڵـی ئـەوە و مـن کـوڕە گەورەکـەی ئـەوم. ئـەوە باوکمـە لـە هەیوانەکـەوە نەخشـە بـۆ سـەفەرێکی دێریـن دادەنێـت کـە تـا ئێسـتا سـەری نەگرتـووە، مێرمنداڵـی سـێیەم لـە شـوێنی خـۆی سـڕ دەبێـت، سـەیرێکی هەیوانەکـە دەکات پیرەمێردێکـی ڕدێـن سـپی دەبینێـت، ئـاوڕ بـۆ کوڕەکـە دەداتـەوە، دەبینێـت خـۆی هەڵداوەتـە نـاو پاسـێکەوە!، کاتێـک پاسـەکە بـە لایـدا تێدەپەڕێـت دەبینێـت، سـێ مێرمنـداڵ لـە کوشـنی دواوە دانیشـتوون، یەکێکیـان سـەری بـە پەنجەرەکـەوە نووسـاندووە.

**ڤێستەرەۆس/ بەهاری ٢٠١٥**



# باران نم نم بەسەر ئاوێنەکەدا دەبارێ

**بڵند باجەلان**

(١)

دەرگاکە تۆزێک کراوەتەوە. لە درزی دەرگاکەوە، سەیری ئاوێنەی ژوورەکەم دەکەم کە تۆز دایپۆشیوە، یەکەمین جار لە مەیدانی فرۆشتنی کۆتر بینیم، لەژێر باران دەیانفرۆشت، کڕیم. گوتم: نا، ناکرێ ئەم ئاوێنەیە لێرە بمێنێتەوە، دەیبەمەوە، بۆ ئەوە نا کە بەیانییان لە ئاوێنەکەوە سەیری خۆم بکەم، هەر بۆ ئەوەی، نامەوێ لەژێر باران بمێنێتەوە. لە درزی دەرگاکەوە، وردتر سەیرم کرد، خۆیەتی، ئەو ئاوێنەیە، باران تەڕی دەکرد و من حەزم کرد بیکرم بۆ ئەوەی بەردەوام لە درزی دەرگاوە سەیری بکەم.

(٢)

جارێک پرسیم، لە خۆمم پرسی: خولیات چییە بۆ بەیانی؟ ئاوێنەکە وەڵامی دایەوە، وابزانم ئەویوو گوتی: دەمەوێ بگەڕێمەوە بەر باران. من پێکەنیم، هەستم کرد ئاسایی نییە بە قسەیەکی لەم شێوەیە پێبکەنم، بەڵام بەداخەوە ئاوێنەکەش پێکەنی، وابزانم ئەویوو پێکەنی و من حەزم دەکرد بچمە بەر باران و سەیری گەڕانەوەی بە کۆمەڵی باڵندەکان بکەم بۆ ئەو شوێنەی، ئازادی لەوێوە هەڵدێ.

(٣)

هەمــوو جــار كــە دەمــەوێ بێــم بــۆ ماڵــی تــۆ، هەســت دەكــەم ســەعاتێك ڕۆژ درێژتــر بووەتــەوە. ئــەم هەفتەیــە، هەســتم كــرد هەفتــەی ڕابــوردوو كەســێكم ناســیوە. بــە زەحمــەت لــە خــۆم دەگەیشــتم و نەمدەزانــی ئــەو كەســە كێیــە؟! پێموابــوو تــۆ بیناســی، بڕیاربــوو لەگــەڵ تــۆ بــۆ لای بچیــن. بــۆ جارێكــی تــر لــە درزی دەرگاكــەوە ســەیری ئاوێنەكــە دەكــەم. ترســێكی زۆر داگیــری كــردووم، كشــامەوە دواوە و دەرگاكــەم داخســت، ڕۆیشــتم.

(٤)

هیــچ تــێ نەگەیشــتم. لــە دەرگای ماڵتانــم دا كــەس دەرگای نەكــردەوە. بەنیــازی ئــەوەی كەســێك دەرگا بكاتــەوە، مامــەوە تــا نیــو كاتژمێر. دەرگا كرایــەوە. لەگــەڵ كرانــەوەی دەرگاكــە، دەنگــی گریــان كۆڵانــی پڕكــرد، تــۆ مردبــووی. بەپێــی ئــەو ئەزموونــە ڕۆحییــەی بــۆت بــاس دەكردم، هەســتم كــرد چووبــی بــۆ شــوێنێكی زۆر خــۆش، منــت نەبــرد، ئیتــر بەرگــەی دۆزینــەوەی كەســێكی دیكــەم نەدەگــرت. لەســەر سیســەمەكەت خەوتبــووی، بــە مردووییــش خۆشــم دەویســتی.

(٥)

هێــواش هێــواش كەوتمــە گومانــەوە، گوتــم : لەوەیــە منیــش ڕۆژێــك لەســەر هەمــان سیســەم بــەدەم ســەیركردنی بزەی ســەر لێوی تابلۆیەكەوە بخــەوم و خەبــەرم نەبێتــەوە. ماوەیــەك لەنێــوان خــەون و بێداریــدا مامــەوە، دواتریــش ئــەو گومانــە بەســتەزمانەی خۆمــم خســتە نێــو ســەبەتەی یەقین و بــە دیوارەكــەم گــوت: مــردووە. لەوەیــە مــەرگ تا ئێســتا چەنــدان كەســی لــە باڵكۆنــەوە خســتبێتە نێــو باخچــەوە. بێتاقــەت بــووم. تــۆ دەتویســت شــتێكم پــێ بڵێــی، فریانەكەوتــی، ویســتت بمبــەی بــۆ لای كەســێك، فریانەكەوتــم.

(٦)

هەمــوو شــەوێك بــەدەم بیركردنــەوەوە لــە ئاسمانەوە چاوت لێك دەنــا. چیت دەبینــی لــە ئاســمان كــە مــن نەمدەبینــی؟ بێگومــان بەرلــەوەی بــەم جــۆرە بخــەوی، لــە نیوەڕۆیەكــی كۆتایــی هاویــن، پێــت گوتــم : بڵاوكردنــەوەی گــوڵ و شــیرینی. گوتــم : بــا ســەیری بــەر دەرگا بكــەم، بزانــم كــەس نییــە بمبــا بــۆ بــازاڕ. گوتــت : لــە بــازاڕ نــا، لێــم تــێ بگــە، ئەگینــا خــودا دەتخانــە دۆزەخــەوە. گوتــم: چیــم كــردووە؟ پێمخــۆش بــوو هەمــوو شــتێكی ئەم دنیایەم هەبێت و بیانگۆڕمەوە بــە تاكــە بزەیەكــی ســەر لێوی تــۆ، بــەدەم هەمــان بــزەوە گوتــت: هیــچ!

(٧)

دەبــوو تەســلیمی مەرگــت بكــەم، كەســێك كــە هەمیشــە لــە خــۆم ئــاگاداری دەكردمــەوە. لــە زســتانی ئایینــدەدا، جگــە لــە گــڕی نائومێــدی و بارانــی گریــان، بــۆ مــن هیــچ نابێــت. ئەوانــەی شــارەزای شــاری برینــە كۆنەكانن، هەمیشــە وەكوو مــن دەمێننــەوە، دوور لــە دۆســت و نزیــك لــە مــەرگ. دوای چــوار ڕۆژ زیاتر نــا، هەموو ئازارەكانم گەورەتــر دەكــەی. مــن دەبــوو خەریكــی ڕاوكردنــی خــۆم بــم و لــە دەســتی خــۆم ڕزگارم نەبــێ. مــادەم مــرۆڤ ناتوانــێ لــە خــۆی دووركەوێتــەوە، چاكتــر وایــە متمانــەی پــێ نــەكا. متمانــە بــە خــۆم ناكــەم ئەوكاتــەی، بەدیــار تەنافەكانــەوە دانەدانــە جلــە ســپییەكان دەژمێــرم و بــە خــۆم دەڵێــم : باشــتر وایــە متمانــەم پــێ بكــەی.

(٨)

پۆلیسەکان، چەکەکانیان لە نزیک تەرمەکەت دانا. حەز لە بینینی پۆلیس ناکەم. چۆلەکەیەک لە کەناری پەنجەرە بچووکەکەی ژێر سەرت دەگریا، خۆم بینیم کە دەگریا و هەستی بە ئارامی دەکرد و خۆشییەکانی دڵی خۆی دانەدانە دەناردن بۆ نێو دڵی وەستاوی تۆ. هەستم کرد، تۆڕی هیچ ماسیگرێک ناتوانێ ئیتر تۆ بگرێ کە هەر خۆت ماسی بووی لەنێو دەریای ئارامیدا. چیتر ناتوانی بڕۆی بۆ ئەو شوێنەی، بەیانییان زوو بۆی دەڕۆیشتی. پۆلیسەکان دەستیان لە کەمەری خۆیان قایم کردبوو، بە منیان گوت : خوا بیخاتە بەهەشتەوە. گوتم : ئەی من ؟

(٩)

دایکت هات و کەمێک بەیەکەوە قسەمان کرد. وا گومانم برد من بۆ مانەوە لەژێر باران لەتەک عارەبانە کۆنەکان باش بم. ئەو ڕۆژە ئێمە چاوەڕێی مردووشۆرەکە بووین بێت بۆ شۆردنی دڵی تۆ، هەر نەهات. تا لە ژیانی مندا بووی، کەس بەقەد تۆ چێژی بە پەنجەرە شکاوەکانی دنیا و بە دەرگا ڕزیوەکانی ماڵی ئێمە نەبەخشیوە. بە بینینت، هەموو شتێک هەستی بە ئارامی دەکرد. بەدەم منەمنەوە سەیری کاتژمێرەکەم کرد و بە خۆمم گوت: جا پەلەی چیتە بۆ مردووشۆر بێت؟! با هیچ کەس هیچ کەس بەم بارانە نەشوا.

(١٠)

ژنان لە کۆڵان دانیشتوون، بۆ ئەوەی ژیانی تایبەتی خۆیان تێک نەچێت، ناچارن شیوەن بگێڕن. گوتم: من کێشاومە، وێنەی پەنجەرەکە لەسەر دەرگای ژوورەکەی تۆ. دەنگی قیژە و گریان کۆڵانی پڕ کردووە، تۆ مردووی. لە ژوورەکەت دەتهێننە دەرەوە، دواتر لە ماڵەکەت، بۆ مزگەوت، بۆ گۆڕستان. مەلای مزگەوتەکە گریا، نوێژی لەسەر کردی، من نوێژم نەکرد و گریام. سەرم لە تابووتەکەت نزیک دەکەمەوە بۆ ئەوەی گوێم لە دەنگت بێت. دەزانم ئیتر شەوانە کە دەخەوم، تۆ جێت نەهێشتووم. هەست بە ئازاری تابووتەکە و تۆ دەکەم، بمبەخشە.

(١١)

بەیانییە. دەچم بۆ بازاڕ. فرمێسکەکانم دەگرین بۆت. لە گۆڕستانە کۆنەکەدا خەوتووی. وەک کۆترێک چاوم لە بەرزییە، وێنای تۆم بیرناچێتەوە. من وام، کە بیری تۆ دەکەم، دڵم پڕ دەبێ لە کاغەز و مەرەکەب. بیرەوەرییەکانت نانووسمەوە، بەڵام لەبیریشت ناکەم. گوتم: ئەوە من هاتوومەتە کوێ؟ قورسایی لەشم بە ژمارەی تەمی سەر پەنجەرەکان، بەرەو لای تۆ کێشی دەکردم. دوا جار کە بەیەکەوە هاتین بۆ بازاڕ، بۆ جاری هەزارەم لێت پرسیم: کەی دەیدۆزییەوە؟ گوتم: کێ؟ وەک هەمیشە وەڵام نەبوو.

(١٢)

بە مەودای هەموو بێتاقەتییەک، بێتاقەتم. ویستم جێگایەک لە پاسی تەنیایی بۆ گریانەکانی خۆم بگرم. نەمدەویست ڕاکەم! لەنێو ئەو بازنەی نائارامییە، من شەختەم و وەکوو باران داناکەم. هەست دەکەم درەختی قەهرم چاندووە. بیری ناوی پشیلەکەت دەکەم

کە پێت دەگوت : (سیا )، بەڵام چونکە دڵم کەلێنی تێکەوتووە، هەموو شتێک ئازارم دەدا. تۆ ماڵت جێ هێشتووە. دوایەمین بزەت کرد و ڕۆیشتی. سەیری ئەو ئاوێنەیەت کرد خۆشت دەویست، ئاوێنەی ژوورەکەی من کە لەبەر باران دەیانفرۆشت. ئێستا بازنێکم بە مەچەکی دەرگا داخراوەکانەوە.

(١٣)

جگە لە (هیچ)، هیچ نابینم. بوومەتە کۆتر و بەسەر برینی درەختە سامناکەکانەوە دەنیشمەوە. سزاکانی ئاوێنەکەم دەمترسێنن. ئاوێنەی ژوورەکەم کە لە مەیدانی فرۆشتنی کۆترەکان دەیانفرۆشت و من لەبری کۆتر کریم، ئاوێنەکەم کری لەگەڵ چەند دانە فیشەک. وەک نێچیرێکی سامناک لە خۆم ڕادەکەم. ئێستا بیری تۆ دەکەم کە هەمیشە بیری بارانت دەکرد. جلەکانم درەنگ درەنگ دەگۆڕم، دوای مردنت، هەموو شتێک ڕووتە. لە یەکەم ڕستەی نێو چیرۆکە کۆنەکاندا، تێبینی زۆر شت دەکەم، تێبینی تۆ و زۆر شتی تر، تۆ شت نی، ئازیزی منی!

(١٤)

دەگەڕێمەوە ماڵەوە. ماڵ تامی گومان دەدا. دەترسم چیتر نەتوانم لە پەنجەرەکەوە چاوەڕوانی هاتنی کەس بکەم. وەک ڕاکشانی ئەستێرەیەکی بێ ناوونیشان، ڕادەکشێم. دەترسم وەک ستارەیەکی پاکیزە، لەنێو باوەشی خەیاڵەکانت بمرم. بە بەلەمی کاغەزین، دەمەوێ سەفەر بەرەو لای تۆ بکەم. من وەک چۆلەکە وام، خەریکی گریانم بۆت. ئەو نیوەیەی من بۆ تۆ کە خۆت پێتدابووم بە ئەمانەت بۆ کاتی سەرما. گوتم : گەر بگەڕێیتەوە...
زانیم
کە
ناگەڕێیتەوە.

(١٥)

لەسەر سیسەمەکەی بەرانبەر تەلەڤزیۆنە شکاوەکە دانیشتووم، هەردوو دەستم لە باوەشمدا لوولداوە. بەبێ ئەوەی بیر لە وەرینی یەکەمین چیرۆک و دوایەمین چۆلەکە بکەمەوە، لەگەڵ جلە سپییەکانی نێو کانتۆرەکەم کێشەم هەیە، لەگەڵ باران تووڕەم، لەگەڵ هەموو شتێک کە دەبێت دۆست بم و کێشەم هەیە.

(١٦)

کۆڵانەکەمان پڕە لە دەنگی کۆتر و ژن. کۆڵانەکەمان پڕە لەو قسانەی، بە هەر بارێکدا بیانبەین، هەر پڕن لە باسی شووکردنی کچانی گەڕەک و مردنی پیاوانی شار. دەبیستم ژنێک گوتی: تا (سارا) کاتی شووکردنی دێت، سمۆرە دەبێت بە شاتوو. ئەوان بە کوڵمی سووتاو و لێوی هەڵقرچاوەوە، لە بارەی هەموو شتێکەوە قسە دەکەن، تەنانەت لەبارەی کڵاوە ڕەشەکەی منیشەوە.

(١٧)

بە ئارامی هەڵسامەوە، کەوتمە سەر زەوییەکە. ڕاست بێت، یان نا، ئازارم پێ نەگەیشت. دیسانەوە بە ئارامی هەڵسامەوە، درێژەم بە ئارامی خۆم دا و بەرەو دەرگاکە چووم. لەگەڵ هەزاران خۆزگە کە دەمویست ڕادەستی سەفەرە بێکۆتاکانی بارانیان بکەم، گوتم : ئەم جارە نەکەوی، ئارام بگرە. ئەمانە

هیچی بۆ من گرنگ نەبوون، تەنیا دەمویست بەر لە چوونە دەرەوە، ترپە خێراکانی نێو سینەم بێدەنگ بکەم، وازم هێنا.

(١٨)

سەرم سووڕاند بۆ بینینی هەموو شتێک و هیچم نەبینی. لەسەر مێزی نانخواردن، چاوم کەوتە سەر کتێبێک بە دیاری بۆیان ناردبووم و هەرگیز دەرفەت نەبوو بیخوێنمەوە. سەیری مۆبایلەکەم دەکەم پڕە لە وێنەی ترسناک و ناچار دای دەخەم. چاوم دەترووکێنم وەک ئەوەی بڵێی من ئێستا بۆ جارێکی تر بەردەبمەوە. دەمەوێ چاکەتەکەم ئوتوو بکەم، قژی پەنجەرەکە شانە بکەم، دەمەوێ هیچ نەکەم.

(١٩)

ئێستا هیچ ناکەم و هیچم بۆ نابێت. خەریکە ببم بە چەتر و بەدەم باوە بفرم بۆ ئاسمان نا، بۆ ژێر زەوی. ئەگەر لە سەرەتاوە دەست پێ بکەمەوە، تەنانەت دەبێ کراسەکانیشم بدڕم کە هی من نین و هی نەورەسە برسییەکانن. شەقێکی توند لە خۆم دەدەم. دەکەومە بەردەمی ئەو دەرگایەی، تازە دەمویست لێیەوە بچمە دەرەوە و نەچووم. من وەکوو تۆز خۆم دەبینم بەسەر سیمای ئاوێنەی ژوورەکەمەوە. ئاوێنەکە کەوت. وردەشووشە وەکوو بەفر بەسەر سەرمدا باری. من چۆن شووشە شکاوەکانی ئاوێنەی تەنیایی خۆم کۆبکەمەوە؟! خۆم کۆکردەوە. چوومە دەرەوە.

نا،

نەچوومە دەرەوە!

گەڕامەوە ژوورەوە بە مەبەستی گسکدانی دڵم و شووشە شکاوەکانی ئاوێنەکە.

(٢٠)

بە پارچەیەکی ئاوێنەکە، دەستی خۆم دەبڕم. چەرچەفێکی سپی، بەهۆی برینەکەی دەستمەوە خوێناوی دەکەم. لێفەکەم بە چەقۆکە لەتوپەت دەکەم و لە پەنجەرەکەوە هەڵی دەدەمە خوارەوە. دەمەوێ وێنەی ئەو کاتژمێرە بکێشم، هەمیشە میلەکانی لەسەر سفرن. کەسێک کە هیچ کەس ناتوانێ وێنەی بکێشێ، داگیری کردووم.

(٢١)

دەڕۆمە ناو کانتۆرەکە و دەرگای کانتۆرەکە لەسەر خۆم دادەخەم. با چەرچەفە خوێناوییەکە تا بەیانی خوێناوی بێت. نازانم تا کەی لە کانتۆرەکە دەمێنمەوە، بەڵام ویستم ئەمشەو تا بەیانی نەخەوم.

کەسێک،

داگیری کردووم.

(٢٢)

هەستم کرد ئەو کەسەی داگیری کردووم، هەمان ئەو کەسەیە، پێت دەگوتم بیناسم و توانایی ناسینیم نەبوو. بیرم کردەوە چی دەبوو ئەگەر ئێستا ئاوێنەی ژوورەکەم نەشکابا و باران نم نم تەڕی بکردایە و تا ئەبەد کەس نەیکڕیبا؟! بۆ جاری کۆتایی، هەستم کرد کەسێک داگیری کردووم، زانیم تۆ ناگەڕێیتەوە و ئەو کەسە، تا ئەبەد لە دڵمدا دەمێنێتەوە.



# زەواجا نووژەن

**د. خەلیل عومەر**
**(شام)**

پیرێ ژ بێکەسی و کالۆ ژ بێنەفسی، هەردویان ل هەڤ پرسین و مەهەکە د وێ ناڤێ رە نەچوو، بووک و زاڤێ گۆڤەندەکە گران لدارخستن. ژ ئالیەکی دە داهۆل و زورنە بوو و ژ ئالیێ دن ڤە گری و هێسرێن هەردوو کەچێن کالۆ بوو، چاوا وێ باڤ بزەوجە و هینا دەهـ سال د سەر مرنا دیا وان رە نەچوویە.

– هەگەر من نەهشت کۆ تاکێن پۆرێ وێ، یێن مایی ببن هری، بەرا ناڤێ من نە خەجێ بە! کەچا کالۆ یا مەزن گۆت.

– هەگەر من نەهشت کۆ ئەو سێرێ خوە ژبیربکە، بەرا ئەز نە ژ پشتا باڤێ خوە بم! کەچا کالۆ یا بچووک گۆت.

– خوەلی ل سەرێ من بە، کۆ ئەڤ هەدوو سێوییێن بەر دیواران، ژ من رە ببن کێشە! پیراسێر ئەوێ ژی ژ خوە رە گۆت.

ل بالەفرگەها «فرانکفۆرت»-ێ مەلکەسا پیرێ دانی و چاوا خوە ژ پۆلیس و گومرکێ ئازادکر، بەرێ خوە دا تەکسیەکێ ل دەرا هان و ناڤنیشانەک دا دەستێ شفێر.

* * *

ل کۆلانا «گۆتتێ» ل بەر دەرێ بارا «پۆنتێ»، هەردوو خۆرتێن کورد پێشوازیا مێڤانا خوە کرن و ئەو ڤەخوەندن هوندور سەر «بەکالەکە» (١) بیرا باڤاری!.. «بەکالا» پێشین ب پرسێن سەر رەوشا وەلێت خەلاسبوو، ب ڤەخوارنا بەکالا دوەم، پیرێ و هەردوو خۆرت ب هەڤ رە گهیشتن پەیمانەکێ و قەلەنێ هەردوو کەچێن سۆفی برین و ژ وێدەرێ ژی، ژنکا سهردار، کۆما «مارک»-ان (٢) ترانسفێری هەسابێ خوە یی سوێسری کر.

سەرێ سبەهێ یە، رۆژا ئینێ یە، رۆژا کۆ پیرێ تێ دە ب تو دەڤەران دە ناچە و خوە ژ رەملێ و متالان رە ڤالا دکە و هەکە گرینگ بوو، ئەو دکارە رۆژا مێرک ژی لێ بکە ژار.

– وێ مێڤانێن مە بێن و ڤا تشتەک د دەستێن وان دە یە، گەلۆ بوخچکە گەلۆ سەڵکە؟ پیرێ گۆت و سەرێ وێ ما داقوول ل سەر رەملێ.

– گەلۆ ئەو ژ ریەکە دوور ڤە تێن؟ سۆفی ژێ پرسی و دەستێ خوە ئاڤێت هەردوو تاکەن رها خوە.

– هەلا وێدە، خوەدێ ژ تە رازی! پیراسێر ب زلامێ خوە رە غەیدی و ئەو ژ خوە وێدە کر.

* * *

– یادێ پیراسێر، نسە ئان جننە؟لاوکێ جیرانا، ژ دیا خوە پرسی.

– پیراسێر مرۆڤە، ئەو ژی وەکە مە یە، دزەوجە و دمرە، لێ تەنێ زارۆک ژێ رە چێنابە! دێ لاوکێ خوە لبەرخست و بەرێ خوە دا بیرۆ و نەینکێ.

– یانی پیراسێر نە پیرەبۆکە؟ لاوک دیسا ژ دیا خوە پرسی.

– پیرەبۆک جننە! دێ لێ ڤەگەڕاند و مووچنگ ئاڤێت عورتا هەردوو بروێن خوە.

– وێ رۆژێ دیا شەمسۆ دگۆت: هەگەر مرۆڤ دەرزیا چەلۆکان د بەر پیرەبۆکێ رە راکە، ئەو پیرەبۆک نەما دکارە خوە ژ بەر چاڤان بخە و ب ڤی رەنگی باپیرەکی وان ژ خوە رە یەک ژ وان گرتبوو و ژێ رە هەموو کارێن وی دکر! لاوک ژ دیا خوە رە گۆت.

– سەربەختێ دیا شەمسۆ بە! دێ مزجی و مووچنگ ژ دەست خوە دانی و "پۆماد"-ئا سۆر د سەر لێڤێن خوە رە بر و ئانی.

* * *

– مریەکی مە د قولەکێ دە نەهشتیە! دێ و باڤێن مە بریە فرنگەکی، وەختی جیران ژ بەر مە باریکن، ئاگرەکە و ئەم تێدەنە! ئەز د بەختێ تە دە، بێ تو چاراکێ ژ مە رە ناکی؟ ..تشت نەما و مە نەکر! .. لێ مە ئاخا وجاخ کۆرۆ ل بەر دەری بەلاڤکر، لێ مە بەربەژن و تبەرک ژ مالا شێخ مەقسوود ژێ رە ئانین، لێ مە دەڤگرێدان ژێ رە ل جەم "ئەزرا" (٣) چێکر! هەموو وەکە ئاڤا، کۆ تو بەڕا بنێ بێژنگێ دە!.. تو ژ من رە نابێژی ئەڤ چیە؟.. من هینا تەلەڤیزیۆنێن وسا ب گەڵەک بشکۆک نەدیتیە؟ ژنکا جیران ژ گلی و گازنان هاتە پرسێ.

– ئەڤ کەمپیووتەرە، کەچێن زلامێ من ژ ئەلمانیا ئەو ژێ رە شاندنە، تە دی پێوەندی د ریا «سکیپە» رە بێ پەرە یە! پیراسێر ژێ رە شیرۆڤەکر.

– هەر مرۆڤ دمینە هەر ئەجێبان دبینە! ژنکا جیران گۆت و هەردوو دەستێن خوە دانین سەرهەڤ.

– ژ بۆ بووکا تە، ئەزێ ژ تە رە ل مالپەرا ڤالنتاین ب نەرم و هەموو پرسێن کۆ د "ئانکەتە" دە هاتنە،دڤێ تو بەرسەڤێن وان یەک ب یەک بدی! پیراسێر ژنک ل بەرخست و خوە ڤەمالت.

– چما تو ژ من رە ل رەملێ نانەری! .. ما رەمل ژی خەرادبن؟.. ببوهور خالتیکێ ب خوەدێ ئەڤا هان ناکەڤە سەرێ من و ب راستی ژی، ئەز نزام بێ تو ڤالا چ دکی! ژنکا جیران باوەڕیا خوە د مەرسەلێ دە دا.

* * *

پشتی کۆ سۆفی کتک فێری کەمپیووتەر بوو، هەر رۆژ ب سەعععععععععەتان ب هەردوو کەچێن خوە رە "چات" دکر و گاڤا کۆ پیرێ نە ل مال با، رادبوو ب کارێ وێ ژی و بسەر کولان دە بێ پەرە خزمەتا خەلکێن دوور و نێزیک دکر.

* * *

– «کورمێ شیری تا پیری!». نانێ من ل ڤر نەما! .. بەرا ژێ رە بمینە، سەرێ وی بوخە! هەگەر کۆ ئەز ڤێ ژارا هان بشکینم ژی، ئەوێ جەگەنێن وی یەکە دن ژێ رە بشینن! ..دو تشتێن شاش من د ژیانا خوە دە کرن: یا یەکەم، کۆ من ئەڤێ هان کر! یا دووەم، کۆ من ئەو فێری کەمپیووتەر کر! پیرێ ژ خوە رە گۆت و بێ زەنگۆ ل مەلکەسا خوە سواربوو و بێ فیتێز و دبریاج، وەکە راکێتێ ب هەوا کەت.

**پەراوێز:**

**(١) قدەمە کە مەزنە.**

**(٢) پەرە یێن ئەلمانیا بوون، بەری €.**

**(٣) مرۆڤەکی جوهوو بوو، ل قامشلۆ دەڤگرێدان چێدکر.**



# هاوین لە یەک چرکەدا


ڕەی برەدبێری

لە ئینگلیزییەوە: ژیلا ڕەحمانی

(سنە)


«ئامادەن؟»

«ئامادەن؟»

«ئێستا.»

«بەم زووانە.»

«ئاخۆ پێشبینی زاناکان ڕاست دەرچێ؟ ئەمڕۆیە؟»

«سەیری کە، سەیری کە: بە چاوی خۆت ببینە!»

منداڵـەکان وەکـوو گوڵەبـاخ و بژارێکـی زۆر کـە لـە جێگایەکـی بچووکـدا بەتێکـڕا سـەر هەڵبـدەن، پاڵیـان بـە یەکتـرەوە دەنـا و تێکـەڵاو چاویـان لـە دەرەوەی ژوورەکـە بـڕی تاکـوو خـۆرە ونبووەکـە ببینـن.

باران باریبوو.

حـەوت سـاڵە کـە بێوچـان بـاران دەبـارێ، هـەزاران ڕۆژە کـە بـاران، خوڕەخوڕەکـەی و ئـەو کریسـتاڵە جوانانـەی کـە لـە ڕەهێڵەکانـەوە دەهاتنەخـوار ڕۆژەکانیـان تێکەڵـی یەکتـر دەکـرد و کۆتایـی یەکێکیـان بـەوی تـرەوە گـرێ دەدا. ڕەشـەباکان ئەوەنـدە بەهێزبـوون کـە لێشـاویان بەسـەر دوورگەکـەدا دەبارانـد. هـەزاران دارسـتان لـە ژێـر ئـەو بارانـەدا خنکابـوون و هـەزاران جـاری تـر ڕوابوونـەوە تاکـوو دیسـانەوە بخنکێـن، ئەمـە ژیانـی هەتاهەتایـی لەسـەر ڤینـۆس بـوو. ئـەم شـوێنەش پۆلـی منداڵەکانـی ژنـان و پیاوانـی ڕاکێتـە. ئەوانـەی کـە هاتبوونـە وڵاتـی بـاران تـا شارسـتانیەت بنیـاد بنێـن و پاشـماوەی ژیانیـان

لەوێ بە سەر بەرن.

«خۆشی کردەوە، خۆشی کردەوە!»

«وایە، وایە!»

مارگەوت دوور لەوان وەستابوو. دوورتر لەو منداڵانەی کە نەیاندەزانی سەردەمانێکیش باران نەبووە، باران نەبووە. نۆ ساڵیان تەمەن بوو و ئەگەر حەوت ساڵی پێش، هەتاو یەک چرکەش دەرکەوتبێ و ڕوخساری خۆی لەو جیهانە سەرسوڕهێنەرە خستبێتە ڕوو، لە بیرەوەری ئەماندا نەمابوو. هەندێ جار، گوێبیستیان بوو کە شەوانە بە خەیاڵییەوە دەجووڵێن. دەیزانی خەونی پێوە دەبینن و ئەو پێنووسە زەردڕەنگە، یان ئەو پارە کانزاییەیان بیردێتەوە ئەوەندە گەورە بێ کە دنیای پێ بکڕن. دڵنیابوو گەرمییەکیان بیردێتەوە کە وەکوو ڕەنگی سووری ڕوخسار، جەستە، باڵ و قاچ بێ، یان لە سووری دەستگەڵێک بچێ کە دەلەرزین. هەرچەندە کە منداڵەکان هەمیشە بە خوڕەخوڕی باران و دابارینی بێکۆتایی ملوانکە شووشەییەکانییەوە لەسەر بانەکان، پێدەڕێکان، باخچەکان و دارستانەکان خەبەریان دەبووەوە و داڵغەکەیان لێ تێکدەچوو.

دوێنێ لە پۆل، یەکسەر باسی خۆر بوو. باسی ئەوەی کە چەند لە لیمۆ دەچێ، یان چەند گەرمە. خوێندکارەکان چەندان کورتەچیرۆک، چەندان وتار و چەندان شیعریان لەبارەیەوە نووسی:

«هەتاو گوڵێکە کە تەنیا یەک ڕۆژ دەدرەوشێتەوە.»

ئەمە شیعرەکەی مارگەوت بوو کە بە نزمی لە پۆلە بێدەنگەکە خوێندییەوە. لە دەرەوە باران دەباری.

یەکێک لە کوڕەکان ڕەخنەی لێ گرت و وتی: «خۆت نەتنووسیوە!»

مارگەوت گوتی: «با، خۆم نووسیومە،»«خۆم نووسیومە.»

مامۆستاکە وتی: «ڤیلیاااام!»

بەڵام ئەوە دوێنێ بوو. ئێستا باران کەمی کردبووەوە و خوێندکارەکان لەبەر پەنجەرە ئەستوور و گەورەکەدا ئاپۆرەیان دابوو.

«مامۆستا لە کوێیە؟»

«ئێستا دێتەوە.»

«ئەگەر هەر ئێستا نەگەڕێتەوە، پێڕا ناگەین.»

دیسانەوە منداڵەکان کەوتنە مشتومڕ و کردیانە هەرا.

مارگەوت بەتەنیا وەستا بوو. کچێکی زۆر لاواز و بێهێز بوو. وەک بڵێی بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر باراندا ون بووبێت و هەر ئەو بارانەش شینایی چاوەکانی و سووری لێوەکانی و زەردی قژەکەی لە ڕوخساری شووشتبێ. لە وێنەیەکی نێو ئەلبوومێکی کۆن و تۆزلێ نیشتوو دەچوو کە خەریکە کاڵ ببێتەوە. بەدەگمەن قسەی دەکرد، ئەگەر قسەی بکردبا دەنگی وەکوو دەنگی تارمایی بوو. ئێستا جیا لەوان وەستابوو و چاوی بڕیبووە بارانەکە. سەیری ئەو جیهانە تەڕ و پڕ ژاوەژاوەی دەکرد کە لە دەرەوەی شووشە زەبەللاحەکاندا بوو.

ڤیلیام وتی: «سەیری چی دەکەی؟»

مارگەوت هیچی نەوت.

شانێکی دا لە شانی و وتی: «قسە بکە، وەڵام بەرەوە کە قسەت لەگەڵ دەکەن.»، بەڵام مارگەوت جووڵەی نەکرد و تەنیا بە هۆی لێدانەکەی ئەوەوە بزووت.

خوێندکارەکان هێدی هێدی لە مارگەوت دوورکەوتنەوە. سەیریان نەدەکرد. بۆ خۆشی هەستی پێ کرد. دەیزانی لەبەر ئەوەیە کە ئەم هەرگیز لە تونێلی دەنگدانەوەی ئەو شارە ژێرزەمینییەدا لەگەڵیان یاری نەکردووە، تەنانەت ئەگەر جارێکیش شانیان لێ بدابای و هەڵبهاتبان، ئەم تەنیا لە جێی خۆی دەوەستا و چاوانی دەترووکاند. هەر کات کە قوتابییەکان بە بالای

خۆشییەکان و ژیان و یارییەکاندا گۆرانییان بگوتایە، مارگەوت بەئاستەم لێوەکانی دەجوولاند. ئەو تەنیا سروودی بۆ خۆر و هاوین دەوت.

بێگومان گەورەترین تاوانی مارگەوت ئەوە بوو کە تەنیا پێنج ساڵە هاتووەتە ئەوێ و منداڵانی تر بۆ هەموو ژیانیان لەسەر ڤینۆس ژیابوون. هەتاو و ئاسمانی ئۆهایۆ لە بیرەوەری مارگەوت دا مابوو، بەڵام ئەوانی تر تەنیا دوو ساڵیان تەمەن بوو کە خۆر بۆ دواجار دەرکەوتبوو، ئەوەش ماوەیەکی زۆری بەسەردا چووبوو و ڕەنگەکەی و گەرماکەی و چۆنێتییەکەیان لە بیر کردبوو، بەڵام مارگەوت هەموو ئەمانەی لە بیربوو.

مارگەوت جارێک چاوانی لێک نا و وتی: «هەتاو وەکوو پارەی کانزایە،»

منداڵەکان هاواریان کرد: «نا، نییە!»

دیسانەوە وتبووی: «هەتاو وەکوو یەکێک لە گڕەکانی نێو تەباخەکەیە.»

بەڵام منداڵەکان پێکەوە هاواریان کردبوو: «درۆ دەکەی، تۆ بیرت نەماوە!»

بەڵام مارگەوت بیری مابوو. دوور لە هەموویان دەوەستا و لەسەرخۆ سەیری دەنگەدەنگی پەنجەرەکەی دەکرد. جارێکیان، مانگێکی پێش ئێستا بوو کە ملی نەدا لە حەمامەکەی خوێندنگا خۆی بشوات. هەر دوو دەستەکەی توند لەسەر گوێ و لەسەر سەری دانابوو و وتبووی کە نایەوێ ئاوەکە بەر سەری کەوێ. پاش ئەوە بوو کە وردەوردە بۆ خۆی هەستی پێ کرد لەوانی تر جیاوازە. ئەوانیش بەم جیاوازییەیان زانی و خۆیان لێ دوور خستەوە.

دەوترا کە ساڵی داهاتوو دایک و باوکی مارگەوت دەیبەنەوە بۆ زەوی. ئەو سەفەرە بۆ ئەوان هەزاران دۆلاری تێ دەچوو، بۆیە هاوپۆلەکانی لەبەر ئەم هەموو هۆکارە کە ئاکامی گەورە و بچووکی لە پشتەوە بوو، (مارگەوت)یان خۆش نەدەویست. ڕقیان لە ڕوخسارە زەردهەڵگەڕاوەکەی، لە بێدەنگییە درێژەپێدراوەکەی، لە بێقوەتبوونەکەی و لە داهاتووە پێشبینیکراوەکەی بوو.

کوڕەکە پاڵێکی تری پێوە نا و وتی: «دە بڕۆ! چاوەڕوانی چیت؟»

مارگەوت بۆ یەکەم جار ئاوڕی لە کوڕەکە دایەوە. ئەو شتەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر، چاوەڕوانی بوو لە چاوەکانیدا بوو.

کوڕەکە بەدڕندەیی هاواری کرد: «لێرە مەوەستە! چاوت بە هیچ ناکەوێ!»

لێوەکانی مارگەوت جوولان.

ڤیلیام قیڕاندی: «هیچ!»، پاشان ڕووی کردە منداڵەکانی تر و وتی: «هەمووی گاڵتەئامێز بوو، مەگەرنا؟» «ئەمڕۆ هیچ ڕوو نادات.»

ئەوانیش چاویان لێ داگرت. کە لە مەبەستەکەی تێ گەیشتن، پێکەنین و سەرێکیان بۆ سووڕ دا و وتیان: «هیچ شتێک، هیچ شتێک!»

مارگەوت بەدەنگێکی نزم و چاوانێکی زەبوون وتی: «بەڵام، ئەمڕۆیە، زاناکان پێشبینییان کردووە، وتوویانە، دەزانن کە خۆر ...»

کوڕەکە گوتی: «هەمووی گاڵتەیە!»، پاشان خێرا دەستی بەسەردا گرت و وتی: «دەی خێرا، پێش ئەوەی مامۆستاکە بگات بیخەینە نێو دۆڵابەکە!»

مارگەوت وتی: «نا،» و کەوتە سەر پشت.

بەڵام خوێندکارەکان هەڵمەتیان بۆ برد و لە زەوی بەرزیان کردەوە. مارگەوت لە سەرەتادا بەرەنگاریان بووەوە، پاشان پاڕایەوە و دواتر کەوتە گریان، بەڵام منداڵەکان لە ڕێی تونێلەکەوە چوونە ژوور و مارگەوتیان خستە نێو دۆڵابەکەوە، دەرکەیان لێ داخست و قفڵیان دا. پێش ئەوەی بچنە دەرەوە لە بەر دۆڵابەکە وەستان. دۆڵابەکە بە هۆی لێدان و خۆ پێ داکشانی مارگەوتەوە، دەجوولا.

گوێبیستی هاوارە کپەکانی بوون، بەڵام تەنیا زەردەخەنەیان کرد. وەرچەرخان و ڕۆیشتنەوە دەرەوە و لە تووندێلەکە چوونە خوار. ڕێک لەم کاتەدا بوو کە مامۆستا هات.

مامۆستا سەیری کاتژمێرەکەی کرد و وتی: «ئامادەن؟»

پێکەوە وتیان: «بەڵێ!»

«هەمووتان لێرەن؟»

«بەڵێ!»

نمەنمە باران دەباری.

تێکڕا هوروژمیان بردە بەر دەرگا گەورەکە.

خۆشی کردەوە.

دەڵێی لە سەیرکردنی فیلمێک بی کە سەبارەت بە هەرەسهێنان، تۆرنادۆ، ڕەشەبا، یان تەقینەوەی گڕکانێک بێ و لە ناکاو شتێک بقەومێ. لە سەرەتادا دەنگی ئامێرەکان بگۆڕدرێ، پاشان ژاوەژاوەکانیان بخنکێ و دواتر گرمەگرمەکان و کاریگەرییەکان و هەورەگرمەکانی تری بخنکێن. دیسانەوە فیلمەکە لە نێو پڕۆجێکتەرەکە بقرتێ و لە شوێنی ئەو، سلایدێکی خۆشی ناوچەی گەرمەسێر پیشان بدرێ کە نە جوولەی هەیە و نە دەلەرزێ، لێرەش دنیا وەستاوە. بێدەنگییەکە ئەوەندە گەورە و سەرسووڕهێنەرە کە هەست دەکەی توانایی بیستنت یەکسەر نەماوە. منداڵەکان دەستیان لەسەر گوێ دانابوو. دوور لەیەک وەستابوون. دەرگاکە کرایەوە و بۆنی بێدەنگی و جیهانێکی چاوەڕوانیان پێ گەیشت.

خۆر هەڵهات.

ڕەنگی خۆر وەک بریقەی برۆنزێکی نوێ جوان بوو، زۆر گەورە دەینواند. ڕەنگی ئاسمانەکەی تەنیشتی خۆرەکەش لە ڕەنگی کاشییە شین و گەشەکان دەچوو. وەک منداڵەکان لە سیحری پێشوو ڕزگاریان بووبێ، بەدەم هاوارکردنەوە ڕایان کردە نێو بەهارەکەوە. دارستانەکانیش لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا دەسووتان.

مامۆستاکە بەدوایاندا هاواری کرد: «دوور مەکەونەوە، تەنیا دوو کاتژمێرتان هەیە، با لەوێ گرفتار نەبن!»

بەڵام منداڵەکان ڕایان دەکرد و سەریان بەرەو ئاسمان بەرز کردبووەوە. هەستیان بە گەرمییەک لەسەر ڕوخساریان دەکرد

کە وەک گەرمای ئوتوو بوو. چاکەتەکانیان داکەند تاکوو قۆڵەکانیان بە خۆر بسووتێ.

«باشتر لەو گڵۆپە زەردانە نییە؟»

«زۆر، زۆر باشترە!»

دەستیان لە ڕاکردن هەڵگرت و لە ناوەڕاستی ئەو دارستانە گەورەیە وەستان کە ڤینۆسی داپۆشیبوو، ئەو دارستانە دڕندانە ڕوابوو و ئەگەر سەیرت بکردبا، دەتتوانی گەشەسەندنەکەی بە چاو ببینی. لە هێلانەی ئەکتۆپوس دەچوو. بژارە گۆشتئاساکانی وەک باڵی مەزن دەجووڵان و لەو بەهارە کورتخایەنەشدا گوڵیان دابوو. ڕەنگی ئەو دارستانە بێ- خۆرە بۆ ساڵیانی ساڵە کە سپی و خۆڵەمێشی بووە. ڕەنگەکەی وەکوو ڕەنگی بەرد و پەنیری سپی و مەرەکەبی لێ هاتبوو. مانگیش هەر بەو شێوەیە بوو.

منداڵەکان بەپێکەنینەوە لەسەر دۆشەگی دارستانەکە پاڵ کەوتن.

گوێیان لە ئاخ و زیکەزیکی زەوییەکەی ژێرپێیان بوو کە ئێستا نەرم و زیندوو بوو. بەنێو دارەکاندا ڕایان دەکرد. دەخزان و دەکەوتن، پاڵیان بە یەکەوە دەنا. چاوشارکێیان دەکرد. قاوی یەکیان دەدا، بەڵام زۆرتر لە هەر کارێک ئەوەندەی بەلاچاوەوە سەیری خۆرەکەیان کرد کە فرمێسکیان لە چاو هاتە خوار. دەستەکانیان بەرەو ئەو زەردییە، بەرەو ئەو شینییە نایابە بەرز کردبووەوە. هەوای تازەیان هەڵدەمژی. گوێیان بۆ ئەو بێدەنگییەی شل کردبوو کە لە نێو دەریای پیرۆزی بێدەنگی و بێجووڵەییدا ڕایانی گرتبوو. سەیری

هەمووو شتێکیان دەکرد. تامی هەموو شتێکیان دەکرد، پاشان وەکوو، ئەو ئاژەڵانەی کە لە ئەشکەوتەکانیانەوە هەڵ هاتبێتن، بەخێرایی و بۆ یەک کاتژمێر لە بازنەگەلێکی پڕ ژاوەژاوەوە ڕایان کرد و دەستیان لێ بەرنەدا.

و پاشان ____

لە نیوەی یەکێک لە یارییەکاندا بوون کە یەکێک لە کچەکان قیژاندی.

هەموویان ڕاوەستان.

کچەکە لە نێو ئەو بەهەشتەدا وەستابوو و دەستێکی درێژکردبووەوە.

هەموو لەشی دەلەرزی. وتی: «خودایە، سەیر کەن، سەیری کەن،»

لەسەرخۆ لێی چوونە پێش تاکوو سەیری لەپی دەستی بکەن.

لە ناو مشتیدا، دڵۆپێکی باران بوو.

سەیری دەکرد و دەگریا.

بەئارامی سەریان بۆ ئاسمان هەڵبڕی.

«خودایە. خودایە.»

چەند دڵۆپێکی سارد کەوتە سەر لووت و گۆنا و دەمیان. خۆرەکە لە پشت مژێکی خەست، کزبووبوو. بایەکی فێنک هەڵیکرد، بۆیە منداڵەکان ڕوویان کردەوە ماڵە ژێرزەوینییەکان. دەست لە ناوقەد دەڕۆیشتن. زەردەخەنەکانیان لێ بزربووبوو.

گرمەی هەورێک ڕایانی چڵەکاند، وەک گەڵای بەر ڕەشەبا بەسەر یەکدا کەوتن، پاشان غاریان دا. برووسکەیەک دە میل دوورتر لەوان، لێی دا، یەکێکی تر پێنج میل، یەکێکی تر نیو میل. لە هەناسەیەکدا هەموو دنیا تاریک داهات.

لەبەر دەرگای ژێرزەوینەکەدا وەستان. لە چرکەیەکدا بارانێکی بەخوڕ دای کرد. هەرچەندە دەرگایان داخست، گوێبیستی دەنگی ئەو بارانە ناخۆشە بوون کە بەلێشاو و هەرەسئاسا بۆ هەتاهەتایە و لە هەموو شوێنێکدا دەباری.

«ئاخۆ حەوت ساڵی تر دەبا؟»

«با، حەوت ساڵ»

یەکێکیان ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا.

«مارگەوت!»

«چی؟»

«هێشتا لە نێو دۆڵابەکەیە.»

«مارگەوت.»

وەکوو ئەستوون لە جێگاکەیان وشک بووبوون. نیگایان بەر یەکتر کەوت، بەڵام دواتر نیگایان لە یەک دزییەوە و چاویان بڕییە ئەو دنیایەی کە دیسانەوە بارانی تێدا دەباری. باران دەباری. بەردەوام باران دەباری. نەیاندەتوانی لە چاوانی یەک بڕوانن. ڕوخساریان جیددی و زەرد بوو. سەریان داخست. سەیری دەست و پێی خۆیانیان دەکرد.

«مارگەوت.»

یەکێک لە کچەکان وتی: «دەی ...؟»

کەس جووڵەی نەکرد.

کچەکە چرپاندی: «خێرا کەن،»

لەسەرەخۆ لە هۆڵەکە چوونەخوار. دەنگی بارانێکی سارد، شوێنەکەی پڕ کردبوو. دەنگی تۆفان و هەورەگرمە دەهات. چەندان برووسکەی شین و سامناک لە ڕوخسارییانی دا. پێچیان کردەوە نێو ژوورەکە، بەئارامی تا بەر دۆڵابەکە هەنگاویان نا و لە بەردەمی وەستان.

تەنیا شتێک کە لە پشتی ئەو دەرکە بوو، بێدەنگی بوو.

بێدەنگ دەرگاکەیان کردەوە و ڕێیان دا مارگەوت بێتە دەرەوە.

**سەرچاوە:**

Gelshenen, Rosemary. And Kay Judith. Discovering Fiction: a reader of American short stories. United Kingdom: Cambridge University press, 2001.

# کەلاوەکەی سەر دەریای ڕەش

## (شانۆگەرییەکی یەک پەردەییە لە سێ دیمەندا)

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
(کەنەدا)



**کارەکتەرەکان:**

**دانا:** کوڕێکی تەمەن دە ساڵانە، سەرپەرشتیاری خوشک و براکانیەتی. شەرواڵێک و کراسێکی ناڕێکی لەبەردایە.

**پەری:** خوشکی دانا، تەمەنی هەشت ساڵانە، سەرپەرشتیاری کاروباری ماڵەوەی لەسەرشانە. مەکسییەکی دڕاو و بۆری لەبەردایە.

**شێرکۆ:** برای دانایە. تەمەنی حەوت ساڵانە. کۆنە شەرواڵێک و کراسێکی لەبەردایە. لەگەڵ دانای برای ئەرکی بژێوی خوشک و براکانی لەسەرشانە.

**ئارام:** برای دانایە. تەمەنی چوار ساڵانە. زۆربەی کات لەگەڵ پەری خوشکیدایە. بێجامە و کراسێکی نیوقۆڵی لەبەردایە.

**باجی لەعلی:** تەنیا دەنگی دەبیسترێت.

**ئومێد:** هاوسەری پەری، تەمەنی نزیک بیست و چوار ساڵێک دەبێت.

**شوێنکات**

دوانیوەڕۆی ڕۆژێکی مانگی ئەیلوولی دوو هەزار و چوارە، کەلاوەیەکی ڕووخاو و داڕماوی خانووەکانی فەیلەقی کەرکووک.

**دیمەنی یەکەم**

**دیمەن:** کە پەردە لادەدرێت کەچە خانووەکەی ماڵی ئەم منداڵانەیە. ژوورێکی بچکۆلەی چۆڵە، خاڵی لەهەر دیمەن و پێداویستییەکی ژیانی ئەمڕۆ. هۆدەکە نیمچە تاریکە، ئەوەی ئەبینرێ ئەم شتانەن: لە گۆشەیەکەوە دوو تەنەکەی ڕۆنی ژەنگگرتوو کە یەک دوو شرە دۆشەک و بەتانی و سەرینیان لەسەرە. ناوەڕاستی شانۆش (هۆدەکە) دەرگایەکە ڕوو بەدەرەوە ئەکرێتەوە، دەرگاکە گونییەکی پینەکراو و لێکدراوە و بە بزمار بەسووچەکانی دیواری شانۆوە داکوتراون. لە گۆشەکەی ترەوە سۆپایەکی عەلادینی کۆن کە قوتووە

ئاوێکی لەسەرە. لەتەنیشت سۆپاکەوە دوو سێ قاپ و کەوچک لەگەڵ کۆنە قۆرییەیەک دانراون. پەری ئارامی لە باوەشە و لەنزیک سۆپاکە لەسەر زەوییەکە لەسەر نیمدەرێک هەڵترووشکاوە و لەولاشەوە فەردەیەک قوتوو و بوتڵی بەتاڵ بەدیواری شانۆوە هەڵپەسێردراوە. پەری بەدەم لاواندنەوەوە ئەیەوێ برسێتی لەبیر ئارام بباتەوە.

**پەری:** (بەدەنگێکی سۆزدار و پڕ لە سەرپەرشتیارییەوە)

**لاچۆ لاچۆ ئەی ملهوڕ**
**ئارام خەوی لێکەوتووە**
**ئارام ژیر و هێمنە**
**لای دادەی خۆی خەوتووە**

**ئارام خوشکی خۆش ئەوێ**
**دانا و شێرکۆی لەپشتن**
**ئارام ژیر و هێمنە**
**یەک یەک نازدار و قشتن**

**ئارام:** (بەدەم گریانەوە) پەری برسیمە. نانم دەرێ.

**پەری:** (هەر بەردەوامە لە لاواندنەوەکەی)

**ئارام ئەگەر برسی بێ**
**چاوەڕێی برا ئەکا**
**ئارام ئەگەر خەوی بێ**
**دەست لەمل چرا ئەکا**

**ئارام:** (ئەنووزێتەوە) برسیمە. دەی برسیمە.

**پەری:** (هەر بەردەوامە لە لاواندنەوە)

**ئارام گریان نازانێ**
**ژیر و هێمنە و بێدەنگ**
**ئارام ئەگەر گەورە بێ**
**خەون ئەبینێ ڕەنگاوڕەنگ**

**ئارام کە گەورە ئەبێ**
**پشت و پەنایە بۆ ماڵ**
**ئارام ژیر و زرنگە**
**گرە دژ بە ژینی تاڵ**

(ئارام بێدەنگ ئەبێ کە زیاتر نیشانەی خەو لێکەوتنیەتی. پەری بەهێمنی ئارام لەشوێنی خۆی لەسەر نیمدەرەکە درێژ ئەکات. خۆشی ئەچێتە نزیک جێ و بانەکان و پشت بەتەنەکەیەکەوە ئەدات و بەدەنگی بەرز دەست ئەکات بەگریان، پاشان هێدی هێدی هەنسک ئەدات. پەری لە هەنسکدان ئەوەستێ و بەلچکی مەکسییەکەی فرمێسکەکانی ئەسڕێ.)

**پەری:** خوایە گوناهمان چی بوو وات لێ کردووین؟ بۆ وەکوو خەڵک دایک و باوکمان نییە؟ هەر کەسێکمان هەبووایە بەس بوو. ئاخر من نازانم چی بکەم و کاکە داناش لەگەڵ شێرکۆ هەر ئەوەندەیان پێ ئەکرێ. لە بەیانی زووەوە بە سکی برسی لەماڵ دەرئەچن و پەنا دیوار و سەرزبڵخانە نامێنێ بەدوای قوتووی بیسی و بوتڵی ئاوی بەتاڵ و کۆنە فافۆن و مس و لاستیک نەگەڕێن. ئێوارانیش پێنج هەزار دینار، یان حەوت هەزار دینار کە تەنیا بەشی چەند سەموونێک ئەکات، پەیدای ئەکەن. ئەی خوایە ڕەحمێ...من نازانم چی بکەم؟ نازانم. بەخوا دەروجیرانەکان نانمان نەدەنێ، هیچ نییە بیخۆین.

(لەودیوی دەرگا گونیەکەوە دەنگە دەنگ دێ و پەری بەپەلە ئەڕواتە دەرەوە و پاش نەختێک دانا و شێرکۆ و پەری دێنە ژوورەوە. دانا دۆشەکێک لەسەر تەنەکە ڕۆنەکە دائەگرێ و لەسەری دائەنیشێ. شێرکۆش لەخوار داناوە خۆی بەئەرزدا ئەدات. پەریش ئەو عەلاگە ڕەشەی بەدەستەوەیە کە دانا هەندێ سەموونی کڕیوە و هێناویەتەوە. پەری دەست ئەداتە شقارتەیەک تا سۆپاکە داگیرسێنێ. قوتووە ئاوەکە دائەگرێ و سۆپاکە پێ ئەکات. ئاوی ناو قوتووەکە ئەکاتە قۆریەکەوە.)

**دانا:** (بەجۆرێک لەشەرمەوە ڕوو لە پەری ئەکات) جیرانەکان هیچیان بۆ نەهێناوین؟

**پەری:** نەخێر.

**دانا:** (ڕوو لە پەری دەکات) ئەوە بۆ هیچت بەئارام دانەداوە؟

**پەری:** (تەماشایەکی ئارام ئەکات) ئێستا لەبرسا خەوی لێ کەوت. (دەست ئەداتە بەتانییەک و ئارام دائەپۆشێ) تا خەوی لێ کەوت هەر داوای نانی ئەکرد.

**دانا:** دە هەڵسێنە با سەموون بخوات. (دانا دەست ئەداتە ئارام و ئەیکاتە باوەش) هەستە برا بچکۆلەکەم، هەستە لە خەو، بزانە کاکە دانا چی هێناوە. ئەها سەموونم بۆ هێناوی. هەستە بەبرسێتی مەخەوە.

**ئارام:** (بە جۆرێک نازکردن و گریانەوە) برسیمە سەموونم ئەوێ.

**پەری:** (سەموونێک لە عەلاگەکە دەرئەهێنێ و کەرتی ئەکات و کەرتێکی ئەداتە ئارام و کەرتێکیشی

قەپێکی لێ ئەدا و ئەیخاتەوە ناو عەلاگەکە. شێرکۆ کە تا ئەو کاتە هەر پاڵ کەوتووە، قیت ئەبێتەوە و لە دانا ئەپرسێ)

**شێرکۆ:** کاکە دانا، حەوت هەزارمان پەیدا کرد؟

**دانا:** بەڵێ.

**شێرکۆ:** پێنج هەزارمان دا بەسەموون و دوو هەزارمان پێ ماوە.

**دانا:** وایە.

**پەری:** (بە شەرمەوە ڕوو لە دانا ئەکات) کاکە دانا ئەو دوو هەزارەم ئەدەیتێ؟

**دانا:** بۆچیتە؟

**پەری:** حەزم لە بنێشتە، لای مام غەفوور بنێشتی پێ ئەکڕم.

**شێرکۆ:** بنێشتی چی، وەڵڵا لەدەمی نانێی. تۆ بنێشت بکڕی منیش چوکلێتم ئەوێ.

**پەری:** (ڕوو بە شێرکۆ) ئەوجا تۆ حەقت چییە؟ کاکە دانا خۆی ئەمداتێ.

**دانا:** (بە هێمنییەوە) پەری گیان، ئەزانم حەزت لە بنێشتە، بەڵام ئێستا تەنیا ئەو دوو هەزارەمان هەیە، ئەبێ قەناعەت بکەین و هەندێ پارە پاشەکەوت بکەین تا ئەگەر ڕۆژێ نەخۆش بووین و نەمانتوانی بچین بۆ قوتوو و فافۆن و مس، ئەوە بتوانین سەموون بکڕین و برسیمان نەبێ، بەڵام پەیمانی ئەدەمێ ئەگەر تۆزێ پارەکەمان زیادی کردت، بنێشتت بۆ ئەکڕم.

**پەری:** (بە خەجاڵەتبارییەوە) ببوورە کاکە دانا، تۆ ڕاست ئەکەیت. من جارێ بنێشتم ناوێ. کەی پارەمان هەبوو، ئەوسا بنێشت ئەکڕم.

**دانا:** (ئەچێتە لای پەری و دەست بەسەریدا ئەهێنێ) ئافەرین پەری. تۆ خوشکێکی زۆر ئاقڵی.

(دەنگێک لەدەرەوە بانگی پەری و دانا ئەکات، دەنگی باجی لەعلی دراوسێیانە.)

**دەنگی باجی لەعلی:** پەری، کچم پەری، دانا لە ماڵەوەن؟ وەرن ئەم خواردنەم لێ وەرگرن.

(پەری و دانا بەڕاکردن ئەڕۆنە دەرەوە. دەنگی دانا: دەستت خۆش بێ باجی لەعلی، خوا پاداشتت بداتەوە. دەنگی پەری: سپاس باجی لەعلی، دەنگی لەعلی: عافیەتتان بێ و بەیانی قاپەکەم بۆ بێننەوە. دەنگی پەری: بەسەرچاو باجی لەعلی، بەیانی قاپەکەت بۆ دێنمەوە. دەنگی لەعلی: دەباشە ئاگاتان لەخۆتان بێ. دەنگی دانا و پەری پێکەوە: خواحافیزت بێ. دانا و پەری دێنە ژوورەوە. دانا قاپێ گەورەی پڕ لەخواردنی بەدەستەوەیە و پەریش بەدوایەوە. دانا قاپە خواردنەکە دائەنێ و پەریش سەموونەکان ئەهێنێ و ئەوسا هەموو لەدەوری قاپە خواردنەکە دەست ئەکەن بەنانخواردن. ڕووناکی لەسەریان کز ئەبێ.)

**دیمەنی دووەم**

**شوێنکات**

هەمان شوێنی دیمەنی یەکەمە، کات نۆی شەوە.

**دیمەن:** شێرکۆ و پەری و ئارام نووستوون. شانۆ تاریکە ڕووناکییەکی کەم سەر شانۆی داپۆشیوە. دانا بێدارە و هەر گینگڵ ئەدات. دانا لەسەر جێگەکەی ڕاست ئەبێتەوە و بەتانییەکە بە پەری و ئارام و شێرکۆ دائەدات. ماوەیەکی زۆر کورت لێیان ئەڕوانێ و پاڵ ئەداتەوە. لێرەوە ئیتر دانا بەئاگایە و نەخەوتووە، بەڵام تەنیا دەنگی دانا وەک مۆنۆلۆگ دەبیسترێ.)

**دەنگی دانا:** نازانم بۆچی قەدەری ئێمە بەم جۆرەیە؟ گوناهمان چی بوو وامان بەسەرهات؟ ئەگەر بەدبەختی نەبووایە بۆچی دایک و باوکمان بەر تەقینەوە دەکەوتن. ئێ چی دەبوو ئێمەش وەک ئەو عالەمە لەپەنای دایک و باوکدا ڕۆژگارمان بەسەر ببردایە و بچووینایە مەکتەب و تووشی ئەم برسێتی و ڕۆژەڕەشە نەهاتینایە. (وچانێکی کورت) تازە هیچ ناکرێت، بەڵام ڕۆژێک دێت گەورە ئەبین و دەتوانین ئاسانتر بژێوی خۆمان دابین بکەین. ڕۆژێک دێت؛ وەزعمان زۆر لە ئێستا باشتر دەبێت، ئێ خۆ تا مردن ئاوا ناژین. هەموو جارێک کە سەیری منداڵانی گەڕەکەکان دەکەم پۆشتە و تێرن، گریانم بۆ خۆمان دێت. هەرکاتێک دەبینم منداڵان دەچنە مەکتەب، یان لە مەکتەب دێنەوە، کززە لە جەرگمەوە دێت. ئاخر بۆ دەبێت چاومان لە یارمەتی ماڵە دراوسێ بێت؟ ماڵی باجی لەعلی و مام کەریم ئاوا بێت قسووریان نەکردووە و بەردەوام یارمەتییان داوین. (تۆزێک بێدەنگ دەبێت) من تەمەنم ١٠ ساڵە و دوو سێ ساڵی تر دەتوانم کرێکاری بکەم و پارەی زیاترم دەست ئەکەوێت. (هەڵدەستێتەوە و هەندێک لە بینەران نزیک ئەبێتەوە و ئاوا گوزارشت لە وەزعی تاڵی ژیانی خۆیان ئەکات).

**چوار منداڵی کەساسین**
**بێ باوک و سەرپەرشتین**
**لەنێو کێڵگەی ژیانا**

خەمی ورد و درشتین

بوتڵی بەتاڵ و قوتی
کۆدەکەینەوە ئێمە
بە زستان و بە هاوین
جووتێ نەعل لە پێمە

خوشک و براکانیشم
تا بڵێی ڕووت و برسین
لەنێو ئەم کەلاوەیە
لە مەرگی خۆ دەترسین

کێ دەزانێ ئێمە وا
چوار منداڵی بەدبەختین
بەئاواتی هەبوونی
تەنیا ژوورێکی تەختین

ئێمە شکۆمان شکا
جێگای سەرنجی خەڵکین
ئاخ چی بکەین لەم زەمانە
وا لاواز و بێ کەڵکین

(لەم کاتەدا ئارام دەجووڵێتەوە و بەئاگا دێت. دانا دەچێت بەلایدا تا بانی بدات، بەڵام ئارام لە دانا ئەڕوانێت و دەست ئەکات بە گریان. پەریش بەئاگا دێت)

**پەری:** کاکە دانا ئەوە چییە، بۆ نەخەوتووی؟

**دانا:** خەوم نایە.

**پەری:** کاکە دانا هەوڵ بدە بخەویت.

**دانا:** (بەرەو لای جێگەکەی ئەڕوات و پاڵ ئەداتەوە.) باشە دەی ئێوەش بخەون.

پەری (ئارام لەتەنیشت خۆی ئەخەوێنێت و ئەم گۆرانییەی بۆ ئەڵێت)

**لاچۆ لاچۆ ئەی ملهوڕ**
**ئارام خەوی لێ کەوتووە**
**ئارام ژیر و هێمنە**
**لای دادەی خۆی خەوتووە**

**ئارام خوشکی خۆش دەوێ**
**دانا و شێرکۆی لەپشتن**
**ئارام ژیر و هێمنە**
**یەک یەک نازدار و قشتن**

(ئیتر ورده ورده دەنگی پەری کز دەبێت و شانۆش تاریک دادێت.)

**پەردەی سێیەم**

**شوێنکات:** ئێوارەیەکی کۆتایی هاوینی ساڵی ٢٠١٦یە، شاری کەرکووک.

**دیمەن:** ماڵی پەری و ئومێدە. ماڵێکی سادە و تاڕادەیەک هەژاری پێوە دیارە. زۆر نابێت پەری و ئومێد هاوسەرگیرییان کردووە. یەک دوو دۆشەک و سەرین دانراون و پانکەیەک و سوراحییەک پڕ لەئاو، لەگەڵ پەرداخێک دانراون. ڕووناکی ئەچێتە سەر پەری و ئومێد.

**ئومێد:** (ڕوو لە پەری ئەکات) ئەزانیت زۆرم هەوڵ دا بۆ نیوەڕۆ بێت تا پێکەوە نان بخۆین.

**پەری:** مەبەست کێیە؟

**ئومێد:** مەبەستم دانایە. وتی ئێوارە دوای نانخواردن دێم.

**پەری:** لەوەتەی خەریکی ئیشی تەکسییە، زۆر ئاسوودەیە و وەزعیشی گەلێ لەجاران باشترە.

(لەپڕ لە دەرگا ئەدرێت، ئومێد دەڕوات دەرگا بکاتەوە. دوای چەند چرکەیەک لەگەڵ دانا پێکەوە دێنەوە سەر شانۆ.)

**ئومێد:** فەرموو کاکە دانا گیان.. بەخێر بێی.

**پەری:** (هەڵدەستێتە سەر پێ و بەخێرهاتنی دانای برای دەکات) کاکە دانا بەخێر بێی.

**دانا:** سپاستان دەکەم سپاس ئومێد گیان.. پەری گیان تۆ چۆنیت؟

**پەری:** زۆر باشم، سپاس.

**ئومێد:** دانا گیان نانت خواردووە؟ با نانت بۆ بێنین.

**دانا:** سپاس نانم خواردووە. هەر حەزم کرد چاوم پێتان بکەویت.

**ئومێد و پەری:** (بەیەکەوە) یاخوا بەخێر بێی.

**ئومێد:** ئەم بەیانییە چەندم پێ وتی نان مەخۆ و وەرە لای خۆمان پێکەوە نان ئەخۆین

**دانا:** چاوەکەمی ئومێد گیان.. نا نەمدەتوانی بۆ نانخواردن بێم. دەبوایە شێرکۆ بگەیەنمە دەوام لە لەیلان و ئەوجا بگەڕێمەوە و ئارامیش لە حەسیرەکە هەڵگرم بیبەمەوە ماڵ.

**پەری:** (ڕوو لە دانا) دەزانی کاکە بەر لەوەی بێی باسی تۆمان دەکرد.

**دانا:** (بەسەرسوڕمانەوە) بەڕاست؟ چۆن باسمتان ئەکرد؟

**ئومێد:** وتمان لەوەتەی خەریکی ئیشی تەکسییە، ئاسوودەترە.

**دانا:** وایە، زۆر ڕاستە. لەوەتەی ئەو ئیشە ئەکەم، وەزعمان زۆر باشتر بووە، هەروەها شێرکۆش لەوەتەی لە چیمەنتۆکەی لەیلان دەوام ئەکات، مەعاشەکەشی خراپ نییە. ئارامیش خەریکی خوێندنەکەیەتی. بەگشتی زۆر باشین و بە جاران بەراورد ناکرێین.

**ئومێد:** هیوادارم هەروا باش بن. مرۆڤ کار بکات و هەوڵ بدات، هەم وەزعی باش دەبێ و هەمیش دەگاتە ئاواتەکانی

**دانا:** وایە.

**ئومێد:** دانا گیان ئێمە لە سەردەمێکدا و لە سیستمێکدا دەژین، هەموو شتێکیان کردووەتە پارە. پارە و پێوەندییەکانی پارە، جێگەی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکانی گرتووەتەوە. مرۆڤ و بەهای مرۆڤ بەپارە بەراورد دەکرێت. تۆ تەماشا پێوەندییە ئینسانییەکان چییان بەسەردا هاتووە. ئێستا برۆ دەرەوە و لەسەر ئەو جادەیە ژان بتگرێت، دەیان کەس مۆبایلەکەیان دەردەکەن و وێنەت دەگرن، بەڵام ناتگەیەننە نەخۆشخانە. گەشەی تەکنۆلۆژیا و بە فەیسبووکبوونی تەواوی گۆی زەوی، ئینسانی لە کائینێکی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕیوە بە بەندەی چەند سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**پەری:** (سێ چای دێنێ و چایەکان لەبەردەم خۆیان دادەنێت و سینییەکە لە تەنیشت خۆیەوە دائەنێت.) کاکە دانا بەزەیی و خۆشەویستی لای ئینسانەکان تا دێت کاڵتر دەبێتەوە. ئێستا نەک سەردان، بەڵکوو خەڵک تاقەتی ئەوەشیان نییە تەلەفۆن بۆ یەکتریش بکەن.

**دانا:** ڕاستە پەری گیان، بەڵام خۆ ئێمە نابێت ڕادەستی وەزعەکە بین.

**ئومێد:** (دەست ئەخاتە سەر ڕانی دانا) ئافەرین کاکە دانا گیان دروست وایە. ئەم دۆخەی تێی کەوتووین هۆکارەکەی جیاوازی چینایەتییە. تەماح و چاوچنۆکی خاوەن پارە، هەژاری و نەداری و جەنگ و کوشتار و ماڵوێرانیمان بۆ دێنێ. ئێمە دەبێت دژ بە خاوەن پارە بجەنگین.

**دانا:** (فرێک لە چاکەی ئەدات) ئومێد گیان خۆت دەزانیت من زۆر سەرم لەو شتانە دەرناچێت، بەڵام ڕقی ئەو دنیایەم لە هەژاری و نەگبەتی و جەنگ و کاولکارییە. هەر شتێک ئەم وەزعە بگۆڕێت من لەگەڵیدام.

**ئومێد:** ئەم وەزعە هەروا نابێت، حەتمەن ئەگۆڕێت. هەرکات ئێمەی هەژار و ستەمدیدە هۆشیار بووینەوە و یەکمان گرت، شۆڕشمان بەرپا دەبێ و ئەوکات ئازاد دەبین و چەوسانەوەش نامێنێت. بەواتایەکی تر دەبێت لەڕێگەی شۆڕشەوە جیاوازی و ئەوجا ستەمی چینایەتی نەهێڵین و ئاسوودەیی باڵ بەسەر ژیانماندا بکێشێت.

**دانا:** من لەگەڵ نەمانی چەوسانەوەم و لەهەر کوێیەک خەبات بکرێت دژ بە چەوسانەوە، من بە خەباتی خۆمی ئەزانم.

**ئومێد:** (بەدەم چا خواردنەوەوە) هەر بژیت کاکە دانا. ئەم هەست و هەڵوێستە زۆر جوانە، تۆ بەڕاستی وەفادار و خەمخۆری ڕزگاری مرۆڤایەتیت، بەڵام یەک ڕەخنەی بچووکم لێت هەیە، خوێندەوارییەکەت بەهێز بکە. تۆ پێویستە بخوێنیتەوە و ئاستی هۆشیاری خۆت بەریتە سەر.

**دانا:** ڕاست ئەکەی ئومێد گیان بەس کاتم نییە و مەشغوڵیی ڕێم نادات.

**ئومێد:** (بە گاڵتەوە) ئەوە چی دەڵێی دانا گیان، ئێواران وەرە ئێرە و لەگەڵ پەری وانەتان پێ دەڵێم و خوێندەوارییەکەتان بەهێز دەبێت.

**پەری:** کاکە دانا من ماوەیەکە خەریکم و تەواو فەرقم کردووە، ئێستا هەندێک شت دەتوانم بخوێنمەوە و بنووسم.

**دانا:** وا دەکەم. (بە پێکەنینەوە) پۆلێکمان بۆ بکەرەوە، شێرکۆش دێنم.

**ئومێد:** جێی بەختەوەریمە. هەر هەمووتان وەرن (بەگاڵتەوە) حەز دەکەی هەموو گەڕەکەکە بێنە.

(ئەوان بەردەوام دەبن لە قسەکردن و ڕووناکی لەسەریان کز دەبێت و شانۆ تاریک دادێت و پەردە دادەدرێتەوە.)

تەواو

**تێبینی: لە ساڵی ٢٠١٠ دەستم بە نووسینی ئەم دەقە کرد و لە ٢٠٢٢ تەواوم کرد.**



## نەوزاد مەجید:
## زیاتر حەزم لە دەرهێنانە.. زۆر دەقیشم ڕەت کردووەتەوە کە بە دڵم نەبوون.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٣ - ٤)

* نەوزاد مەجید کەریم، کە لە ناوەندی هونەریدا بە نەوزاد مەجید ناسراوە و ناوی ڕۆیشتووە، هونەرمەندێکی پڕ بەخششی ساڵانێکی دووروودرێژی بواری شانۆ و دراما و سینەمایە، ناوەکەی بە هەموو ئەوانە ئاشنایە کە هەواداری هونەرن و حەزیان لە بەدواداچوون و بینینی ئەم جۆرە هونەرانەیە. ئەو هونەرمەندە کەسێکی فرەبەهرەیە، لە زۆر بواردا بەهرەکەی خۆی تاقی کردووەتەوە، لەوانە: دەرهێنانی دراما و شانۆ، یاریدەدەری دەرهێنەر، نواندن، سیناریست، دیکۆرساز، ڕووناکی، سکرێپت، وێنەگری سینەمایی و تەلەڤزیۆنی، بەڕێوەبەری هونەری، بەڕێوەبەری بەرهەم، هونەری فۆتۆگراف و زۆر کاری هونەری دی، کە لە هەموو ئەو بوارە هونەری و کارگێڕیانەدا زۆر بە بێدەنگی و دوور لە ژاوەژاو کاری خۆی کردووە و بەرهەمی جوانی هەبووە، بەو کارانەشی جێ پەنجەی بەسەر هونەری کوردییەوە دیارە.

* ئەم هونەرمەندە، ساڵی ١٩٤١ لە گەڕەکی سەرشەقام لە دایک بووە، تا تەمەنی بووەتە ٤ – ٥ ساڵ لە سەرشەقام لە ماڵی خۆیان و ماڵی باپیری ساڵح لەرزانە ژیاوە، دواتر ماڵیان بۆ گەڕەکی قەزازەکان گوستراوەتەوە، کە تەمەنی گەییوەتە (٧) ساڵ، هەر لەو گەڕەکە، چووەتە بەر خوێندن و لە قوتابخانەی (گویژە) وەرگیراوە، تا پۆلی چواری سەرەتایی لەوێ خوێندوویەتی. لە قوتابخانەدا، هەر لە سەرەتاوە تا دەرچووە، مامۆستاکانی خۆی خۆش ویستووە، ئەوانیش

ئەویان خۆش ویستووە، وەک خۆی دەڵێ دوو لەو مامۆستایانە لە یادەوەری ئەودا بە زیندوویی ماون، یەکیان م. هاشم ئەحمەد کە مامۆستای زمانی عەرەبی بووە، ئەوی دیکەیان م. مستەفا بەرزنجی بووە کە مامۆستای وانەی هونەر بووە، قەتیش غەفووری مەلا عەلی، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان لەبیر ناکات. کە لە پۆلی پێنجی سەرەتایی دەرچووە، بۆ قوتابخانەی مەڵکەندی لە گەڕەکی گاوران گوێزراوەتەوە، لەوێ م. ڕەشید کەریم بەڕێوەبەریان بووە، م. ساڵح قەزازیش مامۆستای زمانی ئینگلیزییان بووە، لەبەر زیرەکییەکەی لە زمانی ئینگلیزی، زۆر خۆشی ویستووە.

* لە تەمەنی ١٢ – ١٣ ساڵیدا لەگەڵ هونەرمەند سەلاح فەرەج (سەلاح بالا بەرز) کە ماڵیان لە گەڕەکی قەزازەکان بووە، بەو هونەرمەندە ئاشنا دەبێ، وەک ئارەزوویەک ڕیکلامی فیلمی سینەماکانیان کۆکردووەتەوە کە لەو ڕۆژگارەدا ئەوە باو بووە. هەر ئەو سەردەمە بۆ هەر فیلمێک بە عەرەبانەی دوو ئەسپی (پەیتوون)، بە دەهۆڵ و زوڕناوە، بەناو شاری سلێمانیدا گەڕاون و ڕیکلامیان بۆ فیلمەکانیان بڵاوکردووەتەوە، یان کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ڕیکلامی فیلمەکان بڵاو دەکرانەوە، زۆر کەس هەبوون وەک یادگاری ئەو ڕیکلامانەیان لەلای خۆیان کۆ کردووەتەوە.

* بێجگە لە سینەما، ناو بەناو کە شانۆگەری پێشکەش کراوە، سەردانی کردووە، لەوانە چووەتە شانۆگەری (عوتەیڵ) کە لە ناو هۆڵی پەروەردەی سلێمانی نمایش کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی چەند کورسییەکی کەم لای تەختەی شانۆکەوە هەبووە، بۆیە کاتێ بینیویەتی خەڵکەکە بە پێوە وەستاون، لەبەر قەرەباڵغی، بە زەحمەت شانۆگەرییەکەو ئەکتەرەکانی بینیوە، دواتر ئەوە کاردانەوەی نەرێنی لەلای دروست کردووە، بۆیە کاتێ لە سانەوی



ئازاد عەبدولواحید- نەوزاد مەجید

سلێمانی و قوتابخانەکانی دی چەند شانۆگەرییەک نمایش کراون، ئەو بۆ بینینیان نەچووە، لەبەر ئەوەی لە شانۆگەرییەکەی ناو پەروەردە (کە ئێستا کاسەمۆڵە) هیچی وای نەدیوە. ئەوکاتە کە کۆتایی پەنجاکانە، هەر کارێکی هونەری بکرایە، بینەری زۆری هەبووە و خەڵکی بە پەرۆشەوە بۆی دەچوون.

* هەر لەو ساڵانەدا لە ڕادیۆی کرماشان، سەعات (٥)ی ئێوارە تەمسیلی کوردی هەبووە و هەموو چایخانەکانی شار ڕادیۆکەیان کردووەتەوە و خەڵکی شارەکەی لێ کۆبووەتەوە و هیچ جێگەیەک نەماوە، بۆیە خەڵکەکە ناچار لە دەرەوەی چایخانەکە گوێیان لێ گرتووە، ئەوانە هەمووی هاندەر بوون بۆ ئەوەی زیاتر حەز لە هونەر بکات، تا ئەو ڕۆژەی لە پۆلی سێی ناوەندی، لەوانەی وێنەکێشاندا م. ئازاد شەوقی پێی وتوون وێنە بکێشن، بەڵام ئەو لەچاوی ڕەحلەکەی کتێبی (دەرهێنانی سینەمایی- الاخراج السينمائي) بە سڵ کردنەوە و شڵەژانەوە خوێندووەتەوە، مامۆستاش کە هەستی کردووە وێنە ناکێشێ و خەریکی شتێکی ترە، هاتووەتە سەری و کتێبەکەی دەرهێناوە، زۆر لەسەرخۆ پێی وتووە ئەمەش هەر هونەرە، بۆ ناچی بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا بخوێنی؟ بەڵێنیشی پێ داوە لە سێی ناوەندی دەربچێ یارمەتی بدات، ئیدی ئەو

قسەیەی م. ئازاد شەوقی وەرچەرخانێکی لە ژیانیدا دروست کردووە تا زیاتر حەز لە هونەری نواندن و سینەما بکات، هەر بە هاوکاری ئەو هونەرمەندە پێشکەشی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدای کردووە و لە پاش چاوپێکەوتن، دوای دوو ڕۆژ ناوی دەرچووە و لەوێش ڕێکەوتی هونەرمەند (تەها خەلیل)ی کردووە.

* هونەرمەند نەوزاد مەجید ئەزموونی پتر لە (٦٠) ساڵی لە کایەی هونەردا هەیە، لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٦٠ – ١٩٦١، تا ساڵی ١٩٦٤-١٩٦٥ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، بەشی شانۆی تەواو کردووە، لەسەر دەستی مامۆستایانی پەیمانگە و هونەرمەندە پێشەنگەکان، بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە شانۆی خوێندووە و زۆر زانیاری زانستی و بە کەڵکی بە دەست هێناوە، هەروەها بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەر هونەری شانۆ کاری کردووە، لەبەر ئەوەی خۆی لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندییەوە حەزی بە هونەر کردووە، بۆیە هەموو ساڵەکانی خوێندنی پەیمانگەی بە سەرکەوتوویی بڕیوە. لە پەیمانگە زۆربەی لقەکانی هونەری شانۆی لە نواندن، دیکۆر، ڕووناکی سەرکەوتووانە تاقی کردووەتەوە، تەنانەت لەو ساڵانەی ئەو لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان خوێندوویەتی، هیچ کارێکی هونەریی نەبووە کە ڕووناکی بۆ دانەنابێ.

* لەبەر شارەزایی و جیددی بوونی لەو کارانەی لە زۆربەی بوارە هونەرییەکاندا پێیان سپاردووە، گەلێک ئیشی دەرەوەی پەیمانگەشیان پێ سپاردووە ڕایپەڕێنێ، لەوانە دروستکردنی شانۆی سانەوی (حەریری) لە ناوچەی ئەعزەمییەی بەغدا، هەروەها دروستکردنی شانۆی ئامادەیی (قورەیشی) لە کازمییە، تەنانەت شانۆی پۆلەکەشیان، ئەو دیکۆر و ڕووناکی و پەردەی بۆ داناوە، بەهۆی ئەو کار و چالاکییانەیەوە، ساڵی ١٩٦٤- ١٩٦٥، کە ساڵی دەرچوونیەتی لە پەیمانگە، تێزی دەرچوونەکەی لە کۆتایی ساڵی خوێندن، کە دەبوو بەرهەمێک پێشکەش بکا، ئەویان لەو ئەرکە بەخشیوە و نمرەیەکی باشی دەرچوونیان داوەتێ. کە پەیمانگەی تەواو کردووە، گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و دوای چەند مانگێک لە پەروەردەی هەولێر وەک مامۆستا، فەرمانی دامەزراندنەکەی بۆ دەردەکەن و دەست بەکاربوونی بۆ دەنووسرێ.

* سەرەتای گەشتی وەزیفەی، لە پەروەردەی هەولێر دەست پێ دەکات و فەرمانی دامەزراندنی لە ١٩٦٥/١١/١٣ بۆ دەردەچێ، کە لە باتاس دەبێتە مامۆستا، لەو ڕۆژەوە لە قوتابخانەی (باتاس)ی سەرەتایی دەست بە وانە گوتنەوە دەکات، بەڵام لە شارۆچکەی هەریر ژیاوە و ژوورێکی لەماڵی (مەلا غەفار)، کە پیاوێکی ناسراوی دەڤەرەکە بووە گرتووە، بۆیە هەموو ڕۆژێک لە هەریرەوە بەپێ دەچێتە باتاس و ماوەی (٣) ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە. هەر لە سەرەتای چوونی بۆ ئەو شارۆچکەیە، لە پۆلەکاندا، یان لە کۆبوونەوەی باوکاندا، یان لە بۆنەکاندا بە گوێرەی توانایی خۆی، بۆ پێشکەشکردنی کاری هونەری، هاوکاریی قوتابییەکانی کردووە و بۆ برەودان بە خۆشەویستی هونەر لەو شارەدا هانی داون.

* ساڵی ١٩٦٨ گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و لە قوتابخانەی نارنجەلەی سەر بە شارۆچکەی بیارە دەست بەکار دەبێ، دوای کەمتر لە ساڵێک، بەهۆی پشووی نیوەی ساڵەوە، کاتێ دەگەڕێتەوە سلێمانی، لە یانەی فەرمانبەرانی سلێمانی پێوەندی پێوە دەکرێ و داوای لێ دەکەن ڕووناکی بۆ ئەو تابلۆیانە دابنێ کە لەسەر دیوارەکانی هۆڵەکەدا بە دەرپەڕیوی (بارز) دروست کرابوون، تابلۆکانیش بریتی بوون لە چەند وێنەیەکی گەورەی چوارینەکانی خەیام کە لەسەر تەختەی مەعاکس، بە شێوەیەکی سەرنجراکێش دروست کرابوون،

ئەمانە پارچە پارچە لەسەر دیواری هۆڵەکەدا بە شێوەیەکی جوان، بە بەرزی و نزمی دانراون، لە دەرەوەی هۆڵەکەش، لەناو ئەو حەوزی ئاوەی کە لە باخی یانەکەدا هەبووە، پەیکەری شاخ و ئەشکەوتێک دروست کراوە، دەڵێن دەستکردی هونەرمەند ئەنوەر تووفی بووە، داوایان لێ کردووە ڕووناکییەکی هونەری بۆ ئەو حەوزی ئاو و شاخ و ئەشکەوتە دابنێ، وێڕای ئەوەی ئەو ڕۆژگارە، کەرستەی پێویست لەبەر دەستدا نەبووە، یان زۆر کەم بووە، بەڵام بڕیار دەدا ئەو کارە جێبەجێ بکات، هەرچەندە دانانی ڕووناکی لە ناو ئاوی ئەشکەوتەکەدا کە پێیدا هاتووەتە خوارێ، کارێکی زەحمەت بووە، بەڵام ئەو هونەرمەندە بەهرەدار و دەستڕەنگینە دوای عەزیەت و ماندووبوونێکی زۆر ئیشەکانی تەواو کردووە، کە ڕووناکییەکەی داناوە و بەدڵی هەمووان بووە، لەوەوە یەکسەر بۆ قوتابخانەی (بادینان)ی سەرەتایی کوڕان لە سلێمانی دەیگوێزنەوە.

* ساڵی ١٩٦٩ کۆمەڵێک هونەرمەندی سلێمانی کە بە نیاز بوون تیپێکی هونەری دابمەزرێنن، پێوەندی پێوە دەکەن، بۆ ئەوەی لە دامەزرانەکەیدا لەگەڵیان بەشدار بێ، هونەرمەندەکان ئەمانە بوون: نووری وەشتی، تەها خەلیل، ڕەئووف یەحیا، ئەمینی میرزا کەریم، مەحموود زێوەر، جیهان عومەر، محەمەدسدیق مەحموود محامی، پێکەوە مۆڵەتی ئەو تیپە وەردەگرن، دوای ئەوەی داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی تیپەکە دەدەنە لایەنی پێوەندیدار کە موتەسەڕیفیەتی سلێمانی بووە، ڕەزامەندی تیپەکە وەردەگرن کە ناویان ناوە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)، مۆڵەتەکە لە ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/٣١ وەردەگیرێ، لەو ڕۆژەوە ئەم هونەرمەندە دەست بە کار و چالاکییەکانی خۆی دەکات، یەکەم کاری بەناوی (کێچ)، وەک دەقێکی کوردی لە نووسینی حەمەسدیق مەحموود محامی بووە، ئەمیش وەک دەرهێنەر و ڕاییکردنی ڕووناکی کاری تێدا کردووە، ئەم شانۆگەرییە لە هۆڵی سانەوی سلێمانی و لە هەولێر پێشکەش کراوە، دواتر وەک درامایەک لە تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆمار کراوە، ماوەی (٢٠) ڕۆژ لە سلێمانی بینەرێکی زۆر سەردانیان کردووە و بینیویانە.

* لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندە گەورەکانی بواری شانۆ و دراما و سینەما کاری کردووە، لە (٤٧) بەرهەمی جۆراوجۆری هونەریدا بەشدار بووە، بەشێک لەو کارانەی شانۆ و فیلمی سینەمایی و درامای تەلەڤزیۆنی بوون، بەشی زۆری بەرهەمەکانی دەقی خۆماڵین، بەشەکەی دیکەشیان وەرگێڕان و ئامادەکردن و بە کوردی کردنی دەقی بێگانە بوون، زۆربەی بەرهەمەکانیشی بۆ کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بوون.

* کارەکانی دیکەی بۆ تەلەڤزیۆنەکان بوون وەک تەلەڤزیۆنەکانی: بەغدا، کەرکووک، کوردستان، گەلی کوردستان، خاک، دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕش لە شاخ، ئینستووتی کورد لە فەڕەنسا، ڕادیۆی کوردی بەغدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بزاڤی ڕۆشنبیرانی سلێمانی، کۆمپانیای بابیلۆن، کۆمپانیای جوان، کۆمپانیای کوردستان، یەکێتیی لاوان، تا ئێستاش لە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، شان بە شانی ئەندامەکانی و دەستەی بەڕێوەبەر، بەردەوام خەریکی کار و چالاکییە، کارەکانیشی هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ لە کۆمەڵ، بوارەکانی (دەرهێنان، نواندن، دیکۆر، ڕووناکی) گرتووەتەوە، بەپێی قسەی هاوەڵەکانی لە هیچ کارێکدا کە پێیان سپاردبێ، کەمتەرخەمی نەنواندووە و زۆر دڵسۆزانە و بە ڕێکوپێکی بەجێ گەیاندووە، ئەویش شانازی بە هەموو کارەکانییەوە دەکات و لە هیچیشیان پەشیمان نییە.

* هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، بە تایبەتی کە لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووە، حەزی لە هونەر، بە تایبەتیش شەیدای هونەری سینەما و فۆتۆگراف بووە، زۆربەی فیلمەکانی ئەو سەردەمەی بینیوە، لەناویاندا فیلمە ئینگلیزییەکان، هەر لەو کاتەشەوە کامێرای فۆتۆگرافی هەبووە و وێنەی زۆری پێ گرتووە، ئەم وێنانەی لە ستۆدیۆی نووری شێخ فەرەج چاپ کردووە، لە کاتی شووشتنەوەی وێنەکانی، زۆر خاتری گرتووە، کەمتر لە خەڵکی دی پارەی لێ وەرگیراوە، سەرەڕای ئەوەش خاوەنی ستۆدیۆکە زۆر هانی داوە و هەموو جارێک پێی وتووە وێنەکانت زۆر جوانن و بە نایاب وەسفی کردوون.

* بۆ چوونە سینەما و کڕینی کامێرا، هەر لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و ئیشی کردووە، بە تایبەتی لە پشووی سەری ساڵاندا، کە شاگرد دەلاکی و دارتاشی و کرێکاری کردووە، لە کاتی دەوامی قوتابخانەشدا، بەیانیان زوو، لە سەعات چوار و پێنجەوە چووە بۆ ئیش و تا نزیکی کاتی چوونە قوتابخانە، بە تایبەتی لەو کاتانەی لە کارگەی شەهلا بۆ دروستکردنی ساردەمەنی (سۆدە و سیفۆن) ئیشی کردووە، بۆیە توانیویەتی بەو پارەیەی دەستی کەوتووە بچێتە سینەما، یان کامێرای فۆتۆگرافی و پاسکیلی پێ بکڕێ، تا ئەمڕۆش کە تەمەنی گەیشتووەتە ٨٣ ساڵ، هەموو بەیانییەک سەعات چوار بۆ پێنجی بەیانی خەبەری دەبێتەوە.

* نەوزاد مەجید، هەندێ ئیشی کردووە کە پێشتر لە شانۆ و درامای کوردیدا نەکراوە، دەتوانین بڵێین یەکەم جار بووە لە شانۆی کوردیدا بکرێن، لەوانە: دەست پێشخەر بووە لە دەرهێنانی شانۆی شیعری، ئەویش شانۆنامەی (کاوەی ئاسنگەر)ـە کە شێرکۆ بێکەس نووسیویەتی، نمایشی ئەم شانۆگەرییە ماوەی پتر لە (٢) سەعاتی خایاندووە، هەروەها یەکەم کەس بووە سینەمای تێکەڵی شانۆ کردووە، کە شانۆگەری (هەڵەی دوکتۆر) و (مرۆڤ و زەوی) و (کاوەی ئاسنگەر) نموونەی بەرجەستەی ئەو کارانەن. یەکەم هونەرمەندە کامێرای ڤیدیۆیی V.H.Sی بەکارهێناوە. چەندان شانۆگەری، لەوانە: (دوژمنی گەل) و (پەتا سپیکە) و شانۆگەرییەکانی تیپی سالار و چەندان شانۆگەری دیکەی تۆمار کردووە، بێجگە لەو بوارانە، لە هونەری فۆتۆگرافیشدا دەستێکی باڵای هەبووە، بۆیە کە لە زووەوە کامێرای هەبووە و بە وێنەگرتنەوە خەریک بووە، یەکەم کەسە لە شاری سلێمانی و بەغدا و دیوانیە پێشانگەی کردووەتەوە، سەرەتا لە ١٩٧٧/١١/٢٨ بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ لە سلێمانی پێشانگەی فۆتۆگرافی کردووەتەوە، ساڵی دواتر (١٩٧٨) لە بەغدا، هەر لەو ساڵەشدا لە دیوانیە پێشانگەی کردووەتەوە.

* بۆ مۆڵەت وەرگرتن، هاوکاری چەندان تیپی هونەری شانۆیی کردووە، لەبەر ئەوەی خۆی و هونەرمەند تەها خەلیل بڕوانامەی ئەکادیمییان هەبووە، بۆیە بە دامەزرێنەری ئەو تیپانە دەژمێردرێ، وێڕای ئەوەش جار بە جار ئیشیشی لەگەڵ کردوون، لەوانە تیپەکانی: کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، پێشڕەو، ئەزموونگەری، ئاشتی، سەندیکای کرێکاران.

* دەبوو زۆر زووتر ئەو هونەرمەندە پڕ بەخشش و فرە بەهرەیە بەسەر بکەینەوە و بیدوێنین، بەڵام درەنگ کەوتنەکە بەخێر گەڕا، دواجار توانیمان لە ماڵەکەی خۆیدا لە سلێمانی بەسەری بکەینەوە و هەڤپەیڤینێکی بەرفراوانی لەگەڵ ساز بکەین و لەسەر هەموو وێستگەکانی ژیان و ئەزموونی بوەستین، تکایە خوێنەری ئەو هەڤپەیڤینە بن تا بزانن ئەو هونەرمەندە ماندووە چی پێیە و چی لە هەگبەکەیدایە.

**ڕامان:** ئەی لەناو کوردەکان کێ لەوێ لەگەڵ تۆ بوو، کێ لە خولەکەی تۆ پێگەیشت؟

**نەوزاد مەجید:** ئەمەیان وەکوو نوکتە وایە، یان دەبێ ناوی بنێم ڕێکەوت، جگە لە تەها خەلیل، یەکێک لەو برادەرانەی لەگەڵمان بوو، تەحسین تەها بوو.

**ڕامان:** ڕاستە، ئەو گۆرانیبێژ بوو، بەڵام لە بەشی شانۆ خوێندبووی.

**نەوزاد مەجید:** گۆرانیبێژ بوو، بەڵام خۆی دەرچووی شانۆیە.

**ڕامان:** بەڵێ، ئەوە دەزانم، وەک دەرچوویەکی شانۆش، ئۆپەرێتی دەرهێناوە.

**نەوزاد مەجید:** تەحسین تەها زۆر هاوڕێشم بوو، لە زەمانی حەرەس قەومییەکان، ڕەدەی تشرینی پێ دەڵێن، چی پێ دەڵێن.

**ڕامان:** کودەتای ڕەش، حەرەس قەومییەکان لە بەعسییەکان هەڵگەڕانەوە، ئەمە لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بووە.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ساڵی ١٩٦٣ بوو، عوسمان فایەق، ناوت بیستووە.

**ڕامان:** بەڵێ، بەڵێ، ئەو بەعسییە خراپەی لەبەردەم دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا کوشتیان.

**نەوزاد مەجید:** ئا، ئەویش لەگەڵمان قوتابی بوو.

**ڕامان:** ئەویش لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ژنەکەشی هەر لەگەڵماندا بوو.

**ڕامان:** ژنەکەی ناوی چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ناوی ساهیرە ئەحمەد، خەڵکی شاری کەرکووک بوو، ئەوکاتە ماڵیان لە حەیدەرخانە بوو، کە بۆ ئیش لەگەڵمان دەمایەوە، من دەمبردەوە.

**ڕامان:** عوسمان فایەق کە لەگەڵتان بوو بە کوردی قسەی دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بە کوردی قسەی دەکرد، کەسێکی زۆر عیناد و کەللەڕەق بوو، تەها خەلیل و منی زۆر خۆش دەویست، کە تەحسین تەها گیرا، زۆر هەوڵمان لەگەڵی دا و واستەمان پێ کرد سوودی نەبوو.

**ڕامان:** بۆچی تەحسین تەها گیرا؟

**نەوزاد مەجید:** بەشداری لە خۆپیشاندان کردبوو، کە بەر بوو، وازی لە شانۆ هێنا.

**ڕامان:** ئاگاداربووی کە تەحسین تەها گیرا؟

**نەوزاد مەجید:** کە ئەو ڕۆژی ڕەدەی تشرینە بوو، شەوەکەی کۆمەڵێک خەڵکیان گرت، یەکێک لەوانە تەحسین تەها بوو، هەر ئەو شەوە ڕەوانەی بەندیخانە دەکرێ و بۆ (نوگرە سەلمان)ی دەنێرن.

**ڕامان:** وەک هاوڕێیەکی تەحسین تەها، هیچ بیرەوەرییەکت لەگەڵی هەیە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ڕۆژێکیان پێم گوت ئەم قسەیە زۆریش خۆش بوو، گوتم تۆ چیت داوە لە گۆرانی گوتن، بۆ ناچی ئیشەکەی خۆت بکەی؟ گوتی تۆ سەیری خۆت کردووە، دەی سەیری منیش بکە، ئەوجا خۆی دایمە قژێکی چەور و ڕیش و سمێڵی جوان تاشیبوو. بە منی دەگوت تۆ دەڵێی کرێکاری، من بێم لە شانۆ کار بکەم، دەبێ وەک تۆ بچم کرێکاری بکەم، بەڵام مۆسیقاکە حەزم لێیەتی و ناوم پەیدا کردووە و هەر لەوەدا دەبم و گۆرانی دەڵێم، دەنا خۆی دەرچووی شانۆیە.

**ڕامان:** بەڵێ، ئۆپەرێتێکی بەناوی (ڕووباری ژیان) دەرهێناوە، کە مەدحەت بێخەو نووسیویەتی، دەڵێن بردوویانە لە بەغدا پێشکەش کراوە و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق خەڵاتێکی

بردووەتـــەوە.

**نـــەوزاد مەجيـد:** هـەر لەوانـەی، لـە کـوردەکان کـە لەگەڵمـان بـوون، مـن و تەهـا خەلیـل و تەحسین تەهـا، لـە هەولێریش یەکێکی دیکەمان لەگـەڵ بـوو، سـەباح عەبدولڕەحمـان.

**ڕامـان:** هونەرمەنـد سـەباح عەبدولڕەحمـان، ئەکتـەر و دەرهێنـەر کـە تـا ئێسـتاش خەریکـە.

**نـــەوزاد مەجيـد:** سـەباح عەبدولڕەحمـان یـەک خـول دوای منـە.

**ڕامـان:** ئـەی سـەفوەت جـەڕاح، لـە خولەکـەی تـۆ، یـان لەپێـش تـۆوە بـوو؟

**نەوزاد مەجيد:** سەفوەت جەڕاح پێش منە.

**ڕامـان:** ئەوکاتـە ڕاگـری پەیمانگـەی هونـەرە جوانـەکان، ئەسـعەد عەبدولـڕەزاق بـوو؟

**نەوزاد مەجيد:** بەڵێ.

**ڕامـان:** ئەسـعەد عەبدولـڕەزاق کـە دۆسـتێکی نزیکی کورد بوو، هەڵسوکەوتی لەگەڵتان چۆن بـوو؟

**نـــەوزاد مەجيـد:** کەسـێکی خۆشەویسـت بـوو، ئۆتۆمبێلێکی بچکۆلەی خنجیلەی هەبوو، ئەنجێلای نـاو بـوو، دەهـات دەرسـی پـێ دەگوتینـەوە، هـەر سـاڵێ شـتێکی پـێ دەگوتینـەوە، کـە بەرنامـەی خوێنـدن دابـەش دەکـرا، دەمانبینـی ئەمسـاڵ کارگێڕیی شـانۆ، یـان دەرهێنـان دەڵێتـەوە، بـەڵام ئـەو زیاتر کارگێڕیی شـانۆ و مێـژووی شـانۆی پـێ دەگوتیـن.

**ڕامـان:** ئـەو کاتـە کـە ئیشـێک دەکـرا، هیـچ حەساسـیەتێک لـە نێـوان حیزبـەکان، یـان نەتـەوەکان هەبـوو؟

**نـــەوزاد مەجيـد:** هیچ شتی وا لـە ئارادا نەبوو، دوای ئـەو ڕەدەی تشرینە، لـەو کاتەی کە حەرەس قەومـی پەیدا بـوو، هەندێک قوتابیمـان هەبوون، چووبوونـە نـاو ئـەو حـەرەس قەومییانـەوە، ئەوانـە خۆیـان بـەزل دەزانـی و لەگـەڵ مامۆسـتاکاندا گفتوگـۆی سـاردیان دروسـت دەکـرد، بـەڵام ئـەوەش ماوەیەکـی کـەم بـوو، دواتـر نەمـا.



بەغدا، پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، ١٩٦٢، تۆدیبی پاشا.

**ڕامـان:** تێزەکـەت نـاوی چـی بـوو؟ تێزەکـەی تـۆ، لـە پەیمانگـە، نوانـدن، یـان دەرهێنانـت کردبێـت؟

**نـــەوزاد مەجيـد:** پێـش ئـەوەی داوای تێـزی دەرچوونـم لـێ بکـەن، لـە بەغـدا شـوێنێک هەیـە سـانەوییەی (حەریـری)ی پـێ دەڵێـن، لـە گۆڕەپانـی عەنتـەر لـە ئەعزەمییـە، منیـان نـاردە ئـەوێ، گوتیـان دەبـێ بچـی شـانۆیەک بـۆ ئـەوان دروسـت بکـەی، ئاخـر ئەگـەر مـن زۆر شـارەزا نەبـم، داوای شـتی وام لـێ ناکـەن، بچـم شـانۆیەک بـە ڕووناکـی و بـە دیکـۆر و ئیکسسـواراتەوە دروسـت بکـەم، ئـەوەم کـرد، بەڕاسـتی ئـەوە زۆر دەوری هەبـوو، هەمـوو هاتـن سـەیریان کـرد و لـە کارگێڕیـی شـانۆوە سپاسـنامەم بـۆ هـات.

**ڕامان:** هەر ئەو کارەت بۆیان کرد؟

**نـــەوزاد مەجيـد:** لـە سـانەوییەی قوڕەیشـی لـە کازمییـە، هەمـان ئیشـم کـرد، هەمـوو ئەمانەیـان وەک تێـزی دەرچـوون بـۆ حیسـاب کـردم، لەگـەڵ

چالاکی ناو پۆلی خۆم، ئەوانەیان وەک تێز بۆ دانابووم، ئیتر منیان زۆر سەرقاڵ کردبوو، سەرقاڵییەکەشم لەوەوە بوو، ڕووناکی، دارتاشی، دیکۆر و ئەوانەم دەزانی، ئێستاش لە سەدا پەنجای مامۆستا، ئەوانەی لە پەیمانگەن، نازانن پەردە ببەستن، ئەوەی پۆلەکانی خۆشمان، من دەمکردن.

**ڕامان:** هەموو ئەرشیڤی چالاکییەکانی ئەو زەمانەت ماوە، بەشداریت لە شانۆگەرییەکاندا کردبێ و وەکوو چالاکی ناو پەیمانگە و شوێنی دی لەلات مابن؟

**نەوزاد مەجید:** زۆر کەمم لەو ئەرشیڤە ماوە، یەک وێنەم ماوە، ئەویش لە شانۆیی ئۆدیبی پاشا، بە جلێکی ڕۆمانییەوەیە، دەوری یەکێکم لە ئەنجومەنی گەلی ڕۆما بینی.

**ڕامان:** ئەی ئەو شانۆگەرییانەی کە بەناوبانگ بوون و ئیشت تێدا کردوون، یان بەشداریت تێدا کردوون، ئەگەر لەبیرت مابن ناویان بڵێ؟

**نەوزاد مەجید:** وەکوو شانۆگەری بە ناوبانگ، لە زۆریان بەشداریم کردووە، هەموویان بەناوبانگن، بەڵام دەورەکەی من لەناو ئەوانەدا زۆر بەرچاو نییە، ئەمە دوو هۆی هەیە، هۆی یەکەم زمانەکەم بوو، بەتایبەتی لە یەکەمساڵ و دووەم ساڵدا باش نەبووم. دووەم ئەوەیە کە من زیاتر بە ڕووناکییەوە سەرقاڵ بووم، مامۆستاکەم دەقەکەی دەدامێ و دەیگوت ڕووناکییەکەی ئامادە بکە، بەڵام لە جەنەراڵ پرۆڤەدا، لەپێش نمایش پێشانمان دەدا، دەمگوت باشە، یان باش نییە، لە سەدا نەوەد باش بووە، دەیگوت ئەمەیان تۆزێک ڕووناکییەکەی باش بکە، ئەوە ڕەنگەکەی بگۆڕە.

**ڕامان:** یەکەم جار کە چوویتە سەر تەختەی شانۆ لە سلێمانی ، یان لە پەیمانگە بوو؟

**نەوزاد مەجید:** یەکەم جار لە پەیمانگە چوومە سەر تەختەی شانۆ.

**ڕامان:** ئەو شانۆگەرییە ناوی چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** لە دیمەنە شانۆییەکانی ناو پۆلەکەم بوو.

**ڕامان:** مەبەستم لە شانۆگەرییە، کە بینەران دانیشتبن و تەماشای بکەن.

**نەوزاد مەجید:** ئەوانەی من بەشداریم تێدا دەکردن، هەمووی جەماوەر بۆی دەهاتن، ئەوانی دیکەش بەڕاستی کەم بوو، هەروەکوو پێم گوتی لە ئۆدیب پاشا بەشداریم کرد، لەو کتێبەی (سامی سەڕاج)دا هەمووی نووسراوە، دوایی پێشانت دەدەم و بۆت دەنێرم کە لە چی و لەچیدا بەشداریم کردووە.

**ڕامان:** مەبەستم یەکەم جارە کە چوویتە سەر شانۆ، ئایا تۆ لە پەیمانگە شەرمت دەکرد بچیتە سەر شانۆ، واتە بوێری ئەوەت هەبوو بچیتە سەر تەختەی شانۆ و نمایش بکەی؟

**نەوزاد مەجید:** شەرمم نەدەکرد، بەڵام لە لەکنەی لەهجە عەرەبییەکە دەترسام، چونکە زۆر زەحمەتە یەکسەر بچیتە سەر زمانێک کە نەتخوێندبێ، یان شارەزاییت لێی نەبێ.

**ڕامان:** لای ئەکتەر ئەگەر بینەر دانیشتبێ، ئارەزوویەکی زۆر بۆ نواندن هەیە، کە ڕووبەڕوو بەرانبەر بەو بینەرانە دانیشتووە، هەست بە گەرموگوڕی دەکات، مەبەستمە بڵێم تۆ لەو یەکەم جارەی چوویتە سەر شانۆ هەستت بە چی کرد؟

**نەوزاد مەجید:** بۆچوونەکەت ڕاستە، یەکەم جار ئەکتەر تۆزێک ئارەزووی هەیە، بەڵام کە متمانەی بە خۆی هەبێ و دەورەکەی باش بێ، هیچ ترسی نییە، ئەوەشم تێدا هەبوو.

**ڕامان:** لەبارەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی

بەغدا زۆر شتمان باس کرد، بەڵام باسی ئەوەمان نەکرد، کاتێ هاوینان دەگەڕایتەوە سلێمانی بە چییەوە سەرقاڵ دەبووی، خەریکی چی بووی؟

**نەوزاد مەجید:** لە بەغدا زۆر کتێبم دەکڕی، بەتایبەتی کتێبە شانۆییەکان و هونەرییەکان، ئەوەی کە لەوێ دەرفەتم نەبووبێ بیانخوێنمەوە، لێرە دەمخوێندنەوە، یان چەند دیمەنێکی شانۆیی کە پێویستم پێیان بووایە، لە گەڕانەوەمدا بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن، ئامادەم دەکردن، بۆ ئەوەی لەوێ بەدوای چیرۆک و دەق و دیمەنی شانۆیی پێویست بۆ پۆل، زۆر نەگەڕێم، لە گەڕانەوەمدا خۆم بەوەوە سەرقاڵ دەکرد.

**ڕامان:** لە هاوینان پەراوەشت لەسەر ئەو دیمەنە شانۆییانە دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** نەخێر، تەنیا دەقەکانم ئامادە دەکرد، ئاخر لەوێ کە دەیانگوت دیمەنێکی ناو پۆل ئامادە بکەن، ئیتر بە پەلەپەل ئەم کتێب، ئەو کتێب لە کتێبخانەی پەیمانگە دەگەڕاین، من ئەو هەموو کتێبەم کە لە (سوق ئەلسەرای) لە بەغدا بە پەنجا فلس و بیست و پێنج فلس دەکڕی، ئەو کاتە زیاد لە حەوت سەد، هەشت سەد شانۆنامەم هەبوو، ئێستایش لەلام ماون، بەڵام بەتەواوی نازانم لە کوێن.

**ڕامان:** زنجیرەی شانۆنامەکانی جیهان، کە لە کوێت چاپ دەبوون؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، «سلسلة المسرح العالمي» بەرگێکی مارۆنی هەیە.

**ڕامان:** ئەوەی کوێتی، کە لە کوێت دەردەچوو؟

**نەوزاد مەجید:** وا بزانم لە میسر دەردەچوو.

**ڕامان:** ئاخر لە میسریش زنجیرەیەکی شانۆیی شانۆنووسەکانی جیهان دەردەچوو.

**نەوزاد مەجید:** نرخەکەی بە قرۆش بوو، دە قرۆش و پێنج قرۆش و ...

**ڕامان:** زنجیرەیەک لە کوێت هەبوو، زنجیرەیەکیش لە میسر دەردەچوو.. لێرە ڕێک نەکەوت لەگەڵ برادەرەکانت، ئەوانەی سلێمانی، لە هاوینانی ئەو ساڵانەدا کارێکی هونەری پێشکەش بکەن؟

**نەوزاد مەجید:** نەوەڵڵا، لێرە هیچ شتێکمان نەکرد، هەر ئەو خوێندنەوانە بوو، لە خۆشییەوە پشوو تەواو دەبوو.

**نووسەری دەقی شانۆیی کە دەست پێ دەکات، زانیاری لە بارەی شانۆ و سینەماوە نییە.**

**ڕامان:** ئەی لێرە هیچ نیازێکتان نەبوو، لە پشووی هاویناندا خولێک بۆ قوتابیان بکەنەوە؟

**نەوزاد مەجید:** نا.

**ڕامان:** پشووی هاوینانی ئەو ساڵانەی خوێندنتان، هیچ چالاکیتان نەبوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئەوسا ئەگەر خولیش بکرایەتەوە، لێرە چالاکیی قوتابخانەکان هەبوو، ئەوان ئەو خولانەیان دەکردەوە، ئەوکات جەلال عەزیز بەڕێوەبەری بوو.

ڕامان: باوەڕ ناکەم ئەوسا بەناوی چالاکیی قوتابخانەکانەوە بووبێ.

**نەوزاد مەجید:** بەناوی چالاکیی هونەری (النشط الفني) بوو، لە ساڵی (١٩٥٢)ـەوە هەبوو. بۆ ئەو چالاکییانە دەچووم، پێشانگەی هونەری و شانۆگەری زۆر دەکرا، سەردانم دەکردن. لە هەمووی گرینگتر پێشانگەیەک بوو بۆ شاعیرەکان و وێنەکێشەکان کرایەوە.

**ڕامان:** ئەوە لە کوێ کرایەوە؟

**نەوزاد مەجید:** لە دارولتەلەبەی ئێرە کرایەوە.

**ڕامان:** بەڵێ، ئەو پێشانگەیەم لەبیرە.

**نەوزاد مەجید:** تەکلیفیان لێ کردم وێنەکانیانم بۆ گرت، وێنەی شاعیرەکان و پۆستەرەکانیان، شێرکۆ بێکەس، هەژار موکریانی و هەموو شاعیرانی تێدا بوو.

**ڕامان:** ئاگادارم شیعرەکانیان کرابوونە پۆستەر.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، شیعری شاعیرەکان کرابوونە پۆستەر، من وێنەی شیعر و پۆستەرەکانم گرت.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**نەوزاد مەجید:** وابزانم لە ساڵی ١٩٧٢ و ئەو ناوە بوو.

**ڕامان:** ساڵی ١٩٧٢ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئیتر بەو شتانەشەوە سەرقاڵ بووم.

**ڕامان:** قادر میرخان دەڵێ ئەو پێشانگەیە لە ١٩٧٨/٦/٢٤ بووە.. بێجگە لەوەی کە ئیشی هونەریی ناو پەیمانگەت بینیوە، ئەی ئیشی هونەریی ئەکادیمیا؟ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدات بینیوە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، من زیاتر ئاشنایەتیم لەگەڵ مامۆستایەکدا هەبوو، ناوی جەعفەر عەلی بوو، ئەو دەیزانی بەردەوام کامێرام پێیە، زۆر خاکی بوو، پێی گوتم ئەرێ تۆ کاتێ وانەت نییە، بۆ نایەی بۆ لامان، هاوئاهەنگییەک بکەو وەرە بۆ ئەکادیمیا، بۆ ئەوەی وێنەگرتنەکەت پەرە پێ بدەیت و وێنەی سینەماییشت هەبێت.

**ڕامان:** کەواتە تۆ لە خوێندنی ئەو هونەرە قەرزداری ئەوی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەو زیاتر بۆ وێنەگرتنی سینەمایی هانی دام، هەموو جارێ کە دەرسم نەدەبوو، لەگەڵی بۆ ئەکادیمیا دەچووم، بۆ پۆلەکەی ئەو، کە دەرسی سینەمای دەگوتەوە، دەرسی وێنەگرتنی دەگوتەوە، هەروەها دەرسی



**کەرکووک، (تەلەڤزیۆنی کەرکووک)، خولی ڕاهێنانی دەرهێنانی تەلەڤزیۆنی، ئەوانەی بە پێوەن، لە ڕاستەوە: عومەری عەلی ئەمین، سەعدوون یوونس.**
**دانیشتووەکان، لە ڕاستەوە: کادیرێکی هونەریی تەلەڤزیۆنی کەرکووک، نەوزاد مەجید.**

فۆتۆگرافیی دەگوتەوە، من لە هەموو ئەوانە سوودم لێ کردووە.

**ڕامان:** بەردەوام دەچووی و بەشداریت لە گوێگرتن لە موحازەرەکانی دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، دەچووم لە موحازەرەکانی بەشدار دەبووم.

**ڕامان:** هەر ئەو کاتە وێنەی شانۆگەرییەکانت دەگرت؟

**نەوزاد مەجید:** نا، بۆ شانۆگەرییەکان دەرفەتم نەبوو، چونکە یان لەسەر شانۆ سەرقاڵ بووم، یان بە ڕووناکییەوە خەریک دەبووم، بۆیە ئەو دەرفەتەم نەبوو کە بەتاڵ بم و لەپێشەوە وێنە بگرم.

**ڕامان:** باشترین ئیشێکی هونەری کە لە ئەکادیمیا بینیبێتت، کارێکی شانۆیی، یان هونەری بووبێ و لەبیرت مابێ چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** باشترینیان، کارێکی (جاسم ئەلعەبوودی)مان هەبوو، ئیشێکی کرد، شانۆنامەیەکی شەکسپیر بوو، زۆر بەدڵم بوو، بیرم نییە چ دەقێک بوو، ئەوەم زۆر بەدڵ بوو، لە واقیعدا هەموو ئەوانەی

دیکەشم بەدڵ بوون، چونکە وەک گوتم هەموویان مونافیسی یەکتر بوون، تا باشترین بەرهەم بن، نەک هەر بۆخۆیان، بەڵکە بۆ ئێمەش، چونکە ئێمەش بەشداریمان لە ئیشەکانی ئەواندا دەکرد، ئەوەش بۆ ئێمە دەرسێکی دیکە بوو.

**ڕامان:** ئەی بێجگە لە پەیمانگە و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، بەغدا وەکوو پایتەختی عێراق، کە زۆربەی هونەرمەندانی شارەکانی دیش، ئەوانەی بەهرەیان لە بوارەکانی گۆرانی گوتن، شانۆ و سینەما هەبوایە، چالاکییەکانیان دەبردە پایتەخت و لەوێ نمایشیان دەکردن، بۆ ئەوەی بکەونە بەرچاو و بەر ڕووناکی، تا بێنە پێشەوە و لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان لەسەریان بنووسرێت، بە کوردییەکەی بۆ ئەوەی زووتر و زۆرتر بناسرێن، ئا لەو کاتانەدا بێجگە لەو دوو مەڵبەندە ڕۆشنبیرییە هونەرییە، ئەکادیمیا و پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، لە تیپەکانی بەغداش ڕەنگە نمایشی شانۆیی بەرچاو هەبووبێ، پێم خۆشە باسێکی ئەو نمایشانەی بەغدا، ئەو بزاڤە هونەرییەی ئەو شارە بکەی، چەند ئاگات لێیان بوو، چەند کارەکانی ئەوێت بینیوە؟

**نەوزاد مەجید:** زیاتر شانۆگەرییەکانی تیپی نەتەوەییمان دەبینی، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەکتەرەکانیان قوتابی لای خۆمان بوون، ئاگاداریان دەکردینەوە، ئەگەر بە ئیشی پەیمانگەوە سەرقاڵ نەبواین، پێیان دەگوتین و بۆ ئەو نمایشانە کە زیاتر لە شانۆی نیشتیمانی (المسرح الوطني) دەکران، تەنانەت شانۆیەک بەناوی شانۆی دوازدە کورسی هەبوو، هەروەها شانۆی پەنجا کورسی (مسرح الخمسين كورسي)یان پێ دەگوت، بۆ بینینی شانۆگەرییەکان سەردانمان دەکردن.

**ڕامان:** هەروەها شانۆی ستین کورسي، شەست کورسیش هەبوو.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەوەش هەبوو، بۆ دوو سێ بەرهەم چووین، جگە لەوەش مامۆستاکانمان لە دەرەوەش ئیشیان دەکرد، کە لە ئیشی ئەوێ دەبووینەوە، لەگەڵ مامۆستایەکمان هەبوو، ئیبراهیم جەلال، لە هۆڵی خولد شانۆگەری کالیگۆلای کرد، زۆربەی قوتابییەکانی تێدا بەشدار بوو، منیش یەکێک لەو قوتابیانە بووم، ئیتر کودەتای بەعسییەکانی بەسەردا هات و نەکرا.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی ١٩٦٨ بوو، کودەتای حەرەس قەومییەکان بوو.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ١٩٦٨ و ئەو ڕووداوانە بوون.

**ڕامان:** بۆچی تۆ پێشتر وەک مامۆستا باسی (ئیبراهیم جەلال)ت نەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** ئاخر ئەو مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکان نەبوو، مامۆستای ئەکادیمیا بوو.

**ڕامان:** مامۆستای ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەگینا دەمبینی و باسم دەکرد.

**ڕامان:** بەشداربوونی ئێوەی قوتابی تەنیا بۆ بینینی شانۆگەرییەکان بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بۆ بینین بوو، هەروەها دەورێکی بچووکیشمان هەر هەبوو.

**ڕامان:** تۆ دەورت لە شانۆگەرییەکاندا هەبوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ.

**ڕامان:** دیارە دەوری ئێوە، هەر کۆمبارس بووە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، کۆمبارس و بچووک

بـوو.

**ڕامـان:** بەبیـرت بـێ دەورەکـەت چ بـوو، لـە کام شـانۆگەریدا بـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** نایەتـەوە خەیاڵـم، چونکـە سـاڵانێکی زۆریـان بەسـەردا تێپەڕیـوە، بـەڵام لـە هۆڵـی خولـد دەورێکـم هەبـوو.

**ڕامـان:** لەبیرتـە چەنـد قوتابـی کـورد لـەو شـانۆگەریانەدا بەشـدارییان کـردووە، چەنـد قوتابیـی کـورد بـوون؟

**نـەوزاد مەجیـد:** هـەر مـن بـووم، منیـش بەهـۆی هاوڕێکانـی دیکەمـەوە، بەتایبەتـی سـامی سـەڕاج، ئـەو گوتـی وەرە ئـەو ئیشـە ببینـە، لەوانەیـە م. ئیبراهیـم جـەلال بەشداریت پـێ بـکات، هـەرواش بـوو، چـووم و دەورێکـی بچکۆلـەی کۆمبارسـم وەرگـرت.

**ڕامـان:** ئـەم شـانۆگەرییە، گالیکـۆلا، هـی ئەلبێـر کامووە.

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، هـی ئـەو بـوو.

**ڕامـان:** لـەو شـانۆگەرییەدا کامـو باسـی دیکتاتۆرێـک دەکات، نـاوی کالیگۆلایـە، کاتـی خۆی فیلمەکەشیم بینیـوە، بـە فیلمیـش هەیـە.. بێینـە سـەر بابەتێکـی زۆر گرنـگ کـە پێویسـتە لێـرە باسـی بکەیـن، ئەویـش سانسـۆرکردنی ئـەو دەقانـەی کـە پێشـکەش کراون، هەسـتت کـردووە سانسـۆر هەبووبێـت، یـان گوتبێتیـان ئـەم کارە مەکـەن، یـان شـتێکی لـەم جـۆرە ڕووی دابـێ؟

**نـەوزاد مەجیـد:** لەسـەر قسـەکەی تـۆ، ئەگـەر کالیگۆلا سانسـۆر بکرایە، ئەڵبەتـە ئیبراهیم جەلال و ئـەو لەشـکرە هونەرمەنـدەی لـە دەوروبـەری بـوون، کارەکەیـان ڕادەگـرت و نەیاندەکرد، بـەڵام لـەوە دەچـێ سانسـۆر نەکرابێـت، زۆریـش لـەلام سـەیر بـوو ئـەو دەقـە سانسـۆر نەکرێـت، چونکـە بێجگـە لـە بابەتـە سیاسـیی و کۆمەڵایەتییەکـەی، گەلێـک بابەتـی دیکـەی تێدایـە، کـە لەگـەڵ کۆمەڵـی ئێمـەدا نەدەگونجـا، ئەوەبـوو ئـەو بارودۆخـی کودەتـای ١٩٦٨ی بەسـەردا هـات، ئیتـر نەیتوانـی لەسـەر کارەکـەی بـەردەوام بـێ، تەنانـەت کتێبێکیشـم لەلایـە، سـامی سـەڕاج باسـی ئـەوە دەکات کـە بەهـۆی ئـەو کودەتایـەوە نەکرا.

**ڕامـان:** ئـەی دواتـر کـە جەماعەتـی کودەتـای بەعسـییەکان هاتـن، دوای ئـەوە هەسـتتان کـرد تەنـگ پـێ هەڵچنینێـک، سانسـۆرێک لەسـەر کارکردنتـان هەبـێ؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەگشـتی بۆ پەیمانگـە نازانـم، بـەڵام بـۆ قوتابییـەکان نەبـوو، بـۆ دیمەنـە شـانۆییەکانی نـاو پۆلەکانـی خۆمـان نەبـوو.

**ڕامان:** سانسۆر نەبوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** نەخێـر، هەرچـی بووایـە دەمانکـرد، ئێمـەش دەقـە جیهانییەکانمـان دەکـرد، هیـچ دەقێکمـان هەڵنەدەبـژارد کـە قانـوون و ئەوانـەی تێدا نەبێـت، دەشـمانزانی ئـەوان چییـان پـێ ناخۆشـە نەکرێـت، مامۆستاکانیشـمان تـا ڕادەیـەک دەیاخوێنـدەوە و نەیاندەهێشـت.

**ڕامـان:** خۆیـان دەپاراسـت و ڕێگەیـان بـە کارێـک نەدەدا سەریەشـە و گرفتیـان بـۆ دروست بـکات.

**نـەوزاد مەجیـد:** ئـا، خۆیان دەپاراست و ئێمەشیان دەپاراست.

**ڕامـان:** لای ئێمـەش پێش ڕاپەڕین، لە هەشـتاکان دەقـی شـانۆیی جیهانیـی دەخرانـە سـەر شـانۆ، ئەوانـەی سـەر بـە دەسـەڵات بـوون دەیانگـوت بۆچـی ئێمـە تـێ ناگەیـن ئێـوە ئـەو دەقەتـان بۆچـی هەڵبـژاردووە! تەنانـەت کـە دەقێکمـان

**ئەکتەر دەبێ داهێنانی خۆی هەبێ، ئەکتەری هەر ئەوە نییە دەرهێنەر پێی بڵێ وا بکە و وا بکە.**

هەڵبژاردبایە ناوی فەڵەستینی تێدا بووایە، یان پێوەندیی بە کێشەی فەڵەستینەوە بووایە، کە زۆر لە کێشەی کوردەوە نزیک بوو، دەیانگوت ئەوە ئێوە بردووتانەوە بۆ لای بابەتەکانی خۆتان، ئەوانیش وردە وردە ئەزموونیان پەیدا کرد، خەڵکی کوردیش (ڕاپۆرت نووسەکان) چاوساغییان بۆ دەکردن.

**نەوزاد مەجید:** با لەسەر سانسۆری خۆمان شتێکت بۆ باس بکەم، لە ساڵەکانی ١٩٧٠، پاش ئەوەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی دامەزرا، بەرهەممان زۆر بوو، کە دەمانبرد لە بەغدا وێنەیان بگرین، دوای ئەوە تەلەڤزیۆنی کەرکووک دروست بوو، لەوێش کارمان دەکرد، لە کاتێکدا کە لە بەغدا بووین، دەیانگوت بۆچی مەم و زین ناکەن؟ مەم و زین بکەن، چەندیش مەسرەفی بێ، قەی ناکا، دەیکەین.

**ڕامان:** ئەی بۆ نەتان کرد؟

**نەوزاد مەجید:** کردم، هاتمەوە دەستم بە دەرهێنانی مەم و زین کرد، دەقەکەی محەمەد ڕەمەزان بووتی بوو، تەنانەت ئەوەی پیرەمێرد کە بە شیعر نووسیویەتی، دوو دەقی دیکەم هێنا، لە هەمووی شتێکی جوانمان دروست کرد، دەستمان کرد بە ئیش...

**ڕامان:** دەقەکانتان تێهەڵکێش - تەولیف کردووە، لێرە پێی دەڵێن تەولیف، کە لە چەند دەقێک شتێکی نوێ دروست بکەی.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان وەربگرم، ئیشەکەمان تەواو کرد و داوامان کرد تۆمار بکرێ، ئەوانیش یەکسەر گوتیان باشە، کە دەقەکەمان نارد و بڕیار بوو حەفتەی دابێ بچین، وەڵاممان بۆ هاتەوە و گوتیان چیرۆکەکەتان ڕەت کراوەتەوە. وتمان چۆن ڕەت کراوە! زۆرترین مەسرەفمان کردووە، خەڵکمان بەتایبەتی ناردووە جلوبەرگی دەڤەری بادینانی هێناوە، عەلی جۆڵا خۆی بۆی چوو و ئەو شتانەی کڕی و دیکۆرێکی گەورەی بۆ ساز کرد، هەموو شتێکی تەواو بوو، حیزب هاتە ناوەوە، پارتی ئەوەی بەغدا، لقی چەندە؟ چوار، سێ...

**ڕامان:** ئەوەی بەغدا، لقی پێنجە.

**نەوزاد مەجید:** ئەوان هاتنە ناوەوە، سوودی نەبوو، کۆڕێکی گەورەی لەسەر گیرا، هیچ بایەخی نەبوو.

**ڕامان:** ئەو کاتە کێ بەرپرسی لق بوو؟

**نەوزاد مەجید:** نازانم، گوتم با ئیشەکە تەواو بکەم، ئەم لا و ئەولای دنیام کرد، هیچ سوودی نەبوو، یەکێک هاتە لای منەوە گوتی هیچ خۆتان هیلاک مەکەن، ئەم دەقەی ئێوە ناکرێ، لەبەر ئەوەی ئێوە کەسایەتییەکی تەڵەکەباز و قۆڵبڕ و فێڵبازتان هەیە کە ناوی بەکرە.

**ڕامان:** بەکر مەرگەوەڕی تێدایە.

**نەوزاد مەجید:** بەکر مەرگەوەڕ، ئێمەش سەرۆکەمان ناوی بەکرە، ئەگەر ناوی ئەو کەسایەتییە بگۆڕن، ڕەزامەندی لەسەر دەدرێ، ئەمە بە دزییەوە بە من گوتراوە، ئیتر منیش لە پەیمانگەدا خوێندوومە، دەڵێت دەق ئەمانەتە لەسەر شانی تۆ، دەبێ بەئەمانەتەوە ئیشی تێدا بکەی، هەرچیم کرد نەمتوانی بچمە سەر ئەو بارە، بەڵام هەڵەم کرد، دەبوایە (بەکر)ەکەم کردبایە بە بەکۆ، بمکردایە بە بەکرۆک، ئەمانە دەکرا، بەڵام من نەمکرد، ئەو زەرەرە گەورەیەمان لێ درا.

**ڕامان:** زۆر زەرەرتان کرد، کارەکەتان ڕاگیرا و تێچووی شانۆییەکەشتان بە فیڕۆ چوو؟

**نەوزاد مەجید:** هیلاکیی سێ مانگ، هاوینێکی تەواو من لەگەڵی هیلاک بووم، لە یەکێک لە

ڕەخنەکاندا نووسیبوویان «انها تمجد الامراء و تبرر مظالمهم»، ئاخر لە (مەم و زین)دا ئەوەی تێدا نییە، کوا بە بەژن و باڵای میرەکاندا هەڵی داوە، بەپێچەوانەوە دژی میرەکان بوو، میرەکان ماڵی خۆیان دەسووتاند بۆ ئەوەی بابەتەکە چارەسەر بکەن. ئێمە وەڵامیشمان دانەوە، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، تا ئێستا ئیشەکە هەروا ماوەتەوە، بەڵام لە هەمووی خۆشتر، دەوری مەم کە شەماڵی عەبەڕەش بوو، (زین)یش شادان فوئادی حەمەمین ئاغا بوو، ئەوەندەیان مەشق و ڕاهێنان کرد، ئەوەندە خۆشەویستی لە بەینیاندا دروست بوو، تا ژیانی هاوسەرگیرییان پێک هێنا.

**ڕامان:** بەهۆی شانۆگەرییەکەی تۆوە بە یەک گەیشتن.. ئەو دەقە خۆت ئیشت تێدا کردبوو؟

**نەوزاد مەجید:** زۆر ئیشم تێدا کردبوو، من ئەگەر بە شانازی نەیڵێم، پسپۆڕییەکی باشم لە داڕشتنەوەی دەقدا هەیە، یان وەکوو پێی دەڵێن پێداچوونەوەی هونەری، باشترین بەڵگە هەموو دەقەکانی حسێن میسری، من پێیاندا چوومەتەوە.

**ڕامان:** حسێن میسری لە تایتڵدا ناوی تۆی دەنووسی، کە بە دەقەکەیدا چوویتەوە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، دەینووسی، بێجگە لەوە، لە کارەکانی دیکەشی، تەنانەت زنجیرەی دیمەنەکان من بۆم دروست دەکرد، ئەگەر بمزانیبا نێوانی دیمەنێک و دیمەنێک بۆشاییەک هەیە، دەمگوت لێرەدا پێویستت بە دیمەنێک هەیە بینووسی، بۆ ئەوەی زنجیرەکان بەرزی و نزمییان تێدا نەبێ و بە زنجیرە بڕوا، واتە هەموو ئەو درامایانەی کارم تێدا کردووە، ئیشی من پێداچوونەوەی دراماکانی ئەو بوو.

**ڕامان:** ئێستاش ئەو دەقەی (مەم و زین)ت ماوە و ئیشی تێدا نەکراوە؟

**نەوزاد مەجید:** نەوەڵڵا، ئیشی تێدا نەکرا.

**ڕامان:** لە پاش ڕاپەڕینیش دەرفەتێک، کەسێک نەبوو بڵێ وەرن ئیش لەو دەقەدا بکەن؟

**نەوزاد مەجید:** ئەوە نەکرا، بەڵام ناسر حەسەن لە هەولێر (مەمی ئالان)ی کرد، بۆ ئەو کارەی ناردی بە شوێنمدا، من زۆر لەگەڵیاندا بووم، بۆ پێداچوونەوەی ئەو دەقەی ئەویش کە مەحموود زامدار نووسیبوی، هەموو ڕۆژێ من قسەم لەگەڵی دەکرد، وای لێ هات مەحموود زامدار گوتی تۆ زۆر دەقەکە ورد دەکەیتەوە. گوتم ئێ دەبێ وابێ، من هەموو شتەکانم بۆ ورد دەکردەوە، ئەوە بۆ وایە، ئەمە بۆ وای گوت، ئەمە بۆ وای کردووە، ئەو زۆر بەمە سەرسام بوو.

**ڕامان:** لەو درامایەدا ئەرکەکەی تۆ هەر ئەوەندە بوو؟

**نەوزاد مەجید:** نەخێر، زنجیرەی دیمەنەکانم دامەزراند، هەموویم ئامادە کرد، ئاخر دەوری دە مانگ بۆ ساڵێک لەگەڵیاندا بووم، دوایی گوتم من منداڵەکانم بە تەنیان و مەکتەبیان هەیە، لە زانکۆن و پێویستیان بە من هەیە، ڕوخسەتم خواست و هاتمەوە سلێمانی، ئەرکەکەم تەسلیمی کچێک کرد، بە قسەی میسرییەکان، ڕێجیستێری پێ دەڵێن، ئەو لە دوای من بەڕێوەبەری ئیشەکە بوو، ناوی ئاواز ئەحمەد بوو، ئیشەکە ڕۆیشت و من هاتمەوە، بە شایەتی هەموو ئەکتەرەکان کە لەوێ بوون، بەقەت هەموویان هیلاک بووم.

**ڕامان:** د. فەرهاد پیرباڵ، لەو کارەدا دەوری چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** کاری ئەو دیکۆر و جلوبەرگ بوو، دیزاینی جلوبەرگەکانی دەکرد، دوو بەرگدرووی

چاک گیرابوون، دیزاینەکان لەو وەردەگیران، ئەکتەرەکان دەچوون لەوێ پەراوەیان دەکرد، بەگوێرەی ئەوە جلوبەرگەکانیان بۆ دەکرا، من لە هەموو ئەمانەدا بەشدار بووم، کە تەواو بوو، ناوی منی تێدا نەبووە، نەنووسرا بوو پێداچوونەوەی دەقم کردووە، تەنانەت یەکێکی دیکەمان هەبوو، ئەویش ئەدیبێک بوو لە هەولێر ...

**ڕامان:** شوکور مستەفا بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئەوە بوو، بێجگە لەو، چووم بۆ لای (کەریم دەشتی)ی شاعیریش پرسیاری زۆرم لێ کردن، تەنانەت بۆ دەقی (مەم و زین)ەکەی خۆم، ئەوەی سلێمانی، وەک ئەکتەر (شەماڵی عەبەش)م لەگەڵ خۆمدا برد، یەک دوو کەسی دیکە چووین بۆ لای شاکر فەتاح، ئاخر ئەویش بەو ناوەوە شتێکی هەبوو، دەوری دوو سەعاتێک لای بووین، ڕوونکردنەوە و ڕاڤەیەکی زۆری بۆ کردین.

**ڕامان:** ئەوەیان کاری زەمانی زووی خۆت بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئا، لە دەقەکەی خۆشم ئەوەم کرد.

**ڕامان:** ئەو کارەت بۆ دەقەکەی خۆت کرد؟

**نەوزاد مەجید:** ئا، ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر نەدرا.

**ڕامان:** بۆ ئەو درامایەی خۆت کاری زۆرت کردووە؟

**نەوزاد مەجید:** ئەوە بەو مانایە دێ، دەق بەلای منەوە بنەمایە، بنەمایە و دەبێ زۆر بەوردیش سەیری بکرێ، نەیەڵی هەڵەی تێدا بێ، نەیەڵی زنجیرەکەی تێک بچێ، من لەوەدا شارەزام، شارەزایەکی چاکیشم هەیە، بە دەمی خۆم ناڵێم و ئەزموونیشم لەو ڕووەوە زۆرە، پێداچوونەوەی دەقی ناو بنێین، ئامادەکردنی دەقی ناو بنێین، لە هەموو ئەوانەدا ئیشم کردووە.

**ڕامان:** هەندێک کەس هەن لەوانەی کە ئیشی دەرهێنان دەکەن، پێیان وایە بۆ نمایشێکی سەرکەوتوو، ئەکتەر دەوری سەرەکیی هەیە، هی وا هەیە وەکوو ئێستا باست کرد، بنەماکە بە دەق دەبینێ، هی وا هەیە دەڵێ جیهانبینی دەرهێنان گرنگە، ڕوئیا و میتودی ڕوونی دەرهێنان پێویستە، واتە هەر یەکەی سەرکەوتنی نمایش بۆ یەکێک لەو توخم و بنەمایانە دەگێڕێتەوە، دیارە لای تۆ دەق بنەمایە؟

**نەوزاد مەجید:** لای من دەق بنەمایە، هەر ئەوەش بووە کاتێ لە ئیشێکدا داوای بەشدارییان لێ کردووم، یەکەم شت داوای دەقم کردووە، گوتوومە دەقەکەم بدەنێ، یەک شەویشم بەسە، خوای دەکرد هەزار پەڕیش دەبوو، دەیخوێنمەوە، بەدڵم بوو، ڕازی دەبم، بەدڵم نەبوو، نایکەم، زۆر دەقیشم ڕەت کردووەتەوە کە بەدڵم نەبووە.

**ڕامان:** ئەو شانۆگەریانەی تۆ کارت لەسەریان کردووە، گوتت سێ هەفتە نمایش کراون، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**نەوزاد مەجید:** ئەو شانۆگەرییانەی من کردوومن، بە لانی کەمەوە سێ حەفتە بەردەوام بوون، هونەری ئەمە بۆ هەڵبژاردنی دەقەکە دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە، «کێچ» شانۆیەکی کۆمیدییە، باسێکی کۆمەڵایەتییە، «شایی خوێناوی»یش هەمان شت، واتە «شایی خوێناوی» ئەوەی لۆرکا، ئەگەر بکرایە حەفتەیەکی دیکەش بەردەوام دەبوو، بەڵام ئەکتەرەکانم هیلاک بووبوون، هەروەها کاوەی ئاسنگەر، عەلی توانا، «شێخی تەپلە ڕەش»ی

نووسی، ئەویش من دەرمهێنا، ئەگەرچی تووشی کۆمەڵێک کێشە بووین.

**ڕامان:** کێشە و گرفتەکان چی بوون ئێوە تووشی بووبوون؟

**نەوزاد مەجید:** ڕەئووف یەحیا کە دەوری سەرەکیی دەبینی، دەوری شێخەکەی دەبینی، لە مزگەوتی گەورەوە بە شمشێرەوە بە دوایدا دەگەڕان، بۆ ئێوارە ڕەئووف یەحیا بۆ ئەوەی دەورەکەی ببینێ نەهات، خۆی دەبوو ئێمە پێش سەعات چوار لەوێ بین.

**ڕامان:** بۆچی ڕەئووف یەحیا نەهاتبوو؟

**نەوزاد مەجید:** لە کاتی نمایشەکە نەهات.

**ڕامان:** دەزانم نەهات، بەڵام بۆچی لە نمایشی شێخی تەپلەڕەش نەهات؟

**نەوزاد مەجید:** ئێمە پەراوەمان کردبوو، پێشتر نمایشمان کردبوو، بەڵام هەندێک لە دەروێشەکان بە شتێکی ئایینییان نەزانیوە، بۆیە پۆستەرەکانیان دڕاندبوو، مەرەکەبیان پێدا کردبوون، چووبوون ڕەئووف یەحیا بگرن، ئەویش خۆی شاردبووەوە، بۆ ئێوارێ کە پێویستە بێت دەورەکە ببینێ، دواکەوت، نیو سەعات، سێ چارەگ دواکەوت.

**ڕامان:** بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەو بینینی دەورەکەی ئەو چیت کرد، چۆن چارەسەرت کرد؟

**نەوزاد مەجید:** ناچار خۆم جلەکانی ئەوم لەبەر کرد، چونکە من وەک دەرهێنەرێک هەموو دەورەکانم لەبەر بوو، دوای ئەوەی سێ چارەک، یان ساعەتێک تێپەڕی، ڕەئووف یەحیا هات، هیچ قسەم نەکرد، گلەییشم لێی نەکرد، گوتم دەورەکەت دەبینی، یان من بیبینم! تۆزێک وەستا و گوتی دەورەکەم دەبینم، ئەوەبوو جلەکانم داکەند و کردمە بەری، تەها خەلیل میکیاجەکەی بۆ کرد، ئاخر ئەویش لەگەڵمان بەشدار بوو، ئیشەکەمان کرد و بینەرێکی زۆری هەبوو.

**ڕامان:** هۆکاری سەرکەوتنی کارەکەتان دەقەکە، یان ئەکتەرەکان بوو؟

**نەوزاد مەجید:** یەکەم دەقەکە باش بوو، دووهەم ئەو ڕووداوەی کە بەسەری هاتبوو، خەڵک دەیپرسی بۆ ئەو پۆستەرە دڕاوە، بۆ ئەو پۆستەرانە مەرەکەبیان پێدا کراوە؟ واتە ئەمە وای کردبوو سەرنجی بینەران بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، بەمە حەز و ئارەزوویەکی پەیدا کردبوو.

**ڕامان:** تۆ کە ئەو دەقەت وەرگرت، هیچ دەستکاریت نەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** نەخێر، ڕێک وەک خۆی کارم لەسەر کرد، بەڵام کە شتێکم بویستایە بە عەلی توانام دەگوت، چونکە خۆی لەگەڵمان بوو.

**ڕامان:** ئەویش لەگەڵتان تەمسیلی دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، کارەکەمان نزیک بوو لەوەی سەباح عەبدولڕەحمان کە لە هەولێر کردی.

**ڕامان:** ئەوەی بە ناوی «فاڵچی» کردی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، فاڵچی، تۆزێک لەوەوە نزیک بوو، بەڵام ئەم سەرەکیتر بوو، درێژ بوو، سەعات و نیوێک زیاتر بوو، بۆ دوو سەعات دەچوو.

**ڕامان:** ئەو سەعات و نیوە، یان دوو سەعاتە بە یەک نەفەس کرا، پشووی تێدا نەبوو؟

**نەوزاد مەجید:** پشوو لە نێوان بەشەکاندا هەبوو، دیمەنی یەکەم و دووەم، کە دە دەقە بۆ دوازدە دەقە، هەر ئەوەندە دەبوو.

**ڕامان:** لەو ماوەیەدا دیکۆرتان دەگۆڕی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، دیکۆرگۆڕین هەبوو.

**ڕامان:** جەلیل زەنگەنە کە شیرین و فەرهادی دەرهێنا، نمایشەکە زۆر دوورودرێژ بوو، بەڵام ماوەیەکی بۆ پشوودان تەرخان کردبوو.. تۆ ئەو دەقەت دەرهێنا کە عەلی توانا نووسیبووی، باشە هەر ئەو دەقەی نووسی، یان پێشتر دەقی تریشی نووسیبوو؟

**نەوزاد مەجید:** هەر ئەوەی نووسی، کورتەچیرۆکی دیکەی نووسیوە، بەڵام نەکراوە بە شانۆگەری، لەم دواییەشدا لە زۆربەی ئیشەکانی حسێن میسری، خۆی و خێزانی بەشدارییان کرد.

**ڕامان:** دیومن، دەوریان هەبوو.. ئەی بە ڕای تۆ نووسینی دەقی خۆماڵی بۆچی ئاوا کز و سستە، خەڵک کەمتر ڕوو دەکاتە نووسینی دەقی خۆماڵی، یان هەر نانووسرێت؟

**نەوزاد مەجید:** ناتوانم بڵێم خەڵک کەمتر ڕووی تێ دەکات، بەڵام وەڵامی کزییەکە دەدەمەوە، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەموو نووسەرەکان، کە دەقێک دەست پێ دەکات، ئەگەرچی زانیاریی لە بارەی شانۆ، یان سینەما نییە، بۆیە وەک خۆیشی بینووسیایە، هونەرمەندێک هەر دەیگۆڕێ، ئەو نووسەرە لە کوێ تاقەتی چوو، زۆر بەخێرایی کۆتایی پێ دەهێنێت.

**ڕامان:** دیارە ئەو کەسە نووسەرێکی باشی شانۆ نییە، بەسەرییەوە مشەخۆرە، ئەگینا چۆن کە تاقەتی چوو، کۆتایی پێ دەهێنێت؟

**نەوزاد مەجید:** هەر نووسەرێک دەبێ بزانێ هەموو دەقێک دەبێ بە سێ قۆناغدا بڕوات، قۆناغی یەکەم پێشەکی پێ دەڵێن، زانستییەکەی ئەمەیە، پێشەکی، واتە شتێک دەڵێی و بینەر لێت تێ دەگات، ئەوجا لەم پێشەکییەوە کێشەیەک پەیدا دەبێت، بۆیە شانۆنامەکان هەمیشە سێ بەشن؛ پێشەکی (مقدمة)، کێشە (مشكلة)، چارەسەر (حل). نووسەرەکانی ئێمە بەو سێ قۆناغەدا نەدەڕۆیشتن، لە شوێنێکدا تەواویان دەکرد، لەلایەکی دی نووسەری شانۆیی ئێمە ژمارەیان کەمە، شارەزاییان نییە، حەزی لێ ناکەن، ئەو گرفتە بۆ نووسەرەکانمان دەگەڕێتەوە، ئەگینا ئەگەر نووسەر هەبێ، ئەوە زۆر کەس هەن چارەسەری بکەن.

**ڕامان:** حاجی مەکی بۆ دەق نووسین زوو دەهاتە دەست و بەلایەوە ئاسان بوو؟

**نەوزاد مەجید:** مەکی عەبدوڵڵا زۆر حەزی لە ئیش دەکرد، دەقەکانیشی زۆرتر بۆ من دەهێنا پێداچوونەوەیان بۆ بکەم، ئەگەر ئیشیشیان لەگەڵ بکەم باشتر. یەکێک لەو ئیشانەی کە هێنای «بەرد لەجێی خۆی سەنگینە» بوو، من ئەوەی توانیم کارم تێدا کرد، بە خۆیشمەوە نەوەستام، پێوەندیم بە (نووری وەشتی)یەوە کرد، ئاخر ئەویش دەستی نووسینی هەبوو، بەویشەوە نەوەستام، دڵشاد مەریوانی، هاوین بوو، سێ چوار شەو، بەو هاوینە لە سەربان بە یەکەوە نووستووین و پێداچوونەوەمان بۆ ئەو دەقە کرد، تا بوو بەو «بەرد لەجێی خۆی سەنگینە» و پێشکەش کرا، کە دەقێکی خراپ نەبوو.

**ڕامان:** بەڕای تۆ، ئێمە بۆچی شانۆنووسمان نییە، یان ژمارەیان زۆر کەمە؟

**نەوزاد مەجید:** دەق ئەوە نییە بینووسی و بڵێی تەواو بوو، دەبێ بیدەی بە زانا و نەزان، مەرج نییە هەر زانا بێت، لەوانەیە لەم نەزانە زۆر شت فێر بیت، حەز دەکەم لێرەدا باسی شتێک بکەم، هەر ئەو (بەهنام میخائیل)ـەی باسمان کرد، دەیگوت کە دەرهێنان بۆ دەقێک دەکەی، چاوەڕێ مەکە ڕەخنەگرێکی گەورە بێت ڕەخنەت لێ بگرێ، لە درزی پەردەوە بێ، یان لە هەر کوێیەک سەیر بکە، بە کرێکارەکانی

هۆڵەکە بڵێ لەلای پیرێژن و پیرەمێرد و نەخوێندەوارەکان جێگایەکت بۆ بگرن.

**ڕامان:** مەبەستی لەوانەیە کە گوێیان گرانە.

**نەوزاد مەجید:** ئا، لەوێ دابنیشە، گوێ لە ڕەخنەی ئەوان بگرە، ڕەخنەکانی ئەوان زۆر لە ڕەخنەی ڕەخنەگرەکان گرنگترە، لەوانەیە ڕەخنەگرەکان حەز نەکەن، یان ڕقیان لێت بێت، بەڵام ئەو ئینسانێکی سادەیە و ڕەخنەکەت پێ دەڵێ. لێرە مەبەستم چییە، هەر کەسێک کە شتێک دەنووسێ، یەکسەر خۆی قەناعەتی پێ نەکات، بیدا بە خەڵکیش، ئەگەر بەهەڵەیش پێی بڵێن، هەر پێویستە گوێی لێ بگیرێ، مەسەلەیەکی خۆیشمان هەیە دەڵێ قسە لە شێت، یان لە منداڵی ببیستە!

**ڕامان:** ئاخر قسەکانیان هەڵقوڵاوی ناخی دڵ و قەناعەت و پاکیی خۆیانە.

**نەوزاد مەجید:** هی پاکی خۆیەتی، شێتەکەش هەمان شت، ئەو ڕەخنانەی کە مامۆستاکەم پێی گوتم لەناو بینەراندا دابنیشم گوێ لە قسەی ئەوان بگرم، نەک ڕەخنەگرێکی گەورە، دیارە مەبەستی ئەوە نەبووە کە هەر گوێی لێ نەگرم، دەڵێ ئەوەش دەبێ حیسابی بۆ بکەی، چونکە ئەوەی ئەو دەیزانێ ڕەخنەگرەکە نایزانێ.

**ڕامان:** دوایی وا ڕێک کەوتووە ئەوانەی دەقی شانۆییان نووسیوە، زۆربەیان لە دەرهێنەرەکان نزیک بوون، یان هەر خۆیان دەرهێنەر بوون، وەکوو ئیبراهیم جەلال، کە یەکێکە لەوانەی خۆی ئیشی لە دەقەکاندا کردووە، بەتایبەتی دەقی کەلەپووری، ئەو دەقانەی هێناوە و سوودی لێ کردوون. جەلیل قەیسی کە نووسەرێکی گەورەی شانۆیە، زۆر هاوڕێی سامی عەبدولحەمید و ئیبراهیم جەلال و سامی محەمەد و ئەوانە بوو، هەموو جارێ بە منی دەگوت شانۆ یەک دێڕ دیالۆگی زیاد قبووڵ ناکات، هەروەها دەیگوت من کە دەمنووسی لەگەڵ ئەمانە زۆر تێکەڵ دەبووم و سوودم لە بیروڕایان وەرگرت، بۆیە ئەو دەقانەی من لەناو شانۆی عێراقی جێی خۆیان کردبووەوە.

**نەوزاد مەجید:** تەنانەت بۆ دەقە بیانییەکانی جیهانیش، بۆ نموونە شەکسپیر هەر خۆی بە منداڵی لەسەر شانۆ ئیشی کردووە و دەوری بینیوە، باوکی بووە، کێ بووە، لەسەر شانۆ ئیشی کردووە، ئەویش لەگەڵیدا بووە، بۆیە دەقەکانی مورکێکی جیهانییان وەرگرتووە، چونکە هەموو تایبەتمەندییەکانی شانۆی دەزانی.

**ڕامان:** (سمکۆ ناکام)ی لای خۆشمان لەگەڵ شانۆکارەکان تێکەڵ بوو، بۆیە (خولەی چەخماخە) و (ڕەجەب و پیاوخۆران) و دەقەکانی جوان بوون.. بێجگە لەوەی باسی پەیمانگە و بزاڤی هونەریی بەغدامان کرد، ئێستا باسی ئەوە بکە تۆ لە چەند تیپدا بەشداریت کردووە کە مۆڵەتیان بۆ وەرگیرابێت و خۆت تێیاندا ئەندام، یان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن بوویی، ئیشتان تێیاندا کردبێت؟ بێجگە لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی کە پێشتر باست کرد، کە یەکەم تیپ بووە و مۆڵەتتان بۆ وەرگرتووە؟

**نەوزاد مەجید:** من وەک ئەوەی لەبیرم مابێ، یەکیان «تیپی ئاشتی»، ئەوەی عەباس ژاژڵەیی بووە، تیپی «سەندیکای کرێکارانی سلێمانی»، کە مەکی عەبدوڵڵا و ئەوان بەڕێوەیان دەبرد، تیپی «ئەزموونگەری» کە کۆمەڵێک گەنجی ئەکادیمی بوون و تازە دەرچووبوون.

**ڕامان:** مەبەستت شەماڵ عومەر و نیگار

حەسیب و ئەوانە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، لەگەڵ ئەوانە، بۆخۆم چووم ناوی خۆم داونەتێ.

**ڕامان:** ئەوە زانیمان بەهۆی باوەڕنامەکەتەوە ناوی خۆت پێیان داوە، بەڵام لەناو ئیشکردندا، تیپێک کە خۆت ئیشت تێدا کردبێ، تەنیا کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئا، کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، لە تیپی شانۆی ئەحمەد سالاریشدا من یەکێک لە ئەندامەکان بووم.

**ڕامان:** ئەندامی چالاکی ئەو تیپە بووی و ئیشت تێدا کردووە؟

**نەوزاد مەجید:** ئەندامی لیژنەی کارگێڕی بووم، بۆ ئەوەی مۆڵەتەکەی پێ بدرێ.

**ڕامان:** تەنیا ئەو سوودەیان لە بڕوانامەکەت کردووە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، وەکوو گوتم دەبوو دوو کەسی تێدا بووایە خاوەنی بڕوانامەی هونەری بن، ئەوجا مۆڵەتی تیپەکان دەدرا.

**ڕامان:** ئەوە ڕاستە، ساڵانی زوو وابوو.. باسی ئەو تیپەی حاجی مەکی عەبدوڵڵا کرد، کە تۆ دەورت لەگەڵیدا دیوە و ئیشت لەگەڵ کردووە، باسی ئەو لایەنەشمان بۆ بکە، ئەمەش وێستگەیەکە لە ژیانتدا.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ڕاستییەکەی ئیشکردن لەگەڵ حاجی مەکی عەبدوڵڵا خۆش و ناخۆش بوو، من یەکێکم لەو کەسانەی ددان بە حاجی مەکی عەبدوڵڵادا دەنێم، مەسەلەیەکی کوردی خۆمان هەیە دەڵێ: «فەرموو لەو عەرزە گێزەرێک دەربێنە»، بە حاجی مەکی عەبدوڵڵات بگوتایە دەری دەهێنا.

**ڕامان:** بەڵام بیستوومە خۆی بە دەقەوە نەدەبەستەوە؟

**نەوزاد مەجید:** تۆزێک لە دەور لەبەرکردندا قورس بوو، یان خۆی فێر بووبوو لە خۆیەوە قسە بکات، ئەگەر ئازادیت دابایە حاجی مەکی و بتگوتبا دەورەکە ئەمەیە، قسە و دیالۆگت پێ نەبڕیبایەوە، هەر نەیدەبڕییەوە، قسەی خۆشیشی دەکرد، کە بینەران حەزیان لێ بێت، بەڵام کە دێڕێکت بۆ دەستنیشان دەکرد، تۆزێک بە لایەوە قورس بوو.

**ڕامان:** پێت خۆش بوو ئیشی لەگەڵدا بکەی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، کارەکتەرێکی خۆشەویست بوو، لەو ماوەیەدا هەر ئیشێک بکرایە حاجی مەکی عەبدوڵڵای تێدا بووایە، خەڵک لەلای خۆش بوو، بە قسەکانی، بە بۆدییەکەی خۆی، ئەمانە هەموو دەوریان لە سەرکەوتنی ئیشەکانیدا هەبوو، زۆریش ئیشی دەکرد، یەکێک بوو لەو کەسانەی دەیتوانی زۆر ئیشی کارگێڕی بۆ خۆی بکا. من لەو بڕوایەدام ئەو مۆڵەتی (مەم و زین)ـەمان کە ڕەزامەندی لەسەر نەدرا، بدرایە بە حاجی مەکی عەبدوڵڵا مۆڵەتی بۆ وەردەگرت، بۆیە دەڵێم پێت بوتایە گێزەرێک لەو عەرزە دەربێنە، بۆتی دەردێنا!

**ڕامان:** ئاخر لابەلا نەختێک پارەی دەدایە ئەوانەی کە ئیشی پێ بوون.

**نەوزاد مەجید:** هەر ئەوە، یەکەم بە هەزەلیات و قسەی خۆش، دووەم بە پارە، سێیەم بە دیاری، بە هەموو شتێک قەناعەتی پێ دەکردن، پشتی ئۆتۆمبێلەکەی پڕ دەکرد لە دیاری، بۆیە مۆڵەتی هەر دەقێکیان دەدایە.

**ڕامان:** لەم بارەوە هیچت لەلایە بۆمانی بگێڕیتەوە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، با شتێکی ساکارت بۆ بگێڕمەوە، کە خۆم لێم دی، تەمسیلێکمان کرد، دەرهێنەرێکی تەلەڤزیۆنی کەرکووک عادل

عەبدوڵـڵای نـاو بـوو، دەیویسـت ئـەو ببێـت بـە دەرهێنــەری ئیشــەکەی، هەســتاین چوویــن بــۆ بەغـدا، منیشـیان لەگەڵـدا بـووم، عـادل عەبدوڵـڵا گوتـی حاجـی تۆزێـک لێـرە دانیشـە، مـن دەچـم بودجـە و شـریتی بەتـاڵ بـۆ کامێراکـەم دەهێنـم، کـە چـوو کارتۆنێـک فیلمـی هێنـا، بـەڵام فیلمـەکان تەنیـا جارێـک بـەکار هاتبـوون و شـتیان لەسـەر تۆمـار کرابـوو. حاجـی پێـی گـوت ئەوجـا تـۆ دانیشـە، ئـەوی دانیشـاند، چـووە ژوورێـک یـەک کارتـۆن شـریتی لۆکـی هێنـا، بۆیـە دەڵێـم دەیتوانـی هەمـوو شـتێ بـکا.

**ڕامان:** ئەوەش لێزانین و سەلیقەی دەوێ؟

**نـەوزاد مەجیـد:** سـیحرێک لـە قسـەکردنیدا هەبوو، قەناعەتـی بـە خەڵکەکە دەکـرد، توخمێکی قەناعەتـی زۆر بەهێـزی هەبـوو، ئەگـەر بودجـەی ئیشـێک مـن بمکردایـە، تێچووەکـەی سـەد هـەزار دینـار بووایـە، ئـەو بچووایـە دەیکـرد بـە دوو سـەد هـەزار، ئـەو هەمـوو شـتێکی پـێ دەکـرا.

**ڕامـان:** یارمەتیدانـی حاجـی مەکـی لـەلای تـۆ تەنیـا لـە سـنووری دەقەکـە بـوو، یـان لـە چیتـر بـوو، چـۆن بـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** زیاتـر لـە دەقەکـە بـوو، دوای ئـەوەش بەشـداری کردنـم لـە کارەکانـی بـوو، سـێیەمیان دەرهێنـان بـوو.

**ڕامـان:** تەمسـیل کردنتـم لەگـەڵ حاجـی مەکـی عەبدوڵـڵا بینیـوە.

**نەوزاد مەجید:** لەگەڵیدا هەمە، بەتایبەتی...

**ڕامان:** لە دراما ڕەش و سپییەکانیدا.

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، بەتایبەتـی لـە ڕەش و سـپییەکاندا، تەنانـەت لـە ڕەنگاوڕەنگەکانیشـدا، لـە هەندێکیـان هـەر هەمـە، ئـەو بـاوەڕی پێـم هەبـوو، حـەزی دەکـرد ئیشـی لەگەڵـدا بکـەم، نـەک هـەر ئـەوە، حـەزی دەکـرد ئیشـی سـینەماش بـکات، زۆر زەوقـی سـینەمای هەبـوو، گڵۆپێکـم هەبـوو، ڕۆژێکیـان گوتـی ئـەو گڵۆپـە بـۆ سـینەما زۆر چاکـە، گوتـم هـەر کاتێـک پێویسـتت بـوو دەتوانـی بیبـەی، دەمودەسـت نەمدایـە، گوتـم هەرکاتێـک پێویسـتت بـوو، ئـەوە لەوێیـە، بـەڵام بەڕاسـتی ئینسـانێکی ئیشـکەر بـوو، هەرچەنـدە هەنـدێ شـتی خراپیشـی هەبـوو.

**ڕامـان:** بـەلای تـۆوە کارە خراپەکانـی چـی بـوون؟

**نـەوزاد مەجیـد:** تـا ڕادەیـەک قورسـە باسـیان بکـەم.

**ڕامان:** واتە خراپییەکانی هی گوتن نین؟

**نـەوزاد مەجیـد:** هـی گوتنـە و هـی گوتنیـش نییـە، لەبـەر ئـەوەی خـۆی نەمـاوە، ئـەوە ئەگـەر بمایـە هەموویـم دەگـوت.

**ڕامـان:** ئاخـر ئـەو ئیشـی کـردووە، ئێمـە ڕەخنـە لـە ئیشـەکانی دەگریـن، چونکـە هاتووەتـە نـاو هونـەر و کۆمـەڵ و بووەتـە بەشـێک لـە مێـژووی هونـەر و موڵکـی خەڵـک، بۆیـە قسـەی لەسـەر دەکـرێ.

**نـەوزاد مەجیـد:** حاجـی مەکـی لـە سـەرەتاوە کـە ئیشـێکی دەبـوو، زۆر خزمەتـی ئەکتەرەکانـی دەکـرد، هەرچـی بیانویسـتایە بـۆی دەکـردن، بـەڵام کـە ئیشـەکە تـەواو دەبـوو، بەتـەواوی حەقەکـەی خۆیشـیانی نەدەدانـێ، ئـەوە یەکێـک لـە سـیفەتە خراپەکانـی بـوو، ئیتـر بـە هـەر هۆکارێـک بووبـێ، لەگـەڵ ئـەوەش خزمەتـی هونـەری کـوردی کـردووە، ئەکتەریشـی پـێ گەیانـدووە، بـەڵام ئـەوە بـوو لـە بابەتەکانـی نەدەکۆڵییـەوە، یەکسـەر پێشکەشـی دەکـرد، متمانـەی بـە خـۆی هەبـوو، کـە بـە قسـەکانی بینـەر بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـێ و دەیخاتـە پێکەنیـن، ئەویـش مەبەسـتەکەی تەنیـا کۆمیدیاکـە بـوو.

**ڕامان:** ئیشەکانی ئەو زیاتر لە بواری درامای تەلەڤزیۆنیدا بوو، نەک شانۆ.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ.

**ڕامان:** وەک بزانی هیچ کارێکی شانۆیی کردبوو؟ لە شانۆدا ئیشی کردووە؟

**نەوزاد مەجید:** نا، کاری شانۆی نەکردووە، من هیچیم نەدیوە.

**ڕامان:** منیش هیچیم نەدیوە.. دەڵێن حاجی مەکی عەبدوڵڵا زۆر جار کە ڕۆیشتووە بۆ بەغدا هەر لەناو ئۆتۆمبێلدا، لە سلێمانی تا گەیشتووەتە بەغدا دەقی نووسیوە و پێی گەیاندووە بۆ ئەوەی بچێ لەوێ ئیشی تێدا بکەن، شتی وا هەیە؟

**نەوزاد مەجید:** نا، دەقی نەنووسیوە، بەڵام بیرۆکەی بۆ هاتووە، بیرۆکەی داوە بە چەند کەسێک، بە دەرهێنەر بێ، بە نووسەر بێ، پێیانی گوتووە با شتێک لەم بارەیەوە بنووسین، بابەتەکە وابێ و وابێ، ئێستا «بەرد لە جێی خۆی سەنگینە»، کە بۆ منی هێنا، نیو پەڕیش نەبوو، دانیشتم قسەم لەگەڵدا کرد، دەیگوت ئەمە ئەوەیە و ئەوەیە، شتی پێ بوو، منیش دەمنووسی، لەگەڵ نووری وەشتی و برادەرانی دیکە، وەک پێشتر گوتم (دڵشاد مەریوانی)ش زۆر ئیشی تێدا کرد، بەڕاستی ئەوکات کە خەڵکت بۆ ئیشێکی هونەری بهێنایە، بە گەرموگوڕی بەرەو پیری دەهاتن، بیر لە دەسکەوت و پارە نەدەکرایەوە.

**ڕامان:** حاجی مەکی خۆی ئەکتەری بۆ دەورەکان هەڵدەبژارد؟

**نەوزاد مەجید:** نا.

**ڕامان:** ئەی کێ بۆی هەڵدەبژارد؟

**نەوزاد مەجید:** زیاتر کە دەقی بۆ من دەهێنا، من دەمخوێندەوە، دوایی لە کەرکووک بووبێ، یان لە بەغدا پێشکەشمان دەکرد، لەم دواییانەدا لە کەرکووک، کە مۆڵەتەکەی دەهاتەوە، لەوێ دەرهێنەرێکی بۆ دادەنرا، بەڵام خۆ دەرهێنەرەکە نەدەهات لێرە پەراوە و ڕاهێنان بە ئەکتەرەکان بکات، مانگێک دوو مانگ لێرە دابنیشێ، دەبوایە یەکێک لێرە ئامادەی بکردایە، ئیشەکان بۆ (ناسر حەسەن)یش هەروا بوو، کە لە بەغدا بوو، ئەگەر لێرە ئیشێکیان بە من بسپێردرایە، ئەوە بۆم جێبەجێ دەکرد. ئیشێکم هەیە، دەوری سەرەکیشم تێدا بینی، دەوری (کەمال)م تێدا بینی.

**ڕامان:** ناسر حەسەن ئیشی لە «ژاڵە»دا کرد، دەنگ و سەدای باشی هەبوو.

**نەوزاد مەجید:** نا، «ژاڵە»مان بۆ ئامادە کرد، من دوو ئیشم بۆ کردووە، لێرە ئامادەمان کردوون و هەواڵمان بۆیان دەنارد و دەمانگوت ناسر حەسەن، عادل عەبدوڵڵا، کارەکان ئامادەن فەرموون، تەنانەت جلوبەرگ، شوێن، دیکۆر، هەموویمان بۆ ئامادە دەکردن، چونکە ئەوان کە دەهاتن کاتەکەیان دە ڕۆژ بۆ پازدە ڕۆژ بوو، دەبووایە دوای ئەو ماوەیە بگەڕێنەوە، تۆ دەبوو ئەو دەقەت لە دە ڕۆژ، یان پازدە ڕۆژدا تەواو بکردایە، ئیتر شریتە تۆمارکراوەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ ئەوێ و لەوێ مۆنتاژیان دەکرد.

**ڕامان:** ئەو کارەی دەوری (کەمال)ت تێدا بینی ناوی چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئەوە (بەرد لە جێی خۆی سەنگینە) بوو، دەرهێنانی من بوو، بەڵام کە بۆ تەلەڤزیۆن تۆمار کرا، من ئامادەم کرد و ناسر حەسەن بۆ تەلەڤزیۆن دەری هێنا.

**ڕامان:** پێت نەوتم کێ ئەکتەرەکانی بۆ حاجی مەکی هەڵدەبژارد؟

**نەوزاد مەجید:** ئەکتەرەکان زیاتر ئەوانەی من ناسیومن، ئەوانەم هەڵبژاردووە، ئەوەی ئەویش کە داوای دەکردن و دەیگوت با فلان و فیساری تێدا بێ، سەیرم دەکرد ئەگەر باش بووایە، دەمگوت قەی چی دەکا، با ئەوانیشی تێدا بێ.

**رامان:** هەندێک جار گۆرانیبێژی وەک حەمەی نێرگز، سەلاح مەجید و ئەوانەی دەهێنا، جار بە جار دەوریشیان دەگێڕا، بە تایبەتی دەوری سەرخۆش، یان لەنێو مەیخانە گۆرانی دەڵێن، گۆرانیی نازم غەزالی دەڵێن، جارێک حاجی مەکی هات لە مووزەی ئیتنۆگرافی فۆلکلۆری سەردانی کردین، ئاخر برازاکەشی لەلامان بوو، ناوی بێستوون بوو، کە باوکی عەبدولقادر بە قالە قرمز ناسرا بوو.

**نەوزاد مەجید:** ئەویش عەمری خوای کرد.

**رامان:** بەڵێ، بە داخەوە ئەویش لە دەرەوەی وڵات عەمری خوای کرد، هونەرمەندێکی شێوەکاری باش بوو. جارێک پرسیاری ئەوەم لە حاجی مەکی کرد، گوتم لەو تەمسیلییەدا ڕووبەڕووی ئەو شەقاوانە بوویتەوە، پێیانت گوت با هەڵنەستم بۆتان، ئاوا و ئاواتان لێ بکەم، دەسکی تەختەکەی لەسەری دانیشتبووی شکا. حاجی مەکی گوتی ئەوە هەر بە ڕاستی کە دەستم دایە شکا. گوتی من ویستم بیانترسێنم، بە یەکێکیانم گوت بێدەنگ بە و قسەی زیاد نەکەی، ئاوام کرد دەسکی تەختەکە بە دەستمەوە هات، بەم جۆرە ئەم پیاوە کاتی خۆی ئەوانەی هێنابوو.

**نەوزاد مەجید:** ئەو کاتە ئەوانە هەموویان لە سەندیکای کرێکاران بوون.

**رامان:** هونەرمەندان: سەلاح مەجید و حەمەی نێرگز لە سەندیکای کرێکاران بوون؟

**نەوزاد مەجید:** حەمەی نێرگز نا، لەوانەیە ئەوی بۆ دەنگەکەی و گۆرانییەکەی هێنابێت.

**رامان:** تەنیا لەبەر دەنگەکەی بووە، ئەی بەهرەی نواندنیان هەبوو؟

**نەوزاد مەجید:** زۆربەی ئەوانەی دەیهێنان لە سەندیکای کرێکاران ئیشیان دەکرد، کارمەندی ئەوێ بوون.

**رامان:** یان کەسێکی وەک (سەلاح چاوشین)ی بۆ تەمسیلەکانی دەهێنا.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ.

**رامان:** ئەی دەوری ئافرەتەکان چۆن بوو؟ ئەوانەی پیاو بوون و دەوری ئافرەتیان دەگێڕا، یەکێکیان عومەر چاوشین (باجی مەنیج) و ئەوانی دی بوون، ئەوانەی چۆن دەهێنا؟

**نەوزاد مەجید:** عومەر چاوشین پێوەندی بەوەوە نەبوو، لای من عومەر چاوشین بەڕاستی یەکێکە لە هونەرمەندە هەرەبەرزەکان، نەک هەر بۆ نواندن، بەڵکوو بۆ ئیشی هونەریی دیکەش، بۆ نموونە دیکۆرێکت بدایەتێ، لە شەو و ڕۆژێکدا، تەنیا پێت بوتایە چۆنت دەوێ، دەڵێی لە مێشکیدا پیاسەی کردووە، وەک خۆی ئەوەی بۆ دادەنای، لە جلوبەرگدا، لە دانانی شتومەکی ئیکسسواراتدا، بەڕاستی هونەرمەندێکی داهێنەر بوو.

**رامان:** لە کارکردنت لەگەڵیدا چیت لێ دیوە سەرنجی ڕاکێشابێت؟

**نەوزاد مەجید:** لە «پیسکەی تەڕپیر»دا دەرهێنەر پێی نەگوتووە، من لەگەڵ دەرهێنەر، یاریدەری ئەحمەد سالار بووم، کە (فێست) سەر و کڵاوە ژنانەکەی، جگەرەیەکی خستبووە ناوی، بەلامەوە جوانترین شت بوو کە دەریهێنا، ئەمە داهێنانی خۆی بوو. ئەکتەر دەبێ داهێنانی خۆی بەکار بێنێت، هەر ئەوە نییە کە دەرهێنەر پێی بڵێ وا بکە و وا بکە، خۆیشی دەبێ

داهێنانی هەبێت، ئەو یەکێکە لەو کەسانەی کە داهێنانی هەبوو، شتی دەزانی و زۆریش ئیشکەر بوو.

**ڕامان:** ئەو کاتە سوودی زۆرتان لێ کرد؟

**نەوزاد مەجید:** زۆریش، ئێستا هەرچی ئەکتەرێکی جیهانییە ببهێنی، لەم سلێمانییە دەوری ئەو پیرێژنەی بدەیتێ، ئیمکان نییە وەکوو ئەو ببینێ، لە خۆیشم پرسی، گوتم ئەوە چۆن ئەو دەورە ئاوا دەبینی؟ گوتی ئەوەندەم چاودێری دایکم کردووە، دایکم ئەوەندە مەینەتی بەسەر هاتووە، کە گریاوە و تووڕە بووە، کە براکەم کوژراوە، ئاخر برایەکی عەلی ناو بوو، ئەوە کوژرا، هەموو ئەوانەم لە دایکمەوە وەرگرتووە، جگەرەکەی و...

**ڕامان:** کوژرانی براکەی سیاسی بوو، لە سیاسەت ئیشی دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** باوەڕ ناکەم.

**ڕامان:** باسێکی ئەو پیاوانەم بۆ بکە وەکوو ڕەئووف یەحیا و تەها خەلیل و عومەر چاوشین کە لە ڕووی ناچارییەوە دەوری ئافرەتیان گێڕاوە.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ.

**ڕامان:** ڕەئووف یەحیا، کاوە ئەحمەد میرزا ئەو دەورەیان دیوە، تۆ کێی ترت لەو پیاوانە لەبیرە بۆ ئەوەی ناوی ئەوانیش لەبیر نەکرێن و حەقی خۆیان وەربگرن؟

**نەوزاد مەجید:** کوڕێکی ترمان هەیە هەر لە تەمسیلەکەی من، لە «کێچ»دا، (حەمەی حاجی فەتاح)ی ناو بوو، خواردنگەیەکیان بەناوی سلێمانی هەبوو، ئێستاش خواردنەگەکەی لە ئەسحابە سپی ماوە، ئەویش ئەو دەوری ژنانەی بینی، من یەک شت بۆ ئافرەتان دەڵێم، ئەو ڕۆژگارە وا بووە، بەڵام خەتای هونەرمەندانی پیاویشی تێدا بوو کە نەدەهاتنە پێشەوە.

**ڕامان:** خەتای هونەرمەندەکان چی بوو کە ئافرەت نەدەهاتنە پێش؟

**نەوزاد مەجید:** من تەمسیلی «شایی خوێناوی» و تەمسیلەکانی دیکەم کە کرد، لەپێشدا لە ماڵی خۆمەوە دەستم پێ کرد، (سەبیحە ئیسماعیل)ی هاوسەرم هێنا، خوشکەکەی و خزمێکی خۆمم بانگ کرد، بۆیە کە دەچووم بۆ لای هەر کەسێک دەمگوت پێویستمان بە خوشکەکەتە، یان وەرە بەشداریمان لەگەڵدا بکە، ڕەتی نەدەکردەوە، باشترین نموونە بۆ ئەمە «شایی خوێناوی»یە کە ئێستاش دەلیلەکەی ماوە، زیاد لە ١٢ ئافرەتی تێدایە کە بەشدارییان تێدا کردووە.

**ڕامان:** بۆچی سەرەتا خەڵک تۆزێک سڵی دەکردەوە کچ و خوشک و هاوسەریان بنێرن؟

**نەوزاد مەجید:** سڵی لە دەمی خەڵکەکە و لە هونەرمەندەکان دەکردەوە، بەڵام کە زانییان شتەکە ئاساییە، من کەسوکاری خۆم بردووە، ئەوجا دەیانگوت قەی چی دەکات، با ئەویشتان لەگەڵ بێت، بۆیە دەڵێم خەتای خۆمانی تێدایە.

**ڕامان:** دوای ئەوە، کە داواتان دەکرد بێن لەگەڵتان ئیش بکەن، کەسوکاری ئەو ئافرەتانە متمانەیان بە ئێوە دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** ئەی چۆن، هەر بۆ ئەمە، با شتێکی دیکەت بۆ باس بکەم.

**ڕامان:** بەڵێ، پێم خۆشە باسی بکە.

**نەوزاد مەجید:** هونەرمەندێک هەیە ناوی گێسیایە، تەمسیلێکم دەکرد.

**ڕامان:** ناوی باوکی چییە؟

**نەوزاد مەجید:** هەر گێسیا نووسراوە، بمبوورن ناوی تەمسیلەکان ئەوەندە زۆرن، ناوی ئەکتەرەکانم لەبیر دەچێ، یان ناوێرم ناو بڵێم، نەوەکا تێکەڵی بکەم، بۆیە ناو ناڵێم، لە

هۆڵی فارابی لە زانکۆی سلێمانی ئەو دەقەم ئامادە دەکرد، ئەو گێسیایە هات، گوتی حەز دەکەم لە تەمسیلدا بەشداری بکەم، دوو سێ پرۆڤەی ئاساییم پێ کرد و دیالۆگم دایە و خوێندییەوە، سەیرم کرد بەهرەی تێدایە، سەرەتا نەمگوت باشە، گوتم کەسوکارت ئاگادارن تەمسیل دەکەی؟ گوتی نا، بەڵام ئاساییە پێیان بڵێم. گوتم ئاساییە من لەگەڵتدا بێم بۆ ماڵەوە و قسەیان لەگەڵ بکەم؟ گوتی قەی چی دەکات، خۆم چووم بۆ ماڵەکەیان، قسەم لەگەڵ کەسوکاریدا کرد، گوتم ئەوە تەمسیلێکمان هەیە، ژنی من، ژنخوشکم، خزم و کەسوکاری خۆمی تێدایە، بۆ ئەویش حەز دەکەین بەشداریمان لەگەڵ بکات، ئەوانیش پێیان خۆش بووە، بە تایبەتی کە زانیویانە تەمسیلەکە خۆم و ژنم و ژنخوشکم و یەکێکی دیکەی کەسوکارمی تێدایە، دایک و باوکی ئەو کچە متمانەیان دەکرد، گرنگ متمانە بووە.

**ڕامان:** دەبێ ئەو متمانەیە بەو کەسوکارە بدرێ، کە ئەو ئافرەتە وەکوو کچێکت، خوشکێکت بەشداریت لەگەڵدا دەکات.

**نەوزاد مەجید:** هەر ئەوەش بوو کە پێم گوتی لە «شایی خوێناوی» دوازدە بۆ سێزدە ئافرەتی تێدا بەشدار بوو، دەلیلی (شایی خوێناوی)یەکەت پێشان دەدەم.

**ڕامان:** لە کۆندا تەمسیل لە کوردەواریی خۆماندا غەریب بوو، حەزیان پێ نەدەکرد، بە شتێکی جوانیان نەدەزانی.

**نەوزاد مەجید:** لە بنەڕەتدا شانۆ شتێکی گەورەیە، ئیتر ئەوە ڕۆژگارە، بۆ ڕوون بوونەوەی پەیامەکەی، کاتێکی دەوێ، ئەمە هەر لە وڵاتی ئێمەدا وا نەبووە، دەتوانین بڵێین لە هەموو جیهاندا تا گەیشتوون بە ئیمڕۆیان، ئەم حاڵەتە هەبووە، گرفتی نەبوونی ئافرەت هەر ئەوە نییە، هەموو ساڵێک زیاد لە بیست بۆ بیست و پێنج قوتابی لە کچ و لە کوڕ لە ئەکادیمیا و پەیمانگە دەردەچن، لەو بیست و پێنج کەسە، لەوانەیە پێنجیان لە بوارەکەدا بمێنن، ئەوانی تر کە تەواو دەبن، دەچن وەک دەرچوویەک دەبن بە مامۆستا، یان لە وەزیفەیەکدا کار دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئافرەت لە تەمسیلەکانمان، لە شانۆکانماندا کەم بێت، ئەگەر ئەوان بهاتنایە، ئەو کاتە یەکێک لەناو ژمارەیەک ئافرەت هەڵدەبژێردران، نەک تۆ بە هەموو ئافرەتێک، بە هەموو دەموچاوێک، بە هەموو بۆدییەک ڕازی بیت.

**ڕامان:** لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی کێ سەرۆکی بەشی شانۆ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** سەرۆک نا، بەڕێوەبەری هونەریمان هەبوو، کە بەڕێوەبەرە هونەرییەکە، سەرۆکی هەموو بەشەکان بوو.

**ڕامان:** ئەو بەڕێوەبەرە هونەرییە کێ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** هەموو هەڵبژاردنێک کە ساڵ بە ساڵ دەکرا، ساڵانە یەکێکیان هەڵدەبژارد، من بۆ خۆم لە دامەزراندنییەوە تا سێ ساڵیش بەڕێوەبەری هونەری بووم.

**ڕامان:** واتە تۆ لە ١٩٦٩ تا ١٩٧٢ بەڕێوەبەری هونەریی کۆمەڵ بووی؟

**نەوزاد مەجید:** ئا، ئەوجا دوای من، عەلی توانا، دواتر عەبدولی حەمەجوان بوو، پاشان کەسانی دیکە هاتن و بوون بە بەڕێوەبەری هونەری، ئەڵبەتە ئەمە بە هەڵبژاردن بوو، بە وجوودی خۆت، بە حەزی خۆیشت بوو، من ئەو سێ ساڵە کردم، گوتم ئیدی ناتوانم، نەتوانینەکەشم ئەوە بوو ژیانی هاوسەرگیریم پێک هێنا، زەحمەت بوو من شەو و ڕۆژ لەوێ

بم، ماڵ بەجێ بێڵم و خزمەتێکی ماڵەکەم نەکەم، ئیتر هیلاکیش بووبووم.

**ڕامان:** بە خزمەتەکانت لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی ئاسوودەی؟

**نەوزاد مەجید:** هەرچییەکمان کرد، گرنگ ئەوەیە کۆمەڵ لە ڕۆژی دامەزرانییەوە تاکوو ئێستا هیچ شکستێکی تووش نەبووە و بەردەوامە و ماوە، ئەوەش بە دڵسۆزیی ئەندامەکانی بووە، گرینگترینیان ئەوە بوو عەلی توانا و نووری وەشتی توانییان ئەو زەوییە بۆ کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی وەرگرن، ئێستا بیناکەی بە تەنیشت ئێمیرجنسییەکەوەیە.

**ڕامان:** لە سەفەری پێشوومدا چووم لەو بینایەدا سەردانم کردن، ئەودەم لەگەڵ هونەرمەند عەلی جۆلا گفتوگۆی ڕۆژنامەوانیمان کرد.

**نەوزاد مەجید:** عەلی توانا، خۆی ئەو زەوییەی بۆ دابین کردین.

**ڕامان:** ئەو خۆی لە شارەوانی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** لە شارەوانی نەبوو، نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی زەویوزاری هەبوو، موعەقیبی تاپۆش بوو، نووری وەشتی کە لە شارەوانی بوو، کارەکەی کرد، بەڵام عەلی توانا تاپۆی کرد. ئاخر ئەمە زۆرە، یەکسەر زەوییەک بۆ کۆمەڵ تەرخان بکرێ و ئەو شانۆ جوانە، ئەو هەموو بینا جوانەی لەسەر دروست بکرێ.

**ڕامان:** تۆ ئێستایش لەوێ ئەندامی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بەڵام ئەندامێکی زۆر چالاک نا، چونکە ناتوانم هەموو ڕۆژێک بچم، ئەوانی دیکەش هەر ناچن، بەڵام دەزانن کە من نەوزاد مەجیدم و خزمەتی کۆمەڵم کردووە، لەوێ وەک هونەرمەندێک کە خزمەتێکی کۆمەڵم کردووە، خۆیشم ئێستا خۆم بە خاوەنی کۆمەڵ دەزانم، واتە بۆ کۆمەڵ چیم پێ بکرێ، داوای چیم لێ بکەن، یان خۆم بزانم چی پێویستە بەبێ یەک و دوو دەیکەم، بە مەرجێک خزمەت بە کۆمەڵ بگەیەنێت، ئەگەر گڵۆپێکیش بگۆڕم، ئەگەر گسکێکێش لێ بدەم هەر بۆ من مایەی شانازییە.

**ڕامان:** هیچ بیرت لەوە نەکردبووەوە کە لەو ساڵانەی هەڵبژاردن دەکرێ، ببیتە سەرۆکی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی؟

**نەوزاد مەجید:** هەرگیز بیرم لێ نەکردووەتەوە، من تۆزێک لەو بەرپرسیارەتییانە خۆم دوور دەخەمەوە، چونکە کە بەرپرسیارەتییەکەم بوو، لەوانەیە ئیشە هونەرییەکەم بۆ نەکرێ، باشترین نموونە بۆ ئەمە بێنمەوە، من ٤٨ بۆ ٤٩ ساڵ مامۆستا بووم، زۆربەی خزمەتەکەم لە قوتابخانەکاندا بوو، دواهەمینیان قوتابخانەی برایم باڵدار بوو، لێرەوە نزیکە، لای تانکی ئاوەکەوەیە، کە لەلای مزگەوتی (عەلی کەمال)ـە، ڕەنگە خەڵک بزانێ، زیاد لە پازدە بیست ساڵ لەوێ بووم، لەو ماوەی پازدە بیست ساڵەدا، زیاد لە چوار پێنج جار کە بەڕێوەبەرەکەمان ڕۆیشتووە، یان خانەنشین بووە، بۆ بەڕێوەبەریی تەکلیفیان لێ کردووم، من ڕەتم کردووەتەوە و نەمتوانیوە، چونکە زیاتر حەزم دەکرد دەرسەکە بڵێمەوە، ئیتر ئەو بەرپرسیارەتییەی قوتابخانە تۆزێک بۆ من قورس بوو، تەنانەت لە لادێش کە سێ ساڵ لەوێ بووم، هەر بەڕێوەبەریم وەرنەگرتووە.

# ڕامان لە ڕەهەندە ڕاڤەییەکانی کەسێتییە ئاژەڵییەکان، لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا

نیاز مەحموود عەبدولقادر
(زانکۆی ڕازیی کرماشان- ئەدەبیاتی فارسی / ئەدەبی بەراوردکاری)

**پوختە**

ئایینی یارسان (کاکەیی/ ئەهلی هەق)، ئایینێکی کوردییە و پەیڕەوانی زیاتر لە کوردستاندا دەژین و لە دەرەوەی کوردستانیش پەیڕەوانی زۆرن. زۆرینەی شوێنکەوتووانی ئایینی یاری کوردن و زیاتر لە گوند و شار و شارۆچکەکانی هەردوو پارێزگای کرماشان و لوڕستان نیشتەجێن و بەشێکی دیکەیان لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانن.

فەلسەفە و بنەمای سەرەکی و هەرە گرنگی ئەم ئایینە (دۆناودۆنی/ کراسگۆڕین) (الحلول التناسخ)ـە، کە ئەگەر ئەمە لەبەرچاو بگرین، ئەوە ئایینی یاری دەبێتە سێیەم گەورەترین ئایینی جیهان، کە بڕوایان بە دۆناودۆن هەیە.

کتێبی پیرۆزی ئایینی یاری بریتییە لە (سەرئەنجام)، کە بە زمانی کوردیی شێوەزاری گۆرانی (هەورامی) نووسراوە. لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا کەسێتیی گیانداری هەیە، کە هەریەکەیان و نیشانە، یان هێمان بۆ شتێک، یان دیاردەیەک و چیرۆکێکیان لە پشتەوەیە، وەکوو (مەلەکەتاوس، سیمورغ، گا، کەڵەشێر، مار، شاباز...تاد)، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە ڕەهەندە ڕاڤەییەکانی ئەم کەسێتییە ئاژەڵیانە بخەینەڕوو.

## چەمک و واژەی
## (کاکەیی - یارسان - ئەهلی هەق)

### کاکەیی

وشەی (کائاکا، کەئاکە، کائەکا) لە ئاڤێستادا وەکوو ناو و ئاوەڵناو بۆ ڕەگەز (نێر/ مێ) بەکارهاتوون، کە بە واتای (گەورە، مەزن، چاودێر) دێن. وشەی کاکەیی لە کاکەوە هاتووە، کە هەم بۆ تاک و هەم بۆ کۆ بەکاردێ و وەک دەبینین زۆرجار لەجیاتی کاکەییەکان وشەی کاکەیی بۆ پەیڕەوانی ئەم ئایینە بەکاردەهێنرێ. (جیزنی، ٢٠١٥، ١٢٨)

ڕیشەی وشەی (کاکە) بۆ دەورانی سوڵتان سەهاک دەگەڕێتەوە و لە هەندێک لە سروودە ئاینییەکانی سەردەمی سوڵتان سەهاکدا ئەم وشەیە بەکارهێنراوە. (کاکەیی،٢٠١٣، ٥)

**ئەز کە وێڵ بووم لە جێ و شارم**
**بەڵەدمی کرد شای شاسوارم**
**منی خستە سەر ڕێی ڕاستی**
**هەتا بژیم بە بێکاسی**
**من (عابەدین)ی کاکەییم**
**ئاخر بە مەرامی خۆم گەییم**
(بورەکەئی، ١٣٧٥، ٤٩٥)

## یارسان

لەسەر وشەی یارسان ڕاوبۆچوونی جیاواز هەن و ئەم وشەیە لێکدانەوەی زۆر لەخۆدەگرێ، وەلێ دەکرێ بڵێین وشەی یارسان وشەیەکی لێکدراوە و لە هەردوو وشەی (یار+ سان) پێک هاتووە، کە (یار) ناسناوی سوڵتان سەهاکە و بە واتای (خۆشەویست، میهرەبان، دۆست و هاوکار) دێت، هەروەها لە شێوەزاری هەورامیدا (یار) ناوێکی کۆنی خودایە، پاشان (سان)، کە بەشی دووەمی وشەی یارسانە، بە واتای (سوڵتان، مەزن، پیرۆز) دێت، هەر بۆیە یارسانەکان بە نوێکەرەوەی ئایینی یارسان دەڵێن (سان سەهاک)، کە ئاماژەیە بۆ سوڵتان سەهاک. (جیزنی، ٢٠١٥، ١٣٠)

هەروەها دەوترێ وشەی (سان) بە واتای هەرێم، یان مەڵبەند، یان ناوچەیەکی جوگرافی دێت، کە یارانی سوڵتان سەهاک تێیدا نیشتەجێ بوونە. لە لایەکی ترەوە وشەی (سان) بە واتای (بەرد/سەنگ) لێکدراوەتەوە، کە مەبەست لێی باوەڕی بەرز و بەردئاسای یارانی سوڵتان سەهاکە بە ئایینەکەیان. (مەلا عەبدوڵڵا، ٢٠٢٠، ١١٧ – ١١٨)

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین وشەی (یارسان) هێمایەکی ناسنامەییە بۆ ناسینەوی شوێنکەوتووانی ئایینەکە بەکاردەهێنرێ،



**بالوولی دانا**

هەندێک جاریش لەبری (یارسان) وشەی (یاری) بەکاردەبرێ. ڕیشەی وشەی یارسان بۆ دەورەی موبارەک شای لوڕستانی (شاخۆشین) دەگەڕێتەوە، کە نزیکەی سێ سەد ساڵ بەر لە سوڵتان سەهاک ژیاوە و لە یەکێک لە سروودەکانیدا باس لە فەلسەفەی ئایینی یارسان دەکات و دەفەرموێت:

**یارسان وە ڕا...**
**ڕای حەق ڕاسییەن، بڕنان وە ڕا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا**
**قەدەم وە قەدەم، تا وە مەنزڵگا**
(کاکەیی، ٢٠١٣، ٨)

## ئەهلی هەق

ئەم وشەیە لە دوو بەش پێک دێت، بەشی یەکەم (ئەهل)، کە بە واتای خەڵک دێت، بەشی دووەمیش (هەق)ـە، کە مەبەست لێی (خودا، یەزدان، مەولا)یە و پێکەوە واتای واژەکە دەبێت بە (خەڵکی خودا)، یان (خوداپەرستان). (کاکەیی،٢٠١٣، ٦)

بەشی دووەمی ئەم وشەیە، واتا (هەق) لە

سروودە ئایینییەکاندا زۆر دووبارە دەبێتەوە و ڕەنگە ئەمەش هۆکاری ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییە بێ، کە یارسانەکان پەیڕەوی دەکەن و دەڵێ: مرۆڤ بە چوار قۆناغدا تێ دەپەڕێ (شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت، حەقیقەت)، کە کاتێک سێ پلەی سەرەتا تێپەڕ دەکات و دەگات بە هەقیقەت، ڕووناک دەبێتەوە و لە دەرگەی خودا نزیک دەبێتەوە، کەواتە گەیشتن بە هەقیقەت واتا خود ناسین و خودا ناسین و گەشبوونەوەی گیان (ڕۆح)ی مرۆڤ. (کاکەیی، ٢٠١١، ٤)

وشەی ئەهلی هەق لە گفتوگۆیەکی نێوان شا وەیس قولی (قرمزی) و یارانیدا هاتووە و دەفەرموێت:

**تەمامی ئەعزاش، میکە بو ڕووزە**

**ئینکاری ئەزەل، نە ئاتەش سووزە**

**ئەهلی هەقانم، مەدا من ڕووزە**

واتا ( هەموو ئەندامەکانی بە ڕۆژوو مەکە، ئەوەی ئینکاری ئەزەل بکا بە ئاگر دەسووتێ، من ئەهلی هەقم، ڕۆژوو مەدە من). (خەزنەدار، ٢٠٠١، ٢٩٢)

## مێژووی سەرهەڵدانی ئایینی یارسان

بوونی هەر ئایین و ڕێباز و ئایدیۆلۆژیایەک پەیوەستە بە بوونی پاشخانێکی مێژوویی بەهێز کە بەهۆیەوە دەبێتە خاوەن بناغەیەکی قایم و ڕەگێکی قووڵ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دادەکوتێ. ئایینی یارسانیش یەکێکە لەو ئایینە دێرینانەی خاوەن مێژوویەکی دێرین و پڕ لە سەروەرییە، وەلێ زۆرجار بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست دەربارەی مێژووی ئەم ئایینە،سەرهەڵدان و مێژووی ئایینەکە دەشێوێنرێ، کە هیواداریـن ئێمە لەم هەڵەیە بەدوور بین.

ئایینی یارسان یەکێکە لە میراتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و کوردانی زاگرۆسنشین بەتایبەتی کە پڕیەتی لە هێما و ڕازی ژیان و تژییە لە فەلسەفە. ئەفراندنی دنیا و مرۆڤ و فەلسەفەی دۆنادۆن و مۆسیقا و لیریکا، لە بنەما هەرە دیارەکانی یارسان و ڕیشەی ڕەسەنی ئەم ئایینە خاکی کوردستان و چیاکانی زاگرۆسە. (هەورامی، ٢٠١٣، ٤)

ئەگەر بمانەوێ باس لە مێژووی ئایینی یاری بکەین، ئەوە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین مێژووی ئەم ئایینە سێ قۆناغی جیاواز لەخۆدەگرێ، کە بریتین لە:

**یەکەم:** قۆناغی نادیار

ئەم قۆناغە بریتییە لە ڕۆژی دروستبوونی گێتی، ئەمەش لە دەقە ئایینییەکانی یارسان و لەنێو کتێبی پیرۆزی (سەرئەنجام)دا ئاماژەی پێ کراوە و دەڵێت:

**ئەو ئاتەشخانە... ئەو ئاتەشخانە**

**بارگەی شام وەستەن ئەو ئاتەشخانە**

**(زەردەشت)ش کیاست پەری فرمانە**

**بەرگوزیدەش کەرد نەرووی زەمانە**

بەپێی ئەم دەقە، خودا لە ئاگرخانەیەک یەکەمین هەواری خۆی لەسەر زەوی داناوە، تا بەهۆی یەکەم مرۆڤی دروستکراوی خۆیەوە زەوی بەڕێوە ببات. ئەم دەقە ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە ئایینی یارسان لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم مرۆڤدا پەیدا بووە و دەرکەوتووە. (سەباح،٢٠١٥، ٣٩٥)

واتە کاکەییەکان باوەڕیان وایە ئایینەکەیان لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات، کە ئادەم (پیر بنیامین) بە ناوی (کاکە)وە لە بنەنگڵی خوداوە هاتووەتە دەرێ. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٣٤)

**دووەم:** قۆناغی میترایی و زەردەشتی و ئایینە

هیندۆئارییەکانی تر

ئەم ئایینانە ٣٥٠٠-٤٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا پەیدا بوونە و ڕیشەی ئایینی یارسانیش بۆ ئەم سەردەمانە دەگەڕێتەوە کە هێما و دەق و بەڵگەی ورد هەن و نیشاندەری ئەو ڕاستییەن، کە ئایینی یارسان بە ئەسڵ و ڕیشە و فەلسەفەوە بۆ سەردەمی ئایینی (زەروانی، میترایی، زەردەشتی، مانی...) دەگەڕێتەوە. (جیزنی، ٢٠١٥، ١٣١)

هەروەها بەهۆی بوونی ئایینی هیندۆسی و بوودایی لە کوردستان، لەڕووی کولتوورییەوە تێکەڵاوی لە نێوان ئایینی یارسان و هەریەک لە ئایینی هیندۆسی و بووداییدا ڕووی داوە. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٢٨)

سێیەم: قۆناغی پاش ئایینی ئیسلام

یەکەمین قۆناغ و سەرهەڵدانی ئایینی یارسان پاش ئایینی ئیسلام، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی کۆچی و لەسەر دەستی (بالوولی دانا) لە لوڕستان، ئەم هەوڵەش لەڕێگەی سروودگەلی کوردیی شێوەزاری هەورامییەوە بووە، قۆناغێکی نوێ و گرنگی لە مێژووی ئایینی یارساندا هێنایە کایەوە. لە سەردەمی (بالوولی دانا) دا و لە سەدەی دووەمی کۆچی تا قۆناغی (پەردیوەر)، تەواوی کەلامەکانی یارسان بە شێوەزاری هەورامی نووسراون، جگە لە کەلامی (عابدینی جاف) نەبێت، کە بەشێوەزاری جافی نووسراوە. (هەورامی، ٢٠١٣، ٣١)

دوای هەوڵەکانی، بالوولی ماهی مژدەی سەرهەڵدانی (شاخۆشێنی لوڕستانی) بە یاران دەدات و شاخۆشێن لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا دەردەکەوێت و درێژەپێدەری ڕێگەکەی بالوولی دانا دەبێت، پاشان پەیڕەوانی بالوولی دانا و ئەو (خورەمدینان)ـەیش، کە دوای (بابەک) ی سەرکردەیان پەرتەوازە بووبوون لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و ئایین و بیروباوەڕەکەی وەردەگرن، هەر ئەمەش هۆکاری دامەزراندنی ناوەندی ئایینیی یارسان و گەشەکردنێتی لە لوڕستان، هەروەها دوای شاخۆشێنی لوڕستانی، چەندان کەسایەتی ئایینیی دیکە دەردەکەون، کە لە بەرەوپێشبردن و گەشەسەندنی ئایینی یارساندا هاوکار بوونە و شوێندەستیان دیارە، لەوانە:

١- بابا سەرهەنگی دوودانی.

٢- بابا جەلیلی دوودانی.

٣- بابا ناوسی سەرکتی.

هەریەک لەم کەسایەتییانە تا سەدەی حەوتەمی کۆچی، ڕابەرایەتی بزاڤی یارسان دەگرنە ئەستۆ، پاش ئەمانیش و لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا (سوڵتان سەهاک) دەردەکەوێت، ئەمەش بە قۆناغێکی دیکەی پاش ئایینی ئیسلام دێتە هەژمار و بە یەکێک لە قۆناغە هەرە گرنگەکان دادەنرێت. لەم قۆناغەدا سوڵتان سەهاکی بەرزنجەیی پشت بە ڕێکوپێککردن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بنەما فکرییەکانی ئەم ئایینە دەبەستێ و لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتوو دەبێ. جیا لەمانەش کەسایەتی سوڵتان سەهاک کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەرهەڵدانی زۆربەی بزاڤ و ڕەوتە ئایینی و فیکرییەکانی هاوچەرخی خۆی دەبێ. (تاهیری،٢٠٠٩، ٩٠)

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی، سەردەمی زێڕینی گەشەسەندنی ئایینی یاری بووە و هۆکارەکەشی بۆ هەوڵەکانی سوڵتان سەهاک دەگەڕێتەوە، کە بنەما و ڕێساکانی ئەم ئایینەی تەواو کرد و زۆربەی دەقە پیرۆزەکانی یارسانی لە کتێبێکدا بە ناوی (سەرئەنجام) کۆکردەوە و بۆ

پەیڕەوانـی ئایینـی یارسـانی بەجـێ هێشـت.

## شوێنی نیشتەجێبوونی پەیڕەوانی ئایینی یارسان

ئایینـی یـاری لـە لوڕسـتانەوە سـەری هەڵـداوە و لـە کوردسـتان بـڵاو بووەتەوە، هەربۆیە لوڕسـتان و کوردسـتان بـە سـەرچاوەی ئـەم ئایینـە دادەنرێـن. ئێسـتاش ئـەم دوو شـوێنە مەڵبەنـدی سـەرەکی پەیـڕەوان و شـوێنکەوتووانی ئـەم ئایینـەن. لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کاتـدا ئایینـی یـاری لـە سـەرجەم ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بـڵاو بووەتـەوە، هـەر لـە (هیندسـتان و پاکسـتان و ئەفغانسـتانەوە تـا دەگاتـە ئێـران و عێـراق و تورکیـا و ئازەربایجـان). لەمـڕۆدا پەیڕەوانـی ئایینـی یارسـان لـە ڕۆژهـەڵات و باکـوور و باشـووری کوردسـتان و عێـراق و ئێـران و تورکیـادا لـە هەریـەک لـە شـارەکانی (کرماشـان، کەرکـووک، مووسـڵ، ئورفـا، هەکاری، وان، دێرسـیم، تـاران، شـیراز، تەبرێـز، بەغـداد...) بوونیـان هەیـە و لـە هەرێمـی کوردسـتان پارێـزگای کەرکـووک بـە مەڵبەنـدی سـەرەکییان دادەنـرێ. (کاکەیـی، ٢٠١٣، ٨)

سـەبارەت بـە ژمـارەی پەیڕەوانـی ئـەم ئایینـە، تـا ئێسـتا سـەرژمێرییەکی ورد لەبەردەسـتدا نییـە، بـەڵام بـە نزیکـەی چـوار ملیـۆن دێنـە ژمـار.

## کتێبی پیرۆز و فەلسەفەی ئایینی یارسان

یارسـانەکان تەنیـا یەک کتێبـی پیرۆزیان نەبووە، بەڵکوو هـەر تیـرە و هـۆز و بنەماڵەیـەک کتێبێکـی تایبـەت بـە خۆیـان هەبـووە. (خەزنـەدار، ٢٠٠١، ٢٢٨). ئایینـی یارسـان خاوەنـی سـەرچاوەیەکی دەوڵەمەنـدە لـە کتێبـدا و بەشـێکی زۆر بـاش و گرنگـی لـە کتێبێکـدا بـە نـاوی (سـەرئەنجام)، یان (کەلامـی خەزانـە) کۆکراوەتـەوە و سـەرجەمیان بریتیـن لـە فەرموودەکانـی سـوڵتان سـەهاک و یارانـی، کـە لـە سـەدەی هەشـتەمی کۆچیـدا ژیـاون. ئـەم کتێبـە پیـرۆزە بـە زمانـی کوردیـی شـێوەزاری هەورامـی نووسـراوە و لـە هەورامانـدا پارێـزراوە. کتێبـی سـەرئەنجام لەلایـەن دوکتـۆر (سدیق سـەفی زادە بۆرەکەیی)ـەوە و لـە سـاڵی ١٣٧٦ی هەتاویدا (١٩٩٧ز)، بە نـاوی (دانشـنامە نـام اوران یارسـان) و (نامـە سـرانجام/ کلام خزانـە) لـە تـاران چـاپ کـراوە.

کتێبـی سـەرئەنجام شـەش بـەش لەخۆدەگـرێ و بریتیـن لـە:

١- بارگە بارگە.
٢- دەورەی هەفتوانە.
٣- گلیم و کول.
٤- دەورەی چلتەن.
٥- دەورەی عابدین و وردە سەرئەنجام.

(نەبەز، ٢٠٠٨، ٣٥)

کتێبـی سـەرئەنجام، یـان سـروودی ئایینیـی یارسـان لـە دوو بـەش پێکهاتـووە، بەشـی یەکەمـی پەخشـانە و بەشـی دووەمـی شـیعر. پەخشـانەکان پارچەپارچـەن و سـەرەتای پەخشـان بـە دروسـتبوونی (گـەردوون = بـوون) دەسـت پـێ دەکات و خوو و ڕەوشـت و کولتووری یارسـانەکان پێشـان دەدات، هەرچـی سـروودە شـیعرییەکانیشە پێکهاتـوون لـە (١٠) پارچـە و بریتیـن لـە:

١- خـان ئەڵمـاس، وەسـفی دروسـتکردنی بـوون دەکات.
٢- عالـی قەلەنـدەر، وەسـفی گۆڕانـی نـاوەوەی خـۆی دەکات.
٣- گفتوگـۆی سـوڵتان سـەهاک لەگـەڵ ڕێبـەر میکائیـل.
٤- لەبارەی کردگارناسین و لێبووردنەوە.
٥- لەبارەی ڕێوڕەسمی قوربانیکردنەوە.
٦- ستایشی داود.

٧- ستایشی مەعشوق عەلی.

٨- ستایشی بابا یادگار.

(خەزنەدار، ٢٠٠١، ٢٢٩)

هەریەک لە بەشەکانی کتێبی سەرئەنجام و پەخشان و سروودەکانی ئەم ئایینە، فەلسەفە و عیرفان و ڕۆشنبیریی کوردمان لە سەردەمانی کۆندا نیشان دەدەن. یارسانەکان باوەڕیان بە فەلسەفەی (دۆنادۆن) هەیە و پێیان وایە گیان نەمرە و کاتێک لە لەش دەردەچێ، دەچێتە لەشێکی دیکەوە. ئەگەر گیانەکە پاک بێ، دەچێتە جەستەی منداڵێکی ساوا، یان کۆمەڵێک گیاندارەوە، کە لە بەشەکانی دواتردا ئاماژەیان پێ دەدەین، خۆ ئەگەر گیانەکە خراپ، یان تاوانبار بێت، ئەوە دەچێتە جەستەی ئاژەڵێکی درندەوە. بەپێی فەلسەفەی یارسان سووڕی گیان کاتێک تەواو دەبێت، کە گیانەکە پاک بێتەوە. جگە لە فەلسەفەی دۆنادۆن، یارسانەکان لایەنگری فەلسەفەی ئیشراق، یان تیشکهاویشتنن، کە فەیلەسووفی کورد (شەهابەددینی سوهرەوەردی) یەکێک بووە لە لایەنگرانی ئەم فەلسەفەیە و هەر لەبەر ئەمەش بە پلان و فێڵی مەلا عەرەبەکان و فەرمانی سەڵاحەددینی ئەیووبی شەهید کرا. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٣٦)

بەشێوەیەکی گشتی فەلسەفەی یارسان لەسەر چوار بنەمای سەرەکی وەستاوە، وەک لە دەفتەری یاریدا هاتووە و دەفەرموێ:

**یاری چار چێوەن باوەرێ وەجا**

**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕدا**

(الهی، ١٣٦١، ٢٢)

١- پاکی: مانا تایبەتییەکەی ئەم بنەمایە بریتییە لە پاکی و چاکیی هزر و گوفتار و ڕەفتار، کە ئەم سێ بنەمایەش کۆڵەکەی گرنگی ئایینی زەردەشتین (بیری باش، گوفتاری باش، کرداری باش).

٢- ڕاستی: واتا گرتنەبەری ڕێگەی ڕاست و دۆستی چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە.

٣- ڕدا: بە مانای گیانی هاوکاریی و فیداکاری بەرانبەر بە دروستکراوەکانی خودا. (کاکەیی، ٢٠١٣، ٩)

٤ - نیستی: واتا نابوودکردنی (غروور، لووتبەرزی، خۆبەگەورەزانین، هەوا و هەوەسی نەفسانی) و بۆ ئەوەی سەرئەنجام مرۆڤ خۆی ئامادە بکات تا بوونی تێکەڵ بە بوونی خودا بێ، واتا فانیبوون لە بوونی یەزداندا و گەیشتن بە قۆناغی نیستی.

(https://www.dabran.org)

## پێشەوا و ڕابەرانی یارسان

١- بالوولی دانا

٢- شاخۆشێن (موبارەکشای لوڕستانی)

٣- بابا ناوسی جاف

٤- سوڵتان سەهاک

٥- بابا عەلی هەمەدانی

٦- بابا یادگار

جگە لەم پێشەوا و کەسایەتیانەی ئایینی یاری، کە هەموویان پیاون، ئایینەکە گرنگییەکی زۆری بە ئافرەت داوە و هەر بەپێی فەلسەفەی ئایینەکە، ئافرەت و پیاو یەکسانن و لێرەدا گرنگی بە گیان دەدرێ نەک ڕەگەز.

ئەو ژنانەی لە ئایینی یارساندا پێگە و شوێنی دیاریان هەیە، بریتین لە:

١- دایە تەورێزی هەورامی

٢- گەڵاڵە خانمی لوڕستانی (دایکی شاخۆشێن)

٣- لزا خانمی جاف

٤- خاتوو مەیزەرد

٥- فاتمه لوڕه
٦- دایه خەزانی سەرکەتی
٧- خاتوو دایراکی ڕەزبار (دایکی سوڵتان سەهاک)
٨- یای حەبیبەی شارەزووری
٩- پیر نازدار خاتوونی شیرازی

ئەمانە و چەندان ژنی دیکە هەن، کە لە ئایینی یاریدا خاوەنی ناوبانگ و پایەی گەورە و گرنگن، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئایینەکە ئایینی یەکسانخوازییە و جیاوازیی لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا (نێر/ مێ) نەکردووە.

## ڕامان لە ڕەهەندە ڕاڤەییەکانی کەسێتییە ئاژەڵییەکان لە دەقە ئاینییەکانی یارساندا

لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا ناوی چەندان جۆر ئاژەڵ هاتووە و ئاماژەیان پێ کراوە، کە هەریەک لەم ئاژەڵانە پێگە و شوێنی دیاریان لە ئایینەکەدا گرتووە و پیرۆزی و قودسیەتی خۆیان هەیە. خۆ ئەگەر بمانەوێ لەم کەسێتییە ئاژەڵیانە بدوێین، ئەوە هەر ئاژەڵێک و باس و لێکدانەوەی جیاواز لەوی دی لە خۆ دەگرێ، کە هەوڵ دەدەین لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵێکیان بکەین.

*** کەڵەشێر**

کەڵەشێر یەکێکە لەو گیاندارانەی لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا گرنگیی زۆری پێ دراوە و جۆرێک لە پیرۆزیی وەرگرتووە. ئەم گیاندارە وەک جۆرێک لە تۆتم بۆ قوربانیکردن ڕێزی لێ دەگیرێ و هەر خێزانێک، یان بنەماڵەیەکی یارسانی لە درێژایی ساڵێکدا دەبێ حەوت قوربانی بکات، کە بریتییە لە حەوت کەڵەشێر. هەروەک لە سەرئەنجامدا هاتووە و دەفەرموێ:

**حەرام سەرەی گاو، حەلاڵ سەرەی ئەو**
**ئەرم خوروسا وەیتەور وە ئەخزەر**
**پا لوقمەی خوروس یارانم مووە سیر**
**دیدە وە خوروسم پا گاو جام نوێر**
**ها پەر و باڵش زەڕا وە زەنجیر**
**چەی وەربیم بییا ها چەنی وایر**
**میرمان ئاما پا برای ئەمیر**
**چەنی کەلەزەردەم نییەنەش تەوفیر**
**خوروسم نەقدا لوقمەی باقی ویر**

ئەم فەرموودەیە ئاماژە بە پیرۆزیی کەڵەشێر دەکات و دەڵێت، ئەو ڕۆحە پاکانەی توانایی سەرکەوتنیان هەیە لە جەستەی کەڵەشێردا نیشتەجێ دەبن، تا لەپێناو هەقدا بکرێن بە قوربانی. (تاهیری، ٢٠٠٩، ٣٩)

دیارە ڕیشەی ئەم بەقوربانیکردنەی کەڵەشێر لە ئایینەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاتەی، کە سوڵتان سەهاک و کۆمەڵێک لە یارانی کاتێک لە بەرزنجەوە بەرەو هەورامان دەچن، لە چیای دالاهۆ لە کێوی شنروێ هێزێکی چەکدار پەلاماریان دەدەن و سوڵتان و یارانی پەنا دەبەنە بەر ئەشکەوتێک بە ناوی (مەڕنۆ) و ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ تێیدا دەمێننەوە،پاشان لە ڕۆژی چوارەمدا ڕزگاریان دەبێت و لەلایەن ئافرەتێکەوە میواندارییان لێ دەکرێ و خواردنیان پێ دەدرێت، خواردنەکە بریتی دەبێ لە (برنج و گۆشتی کەڵەشێر)، هەر بۆیە یارسانەکان ماوەی سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن و چوارەم ڕۆژ جەژن دەگێڕن و خواردنی جەژنیان برنج و گۆشتی کەڵەشێر دەبێت.

دیارە کەڵەشێر هەر بۆ خۆیشی هێمای کۆتایی هاتنی شەو و دەستپێکردنی ڕووناکییە، واتا سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکیدا و ئەم چیرۆکەی سوڵتان سەهاکیش هەمان لێکدانەوە وەردەگرێ، کە دوای سێ شەو و ڕۆژ لە تاریکیی

ئەشکەوتدا ڕزگاریان دەبێ و بە ڕووناکی و ڕۆژێکی نوێ شاد دەبنەوە.

* گا

یەکێکی تر لەو گیاندارانەی لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا ناوی هاتووە و بۆ قوربانیکردن کەڵکی لێ وەرگیراوە، بریتییە لە گا. گا لە ڕووی ئایینی، گیاندارێکی پیرۆز و کیومەرسە و قوربانیکردنی گا لە ئایینەکەدا، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی میترایی و مەبەست لە قوربانیکردنی گا نوێکردنەوە و بووژاندنەوەی سیستمی ئاسمانی و ئەفراندنی ژیانە، ئەمەش واتا هێز لە بەرانبەر ئیرادەی سەرووسرووشتەوە دەکرێتە قوربانی، خۆ ئەگەر سەیری ئایینە زەمینییەکان بکەین، ئەوە هەمیشە گیانداری گەورە و بەهێز کراون بە قوربانی، وەکوو (حوشتر، ئەسپ، گا، مانگا، بەران...).

لە کەلامی گەڕی (ساوا)دا، دەربارەی قوربانیکردن و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی قوربانیکردنەکەدا هاتووە، کە ئەو گایەی دەبرێت بۆ قوربانیکردن دەبێت خاوەنی جیلوەی ڕۆحی بابا یادگار بێت، هەروەها یەکێک لەو چیرۆکانەی وا دەکات گا لە ئایینەکەدا پیرۆز بێ، چیرۆکی سکپڕبوونی گەڵاڵە خانی لوڕستانییە، کە دەکاتە دایکی (شاخۆشێن/ باوەخۆشێن). چیرۆکەکە وا گێڕدراوەتەوە، کە ڕۆژێک گەڵاڵە خانم لەبەر هەتاودا پاڵ کەوتووە و خەوی لێ کەوتووە، لەم کاتەدا تیشکی خۆر دەچێتە نێو دەمییەوە و دەبێتە هۆی سکپڕبوونی. پاش ئەم ڕووداوە گەڵاڵە خان زۆر دەترسێ لەوەی خێزانەکەی بیکوژن، بەڵام خودا یارێکی خۆی لە لەشی (کاکەردای لوڕستانی)، کە لەگەڵ فریشتە (جوبرەئیل)دا یەک ڕەوانن، دەنێرێ بۆ لای و پێی ڕادەگەیەنێ (مەترسە، سکەکەی تۆ دیاردەیەکی یەزدانییە)، پاشان کاکەردا، گەڵاڵە خان بە سواری گایەک دەبات بۆ ماڵی خۆیان و دەیپارێزێت، تا کاتێک باوەخۆشێن لەدایک دەبێ. لە لێکدانەوەی ئەم چیرۆکەوە دەتوانین بگەین بەو ئەنجامەی کە گا لای یارسانەکان پیرۆزە و وەک هۆکاری ڕزگارکردنی گیانێکی پیرۆز دادەنرێت و هۆکارێکە بۆ ژیان، کە ڕزگارکردنی گیانی (گەڵاڵە خان و شاخۆشین)ـە.

* هەڵۆ (شاباز)

هەڵۆ، یان شاباز لە دەورەیەک لە دەورەکانی یارساندا بە ناوی دەورەی (دامیار)، یان دەورەی بەرزنجە، زۆر باس کراوە و وەک گیانداریکی گرنگ و پیرۆز ئاماژەی پێ کراوە. یەکێک لە لایەنە ڕاڤەییەکانی هەڵۆ، کە لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بدەین بریتییە لەو باوەڕە ئایینییەی، کە پەیڕەوانی ئایینی یاری هەیانە و پێیان وایە (هەڵۆ) خودی سوڵتان سەهاک، یان گیانی پیرۆزی سوڵتان سەهاکە. لە لایەکی ترەوە لە ئایینی یاریدا، هەڵۆ هێمایەکە بۆ گەیشتن بە پلەی بەرزی عیرفانی و خواناسی، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەڵۆ خاوەن هێزێکی زۆرە لە فڕیندا و دەگاتە بەرزترین شوێن لە فڕیندا و بەردەوام لەسەر لووتکەکاندا دەبینرێت، هەروەک کاکە ڕدای لوڕستانی لەم دوو بەیتەدا دەفەرموێ:

**سفیدە بازم، سەربالم نەکوێ**
**مەلەوانیم کەرد جە ئاو ئامۆی**
**ڕۆژم کەرد وە شەو شەوم کەرد وە ڕۆژ**
**خەرقەی خوەشینەن بێ تان و بێ پۆی**

واتا ( من ئەو بازە سپییەم، کە شاباڵەکانم کێشاوەتە سەر کێوان و لە ناو ئاوی ڕووباری ئامۆیدا مەلەوانیم کردووە. لە پلەوپایەی

خواناسیدا گەشتوومەتە جێگایەک، کە توانایيم بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و دەتوانم شەو بکەم بە ڕۆژ و ڕۆژ بکەم بە شەو، یان خۆشی بکەم بە ناخۆشی و ناخۆشی بکەم بە خۆشی) (بۆرەکەیی، ٢٠٠٨، ١١٢)

هەر بەپێی ڕامانی یارسانەکان، لە سەرەتای سەرەتادا و پێش (بوون) کاتێک ئەم گەردوونە نەبووە، خودا لە شێوەی مەلێکدا بووە و ئەو مەلەیش (هەڵۆ) بووە. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٤٥٧). خۆ ئەگەر سەیری سەرچاوە مێژووییەکان بکەین، دەبینین کە مێژووی بەکارهێنانی هەڵۆ لەلایەن کوردەوە، ڕەگێکی زۆر کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش زاین و ئەم باڵندەیە وەک هێمای نێو ئاڵای کوردان، لە چەندان سەردەمی جیاوازدا بەکارهێنراوە و گرنگترینیان سەردەمی میتراییەکانە، کە خۆری باڵدار و هەڵۆ و شێریان وەک هێمای تایبەتی خۆیان بەکارهێناوە، پاشان لەنێو ئایینەکانی دیکەی کورددا بڵاو بووەتەوە، هەروەک لە ئایینی یارساندا دەیبینین. (میرزادەیی، ٢٠٢٠، ٤٥٧)

*** مراوی**

لە تەوەرەکانی پێشوودا ئاماژەمان بەوە کرد، کە یارسانەکان باوەڕیان بە فەلسەفەی (دۆنادۆن) هەیە و پێیان وایە گیان نەمرە، چون گیان بریتییە لە فووی خودا و مردن، واتا گەڕان و سووڕی گیان لە لەشێکەوە بۆ لەشێکی تر، هەروەها ئەم پرۆسەی ژیان و مردن و سووڕی گیانەش بە مراوییەک دەچوێنن، کە لە ناو ئاودا بێت و لەلایەکەوە سەری دەنێتە نێو ئاوەکەوە و لەلایەکی ترەوە سەر دێنێتە دەرەوە، ئەمەشیان بەم شێوەیە بە هەڵبەست ڕێک خستووە:

**مەردان مەترسن وەی سیاسەتە**
**مردنی مەردان جۆر قووتەی بەتە**

لێرەدا مەبەست لە وشەی (بەت) مراوییە، کە وشەیەکی کۆنی هیندۆئەورووپییە. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٣٨-٣٩)

*** مەلەکەتاوس**

مەلەکەتاوس لە ئایینی یاریدا بەشێکە لە هێز و ویستی خودا، بە پێچەوانەی ئەو لێکدانەوانەی بۆ ئەم باڵندەیە کراون، گوایە مەلەکەتاوس شەیتانە و یارسانەکان ئەم باڵندەیە دەپەرستن و دابی تایبەت بەم پەرستنە جێبەجێ دەکەن و شەیتان پیرۆز دەکەن. لە ڕامانی یارساندا باوەڕ وایە هەر کەسێک لە گەورەکانیان بمرێت، گیانی بە مەلەکەتاوسەوە پەیوەست دەبێ، هەروەها لە دەقە ئایینییەکاندا ئاماژەی پێ دراوە، کە مەلەکەتاوس ئاماژەیە بۆ نووری خۆر و پەڕی تاوس هێمای نووری خۆرە، هەروەک (باوە نائووسی جاف) دەفەرموێ:

**مەهێ چە باڵان مەهێ چە باڵان**
**ناوزم نە تاس مەهێ چە باڵان**
**پەڕوو تاوسان ئەز کەردەنم بەش**
**تاڵانم کەردەن مورغان و مەبەش**
**خورشیدم تاوس تاوسمە چل نەخش**
**تیر تێژ باڵم باڵدان نە سەر تەخش**

لەم دەقەی بابا نائوس و بەشێک لە دەقە ئایینییەکانی تری یارساندا دەربارەی مەلەکەتاوس و پەڕی مەلەکەتاوس قسە کراوە و بە واتای نووری خۆر دێت. هەر لە ئایینی یاریدا (پیر بنیامین) یەکەم تەجەللای خودایە و دەبێت بە دۆنی مەلەکەتاوس و لەگەڵ ئەم باڵندەیەدا یەکن. (حیجازی، ٢٠١٢، ٦٨-٦٩)

*** سیمورغ**

سیمورغ باڵندەیەکی ئەفسانەییە، نیشانەی

هێــزە و بــە شــای باڵنــدەکان دادەنرێــت، لــە سـۆفیزمی یارسـانەکاندا نیشـانەی تـەواوی و کامڵیــی ئادەمــزادە و ســۆفییان بــە پرتــەوی خودای دادەنێن، کـە لـە قاڵبی ماتریالیدا خۆی دەنوێنێـت.

(شـا ئیبراهیـم) لەگـەڵ گرنگیدانـی بـە ڕووداوە کۆنـەکان و بەکارهێنانیـان وەک ڕەمـز بـۆ لێکدانـەوەی نهێنییەکانـی ئایینـی کاکەیـی، بایەخێکی زۆریشـی بـە دروشـمە تایبەتەکانی ئـەم ئایینـە داوە، هـەروەک لـەم سرووەدەیدا دەفەرموێ:

**یورتی من عەنقا یورتی من عەنقا**

**نە یانەی ئەزەل، یورتی من عەنقا**

**نە قاڵبی چین، نوور ئەز موهەییا**

**جەدد و عالەمی، ئەز نان بیا**

**جامەی ئەز بیا، مەشیانە و مەشیا**

**ئیگاش نی پەردە، سککەم بی ڕەوا**

واتـا لـە ڕۆژانـی پێش کـردگار پەڕی من سـیمورغ بـوو، تیشـکی مـن ڕووناکـی گەیانـدە چیـن و مـن باپیـری هەمـوو خەڵکـی ئـەم گەردوونـە بـووم، ئـادەم و حـەوا پەیکـەری مـن بـوون، ئێسـتاش منـم پێوەنـدی نێـوان کـردگار و بەنـدە.

*** مار**

یەکێکـی تـر لـەو ئاژەڵانـەی لـە ئایینـی یاریـدا گرنگیـی پـێ دراوە بریتییـە لـە (مـار). مـار لـە مێـژووی کـورد و ئایینـە دێرینەکانـی کـورددا، بـە نموونـە ئایینـی (میترایـی) هێمـا و سـیمبۆلی بەردەوامـی و هێـز و تەندروسـتی و نەمرییـە، هەروەهـا لـە ئایینـی ئێزیدیشـدا مـاری ڕەش گرنگـە و کوشـتنی حـەرام کـراوە و پێیـان وایـە کەشـتیی نـووح خـۆی بـە چیـای جوودی لـە باکووری کوردسـتان دەکێشـێ، کـون دەبـێ و مارێکـی ڕەش خـۆی لەسـەر کونەکـە گرمۆڵـە دەکات و ناهێڵێـت ئاو بچێتـە نـاو کەشـتییەکەوە.

لـە ئایینـی یارسانیشدا مار بە پەیوەسـتی نێوان زەوی و ئاسـمان و پارێـزەری زەوی دادەنرێـت. خۆ ئەگـەر ورد سـەرنج بخەینـە سـەر ئـەم باسـە، بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە سـەرجەم ئـەم چیرۆکانـە دەچنـەوە سـەر ئـەو مەبەسـت و پەیامـەی، کـە مـار هێمـای پاراسـتن و هێـزە.

*** سەگ**

سـەگ لـە ئایینـی یارسـاندا وەک نیشـانەی وەفـا و دڵسـۆزی لێـک دراوەتـەوە، هەروەهـا وەک هێمای خزمەتکردن بـە پیر و یارانی ئایینەکـەش دادەنرێـت، هـەروەک (سـەید مسـتەفا) لـە دەورەی هەفتەوانـە لـە بەنـدی ٤٩ دا دەفەرمـوێ:

**جامه و مزهرم عیان است...**

**جامه و مزهرم در خانه‌ای ازل عیان است**

**سید محمد در پیکره‌ای ابوالبشر تجلی کرد**

**من هم در ان دم از او دیده‌بانی می کردم**

**و شبها مانند سگ پاسبانی می کردم**

(بورکەئی، ١٣٧٥، ٢٩٩)

لـەم کەلامـەی سـەید مسـەفادا دەردەکەوێت، کە سـەگ لـە ڕامانـی یارسـاندا بریتییـە لـە ئاژەڵێکـی بەنـرخ و دڵسـۆز، هەروەهـا پاسـەوانێکی وەفـادار و لـە دەقـە هەورامییەکانـدا وەک گیاندارێکـی (بـاش/ نیـک) ئامـاژەی پـێ کـراوە.

*** ئەسپ**

ئەسـپ کەسـێتییەکی تـری ئاژەڵیـی نێـو دەقـە ئایینییەکانـی یارسـانە، لـە کتێبـی سـەرئەنجامدا ستایشـی کـراوە و وەک گیاندارێکـی بەنـرخ و بەسـوود، هەروەهـا دروسـتکراوێکی پاکـی خـودا دادەنرێـت، هەربۆیـە یارسـانەکان هەوڵـی بەخێوکـردن و پەروەردەکردنـی ئـەم ئاژەڵـە دەدەن. لـە کتێبـی (کۆمەڵێـک پەیامـی ئەهلـی هـەق)دا هاتـووە و (محەمـەد بـەگ) فەرموویەتـی، لـە پـاش نەمانـی مـن (خـان ئاتـەش) دەردەکەوێت

و دوای ئەویش (ئیمام قولی) دەردەکەوێت و پێویستە هەمووان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن و پەسەندی بکەن. پاش نەمانی (محەمەد بەگ) خان ئاتەش جێگەی گرتەوە و هەمووان بوون بە یار و شوێنکەوتەی. دوای ماوەیەک داوای کرد ئەسپێک ئامادە بکەن تا بچێتە ڕاو، پاشا ئەوەی ئەسپەکەیان بۆ ئامادە کرد، خان ئاتەش و هاوەڵانی بۆ ڕاوکردن بەڕێ کەوتن و پاش کەمێک خان ئاتەش لە ناوەڕاستی ڕێگەکەدا دەبێتە شاباز و هەڵدەفڕێت و لەسەر لوتکەی چیای (سەهەند) دەنیشێتەوە. لەو کاتەدا پەڵەهەورێک لەسەر لوتکەی چیاکە دەردەکەوێت و شاباز دیارنامێنێ. پاش ئەم ڕووداوە (فەرامەرز بەگ)ی کوڕە گەورەی خان ئاتەش بە (ئیمام قولی)ی برای گوت (دەبێت من لەسەر تەخت و لە شوێنی باوکم دابنیشم)، گەورەکان چوونە سەر لوتکەی چیای سەهەند بۆ دڵنیابوون لە گەورەیی زاتی ئەو، لەم کاتەدا ئیمام قولی بۆ نیشاندانی گەوهەری خۆی، بەشێوەی ئەسپێکی گەورە و جوان خۆی نیشان دا و بەرەو شاخەکە ڕای کرد. گەورەکان ئەمەیان بینی، چوونەوە بۆ لای ئیمام قولی و کەوتنە سەر زەوی و متمانەی خۆیان پێ بەخشی و وەکوو گەورەی خۆیان پەسەندیان کرد. (بورەکەئی، ١٣٧٥، ٢٠٢)

لەم چیرۆکەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەسپ ئەفرێنراوێکی پاکی یەزدانە لە ئایینی یاریدا و ئیمام قولی خاوەن گیانێگی پاک و کەسایەتییەکی بەهێز بووە و لە شێوەی ئەسپێکی بەهێز و جواندا خۆی نیشان داوە.

*** بەراز**

بەراز لە ئایینی یارساندا یەکێکە لەو ئاژەڵانەی خواردنی گۆشتەکەی حەرامە، ئەمەش لە گفتوگۆیەکی نێوان قرمزی (شاوەیس قولی) و یارانیدا، سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕە پراکتیکییەکانی ئایینی یارسان هاتووە، کە کۆمەڵێک خەڵکی ناوچەی شاهۆ بەراز ڕاو دەکەن و گۆشتەکەی دەخۆن، کاتێک دەچنە لای قرمزی پێیان دەڵێت:

**یاران ئاشناسان، ئاهۆنی ئاهۆ**

**هەرکەس گۆشت گلە چنش مەیابۆ**

واتا ئەی یاران ئێوەم یەک بەیەک ناسیوە و هەرکەس گۆشتی خواردووە بۆنی لێ دێ، ئاسمان و زەوی وەختە ببنە یەک. کە مەبەستی حەرامێتی و نەشیاویی خواردنی گۆشتی بەرازە، ئەمەش لەو باوەڕە ئایینییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە خواردنی گۆشتی بەراز زیان بە تەندروستیی لەش دەگەیەنێت.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەو ئەنجامە گەیشتین کە لێکدانەوەی کەسێتییە ئاژەڵییەکان دەکرێ بکرێت بە دوو دەستەوە:

١- دەستەی یەکەم بریتییە لەو گیاندارانەی بەپێی باوەڕی یارسانەکان، گیانی مرۆڤ پاش نەمانی دەچێتە لەشیانەوە و لەشێوەی ئەواندا خۆی نیشان دەدات و بەشێکی زۆری ئەو گیاندارانەش لە پۆلی باڵندەن. وەک (شاباز، سیمرغ، مراوی، هوما، مەلەکەتاوس)، هەروەها بەشێکی تریان گیاندارانی وەک (ئەسپ، پڵنگ، گورگ و چەندان گیانداری دیکەن).

٢- دەستەی دووەم ئەو گیاندارانەن، کە لە ڕێوڕەسمی قوربانیکردندا دەکرێن بە قوربانی و لای یارسانەکان و لە ڕامانی یارساندا گیاندارانی پیرۆزن و سوود لە گۆشتەکەیان وەردەگیرێت بۆ قوربانی. وەکوو (گا، کەڵەکێوی، مەڕ...

تاد).

٣- پیرۆزیی بەشێک لە گیاندارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگدانەوەی گیانی پێشەوا و پیرانی ناوداری ئایینی یارسان لە لەشی ئەو گیاندارانەدا، بەپێی فەلسەفەی دۆنادۆن.


**سەرچاوەکان**

*** کتێب**

١ - بۆرەکەیی، سدیق سەفی زادە (١٣٧٥): نامەی سەرئەنجام یا کەلام خزانە،چاپی یەکەم، چاپخانەی حیدری، تاران.

٢- بۆرەکەیی، سدیق (٢٠٠٨): مێژووی وێژەی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٣- هەورامی، نامیق (٢٠١٣): هەورامی زمانی ئایینی یارسان، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٤ - هەورامی، نامیق (٢٠١٣): پەیڕەوکارانی یارسان لە کرمانجی سەروودا، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٥- نەبەز، جەماڵ (٢٠٠٨): فەلسەفە و ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا، چاپی یەکەم، چاپی کۆمەڵەی یارسان، سوید.

٦- تاهیری، تەیب (٢٠٠٩): مێژوو و فەلسەفەی یارسان، و: بێهزاد خۆشحاڵی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧- حیجازی، محەمەد (٢٠١٢): شوناسی ئولی و فەلسەفەی نەتەوەی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٨- خەزنەدار، مارف (٢٠٠١): مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٩- میرزادەیی، ئاکۆ محەمەد (٢٠٢٠): مێژووی دێرینی کورد، چاپی دووەم، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

١٠- کاکەیی، فەلەکەدین (٢٠١١): ئایینی کاکەیی (یارسان).

١١- قادری، زەکەریا (٢٠١٨): کوردناسی، و: سەڵاح بارامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

*** گۆڤار و ڕۆژنامە**

١- عەبدوڵڵا، سەباح (٢٠٢٠): ئیستێک لەسەر وشەی یارسان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٧٢).

٢- پیربال، سازان سەباح و محەمەد زریان جیژنی (٢٠٢٢): ئەفسانە لە نێو ئاینە کوردییەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٥٠)، هەولێر.

٣- جیژنی، زریان محەمەد (٢٠١٥): کاریگەریی ئاینی یارسان لە پاراستنی زمانی کوردی، ژمارە (٣٢)، هەولێر.

٤- تۆفیق، زرار سدیق (٢٠١٧): کاکەیی- ئەهلی هەق لە سەرهەڵدانەوە تا سوڵتان سەهاک، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٩)، هەولێر.

٥- موکری، محەمەد (٢٠١٣): مۆسیقای پیرۆزی کوردانی ئەهلی هەق، و: خالید مەجید فەرەج، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٦٠)، سلێمانی.

٦- کاکەیی، فەهمی (٢٠١٣): دەروازەیەک بۆ ناسینی ئایینی یارسان، ڕۆژنامەی باس، ژمارە (١٢٦)، هەولێر.

*** سایتی ئەلیکترۆنی**

https://www.dabran.org/dreje.aspx?-jimar=56228paiwandidar

# ڕامان لە ڕەهەندە ڕاڤەییەکانی کەسێتییە ئاژەڵییەکان، لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا

**نیاز مەحموود عەبدولقادر**
**(زانکۆی ڕازیی کرماشان- ئەدەبیاتی فارسی / ئەدەبی بەراوردکاری)**

**پوختە**

ئایینی یارسان (کاکەیی/ ئەهلی هەق)، ئایینێکی کوردییە و پەیڕەوانی زیاتر لە کوردستاندا دەژین و لە دەرەوەی کوردستانیش پەیڕەوانی زۆرن. زۆرینەی شوێنکەوتووانی ئایینی یاری کوردن و زیاتر لە گوند و شار و شارۆچکەکانی هەردوو پارێزگای کرماشان و لوڕستان نیشتەجێن و بەشێکی دیکەیان لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانن.

فەلسەفە و بنەمای سەرەکی و هەرە گرنگی ئەم ئایینە (دۆناودۆنی/ کراسگۆڕین) (الحلول التناسخ)ـە، کە ئەگەر ئەمە لەبەرچاو بگرین، ئەوە ئایینی یاری دەبێتە سێیەم گەورەترین ئایینی جیهان، کە بڕوایان بە دۆناودۆن هەیە.

کتێبی پیرۆزی ئایینی یاری بریتییە لە (سەرئەنجام)، کە بە زمانی کوردیی شێوەزاری گۆرانی (هەورامی) نووسراوە. لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا کەسێتیی گیانداری هەیە، کە هەریەکەیان و نیشانە، یان هێمان بۆ شتێک، یان دیاردەیەک و چیرۆکێکیان لە پشتەوەیە، وەکوو (مەلەکەتاوس، سیمورغ، گا، کەڵەشێر، مار، شاباز...تاد)، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە ڕەهەندە ڕاڤەییەکانی ئەم کەسێتییە ئاژەڵیانە بخەینەڕوو.

**چەمک و واژەی**
**(کاکەیی - یارسان - ئەهلی هەق)**

**کاکەیی**

وشەی (کائاکا، کەئاکە، کائەکا) لە ئاڤێستادا وەکوو ناو و ئاوەڵناو بۆ ڕەگەز (نێر/ مێ) بەکارهاتوون، کە بە واتای (گەورە، مەزن، چاودێر) دێن. وشەی کاکەیی لە کاکەوە هاتووە، کە هەم بۆ تاک و هەم بۆ کۆ بەکاردێ و وەک دەبینین زۆرجار لەجیاتی کاکەییەکان وشەی کاکەیی بۆ پەیڕەوانی ئەم ئایینە بەکاردەهێنرێ. (جیزنی، ٢٠١٥، ١٢٨)

ڕیشەی وشەی (کاکە) بۆ دەورانی سوڵتان سەهاک دەگەڕێتەوە و لە هەندێک لە سروودە ئاینییەکانی سەردەمی سوڵتان سەهاکدا ئەم وشەیە بەکارهێنراوە. (کاکەیی،٢٠١٣، ٥)

**ئەز کە وێڵ بووم لە جێ و شارم**
**بەڵەدمی کرد شای شاسوارم**
**منی خستە سەر ڕێی ڕاستی**
**هەتا بژیم بە بێکاسی**
**من (عابەدین)ی کاکەییم**
**ئاخر بە مەرامی خۆم گەییم**
(بورەکەئی، ١٣٧٥، ٤٩٥)

## یارسان

لەسەر وشەی یارسان ڕاوبۆچوونی جیاواز هەن و ئەم وشەیە لێکدانەوەی زۆر لەخۆدەگرێ، وەلێ دەکرێ بڵێین وشەی یارسان وشەیەکی لێکدراوە و لە هەردوو وشەی (یار+ سان) پێک هاتووە، کە (یار) ناسناوی سوڵتان سەهاکە و بە واتای (خۆشەویست، میهرەبان، دۆست و هاوکار) دێت، هەروەها لە شێوەزاری هەورامیدا (یار) ناوێکی کۆنی خودایە، پاشان (سان)، کە بەشی دووەمی وشەی یارسانە، بە واتای (سوڵتان، مەزن، پیرۆز) دێت، هەر بۆیە یارسانەکان بە نوێکەرەوەی ئایینی یارسان دەڵێن (سان سەهاک)، کە ئاماژەیە بۆ سوڵتان سەهاک. (جیزنی، ٢٠١٥، ١٣٠)

هەروەها دەوترێ وشەی (سان) بە واتای هەرێم، یان مەڵبەند، یان ناوچەیەکی جوگرافی دێت، کە یارانی سوڵتان سەهاک تێیدا نیشتەجێ بوونە. لە لایەکی ترەوە وشەی (سان) بە واتای (بەرد/سەنگ) لێکدراوەتەوە، کە مەبەست لێی باوەڕی بەرز و بەردئاسای یارانی سوڵتان سەهاکە بە ئایینەکەیان. (مەلا عەبدوڵڵا، ٢٠٢٠، ١١٧ - ١١٨)

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین وشەی (یارسان) هێمایەکی ناسنامەییە بۆ ناسینەوی شوێنکەوتووانی ئایینەکە بەکاردەهێنرێ،



**بالوولی دانا**

هەندێک جاریش لەبری (یارسان) وشەی (یاری) بەکاردەبرێ. ڕیشەی وشەی یارسان بۆ دەورەی موبارەک شای لوڕستانی (شاخۆشین) دەگەڕێتەوە، کە نزیکەی سێ سەد ساڵ بەر لە سوڵتان سەهاک ژیاوە و لە یەکێک لە سروودەکانیدا باس لە فەلسەفەی ئایینی یارسان دەکات و دەفەرموێت:

**یارسان وە ڕا...**
**ڕای حەق ڕاسییەن، بڕنان وە ڕا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا**
**قەدەم وە قەدەم، تا وە مەنزڵگا**
(کاکەیی، ٢٠١٣، ٨)

## ئەهلی هەق

ئەم وشەیە لە دوو بەش پێک دێت، بەشی یەکەم (ئەهل)، کە بە واتای خەڵک دێت، بەشی دووەمیش (هەق)ـە، کە مەبەست لێی (خودا، یەزدان، مەولا)یە و پێکەوە واتای واژەکە دەبێت بە (خەڵکی خودا)، یان (خوداپەرستان). (کاکەیی،٢٠١٣، ٦)

بەشی دووەمی ئەم وشەیە، واتا (هەق) لە

سروودە ئایینییەکاندا زۆر دووبارە دەبێتەوە و ڕەنگە ئەمەش هۆکاری ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییە بێ، کە یارسانەکان پەیڕەوی دەکەن و دەڵێ: مرۆڤ بە چوار قۆناغدا تێ دەپەڕێ (شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت، حەقیقەت)، کە کاتێک سێ پلەی سەرەتا تێپەڕ دەکات و دەگات بە هەقیقەت، ڕووناک دەبێتەوە و لە دەرگەی خودا نزیک دەبێتەوە، کەواتە گەیشتن بە هەقیقەت واتا خود ناسین و خودا ناسین و گەشبوونەوەی گیان (ڕۆح)ی مرۆڤ. (کاکەیی، ٢٠١١، ٤)

وشەی ئەهلی هەق لە گفتوگۆیەکی نێوان شا وەیس قولی (قرمزی) و یارانیدا هاتووە و دەفەرموێت:

**تەمامی ئەعزاش، میکە بو ڕووزە**
**ئینکاری ئەزەل، نە ئاتەش سووزە**
**ئەهلی هەقانم، مەدا من ڕووزە**

واتا ( هەموو ئەندامەکانی بە ڕۆژوو مەکە، ئەوەی ئینکاری ئەزەل بکا بە ئاگر دەسووتێ، من ئەهلی هەقم، ڕۆژوو مەدە من). (خەزنەدار، ٢٠٠١، ٢٩٢)

## مێژووی سەرهەڵدانی ئایینی یارسان

بوونی هەر ئایین و ڕێباز و ئایدیۆلۆژیایەک پەیوەستە بە بوونی پاشخانێکی مێژوویی بەهێز کە بەهۆیەوە دەبێتە خاوەن بناغەیەکی قایم و ڕەگێکی قووڵ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دادەکوتێ. ئایینی یارسانیش یەکێکە لەو ئایینە دێرینانەی خاوەن مێژوویەکی دێرین و پڕ لە سەروەرییە، وەلێ زۆرجار بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست دەربارەی مێژووی ئەم ئایینە،سەرهەڵدان و مێژووی ئایینەکە دەشێوێنرێ، کە هیواداریین ئێمە لەم هەڵەیە بەدوور بین.

ئایینی یارسان یەکێکە لە میراتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و کوردانی زاگرۆسنشین بەتایبەتی کە پڕیەتی لە هێما و ڕازی ژیان و تژییە لە فەلسەفە. ئەفراندنی دنیا و مرۆڤ و فەلسەفەی دۆنادۆن و مۆسیقا و لیریکا، لە بنەما هەرە دیارەکانی یارسان و ڕیشەی ڕەسەنی ئەم ئایینە خاکی کوردستان و چیاکانی زاگرۆسە. (هەورامی، ٢٠١٣، ٤)

ئەگەر بمانەوێ باس لە مێژووی ئایینی یاری بکەین، ئەوە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین مێژووی ئەم ئایینە سێ قۆناغی جیاواز لەخۆدەگرێ، کە بریتین لە:

**یەکەم:** قۆناغی نادیار

ئەم قۆناغە بریتییە لە ڕۆژی دروستبوونی گێتی، ئەمەش لە دەقە ئایینییەکانی یارسان و لەنێو کتێبی پیرۆزی (سەرئەنجام)دا ئاماژەی پێ کراوە و دەڵێت:

**ئەو ئاتەشخانە... ئەو ئاتەشخانە**
**بارگەی شام وەستەن ئەو ئاتەشخانە**
**(زەردەشت)ش کیاست پەری فرمانە**
**بەرگوزیدەش کەرد نەرووی زەمانە**

بەپێی ئەم دەقە، خودا لە ئاگرخانەیەک یەکەمین هەواری خۆی لەسەر زەوی داناوە، تا بەهۆی یەکەم مرۆڤی دروستکراوی خۆیەوە زەوی بەڕێوە ببات. ئەم دەقە ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە ئایینی یارسان لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم مرۆڤدا پەیدا بووە و دەرکەوتووە. (سەباح،٢٠١٥، ٣٩٥)

واتە کاکەییەکان باوەڕیان وایە ئایینەکەیان لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات، کە ئادەم (پیر بنیامین) بە ناوی (کاکە)وە لە بنەهەنگڵی خوداوە هاتووەتە دەرێ. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٣٤)

**دووەم:** قۆناغی میترایی و زەردەشتی و ئایینە

هیندۆئارییەکانی تر

ئەم ئایینانە ٣٥٠٠-٤٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا پەیدا بوونە و ڕیشەی ئایینی یارسانیش بۆ ئەم سەردەمانە دەگەڕێتەوە کە هێما و دەق و بەڵگەی ورد هەن و نیشاندەری ئەو ڕاستییەن، کە ئایینی یارسان بە ئەسڵ و ڕیشە و فەلسەفەوە بۆ سەردەمی ئایینی (زەروانی، میترایی، زەردەشتی، مانی...) دەگەڕێتەوە. (جیزنی، ٢٠١٥، ١٣١)

هەروەها بەهۆی بوونی ئایینی هیندۆسی و بوودایی لە کوردستان، لەڕووی کولتوورییەوە تێکەڵاوی لە نێوان ئایینی یارسان و هەریەک لە ئایینی هیندۆسی و بوودایی‌دا ڕووی داوە. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٢٨)

**سێیەم: قۆناغی پاش ئایینی ئیسلام**

یەکەمین قۆناغ و سەرهەڵدانی ئایینی یارسان پاش ئایینی ئیسلام، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی کۆچی و لەسەر دەستی (باللولی دانا) لە لوڕستان، ئەم هەوڵەش لەڕێگەی سروودگەلی کوردیی شێوەزاری هەورامییەوە بووە، قۆناغێکی نوێ و گرنگی لە مێژووی ئایینی یارساندا هێنایە کایەوە. لە سەردەمی (باللولی دانا) دا و لە سەدەی دووەمی کۆچی تا قۆناغی (پەردیوەر)، تەواوی کەلامەکانی یارسان بە شێوەزاری هەورامی نووسراون، جگە لە کەلامی (عابدینی جاف) نەبێت، کە بەشێوەزاری جافی نووسراوە. (هەورامی، ٢٠١٣، ٣١)

دوای هەوڵەکانی، باللولی ماهی مژدەی سەرهەڵدانی (شاخۆشێنی لوڕستانی) بە یاران دەدات و شاخۆشێن لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا دەردەکەوێت و درێژەپێدەری ڕێگەکەی باللولی دانا دەبێت، پاشان پەیڕەوانی باللولی دانا و ئەو (خورەمدینان)ـەیش، کە دوای (بابەک)ی سەرکردەیان پەرتەوازە بووبوون لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و ئایین و بیروباوەڕەکەی وەردەگرن، هەر ئەمەش هۆکاری دامەزراندنی ناوەندی ئایینیی یارسان و گەشەکردنێتی لە لوڕستان، هەروەها دوای شاخۆشێنی لوڕستانی، چەندان کەسایەتی ئایینیی دیکە دەردەکەون، کە لە بەرەوپێشبردن و گەشەسەندنی ئایینی یارساندا هاوکار بوونە و شوێندەستیان دیارە، لەوانە:

١- بابا سەرهەنگی دوودانی.

٢- بابا جەلیلی دوودانی.

٣- بابا ناوسی سەرکتی.

هەریەک لەم کەسایەتییانە تا سەدەی حەوتەمی کۆچی، ڕابەرایەتی بزاڤی یارسان دەگرنە ئەستۆ، پاش ئەمانیش و لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا (سوڵتان سەهاک) دەردەکەوێت، ئەمەش بە قۆناغێکی دیکەی پاش ئایینی ئیسلام دێتە هەژمار و بە یەکێک لە قۆناغە هەرە گرنگەکان دادەنرێت. لەم قۆناغەدا سوڵتان سەهاکی بەرزنجەیی پشت بە ڕێکوپێککردن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بنەما فکرییەکانی ئەم ئایینە دەبەستێ و لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتوو دەبێ. جیا لەمانەش کەسایەتی سوڵتان سەهاک کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەرهەڵدانی زۆربەی بزاڤ و ڕەوتە ئایینی و فیکرییەکانی هاوچەرخی خۆی دەبێ. (تاهیری،٢٠٠٩، ٩٠)

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی، سەردەمی زێڕینی گەشەسەندنی ئایینی یاری بووە و هۆکارەکەشی بۆ هەوڵەکانی سوڵتان سەهاک دەگەڕێتەوە، کە بنەما و ڕێساکانی ئەم ئایینەی تەواو کرد و زۆربەی دەقە پیرۆزەکانی یارسانی لە کتێبێکدا بە ناوی (سەرئەنجام) کۆکردەوە و بۆ

پەیڕەوانــی ئایینــی یارســانی بەجــێ هێشــت.

## شوێنی نیشتەجێبوونی پەیڕەوانی ئایینی یارسان

ئایینــی یــاری لــە لوڕســتانەوە ســەری هەڵداوە و لــە کوردســتان بــڵاو بووەتەوە، هەربۆیە لوڕســتان و کوردســتان بــە ســەرچاوەی ئــەم ئایینــە دادەنرێن. ئێســتاش ئــەم دوو شــوێنە مەڵبەنــدی ســەرەکی پەیــڕەوان و شــوێنکەوتووانی ئــەم ئایینــەن. لەگــەڵ تێپەڕبوونــی کاتــدا ئایینــی یــاری لــە ســەرجەم ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا بــڵاو بووەتــەوە، هــەر لــە (هینوســتان و پاکســتان و ئەفغانســتانەوە تــا دەگاتــە ئێران و عێراق و تورکیا و ئازەربایجان). لەمڕۆدا پەیڕەوانی ئایینــی یارســان لــە ڕۆژهــەڵات و باکــوور و باشــووری کوردســتان و عێــراق و ئێــران و تورکیــادا لــە هەریــەک لــە شــارەکانی (کرماشــان، کەرکــووک، مووســڵ، ئورفــا، هەکاری، وان، دێرسیم، تــاران، شــیراز، تەبرێــز، بەغــداد...) بوونیــان هەیــە و لــە هەرێمی کوردســتان پارێزگای کەرکــووک بــە مەڵبەنــدی ســەرەکییان دادەنــرێ. (کاکەیــی، ٢٠١٣، ٨)

ســەبارەت بــە ژمــارەی پەیڕەوانــی ئــەم ئایینــە، تــا ئێســتا ســەرژمێرییەکی ورد لەبەردەســتدا نییــە، بــەڵام بــە نزیکــەی چــوار ملیــۆن دێنــە ژمــار.

## کتێبی پیرۆز و فەلسەفەی ئایینی یارسان

یارســانەکان تەنیــا یــەک کتێبــی پیرۆزیان نەبووە، بەڵکوو هــەر تیــرە و هــۆز و بنەماڵەیــەک کتێبێکــی تایبــەت بــە خۆیــان هەبــووە. (خەزنــەدار، ٢٠٠١، ٢٢٨). ئایینــی یارســان خاوەنــی ســەرچاوەیەکی دەوڵەمەنــدە لــە کتێبــدا و بەشــێکی زۆر بــاش و گرنگــی لــە کتێبێکدا بــە نــاوی (ســەرئەنجام)، یان (کەلامــی خەزانــە) کۆکراوەتــەوە و ســەرجەمیان بریتیــن لــە فەرموودەکانــی ســوڵتان ســەهاک و یارانــی، کــە لــە ســەدەی هەشــتەمی کۆچیــدا ژیــاون. ئــەم کتێبــە پیــرۆزە بــە زمانــی کوردیــی شــێوەزاری هەورامــی نووســراوە و لــە هەورامانــدا پارێــزراوە. کتێبــی ســەرئەنجام لەلایــەن دوکتــۆر (سدیق ســەفی زادە بۆرەکەیی)ــەوە و لــە ســاڵی ١٣٧٦ی هەتاویدا (١٩٩٧ز)، بــە نــاوی (دانشــنامە نــام اوران یارســان) و (نامــە ســرانجام/ کلام خزانــە) لــە تــاران چــاپ کــراوە.

کتێبــی ســەرئەنجام شــەش بــەش لەخۆدەگــرێ و بریتیــن لــە:

١- بارگە بارگە.
٢- دەورەی هەفتوانە.
٣- گلیم و کول.
٤- دەورەی چلتەن.
٥- دەورەی عابدین و وردە سەرئەنجام.
(نەبەز، ٢٠٠٨، ٣٥)

کتێبــی ســەرئەنجام، یــان ســروودی ئایینیــی یارســان لــە دوو بــەش پێکهاتــووە، بەشــی یەکەمــی پەخشــانە و بەشــی دووەمــی شــیعر. پەخشــانەکان پارچەپارچــەن و ســەرەتای پەخشــان بــە دروســتبوونی (گــەردوون = بــوون) دەســت پــێ دەکات و خوو و ڕەوشــت و کولتووری یارسانەکان پێشــان دەدات، هەرچی ســرووده شــیعرییەکانیشە پێکهاتــوون لــە (١٠) پارچــە و بریتیــن لــە:

١- خــان ئەڵمــاس، وەســفی دروســتکردنی بــوون دەکات.
٢- عالــی قەڵەنــدەر، وەســفی گۆڕانــی نــاوەوەی خــۆی دەکات.
٣- گفتوگــۆی ســوڵتان ســەهاک لەگــەڵ ڕێبــەر میکائیــل.
٤- لەبارەی کردگارناسین و لێبووردنەوە.
٥- لەبارەی ڕێوڕەسمی قوربانیکردنەوە.
٦- ستایشی داود.

٧- ستایشی مەعشوق عەلی.
٨- ستایشی بابا یادگار.
(خەزنەدار، ٢٠٠١، ٢٢٩)

هەریـەک لـە بەشـەکانی کتێبـی سـەرئەنجام و پەخشـان و سـروودەکانی ئـەم ئایینـە، فەلسـەفە و عیرفـان و ڕۆشـنبیریی کوردمـان لـە سـەردەمانی کۆنـدا نیشـان دەدەن. یارسـانەکان باوەڕیـان بـە فەلسـەفەی (دۆنـادۆن) هەیـە و پێیـان وایـە گیـان نەمـرە و کاتێـک لـە لـەش دەردەچـێ، دەچێتـە لەشـێکی دیکـەوە. ئەگـەر گیانەکـە پـاک بـێ، دەچێتـە جەسـتەی منداڵێکی سـاوا، یـان کۆمەڵێک گیاندارەوە، کـە لـە بەشـەکانی دواتـردا ئاماژەیـان پـێ دەدەیـن، خـۆ ئەگـەر گیانەکـە خـراپ، یـان تاوانبـار بێـت، ئـەوە دەچێتـە جەسـتەی ئاژەڵێکـی دڕنـدەوە. بەپێـی فەلسـەفەی یارسـان سـووڕی گیـان کاتێـک تـەواو دەبێـت، کـە گیانەکـە پـاک بێتـەوە. جگـە لـە فەلسـەفەی دۆنـادۆن، یارسـانەکان لایەنگـری فەلسـەفەی ئیشـراق، یـان تیشکهاویشـتنن، کـە فەیلەسـووفی کـورد (شـەهابەددینی سوهرەوەردی) یەکێـک بـووە لـە لایەنگرانـی ئـەم فەلسـەفەیە و هـەر لەبـەر ئەمـەش بـە پـلان و فێڵـی مـەلا عەرەبـەکان و فەرمانـی سـەڵاحەددینی ئەیووبـی شـەهید کـرا. (نەبـەز، ٢٠٠٨، ٣٦)

بەشـێوەیەکی گشـتی فەلسـەفەی یارسـان لەسـەر چـوار بنەمـای سـەرەکی وەسـتاوە، وەک لـە دەفتـەری یاریـدا هاتـووە و دەفەرمـوێ:

**یاری چار چێوەن باوەرێ وەجا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕدا**
(الهی، ١٣٦١، ٢٢)

١- پاکـی: مانـا تایبەتییەکـەی ئـەم بنەمایـە بریتییـە لـە پاکـی و چاکیـی هـزر و گوفتـار و ڕەفتـار، کـە ئـەم سێ بنەمایەش کۆڵەکـەی گرنگی ئایینـی زەردەشـتین (بیـری بـاش، گوفتـاری باش، کـرداری بـاش).

٢- ڕاسـتی: واتـا گرتنەبـەری ڕێگـەی ڕاسـت و دۆسـتی چاکـە و دوورکەوتنـەوە لـە خراپـە.

٣- ڕدا: بـە مانـای گیانـی هاوکاریـی و فیداکاری بەرانبـەر بـە دروسـتکراوەکانی خـودا. (کاکەیـی، ٢٠١٣، ٩)

٤ - نیسـتی: واتـا نابوودکردنـی (غـروور، لووتبـەرزی، خۆبەگەورەزانیـن، هـەوا و هەوەسـی نەفسـانی) و بـۆ ئـەوەی سـەرئەنجام مـرۆڤ خـۆی ئامـادە بـکات تـا بوونـی تێکـەڵ بـە بوونـی خـودا ببـێ، واتـا فانیبـوون لـە بوونـی یەزدانـدا و گەیشـتن بـە قۆناغـی نیسـتی.
(https://www.dabran.org)

## پێشەوا و ڕابەرانی یارسان

١- باللوولی دانا
٢- شاخۆشێن (موبارەکشای لوڕستانی)
٣- بابا ناوسی جاف
٤- سوڵتان سەهاک
٥- بابا عەلی هەمەدانی
٦- بابا یادگار

جگـە لـەم پێشـەوا و کەسـایەتیانەی ئایینـی یاری، کە هەموویـان پیاون، ئایینەکـە گرنگییەکی زۆری بـە ئافـرەت داوە و هـەر بەپێـی فەلسـەفەی ئایینەکـە، ئافـرەت و پیـاو یەکسـانن و لێـرەدا گرنگـی بـە گیـان دەدرێ نـەک ڕەگـەز.

ئـەو ژنانـەی لـە ئایینـی یارسـاندا پێگـە و شـوێنی دیاریـان هەیـە، بریتیـن لـە:
١- دایە تەورێزی هەورامی
٢- گەڵاڵە خانمی لوڕستانی (دایکی شاخۆشێن)
٣- لزا خانمی جاف
٤- خاتوو مەیزەرد

٥- فاتمە لوڕە
٦- دایە خەزانی سەرکەتی
٧- خاتوو دایراکی ڕەزبار (دایکی سوڵتان سەهاک)
٨- یای حەبیبەی شارەزووری
٩- پیر نازدار خاتوونی شیرازی

ئەمانە و چەندان ژنی دیکە هەن، کە لە ئایینی یاریدا خاوەنی ناوبانگ و پایەی گەورە و گرنگن، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئایینەکە ئایینی یەکسانخوازییە و جیاوازیی لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا (نێر/ مێ) نەکردووە.

## ڕامان لە ڕەهەندە ڕاڤەییەکانی کەسێتییە ئاژەڵییەکان لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا

لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا ناوی چەندان جۆر ئاژەڵ هاتووە و ئاماژەیان پێ کراوە، کە هەریەک لەم ئاژەڵانە پێگە و شوێنی دیاریان لە ئایینەکەدا گرتووە و پیرۆزی و قودسیەتی خۆیان هەیە. خۆ ئەگەر بمانەوێ لەم کەسێتییە ئاژەڵیانە بدوێین، ئەوە هەر ئاژەڵێک و باس و لێکدانەوەی جیاواز لەوی دی لە خۆ دەگرێ، کە هەوڵ دەدەین لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵێکیان بکەین.

*** کەڵەشێر**

کەڵەشێر یەکێکە لەو گیاندارانەی لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا گرنگیی زۆری پێ دراوە و جۆرێک لە پیرۆزیی وەرگرتووە. ئەم گیاندارە وەک جۆرێک لە تۆتم بۆ قوربانیکردن ڕێزی لێ دەگیرێ و هەر خێزانێک، یان بنەماڵەیەکی یارسانی لە درێژایی ساڵێکدا دەبێ حەوت قوربانی بکات، کە بریتییە لە حەوت کەڵەشێر. هەروەک لە سەرئەنجامدا هاتووە و دەفەرموێ:

**حەرام سەرەی گاو، حەلاڵ سەرەی ئەو**
**ئەرم خوروسا وەیتەور وە ئەخزەر**
**پا لوقمەی خوروس یارانم مووە سیر**
**دیدە وە خوروسم پا گاو جام نویر**
**ها پەر و باڵش زەڕا وە زەنجیر**
**چەی وەربیم بییا ها چەنی وایر**
**میرمان ئاما پا برای ئەمیر**
**چەنی کەلەزەردەم نییەنەش تەوفیر**
**خوروسم نەقدا لوقمەی باقی ویر**

ئەم فەرموودەیە ئاماژە بە پیرۆزیی کەڵەشێر دەکات و دەڵێت، ئەو ڕۆحە پاکانەی توانایی سەرکەوتنیان هەیە لە جەستەی کەڵەشێردا نیشتەجێ دەبن، تا لەپێناو هەقدا بکرێن بە قوربانی. (تاهیری، ٢٠٠٩، ٣٩)

دیارە ڕیشەی ئەم بەقوربانیکردنەی کەڵەشێر لە ئایینەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاتەی، کە سوڵتان سەهاک و کۆمەڵێک لە یارانی کاتێک لە بەرزنجەوە بەرەو هەورامان دەچن، لە چیای دالاهۆ لە کێوی شنروێ هێزێکی چەکدار پەلاماریان دەدەن و سوڵتان و یارانی پەنا دەبەنە بەر ئەشکەوتێک بە ناوی (مەڕنۆ) و ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ تێیدا دەمێننەوە،پاشان لە ڕۆژی چوارەمدا ڕزگاریان دەبێت و لەلایەن ئافرەتێکەوە میواندارییان لێ دەکرێ و خواردنیان پێ دەدرێت، خواردنەکە بریتی دەبێ لە (برنج و گۆشتی کەڵەشێر)، هەر بۆیە یارسانەکان ماوەی سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن و چوارەم ڕۆژ جەژن دەگێڕن و خواردنی جەژنیان برنج و گۆشتی کەڵەشێر دەبێت.

دیارە کەڵەشێر هەر بۆ خۆیشی هێمای کۆتایی هاتنی شەو و دەستپێکردنی ڕووناکییە، واتا سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکیدا و ئەم چیرۆکەی سوڵتان سەهاکیش هەمان لێکدانەوە وەردەگرێ، کە دوای سێ شەو و ڕۆژ لە تاریکیی

ئەشکەوتدا ڕزگاریان دەبێ و بە ڕووناکی و ڕۆژێکی نوێ شاد دەبنەوە.

* گا

یەکێکی تر لەو گیاندارانەی لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا ناوی هاتووە و بۆ قوربانیکردن کەڵکی لێ وەرگیراوە، بریتییە لە گا. گا لە ڕووی ئایینی، گیاندارێکی پیرۆز و کیومەرسە و قوربانیکردنی گا لە ئایینەکەدا، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی میترایی و مەبەست لە قوربانیکردنی گا نوێکردنەوە و بووژاندنەوەی سیستمی ئاسمانی و ئەفراندنی ژیانە، ئەمەش واتا هێز لە بەرانبەر ئیرادەی سەرووسرووشتەوە دەکرێتە قوربانی، خۆ ئەگەر سەیری ئایینە زەمینییەکان بکەین، ئەوە هەمیشە گیانداری گەورە و بەهێز کراون بە قوربانی، وەکوو (حوشتر، ئەسپ، گا، مانگا، بەران...).

لە کەلامی گەڕی (ساوا)دا، دەربارەی قوربانیکردن و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی قوربانیکردنەکەدا هاتووە، کە ئەو گایەی دەبرێت بۆ قوربانیکردن دەبێت خاوەنی جیلوەی ڕۆحی بابا یادگار بێت، هەروەها یەکێک لەو چیرۆکانەی وا دەکات گا لە ئایینەکەدا پیرۆز بێ، چیرۆکی سکپڕبوونی گەڵاڵە خانی لوڕستانییە، کە دەکاتە دایکی (شاخۆشێن/ باوەخۆشێن). چیرۆکەکە وا گێڕدراوەتەوە، کە ڕۆژێک گەڵاڵە خانم لەبەر هەتاودا پاڵ کەوتووە و خەوی لێ کەوتووە، لەم کاتەدا تیشکی خۆر دەچێتە نێو دەمییەوە و دەبێتە هۆی سکپڕبوونی. پاش ئەم ڕووداوە گەڵاڵە خان زۆر دەترسێ لەوەی خێزانەکەی بیکوژن، بەڵام خودا یارێکی خۆی لە لەشی (کاکەردای لوڕستانی)، کە لەگەڵ فریشتە (جوبرەئیل)دا یەک ڕەوانن، دەنێرێ بۆ لای و پێی ڕادەگەیەنێ (مەترسە، سکەکەی تۆ دیاردەیەکی یەزدانییە)، پاشان کاکەردا، گەڵاڵە خان بە سواری گایەک دەبات بۆ ماڵی خۆیان و دەیپارێزێت، تا کاتێک باوەخۆشێن لەدایک دەبێ. لە لێکدانەوەی ئەم چیرۆکەوە دەتوانین بگەین بەو ئەنجامەی کە گا لای یارسانەکان پیرۆزە و وەک هۆکاری ڕزگارکردنی گیانێکی پیرۆز دادەنرێت و هۆکارێکە بۆ ژیان، کە ڕزگارکردنی گیانی (گەڵاڵە خان و شاخۆشین)ـە.

* هەڵۆ (شاباز)

هەڵۆ، یان شاباز لە دەورەیەک لە دەورەکانی یارساندا بە ناوی دەورەی (دامیار)، یان دەورەی بەرزنجە، زۆر باس کراوە و وەک گیاندارێکی گرنگ و پیرۆز ئاماژەی پێ کراوە. یەکێک لە لایەنە ڕاڤەییەکانی هەڵۆ، کە لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بدەین بریتییە لەو باوەڕە ئایینییەی، کە پەیڕەوانی ئایینی یاری هەیانە و پێیان وایە (هەڵۆ) خودی سوڵتان سەهاک، یان گیانی پیرۆزی سوڵتان سەهاکە. لە لایەکی ترەوە لە ئایینی یاریدا، هەڵۆ هێمایەکە بۆ گەیشتن بە پلەی بەرزی عیرفانی و خواناسی، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەڵۆ خاوەن هێزێکی زۆرە لە فڕیندا و دەگاتە بەرزترین شوێن لە فڕیندا و بەردەوام لەسەر لووتکەکاندا دەبینرێت، هەروەک کاکە ڕدای لوڕستانی لەم دوو بەیتەدا دەفەرموێ:

**سفیدە بازم، سەربالم نەکوێ**
**مەلەوانیم کەرد جە ئاو ئامۆی**
**ڕۆژم کەرد وە شەو شەوم کەرد وە ڕۆژ**
**خەرقەی خوەشینەن بێ تان و بێ پۆی**

واتا ( من ئەو بازە سپییەم، کە شاباڵەکانم کێشاوەتە سەر کێوان و لە ناو ئاوی ڕووباری ئامۆیدا مەلەوانیم کردووە. لە پلەوپایەی

خواناسیدا گەشتوومەتە جێگایەک، کە توانایم بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و دەتوانم شەو بکەم بە ڕۆژ و ڕۆژ بکەم بە شەو، یان خۆشی بکەم بە ناخۆشی و ناخۆشی بکەم بە خۆشی) (بۆرەکەیی، ٢٠٠٨، ١١٢)

هەر بەپێی ڕامانی یارسانەکان، لە سەرەتای سەرەتادا و پێش (بوون) کاتێک ئەم گەردوونە نەبووە، خودا لە شێوەی مەلێکدا بووە و ئەو مەلەیش (هەڵۆ) بووە. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٤٥٧). خۆ ئەگەر سەیری سەرچاوە مێژووییەکان بکەین، دەبینین کە مێژووی بەکارهێنانی هەڵۆ لەلایەن کوردەوە، ڕەگێکی زۆر کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش زاین و ئەم باڵندەیە وەک هێمای نێو ئاڵای کوردان، لە چەندان سەردەمی جیاوازدا بەکارهێنراوە و گرنگترینیان سەردەمی میتراییەکانە، کە خۆری باڵدار و هەڵۆ و شێریان وەک هێمای تایبەتی خۆیان بەکارهێناوە، پاشان لەنێو ئایینەکانی دیکەی کورددا بڵاو بووەتەوە، هەروەک لە ئایینی یارساندا دەیبینین. (میرزادەیی، ٢٠٢٠، ٤٥٧)

*** مراوی**

لە تەوەرەکانی پێشوودا ئاماژەمان بەوە کرد، کە یارسانەکان باوەڕیان بە فەلسەفەی (دۆنادۆن) هەیە و پێیان وایە گیان نەمرە، چون گیان بریتییە لە فووی خودا و مردن، واتا گەڕان و سووڕی گیان لە لەشێکەوە بۆ لەشێکی تر، هەروەها ئەم پرۆسەی ژیان و مردن و سووڕی گیانەش بە مراوییەک دەچوێنن، کە لە ناو ئاودا بێت و لەلایەکەوە سەری دەنێتە نێو ئاوەکەوە و لەلایەکی ترەوە سەر دێنێتە دەرەوە، ئەمەشیان بەم شێوەیە بە هەڵبەست ڕێک خستووە:

**مەردان مەترسن وەی سیاسەتە**
**مردنی مەردان جۆر قووتەی بەتە**

لێرەدا مەبەست لە وشەی (بەت) مراوییە، کە وشەیەکی کۆنی هیندۆئەورووپییە. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٣٨-٣٩)

*** مەلەکەتاوس**

مەلەکەتاوس لە ئایینی یاریدا بەشێکە لە هێز و ویستی خودا، بە پێچەوانەی ئەو لێکدانەوانەی بۆ ئەم باڵندەیە کراون، گوایە مەلەکەتاوس شەیتانە و یارسانەکان ئەم باڵندەیە دەپەرستن و دابی تایبەت بەم پەرستنە جێبەجێ دەکەن و شەیتان پیرۆز دەکەن. لە ڕامانی یارساندا باوەڕ وایە هەر کەسێک لە گەورەکانیان بمرێت، گیانی بە مەلەکەتاوسەوە پەیوەست دەبێ، هەروەها لە دەقە ئایینییەکاندا ئاماژەی پێ دراوە، کە مەلەکەتاوس ئاماژەیە بۆ نووری خۆر و پەڕی تاوس هێمای نووری خۆرە، هەروەک (باوە نائووسی جاف) دەفەرموێ:

**مەهێ چە باڵان مەهێ چە باڵان**
**ناوزم نە تاس مەهێ چە باڵان**
**پەڕوو تاوسان ئەز کەردەنم بەش**
**تاڵانم کەردەن مورغان و مەبەش**
**خورشیدم تاوس تاوسمە چل نەخش**
**تیر تێژ باڵم باڵدان نە سەر تەخش**

لەم دەقەی بابا نائوس و بەشێک لە دەقە ئایینییەکانی تری یارساندا دەربارەی مەلەکەتاوس و پەڕی مەلەکەتاوس قسە کراوە و بە واتای نووری خۆر دێت. هەر لە ئایینی یاریدا (پیر بنیامین) یەکەم تەجەللای خودایە و دەبێت بە دۆنی مەلەکەتاوس و لەگەڵ ئەم باڵندەیەدا یەکن. (حیجازی، ٢٠١٢، ٦٨-٦٩)

*** سیمورغ**

سیمورغ باڵندەیەکی ئەفسانەییە، نیشانەی

هێـزە و بـە شـای باڵنـدەکان دادەنرێـت، لـە سـۆفیزمی یارسـانەکاندا نیشـانەی تـەواوی و کاملّیـی ئادەمـزادە و سـۆفییان بـە پرتـەوی خودای دادەنێـن، کـە لـە قاڵبـی ماتریالیدا خـۆی دەنوێنێـت.

(شـا ئیبراهیـم) لەگـەڵ گرنگیدانـی بـە ڕووداوە کۆنـەکان و بەکارهێنانیـان وەک ڕەمـز بـۆ لێکدانـەوەی نهێنییەکانـی ئایینـی کاکەیـی، بایەخێکـی زۆریشـی بـە دروشـمە تایبەتەکانـی ئـەم ئایینـە داوە، هـەروەک لـەم سرووودەیدا دەفەرموێ:

**یورتی من عەنقا یورتی من عەنقا**

**نە یانەی ئەزەل، یورتی من عەنقا**

**نە قاڵبی چین، نوور ئەز موهەبیا**

**جەدد و عالەمی، ئەز نان بیا**

**جامەی ئەز بیا، مەشیانە و مەشیا**

**ئیگاش نی پەردە، سککەم بی ڕەوا**

واتـا لـە ڕۆژانـی پێش کـردگار پەڕی من سـیمورغ بـوو، تیشـکی مـن ڕووناکـی گەیانـدە چیـن و مـن باپیـری هەمـوو خەڵکـی ئـەم گەردوونـە بـووم، ئـادەم و حـەوا پەیکـەری مـن بـوون، ئێسـتاش منـم پێوەنـدی نێـوان کـردگار و بەنـدە.

*** مار**

یەکێکـی تـر لـەو ئاژەڵانـەی لـە ئایینـی یاریـدا گرنگیـی پـێ دراوە بریتییـە لـە (مـار). مـار لـە مێـژووی کـورد و ئایینـە دێرینەکانـی کـورددا، بـە نموونـە ئایینـی (میترایـی) هێمـا و سـیمبۆلی بەردەوامـی و هێـز و تەندروسـتی و نەمرییـە، هەروەهـا لـە ئایینـی ئێزیدیشـدا مـاری ڕەش گرنگـە و کوشـتنی حـەرام کـراوە و پێیـان وایـە کەشـتیی نـووح خـۆی بـە چیـای جـوودی لـە باکـووری کوردسـتان دەکێشـێ، کـون دەبـێ و مارێکـی ڕەش خـۆی لەسـەر کونەکـە گرمۆڵـە دەکات و ناهێڵێـت ئـاو بچێتـە نـاو کەشـتییەکەوە.

لـە ئایینـی یارسانیشـدا مـار بـە پەیوەسـتی نێوان زەوی و ئاسـمان و پارێـزەری زەوی دادەنرێـت. خـۆ ئەگـەر ورد سـەرنج بخەینـە سـەر ئـەم باسـە، بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە سـەرجەم ئـەم چیرۆکانـە دەچنـەوە سـەر ئـەو مەبەسـت و پەیامـەی، کـە مـار هێمـای پاراسـتن و هێـزە.

*** سەگ**

سـەگ لـە ئایینـی یارسـاندا وەک نیشـانەی وەفـا و دڵسـۆزی لێـک دراوەتـەوە، هەروەهـا وەک هێمای خزمەتکردن بـە پیـر و یارانـی ئایینەکـەش دادەنرێـت، هـەروەک (سـەید مسـتەفا) لـە دەورەی هەفتەوانـە لـە بەنـدی ٤٩ دا دەفەرمـوێ:

**جامە و مزهرم عیان است...**

**جامە و مزهرم در خانەای ازل عیان است**

**سید محمد در پیکرەای ابوالبشر تجلی کرد**

**من هم در ان دم از او دیدەبانی می کردم**

**و شبها مانند سگ پاسبانی می کردم**

(بورکەئی، ١٣٧٥، ٢٩٩)

لـەم کەلامـەی سـەید مسـەفادا دەردەکەوێت، کە سـەگ لـە ڕامانـی یارسـاندا بریتییـە لـە ئاژەڵێکـی بەنـرخ و دڵسـۆز، هەروەهـا پاسـەوانێکی وەفـادار و لـە دەقـە هەورامییەکانـدا وەک گیاندارێکـی (بـاش/ نیـک) ئامـاژەی پـێ کـراوە.

*** ئەسپ**

ئەسـپ کەسـێتییەکی تـری ئاژەڵیـی نێـو دەقـە ئایینییەکانـی یارسـانە، لـە کتێبـی سـەرئەنجامدا ستایشـی کـراوە و وەک گیاندارێکـی بەنـرخ و بەسـوود، هەروەهـا دروسـتکراوێکی پاکـی خـودا دادەنرێـت، هەربۆیـە یارسـانەکان هەوڵـی بەخێوکـردن و پەروەردەکردنـی ئـەم ئاژەڵـە دەدەن. لـە کتێبـی (کۆمەڵێـک پەیامـی ئەهلـی هـەق)دا هاتـووە و (محەمـەد بـەگ) فەرموویەتـی، لـە پـاش نەمانـی مـن (خـان ئاتـەش) دەردەکەوێت

و دوای ئەویش (ئیمام قولی) دەردەکەوێت و پێویستە هەمووان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن و پەسەندی بکەن. پاش نەمانی (محەمەد بەگ) خان ئاتەش جێگەی گرتەوە و هەمووان بوون بە یار و شوێنکەوتەی. دوای ماوەیەک داوای کرد ئەسپێک ئامادە بکەن تا بچێتە ڕاو، پاشا ئەوەی ئەسپەکەیان بۆ ئامادە کرد، خان ئاتەش و هاوەڵانی بۆ ڕاوکردن بەڕێ کەوتن و پاش کەمێک خان ئاتەش لە ناوەڕاستی ڕێگەکەدا دەبێتە شاباز و هەڵدەفڕێت و لەسەر لوتکەی چیای (سەهەند) دەنیشێتەوە. لەو کاتەدا پەڵەهەورێک لەسەر لوتکەی چیاکە دەردەکەوێت و شاباز دیارنامێنێ. پاش ئەم ڕووداوە (فەرامەرز بەگ)ی کوڕە گەورەی خان ئاتەش بە (ئیمام قولی)ی برای گوت (دەبێت من لەسەر تەخت و لە شوێنی باوکم دابنیشم)، گەورەکان چوونە سەر لوتکەی چیای سەهەند بۆ دڵنیابوون لە گەورەیی زاتی ئەو، لەم کاتەدا ئیمام قولی بۆ نیشاندانی گەوهەری خۆی، بەشێوەی ئەسپێکی گەورە و جوان خۆی نیشان دا و بەرەو شاخەکە ڕای کرد. گەورەکان ئەمەیان بینی، چوونەوە بۆ لای ئیمام قولی و کەوتنە سەر زەوی و متمانەی خۆیان پێ بەخشی و وەکوو گەورەی خۆیان پەسەندیان کرد. (بورەکەئی، ١٣٧٥، ٢٠٢)

لەم چیرۆکەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەسپ ئەفرێنراوێکی پاکی یەزدانە لە ئایینی یاریدا و ئیمام قولی خاوەن گیانێکی پاک و کەسایەتییەکی بەهێز بووە و لە شێوەی ئەسپێکی بەهێز و جواندا خۆی نیشان داوە.

*** بەراز**

بەراز لە ئایینی یارساندا یەکێکە لەو ئاژەڵانەی خواردنی گۆشتەکەی حەرامە، ئەمەش لە گفتوگۆیەکی نێوان قرمزی (شاوەیس قولی) و یارانیدا، سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕە پراکتیکییەکانی ئایینی یارسان هاتووە، کە کۆمەڵێک خەڵکی ناوچەی شاهۆ بەراز ڕاو دەکەن و گۆشتەکەی دەخۆن، کاتێک دەچنە لای قرمزی پێیان دەڵێت:

**یاران ئاشناسان، ئاهۆنی ئاهۆ**

**هەرکەس گۆشت گلە چنش مەیابۆ**

واتا ئەی یاران ئێوەم یەک بەیەک ناسیوە و هەرکەس گۆشتی خواردووە بۆنی لێ دێ، ئاسمان و زەوی وەختە ببنە یەک. کە مەبەستی حەرامێتی و نەشیاویی خواردنی گۆشتی بەرازە، ئەمەش لەو باوەڕە ئایینییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە خواردنی گۆشتی بەراز زیان بە تەندروستیی لەش دەگەیەنێت.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەو ئەنجامە گەیشتین کە لێکدانەوەی کەسێتییە ئاژەڵییەکان دەکرێ بکرێت بە دوو دەستەوە:

١- دەستەی یەکەم بریتییە لەو گیاندارانەی بەپێی باوەڕی یارسانەکان، گیانی مرۆڤ پاش نەمانی دەچێتە لەشیانەوە و لەشێوەی ئەواندا خۆی نیشان دەدات و بەشێکی زۆری ئەو گیاندارانەش لە پۆلی باڵندەن. وەک (شاباز، سیمرغ، مراوی، هوما، مەلەکەتاوس)، هەروەها بەشێکی تریان گیاندارانی وەک (ئەسپ، پڵنگ، گورگ و چەندان گیانداری دیکەن).

٢- دەستەی دووەم ئەو گیاندارانەن، کە لە ڕێوڕەسمی قوربانیکردندا دەکرێن بە قوربانی و لای یارسانەکان و لە ڕامانی یارساندا گیاندارانی پیرۆزن و سوود لە گۆشتەکەیان وەردەگیرێت بۆ قوربانی. وەکوو (گا، کەڵەکێوی، مەڕ...

تاد).

٣- پیرۆزیی بەشێک لە گیاندارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگدانەوەی گیانی پێشەوا و پیرانی ناوداری ئایینی یارسان لە لەشی ئەو گیاندارانەدا، بەپێی فەلسەفەی دۆنادۆن.

**سەرچاوەکان**


*** کتێب**

١ - بۆرەکەیی، سدیق سەفی زادە (١٣٧٥): نامەی سەرئەنجام یا کەلام خزانە،چاپی یەکەم، چاپخانەی حیدری، تاران.

٢- بۆرەکەیی، سدیق (٢٠٠٨): مێژووی وێژەی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٣- هەورامی، نامیق (٢٠١٣): هەورامی زمانی ئایینی یارسان، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٤ - هەورامی، نامیق (٢٠١٣): پەیڕەوکارانی یارسان لە کرمانجی سەرووداً، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٥- نەبەز، جەماڵ (٢٠٠٨): فەلسەفە و ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا، چاپی یەکەم، چاپی کۆمەڵەی یارسان، سوید.

٦- تاهیری، تەیب (٢٠٠٩): مێژوو و فەلسەفەی یارسان، و: بێهزاد خۆشحاڵی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧- حیجازی، محەمەد (٢٠١٢): شوناسی ئولی و فەلسەفەی نەتەوەی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٨- خەزنەدار، مارف (٢٠٠١): مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٩- میرزادەیی، ئاکۆ محەمەد (٢٠٢٠): مێژووی دێرینی کورد، چاپی دووەم، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

١٠- کاکەیی، فەلەکەدین (٢٠١١): ئایینی کاکەیی (یارسان).

١١- قادری، زەکەریا (٢٠١٨): کوردناسی، و: سەڵاح بارامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

*** گۆڤار و ڕۆژنامە**

١- عەبدوڵڵا، سەباح (٢٠٢٠): ئیستێک لەسەر وشەی یارسان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٧٢).

٢- پیرباڵ، سازان سەباح و محەمەد زریان جیژنی (٢٠٢٢): ئەفسانە لە نێو ئاینە کوردییەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٥٠)، هەولێر.

٣- جیژنی، زریان محەمەد (٢٠١٥): کاریگەریی ئاینی یارسان لە پاراستنی زمانی کوردی، ژمارە (٣٢)، هەولێر.

٤- تۆفیق، زرار سدیق (٢٠١٧): کاکەیی- ئەهلی هەق لە سەرهەڵدانەوە تا سوڵتان سەهاک، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٩)، هەولێر.

٥- موکری، محەمەد (٢٠١٣): مۆسیقای پیرۆزی کوردانی ئەهلی هەق، و: خالید مەجید فەرەج، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٦٠)، سلێمانی.

٦- کاکەیی، فەهمی (٢٠١٣): دەروازەیەک بۆ ناسینی ئایینی یارسان، ڕۆژنامەی باس، ژمارە (١٢٦)، هەولێر.

*** سایتی ئەلیکترۆنی**

https://www.dabran.org/dreje.aspx?-jimar=56228paiwandidar

# ڕەهەندە بوونگەرایییەکانی ئاگر
# لە کۆشیعری "گەڕانەوەی زەردەشت"دا

**محەمەد نەبی**

**(١- ٢)**


**پوختە**

ئاگر دیاردەیەکی گرنگ و دانەبڕاوی زۆربەی بوارەکان بووە، لە ئەفسانەکاندا وەک سەرچاوەی ژیان و بەردەوامیی مرۆڤ هاتووە: پرۆمیسیۆس قوربانییەکە لەپێناو مرۆڤدا، ئاگر لە خواوەند دەدزێت و دەیداتە دەست مرۆڤ، بەردەوامیی مرۆڤ بە وزەی گەرمیی ئاگرەوە پەیوەستە. ئایینەکان هەم وەک (نوور) باسیان کردووە، هەم وەک کەرەستەی سووتاندن (سزا). لە فەلسەفەی دێرینی گریکدا فەیلەسووفان بە توخمێکی بنەڕەتیی بوونیان داناوە، ئەدیبان لە دەقەکانیاندا بە سیمبۆلی جیاجیا تەوزیفیان کردووە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لا لەم مانا فرەڕەهەندانەی ئاگر لە دیوانی «گەڕانەوەی زەردەشت»ی ئەحمەدی مەلادا بکاتەوە، بەڵام ئەوەی لە دەرەوەی ئەدەبیات پەنای بۆ دەبرێت لەپێناوی ئەوەدایە خزمەت بە لایەنە ئەدەبییەکە بکات، ئاگر بە ڕووناکی، ئازادی، هۆشیاری، بنەمای بوونەوە بەستراوەتەوە، لەپاڵ ئەمەدا هەندێک جار دەسووتێنێت، بەڵام ئەوەی زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە گزنگ و ڕووناکییە.


**وشە کلیلییەکان: ئاگر، بوونگەرایی، بوون، ڕووناکی، ئازادی، ئاگردان.**

## پێشەکی

ئاگر وەک وزەی گەرمی و ڕووناکی، سەرچاوەیەکی گرنگی بوونی مرۆڤ و بوونی زەویشە، بۆیە ڕەهەندێکی بوونگەرایییانەی هەیە، بەڵام سەرباری ئەمە ئامرازێکیشە بۆ لەناوبردنی مرۆڤ و تاریککردنی بوون، ئەمەش دەکەوێتە سەر چۆنییەتی مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا.

تایبەتمەندیی ئاگر بەوەی هەڵگری دوو دیوی دژبەرە (سەرچاوەی مەرگ و ژیان) لە ئەدەبیاتدا دەکرێت ببێتە کەرەستەیەکی گرنگ، بەوەی ئەدەب پانتاییەکی لەبارە بۆ کۆکردنەوەی دوانە لێکدژەکان، ئاگریش لەخۆیدا چەندان دوانە لێکدژی هەڵگرتوون، وەک: مەرگ/ ژیان، ڕووناکی/ تاریکی، سووتاندن/ بووژاندنەوە... ئەمە وا دەکات ئاگر وەک دالێک لای ئەدیبان

چەندان مەدلوولی هەبێت، «ئەحمەدی مەلا» بەم لایەنانەی ئاگر هۆشیارە، بۆیە لە دیوانی «گەڕانەوەی زەردەشت» ئاگری کردووەتە کەرەستەیەکی سەرەکیی شیعر و بەلای ئێمەوە تێما (theme)ی سەرەکیی پرۆسە شیعرییەکەیە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بە ناوونیشانی (ڕەهەندە بوونگەرایییەکانی ئاگر لە دیوانی «گەڕانەوەی زەردەشت»ی «ئەحمەدی مەلا»دا) بەدوای ئەم پرسەدا دەچین و تاووتووی دەکەین.



ئەحمەدی مەلا

## میتۆدۆلۆژیی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا، سەرەتا لا لە چەند لێکدانەوەیەکی فەلسەفیی بوونگەرانە، سەبارەت بە ئاگر کراوەتەوە، وەک سەرەتایەکی تیۆری، پاشان لە دیوانی «گەڕانەوەی زەردەشت»ی «ئەحمەدی مەلا»دا بەدوای ماناکانی ئاگردا گەڕاوین و تاووتوومان کردووە، ئەمەش دوو لایەنی وەسفیی- شیکاریی لەخۆ گرتووە.

## گریمانە، کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوە

ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین ئاگر لە دیوانی «گەڕانەوەی زەردەشتدا»، مانا زاڵەکانی ئاگر، کە نەریت و هەندێک ئایین بەسەریاندا بڕیوە، جێ دەهێڵێت، ڕەهەندێکی بوونگەرایییانە وەردەگرێت و مرۆڤ و زەوی هەرمان دەکات، لە ڕەمزی سووتاندنەوە دەبێتە ڕەمزی بووژانەوە، پێمان وایە ئاگر دەبێتە ڕووناکییەک بۆ ڕووناککردنەوەی ڕێگای مرۆڤ، ڕێگایەک بەرەو ئازادی، بەرەو خۆبوون، بەرەو دامەزراندنی شوناسی تاک و شوناسی کۆ بە سەربەستی. پێمان وایە شیعر لەم دیوانەدا دەبێتە بانگێک/ بانگهێشتێک بۆ گەڕانەوە بۆ سەر خۆ/ خۆبوون، بەرەو ئازادی ڕێچکیلەکان دەکاتەوە، بەرەو دامەزراندنی گوتارێکی تازە، کە سەرشارە بە ڕەگە دێرینەکان؛ ئەو ڕەگە دێرینانەی ئومێدی ژیان و ڕووناکییان هەڵگرتووە، مرۆڤدۆستی و زەمیندۆستییان لێ دەچۆڕێت.

گرنگترین ئەو پرسیارانەش کە دێنە پێشمان ئەمانەن: چۆن دێرینی (کۆن)ی لەگەڵ تازەیی کۆدەبێتەوە؟ ئایا دەتوانین بە گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو ڕێچکەی تازە بکەینەوە؟ ئاگر چۆن ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات؟ ئایا دەتوانین ئاگر بکەینە مانیفێستی ئازادی و مانیفێستی بوونی کورد؟ چۆن ڕووناکی دەبێتە تاریکی؟

سەرباری ئەمە، لە شیعری کلاسیک و ئەدەبی عیرفانی و عاشقانە و سۆفیانەمان، ئاگر هەمیشە بە سووتان و نەمانەوە دەبەسترێتەوە، بەشێکی زۆر لە شاعیرانمان لە (پەروانە و شەم) دا بەرجەستەیان کردووە، کە میتافۆرێکە بۆ عەشق؛ عاشق (پەروانە) لە دووریی مەعشووق (شەم) بە حەسرەتی گەیشتن دەسووتێت و لە گەیشتنیشدا هەر دەسووتێت: گەیشتن و نەگەیشتن ئەنجامەکەی هەر سووتانە. کێشە و پرسیارەکە ئەوەیە: ئێمە چۆن لەو وێنە

زاڵـەی ئاگـر دەرچیـن، کـە لـە میراتـی شـیعری کلاسـیکمان بـۆ ئاگـر کێشـراوە/ ماوەتـەوە؟

## هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و گرنگییەکەی

هـۆکاری هەڵبژاردنـی بابەتەکـە و گرنگییەکـەی، بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە تـا ئێسـتا، ئەوەنـدەی ئێمـە ئاگاداربیـن، هیـچ توێژینەوەیـەک لـە ئەدەبـی کـوردی لەسـەر ئاگـر نەکـراوە، ئەمـە دەبێتـە یەکەمیـن توێژینـەوە لەسـەری، هـاوکات گەڕانـەوەی زەردەشـت لـە سـەردەمێک نووسـراوە، کـە تاکایەتـی (فەردانییـەت) لـە ڕۆژهـەڵات تـا ئاسـتێکی مەترسـیدار پاشەکشـەی کـردووە، تـاک لەنـاو کـۆدا تواوەتـەوە و بووەتـە خۆراکـی ئایدیۆلۆژیـا خۆسـەپێنەکان، خێـڵ و مەزهـەب و حـزب سەردەسـتەی تاکـن و دەیهـاڕن، ئـەم دیوانـە (توێژینەوەکەشـمان بەرمەبنـای دیوانەکـە) ئاگر دەکاتـە ڕێڕۆشـنیی تـاک و بـەرەو ئـازادی و خۆبـوون (توولـەڕێ)کان دەکاتـەوە، ئاگر دەبێتـە ڕووناکی و وزەی ژیـان، شـیعر دەمانباتـەوە سـەر زەمیـن، مـرۆڤ پێوەندییەکـی یەکایەتـی لەگـەڵ بـوون دادەمەزرێنێـت، ئێـرە ناکاتـە قوربانـی لەپێنـاو دنیایەکـی تـردا، شـیعر، لێـرە، لەسـەر زەمیـن کۆمـان دەکاتـەوە بەبـێ ئـەوەی تاکبوونمان فەرامـۆش بـکات، دواجـار هەمـوو ئەمانـە هێـزی خـۆ خستنە نـاو ئـەم بـوارە و پاساوی کارکردن لـەم بوارەمـان پـێ دەبەخشـێت.

## ئامانجی توێژینەوە

ئـەم توێژینەوەیـە دەیەوێـت نیشـانی بـدات ئاگـر پرسـێکی گرنگـی ئـەدەب و فەلسـەفەیە، لەپـاڵ ئەمـەدا بابەتێکـە تونـد بـە ژیـان و بوونـەوە پەیوەسـتە، توێژینەوەکـە ئامانجیەتـی تێگەیشـتنێکی دیکـە بـۆ ئاگـر دامەزرێنێـت کـە نەچێتـەوە سـەر مرۆسـووتێنی، بەڵکـوو ببێتـە وزەی ژیـان، پـەرە بە هۆشـیارییەکی مرۆڤدۆسـتانە بـدات، لـە کولتوورێـک، کـە سەرشـارە بـە توندوتیـژی.

## پێشینەی توێژینەوە

گەرچـی ئاگـر ڕەهەندێکـی ئایینـی، فەلسـەفی و ئەدەبیـی هەیـە و هەڵگـری مانـای جیاجیایـە، تونـد بـە مێـژوو و واقیعـی کـوردەوە پەیوەسـتە، بـەڵام تـا ئێسـتا هیـچ توێژینەوەیـەک لـە ئەدەبی کوردی لەسـەر ئـەم دیاردەیە نەکراوە. سـەبارەت بـە شـیعری «ئەحمـەدی مـەلا»ش، ئەگەرچـی ئەحمـەدی مـەلا شـاعیرێکی گرنگـی ئەدەبـی کوردییـە، لـە (١٩٧٤)ـەوە شـیعر دەنووسـێت، بـەڵام تـا ئێسـتا بـواری توێژینـەوەی کـوردی وەک پێویسـت ئـاوڕی لـەم شـاعیرە نەداوەتـەوە. ئـەوەی جێگـای ئاماژەپێکردنـە تـا ئێسـتا، دوو کارن لەگـەڵ نامەیـەک: یەکەمیـان خوێندنەوەیەکی گشـتیی شیعرەکانیەتی لەلایـەن (بەختیـار عەلـی) لـە دووتوێـی (١٧) لاپـەڕەدا، بـە ناوونیشـانی (شـاعیر و بـوون، ئەزموونـی ئـازادی لـە شـیعری ئەحمـەدی مـەلا)دا. لـە سـەرەتاوە (بەختیـار عەلـی) دەنووسـێت: ((ئەزموونـی ئەحمـەدی مـەلا لـە شـیعری کـوردی شـوێنێکی دیاریکـراوی هەیـە، لەمێـژە چاوەڕوانـی ئـەوەم یەکێـک شـتێک لەسـەر ئـەم ئەزموونـە بڵێـت، بـەڵام تـا ئێسـتا شـتێکی ئەوتـۆم نەبینیـوە شـایەنی بـاس بێـت، شـیعری ئەحمـەدی مەلایش وەک زۆربـەی تێکسـتە جوانەکانـی ئەدەبـی کـوردی نەخوێنراوەتـەوە و فەرامۆشـی دایپۆشـیوە)). (بەختیـار عەلـی: ٢٠١٥: ٣٩١).

نووسـینەکەی بەختیـار عەلـی سـەرەتایەکی پێویسـت و گرنگـە بـۆ تێگەیشـتن و چوونـە نـاو

جیهانی شیعریی ئەحمەدی مەلا، ئەم نووسراوەی بەختیار عەلی توێژینەوە نییە، بەڵکوو خوێندنەوەیەکی گشتییە بۆ ئەزموونەکەی، وەک خۆی دەڵێت: ((ئەوەی لێرەدا من بەرانبەر ئەو ئەزموونە چڕە دەتوانم بیڵێم دەستدانێکە لە ڕوخساری نهێنیی ئەو ئەزموونە شیعرییە بە گشتی، واتە ڕاوەستانێک نییە لای قەسیدەیەک و وێنەیەک، بەڵکوو ڕاوەستانێکی گشتییە لەلای کۆی ئەزموونەکە)). (هەمان سەرچاوە: ٣٩١).

دووەم کار لەسەر شیعری ئەحمەدی مەلا، کتێبێکی (پێشەوا کاکەیی)ـە، بە ناوونیشانی (بنیادنانەوەی ڕووناکی لە گەڕانەوەی زەردەشتی ئەحمەدی مەلا) کە (١٩٩) لاپەڕەیە، ئەم کتێبە لە ڕوانگەی فەلسەفە و ئایینی زەردەشتییەوە نووسراوە، زیاتر چەمکەکانی ئایینی زەردەشتیان شی کردووەتەوە، ناوەڕۆکی کتێبەکە شەش بەشە، بەشەکان بەم جۆرە ناونراون: (باسی یەکەم: قوڵبوونەوە لە «ئەشا»، یان ڕاستی، باسی دووەم: ڕامان لە «ڤەهومەنە، وەهومەنە»، یان بیری پاکێتی، باسی سێیەم: ڕامان لە «خەشتەرا»، یان زاڵبوون بەسەر خوددا، باسی چوارەم: ڕامان لە «ئارمەیتی»، یان ئارامی، باسی پێنجەم: ڕامان لە «هەئوروەتات»، یان پێگەیشتن و بەختەوەربوون، باسی شەشەم: ڕامان لە «ئەمرتات»، یان نەمری لەم قەسیدە/ کتێبەدا). ئەم لێکۆڵینەوەیە جۆرێکە لە داڕشتنەوەی دیوانەکە و لە ڕوانگەیەکی خودگەراییانەوە نووسراوە، زۆر بە کەمی پشت بە سەرچاوە بەستراوە، لە زۆر شوێن خوێنەر هەست دەکات دەقێکی شیعری دەخوێنێتەوە، پێشەوا کاکەیی کە خۆی شاعیرە لە زۆر شوێن هەستی شیعریی خۆی دەنووسێتەوە، یان دەقە شیعرییەکان بە شێوازێکی تری شیعری دادەڕێژێتەوە، بۆ نموونە با لەم پارچەیە بڕوانین:

((لەم شەوچلەیەدا دەچینەوە هەورامان و لای یارسانەکان ئاواز دەچڕین، ناخمان دادەگیرسێنین و لە تاریکی دوور دەکەوینەوە، ئاخر هەمیشە شەو: وەک ڕەش و خۆر: وەک سپی چوێنراوە.

لەم شەوەدا تەواو زیندوومان دەکاتەوە، سەرێک لە ئیزەدی میهر دەدەینەوە، بەچەشنێکی نوێتر بنەمای ژیانمان سەرلەبەر بۆ نوێ دەکاتەوە و دەبینەوە وەرزێر و دەبینەوە شوان، بەم گەڕانەوەیە فێری سووڕانەوەی وەرزەکان دەبین، لەو شەوەدا ئاگر دەکەینەوە تا تاریکی و هێما ئەهریمەنییەکان لەناوببەین و هەڵبێین.... لەو شەوەدا لەدەوری یەکدی کۆدەبینەوە و بەمەبەستی دوورخستنەوەی هێما ئەهریمەنییەکان ئاور دەکەینەوە و سفرە و خواردنی تایبەتی وەک سفرەی نەورۆز دەڕازێنینەوە.)) (کاکەیی: ٢٠٢٠: ٥٠ - ٥١).

ئەمە زیاتر لە دەقێکی شیعری دەچێت، بەڵام سەرباری ئەمە لە زۆر شوێنیشدا دەقە شیعرییەکان بەراوردی فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی کراون، یان لە ڕوانگەی لێکۆڵەرەوە شی کراونەتەوە، بەو مانایە کتێبەکە کەم تا زۆر، کارێکی بەسوودە بۆ تێگەیشتن لە هەندێک چەمکی دیوانە شیعرییەکە، بەتایبەتی چەمکەکانی ئایینی زەردەشتی. جگە لەم دوو کارە، (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر نامەیەکی بۆ (ئەحمەدی مەلا) ناردووە و لە سایتی دەنگەکان بڵاوکراوەتەوە، نامەیەکی کورتی ئەدەبییانەیە، بەڵام لە هەندێک شوێن لەسەر شیعرەکان وەستاوە و قسەی لە ئەزموونی شیعریی شاعیر کردووە، هەروەک دەڵێت: ((گرینگترین

نەخش لە ئەزموونی تۆدا، زمانە. زمان بوونی مرۆڤی تێدا دروست بووە و دروست دەبێت. نوێبەخشیش لەو وێنانەدا نییە، کە لە ئەندازەیی و بنیادی وشەدا پێکیان دەهێنی و پێکت هێناون. لە تەکنیکە زمانییەکانتدایە، کە بەگوڕوتین بۆ ئایندە ڕوانین بەکارت هێناون و بەکاریان دەهێنیت و کاراتر دەبن)).
(https://dengekan.info/archives/18415)

## ناوەڕۆکی توێژینەوە

توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا وەک چوارچێوەیەکی تیۆری گەڕاوینەتەوە بۆ ئەو لێکدانەوەی بیرمەندان بۆ ئاگریان کردووە، پاشان دیاردەی ئاگرمان لە بوونی مرۆڤ بەگشتی و لە بوونی کورد باس کردووە. لە بەشی دووەمدا دیاردەی ئاگرمان لە گەڕانەوەی زەردەشت تاووتوو کردووە، لە پێوەندیی ئاگر لەگەڵ (گزنگ، ئازادی، هۆشیاری، بوون، بووژاندنەوە، تاریککردن) دواوین. لە کۆتاییشدا دەرئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکانمان خستووەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم/ چوارچێوەی تیۆری، لاکردنەوەیەکی مێژوویی لە ئاگر

### ١-١ ئاگر لە بوونی مرۆڤدا، ئاگر لە بوونی کورددا

لەگەڵ فامکردنی مرۆڤدا، ئاگر دەبێتە بابەتێکی (ویستراو) بەوەی دەبێتە دیاردەیەکی (قەدەغەکراو). دەگوترێت: (ئەوەی قەدەغەدەکرێت، زیاتر دەویسترێت). هەر لە تەمەنی زارۆ (منداڵ)یدا، ئاگر دەبێتە (بقە) و نابێت دەستی بۆ بەرین، لە گەورەییشدا بۆ هەر پرسێکی نەخوازراو، یان هەر پرسێک کە پێچەوانەی نەریت و سیستمی باڵادەست بێ دەگوترێت (یاری بە ئاگر مەکە). یاریکردن بە ئاگر دەستبردنە بۆ حەرام: حەرامی سیاسی، حەرامی کۆمەڵایەتی، حەرامی ئایینی...تاد، کە زۆربەی جار ئەم حەرامانە بریتین لە ویستی تاک بۆ ئازادی.

لە نەستی دەستەجەمعی (کۆنەست collective unconscious) (١)ی کورددا، ئاگر پرسێکی زیندوو و دانەبڕاوە، ئاگردان بەشێکی گەورەی لە یادەوەریی ئێمە داگیرکردووە و پێوەندیدارە بەو ڕابوردووە دێرینەی باوانمان لەگەڵ ئاگر بەڕێیان کردووە، ماندووبوونی ڕۆژانی درێژی ئیشکردن، بە حەسانەوەی بەرئاگردان دەرکراوە. حەکایەتی بەرئاگردان دەبێتە بنەمای چیرۆکی کوردی. حەکایەتی بەرئاگردان دەری دەخات مرۆڤ کاتێکی زۆری لە دەوری ئاگر بەسەربردووە، دانیشتن لەبەر ئاگر و ڕوانین لە بڵێسەی ئاگر، مرۆڤ دەباتە ناو ڕامان و خەیاڵ، بۆیە لە لایەنی ڕوحی و جەستەیی، ئاگر کۆمەکی گەورەی بە مرۆڤ کردووە.

زۆر جار وەک لێدان لە کورد، کورد بە ئاگرپەرست ناودەبرێت، ئەمەش پێوەندیدارە بەوەی ئاگر لە بوونی کورددا ڕەهەندێکی سیاسی - ئایینی - نەتەوەیی وەرگرتووە، لە ئایینی دێرینی کورد (زەردەشتی) ئاگر سەرچاوەی بوون و ڕووناکی بووە، ڕەمزی سەرکەوتن و ئازادی و نوێبوونەوە بووە، ئێستاش لای کورد ئاگر سێبوورییە، مایەی ژیان و جەژن و شادییە، پێوەندیی بە ئازادییەوە هەیە؛ کورد بە هەڵکردنی ئاگر پێشوازی لە ساڵی نوێ (نەورۆز) دەکات، چەندان جار لەسەر هەڵکردنی ئاگری نەورۆز مرۆڤی کورد ڕووبەڕووی مەرگ

کراوەتەوە (٢)، ئەمە وا دەکات ئاگر پێویستی بە لەسەر وەستان و لێکدانەوە بێت.

### ١-٢ سەرەتایەکی تیۆری سەبارەت بە ئاگر

هەر لە سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤەوە، گرنگیی ئاگر دەبینرێتەوە، لە «ئەفسانە»وە، کە دێرینترین بەرهەمی مرۆڤە، ئەمە دەردەکەوێت، ئەفسانەی پرۆمیسیۆس بە ئەفسانەی ئاگر بەناوبانگە: (پرۆمیسیۆس یەکەمین بەرگریکاربووە لە مرۆڤ، خواوەند مرۆڤ سزا دەدات و لەسەر زەوی گلی دەداتەوە و لە نەمری بێبەشی دەکات، پرۆمیسیۆس ئاگر لە خواوەند دەدزێت و دەیداتە دەستی مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت بژیت و بەردەوام بێت، ئەم بەخششە قوربانیی پرۆمیسیۆسە لەپێناو مرۆڤدا، چونکە پرۆمیسیۆس لەسەر ئەمە سزا دەدرێت). (ئەفسانەی پرۆمیسییێس: و: هاوکار فەرەج: ٢٠١٨
https://www.hawsani.org/view?n=27343).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت یەکەمین وانەی ئازادی و ملکەچ نەکردن لەلایەن پرۆمیسیۆسەوە بووە، ئەویش ئاگر بنەماکەی بووە، ((لەسەردەمە دێرینەکاندا، ئاگر سیمبۆلی پاکبونەوەی ڕوح بوو، وەک ئەو ڕووناکییەی خەم دەڕەوێنێت، گەشە بە بەروبوومەکانت دەدات، هەروەها بینین و مەودای تیروانینت پێ دەبەخشێت. چەمکی ئاگر سەرچاوەی گوزارشتە لەخۆشی بە ڕووناکی، کە ئەویش خۆرە لەوەرزی بەهاردا)). (مۆر لۆران: ٢٠٢٣: https://www.awene.com/detail?article=87481.

لای (فەیلەسووفانی سروشت/ پێش سوکراتییەکان) ئاگر بابەتی بیرکردنەوە بووە، بوونیان بۆ چوار ڕەگەز گەڕاندووەتەوە: (ئاو، ئاگر، هەوا، خاک). (س. ئەخمانۆڤ: ٢٠٠٠: ٢٤). ((هیراکلیتس ئاگری بە لۆگۆسەوە بەستووەتەوە* (٣)، پێی وایە: ((ئاگر هەمیشە زیندووە و هێزێکی کارای نەپساوەیە)). (ئیمیل بریهێمە: ٢٠٠٧: ٩٩). لۆگۆس لای هیراکلیتس هەم نەزم و ڕێکی بە جیهان دەبەخشێت، هەم دەیهێنێتە ناو فیکر و تێگەیشتنەوە، هەڵگری حەقیقەتی بوونە و لە ئاگرەوەیە، ((هیراکلیتس پێی وایە: ئەم جیهانە ئاگرێکی نەمرە، کە هەمیشە هەبووە و هەیە و هەر دەمێنێت، ئاگر جیهان بەڕێوە دەبات)). (سیوەیلی: ٢٠١٢: ١٦٠). مەبەستی هیراکلیس ئەوەیە کە بەردەوامیی جیهان بەهۆی ئاگرەوەیە، چونکە ڕووناکی و گەرمی، وزەی بنەڕەتیی ژیان و بوونن، بۆیە ئاگر دەبێتە دیاردەیەکی بوونگەرایی (٤).

هایدیگەر باس لەوە دەکات کە ((ئاگر لای هیراکلیتس دەبێتە «خودی ئەوەی بیردەکاتەوە»)). (Heidegger: ١٩٨٤: ١١٨) واتە ئاگر دەبێتە کەس (سوبێکت)ی بیرکەرەوە! هەڵبەت ئەمە داوای تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەمان لێ دەکات: چۆن ئاگر بیردەکاتەوە؟ چۆن دەبێتە سەرچاوە بۆ بیرکردنەوە و جووڵاندنی هزری مرۆڤ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەچینە لای ماناکانی ئاگر لای (گاستۆن باشلار). باشلار لە کتێبەکەیدا (دەروونشیکاریی ئاگر The Psychoanalysis of Fire) ڕاڤەیەکی قووڵ و سەرنجکێش بۆ ئاگر دەکات، ئەگەر لای دەروونناسان، مرۆڤ و کردەوەکانی ببنە بابەتی دەروونناسی، ئەوە لای باشلار، ئاگر و کارکردەکانی دەبنە بابەت بۆ توێکاری، بەمەش وەک چۆن (فرۆید) بە ناخی مرۆڤدا شۆڕدەبێتەوە و لە نەستدا بە دوای حەقیقەتی

مرۆڤدا دەگەڕێت، باشلاریش بە ناخی ئاگردا شۆڕدەبێتەوە و چەندان مانای جیاجیای لێوە دەردەهێنێت. با لەم گوتانەی باشلار بڕوانین: ((ئاگر دیاردەیەکی ناوازەیە، دەتوانێت هەموو شتێک لێک بداتەوە. ئەگەر ژیان هەموو ئەو شتانە لێک بداتەوە کە هێواش دەگۆڕێن، ئەوە ئاگر هەموو ئەو شتانە لێکدەداتەوە کە خێرا دەگۆڕێن. ئاگر ڕەگەز (ماددە – توخم) ێکی تا ئەوپەڕی زیندووە، خودی و گشتییە؛ لەناو دڵماندا دەژی و لە ئاسمانیشدا لە قووڵایی ماددەوە بەرزدەبێتەوە و لە گەرمیی ئەڤیندا خۆی دەردەخات، یان دەتوانێت دامرکێتەوە و بچێتەوە ناو ماددە و لەوێ خۆی بشارێتەوە: کپ و مات وەک ڕق و قین. لەنێو هەموو دیاردەکاندا ئاگر تاکە دیاردەیە دەتوانێت بەڕوونی بەها دژەکانی چاکە و خراپە (خێر و شەڕ) لەخۆ بگرێت: لە بەهەشتدا بدرەوشێتەوە و لە دۆزەخیشدا بسووتێنێت، نەرمونیان بێت و ئەشکەنجەش بدات)). (Bachelard: ١٩٦٤: ٧).

(هایدیگەر) لە نووسراوێکیدا لەسەر بیرکردنەوەی سەرەتایی گریک، بۆ بڕگەی شازدەی (هیراکلیتس) دەگەڕێتەوە و بە دوای ماناکانی ئاگردا دەگەڕێت، لە ئاگردا زیاتر جەخت لەسەر ڕووناککردنەوە و تیشکبەخشین دەکاتەوە: ((ڕووناکی/ ئاگر ئەم واتایانە دەگەیەنێت: ڕۆشنکردن، تیشکپژاندن، درەوشانەوە. ڕۆشنکردن هاومانای دەرکەوتنە، پەردە لەسەرلادان و دەرکەوتن هەمان شتن)). (Heidegger: ١٩٨٤: ١٠٣)، واتە بۆ هایدیگەر ئاگر پەردە لەسەر شتەکان لادەدات و وادەکات دەربکەون؛ بکەونە بەر ڕۆشنایی تێگەیشتن، بەڵام هایدیگەریش لایەنە نەرێنییەکەی ئاگری فەرامۆش نەکردووە و لەگەڵ ئەوەی پێی وایە ئاگر سەرچاوەی ڕووناکی، گەشی و گەرمییە، هاوکات دەسووتێنێت، کاول دەکات و لەناودەبات. (هەمان سەرچاوە: ١٠٤). بە کورتی ئەم لێکدانەوانە ئەوە دەردەخەن، کە ئاگر سەرچاوەی ژیانە و لەناوبەری ژیانیشە.

## بەشی دووەم/ دیاردەی ئاگر و ڕەهەندە بوونگەراییەکانی لە دیوانی «گەڕانەوەی زەردەشت»ی «ئەحمەدی مەلا»دا

### ٢-١ سەرەتایەکی پێویست بۆ چوونە ناو باس

گەڕانەوەی زەردەشت لە شەش بەش پێک دێت، بەشەکان بە (گزنگ) ناونراون. شاعیر لەجیاتی (بەش) وشەی (گزنگ)ی بەکارهێناوە. دیوانەکە خۆی لە بنەڕەتدا یەک قەسیدەیە، وەک شاعیر لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە: ((ئەم قەسیدە/ کتێبە بەیەک نەفەس نووسراوەتەوە)). (ئەحمەدی مەلا: ٢٠١٦: ٧). دەقەکە دابەشی شەش ناوونیشانی ناوەکی دەبێت: (گزنگی یەکەم: ڕاستی. گزنگی دووەم: بیری پاک. گزنگی سێیەم: زاڵبوون بەسەر خوددا. گزنگی چوارەم: ئارامیی. گزنگی پێنجەم: پێگەیشتن و بەختەوەربوون. گزنگی شەشەم: نەمری). وەک دیارە ناوونیشانەکان لەژێر یەک وشەدا کۆبوونەتەوە ئەویش (گزنگ)ـە. لە فەرهەنگی (ئەناهیتا)دا وشەی گزنگ بەمانای: ((سەرەتای هەتاوی بەیانی، ڕووناکیی خۆر کاتی بەیانی، تیشکی تازە دەرکەوتووی خۆر کە بەر زەوی دەکەوێت)) دێت. (فەرهەنگی ئاناهیتا: https://ferheng.info/alfba/ /). گزنگ سەراپای دەقەکەی داپۆشیوە، ئاماژەیە بۆ: (ئاگر، ڕووناکی، خۆر، سپێدە، نوێبوونەوە، ڕووناککردنەوەی خاک).

گزنگ لە ئاگرەوەیە، بە مانایەکی دیکە: ئاگر پێشمەرجی بوونی گزنگە، چونکە گزنگ لە خۆرەوەیە، خۆریش ئاگرە، کۆی دەقەکە لەبن چەتری گزنگ/ ئاگردا دێت و دەچێت.

**٢-٢ ئاگر وەک هێزێک بۆ ڕۆشنکردنەوەی بوون**

لەم دیوانەدا شاعیر بۆ هەرچوار ڕەگەزەکەی بوون گەڕاوەتەوە: (ئاگر، ئاو، هەوا، خۆڵ). ئەمانە توخمی بنەڕەتیی بوونن، بە نەبوونی هەریەکێکیان ژیان بەردەوام نابێت، بەڵام زیاتر توخمی (ئاگر) کاری لەسەر کراوە، بەلای ئێمەوە ئاگر/ ڕووناکی تێما (theme)ی سەرەکیی دیوانەکەیە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین، کە تێیدا ئاگر لە بوونی مرۆڤ جیاناکرێتەوە.

شاعیر لە دێڕێکدا سەبارەت بە خۆر دەڵێت:

**خۆر هەڵبێ........**
**تۆ سەرەتا و کۆتایی**
**تۆ یەک و کۆی**
**تۆ سەروەری چوار ڕەگەزی.**
(مەلا: ٢٠١٦: ٣٩).

دانانی خۆر وەک سەروەری چوار ڕەگەزەکەی بوون، دەرخەری ئەوەیە، کە خۆر/ ئاگر سەرچاوەی سەرەکیی بوونە؛ ئەوە ئاگرە دەبێتە ڕووناکیبەخش و ڕۆشنکەرەوەی بوون، ئاگر وزەی ژیان و بەردەوامییە. شاعیر لە زۆربەی کۆپلە شیعرییەکاندا بۆ ئاگر دەگەڕێتەوە، تێیدا ئاگر ڕەهەندێکی بوونگەراییانە وەردەگرێت، لەهەمان کاتدا دەیکاتە سیمبۆلێکیش بۆ ڕووناکبوونەوەی هزری تاکەکان و بەرزبوونەوە بۆ ئاستێکی بەرزی هۆشیاری، وەک لەم کۆپلەدا دەڵێت:

**کاتێک ئاگرەکەت دادەگیرسێ...کەرتە سەهۆڵ و توێژی شەختەکان دەتوێنەوە، پەرچەمی ڕووناکیی شەوی یەڵدا دادەگیرسێ**
**بزە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خوان و ئاسمانت پڕ لە ئەستێرە دەبێ**
**کاتێ ئاگرەکەت دادەگیرسێ... گالیسکەی بوون ڕادەکشێ و**
**ئاسمانەکان تەی دەکات تاکوو دەگاتە قووڵترین هەوار کە نزیکترینیانە:**
**هەواری جەستە.** (مەلا: ٢٠١٦: ٥٠).

لێرەدا شاعیر ئاگر دەکاتە بنەمای لەدایکبوونی ناخ و بیرێکی ڕووناک، هاوکات دەشیکاتە بنەمای بوون، ئەم دوو سەرەییەی پێوەندیی مرۆڤ و بوون بە ئاگر، داگیرسانی ئاگر بەرجەستە دەکات، بەتایبەتی لەو دێڕەدا: (کاتێ ئاگرەکەت دادەگیرسێ، گالیسکەی بوون ڕادەکشێ). ڕاکشانی گالیسکەی بوون ئاماژەیە بۆ بەردەوامییەتیی بوون، بەردەوامیی بوون لای شاعیر بە داگیرسانی ئاگر بەستراوەتەوە، ئاگر دەبێتە سەرچاوە بۆ بوون، ئەگەرچی لێرەدا ئاگر مانایەکی سیمبۆلیی هەیە و ئاماژەیە بۆ خۆناسین و خۆپێگەیاندن، بەڵام لەکۆی دیوانەکەدا ئاگر هەم وەک مانای واقیعی بەکارهاتووە، هەم بەمانای سیمبۆلیک: لایەنی واقیعییەکەی وەک ئامراز و هێزی ڕووناکیبەخش، سەرچاوەی گەرمی و ڕۆشنکەرەوەی بوون، لایەنە سیمبۆلییەکەشی وەک سیمبۆلی ئازادی، هۆشیاری، تێگەیشتن و پێگەیشتن. داگیرسانی ئاگر مانای ڕۆشنبوونەوەی هزری تاکە، بوونی مرۆڤ لە تاریکییەوە بۆ بوونێکی ڕووناک دەگوێزێتەوە.

شاعیر بوونی گەردوون بە بوونی ئاگرەوە دەبەستێتەوە، هەروەک لەم کۆپلەیەدا دەڵێت:

**دوو چڵی یەک ڕووناکییە گەردوون**
**چڵێکی لە بوونی تۆدایە، چڵەکەی دیکە هیی گەردوونە،**

**یەکێکیان داگیرسێنی، ئەوەی دیکەش دادەگیرسێ.**

(مەلا: ٢٠١٦: ٤٩).

لێرەدا شاعیر بوونی مرۆڤ و بوونی گەردوونی بە داگیرسانی ئاگر و ڕووناکی پەیوەست کردووە، ئاگر دەبێتە ڕۆشنکەرەوەی بوونی مرۆڤ و گەردوون.

**٣-٢ ئاگر لە سووتاندنەوە بۆ بووژاندنەوە**

دیلکردنی مانای ئاگر و بەستنەوەی بە سووتان، وێنەیەکی درێژبووەوەی هەندێک لە ئایینەکانە، ڕاستە لە ئاییندا وێنەیەکی تریش هەیە کە ئەویش نوورە، بۆ خودا و پیاوچاکان بەکاردێت، بەڵام وێنەی زاڵی ئایینەکان (بەتایبەتی ئایینە ئاسمانییەکان) بۆ ئاگر، زیاتر وێنەیەکی هەڕەشەئامێزە، ئەویش ئاگری دۆزەخە، ئەمەش بزرکردنی مانا ژیاندۆستییەکانی ئاگرە، کە سەرچاوەی ژیان و خۆراک و مانەوەی مرۆڤە. ئایینەکان هێندەی شتەکان بۆ دنیای ئەودیو بەکاردەهێنن، هێندە بۆ ژیان و بوون نا. (بێرتراند ڕەسڵ) یەکێکە لەوانەی بە قووڵی کاری لەسەر مێنتاڵێتیی ئایینەکان کردووە، ئەو پێی وایە ((ئایین زیاتر گرنگی بە ژیانی پاش مردن دەدات و باوەڕی بە سەرکێشیی عەقڵی نییە، لەبەر ئەوە ژیان زیاتر دەکەنە ئامرازێک بۆ دنیایەکی دی)). (Russell: ١٩٧٢: ٤). بەم هۆیەوەیە ئاگریش دەکەنە ئامرازێک بۆ ئەوەی مرۆڤەکان هەردەم بە ترس بیر لە دنیای دیکە بکەنەوە. ئەم مانایەی ئاگر بە شێوەیەکی بەرچاو خزاوەتە ناو ژیانی مرۆڤەکانەوە. شاعیر درکی بەم مانایانە کردووە، بۆیە ڕەهەندێکی بوونگەرایی بە ئاگر دەدات، ئەو گوتارە باڵادەستەی ئاگر دەکاتە ڕەمز و ئامرازی سووتاندنی جەستە و ڕوح، ڕەت دەداتەوە، مانای تر بە ئاگر دەبەخشێت:

**ڕاستیی ئاگر: بۆ سووتاندنی جەستە و ڕوح نییە**

**ڕاستیی ئاگر: بۆ تۆقاندن و بەرەواژکردنی پرس نییە**

**ڕاستیی ئاگر: بۆ دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزوو و چەپاندنی جەستە نییە**

**ڕاستیی ئاگر: بۆ کوژاندنەوەی گومان نییە**

**ڕاستیی ئاگر: بۆ کەڕکردن و لاڵکردنی چرپە نییە**

**ڕاستیی ئاگر: خۆرە، مانگ زیوین دەکات.**

(مەلا: ٢٠١٦: ٣٥-٣٦).

لێرەدا شاعیر ئەو مانایانە لە ئاگر دەکاتەوە کە لەلایەن نەریتی باڵادەست و هەندێک لە ئایینەکانەوە بەسەریدا بڕاون: ڕاستی ئاگر بۆ سووتاندنی جەستە و ڕوح نییە، بۆ کوژاندنەوەی ئارەزووەکان و چەپاندنی جەستە نییە.. ئاشکرایە کۆمەڵگەی نەریتی و گرووپە ئایینیی توندڕۆکان ئاگر زیاتر بەم مەبەستانە بەکاردێنن، بۆیە شاعیر دەیەوێت مانایەکی تر بە ئاگر بدات، هەڵگری زیوینی و ژیانویستی بێت، بەم جۆرە شاعیر لەبری ئەوەی ئاگر بە هەڕەشە و تۆقاندنەوە ببەستێتەوە و بیکاتە ئامرازی شێواندنی جەستە، بە (خۆر)ەوەی دەبەستێتەوە، خۆریش (مانگ زیوین دەکات) و سەرچاوەی ژیانە.

**پەراوێزەکان:**

١- نەستی دەستەجەمعی (نائاگایی کۆ/ کۆنەست collective unconscious) چەمکێکی بیرمەندی دەروونشیکاری (کارل گۆستاڤ یۆنگ)ـە، بەلای یۆنگ، کۆنەست بریتییە لە کۆگایەک هەموو ئەزموون و شارەزاییەکانی ڕابوردووی مرۆڤایەتیی هەڵگرتووە و بەردەوام لە باوانەوە گوازراوەتەوە بۆ نەوەکان، ڕابوردووی مرۆڤایەتی دەبێتە بنەمای یەکەم بۆ دەروونی تاک و ڕەفتارەکانی دیاری دەکات، خەڵک بە گشتی بەپێی ڕوانگەی یۆنگ هەمان ئەو هەست و ڕەفتارانەیان دەبێت و ئەنجام دەدەنەوە کە بە درێژایی مێژوو مرۆڤایەتیی پێدا تێپەربوە. بڕوانە: https://study.com/academy/lesson/collective-unconscious-definition-examples.html

هەروەها بڕوانە: چارلز برێسلێر (٢٠٠٧): ١٧٧.

(٢) نوێترین ڕووداوی تراژیدی لەم بارەوە ڕووداوەکەی ئەمساڵ (٢٠٢٣)ی نەورۆز بوو لە ناحیەی (جەندێرس)ی عەفرین لە ڕۆژئاوای کورستان، کە لەسەر هەڵکردنی ئاگری نەورۆز پێنج هاووڵاتیی کورد کوژران. وتارێکی گرنگ، لەم بارەوە لە ١٧-٤-٢٠٢٣ بە ناوونیشانی (ترس لە ئاگر، جەندێرس لە نەورۆزدا) بە خامەی (مۆر لۆران) بڵاوبووەتەوە، مۆر لۆران دەنووسێت: ((ئەمساڵ لە شەوی نەورۆزدا ٢٠٢٣/٣/٢٠ کوردەکان بەڕووداوێکی دڵتەزێن لە ناحیەی جەندێرس سەر بەقەزای عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان شۆک بوون، ئەویش کوشتنی ٤ هاووڵاتی کورد بوو، کە بۆ ڕۆژی دواتر بەهۆی سەختی برینی یەکێک لەبریندارەکانەوە بوو بە ٥ کەس، لەلایەن چەکدارانی سەر بەیەکێک لەگرووپەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێن. ئەو شەهیدانە ئاهەنگی شەوی نەورۆزیان دەگێڕا، لە ڕێگەی ئاگرکردنەوە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیاندا هەر وەک نەریتێکی باوی کورد، کەچی ئەم چەکدارانە دێن و بە خەمساردییەوە بەر دەستڕێژی گولەیان دەدەن....ئەم ڕووداوانە هەموو ساڵێک لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕوودەدەن)) (https://www.awene.com/detail?article=87481). ئەم نووسەرە هۆکاری کوشتنی کوردان لەسەر ئاگر دەگەڕێنێتەوە بۆ ترسێکی ئایینی لای گرووپە ئیسلامییە توندڕۆکان، پێیوایە مەزهەبگەرا توندڕۆکان کورد بە (مەجووسی/ ئاگرپەرست) ناودەبەن و ئەمەشیان بەلاوە کوفرە: ((ئەمەش لای کوردان دەبێتە پرسیار وەک ئەوەی لای کەسوکاری قوربانیانی جەندرێس دەرکەوت و دەیانپرسی: بۆچی و لەبەرچی؟ بۆچی و لەبەرچی دەبێ ڕۆڵەکانیان لەسەر هەڵکردنی ئاگری نەورۆز شەهید بکرێن؟)) (هەمان سەرچاوە).

(٣) لۆگۆس مانایەکی بەربڵاوی هەیە و ((هەڵگری مانای جیاجیا و فرە ڕەهەندە: عەقڵ، پلان و ڕێکخستن، گوتار، زمان، قسەکردن، تێگەیشتن و دەرخستن دەگرێتەوە)). (فەرهەنگی بریتانیکا: https://www.britannica.com/topic/logos

(٤) بوونگەرایی Existencialism واتە زانستی بوون، یان بوونناسی، ڕێبازێکی فەلسەفییە لە بوونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و بایەخ بە بوونی مرۆڤ دەدات لە پێوەندی بە جیهان و مرۆڤەکانی دەوروبەری، دنیابینییەکی تایبەت، یان شێوازێکی تایبەتیی ژیانە. ئەم فەلسەفەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە مانای بوونی مرۆڤ دەردەخات. ڕابەرە دیارەکانی بریتین لە (کیرکگارد، هایدیگەر، سارتەر، یاسپەرز...تاد). بڕوانە: ئیگزستانسیالیزم:٢٠١٨: ١٦ . (بوونگەرایی فەلسەفەی بایەخدانە بە جیهان و مرۆڤ، ئەو بابەتانەی لە بوونگەرایی جێی بایەخن بریتین لە: ئازادی، بەرپرسیاری، هەڵبژاردن، بڕیاردان، جیهان). بڕوانە: جۆن ماکواری: ٢٠٠٧: ٢٣ .

# محەمەد عەبدو

## (١٨٤٩ - ١٩٠٥ز)

پ. د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١- ئەگەر مرۆڤ لە مێژووی هەرسێک ئایینە ئیبراهیمییەکان وردبێتەوە و سەرنج لە سەرچاوە مێژووییەکان بدات، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە چاکسازی ئەگەر مەبەست نوێ کردنەوە، گۆڕین، بووژاندنەوە بێت وەک بیرۆکە، شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو هەر لەگەڵ جێگیربوونی هەرسێک ئایینەکە و ڕەگوڕیشە داکوتانیان لەنێو کۆمەڵگەدا، ئەو چاکسازییە لە ئایینەکەدا وەک بیرۆکە سەری هەڵداوە، بەڵام ئەرکەکەی بە تاکی دیار و دەستنیشانکراو سپێردراوە.

- ئەگەر ئەو بیرۆکەی چاکسازییە لە ڕوانگەی ئەم سەردەمەوە سادە و ساکاربێتە بەرچاو، ئەو بۆچوونە کاڵ دەبێتەوە، ئەگەر پشت ئەستوور بە ڕێبازی مێژوویی (هیستۆریزم) ئەو هەلومەرج و ڕەوشە لەبەرچاو بگیرێن کە ئەو دیاردەیە تێیاندا سەری هەڵداوە و سەرئاو کەوتووە، لەو سەردەمەدا نەدەکرا لەوە بەولاوە شتێکی تر داهێنرابایە، یان ڕوخسار و ناوەرۆکێکی دیکەی پێ ببەخشرابایە.

- بەپێی بۆچوونی حاخامەکانی جوولەکە و قەشە و پیاوە ئایینیەکانی کڵێسەی مەسیحی کە دەق و تێکستەکانی تەورات و ئینجیلیان لێکداوەتەوە و شرۆڤە کردووە، هەردوو ئایینەکە بەلا ڕێگەدا براون، ستەم و جەور و بێ دادی بڵاوبوونەتەوە، خەڵک بێزار بوون، بۆیە دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان، بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی

دیاری کرابێ (یەشوا)یەک کە لە مەسیحیدا کراوە بە یەسووع دەربکەوێ، ئەو ستەم و بێ دادییە لاببات و خەڵک ئاسوودە بکات و ئایینەکە بهێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست، ئەو ڕێگایەی بەرەو ئامانجی دیاریکراو ئایینەکە لەپێناویدا هاتووە.

- لەنێو موسڵماناندا محەمەدی مەهدی، یان مەهدی چاوەڕوانکراوە، خراوەتە ژێر باری ئەم ئەرکە سەخت و دژوارە کە سەروبنی دیار نییە. ئەوی لێرەدا بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش دێتە بەرچاو، مرۆڤی داماوی ستەمدیدەی کورد دڵی ئەوەندە بەو مەهدییە خۆش بووە تا ئەو ڕادەیەی خۆش باوەڕی خۆی بە جۆرێک دەربڕیوە گوایە بەهۆی هاتنی ئەو پاڵەوانە ئەفسانااوییە هێز و دەسەڵات و توانایی سنوور بەزێنە (گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە)، جیهان دەبێ بە شامی شەریف! ئەگەر ئەو ئەرکە دژوار و سەخت و لە کردن نەهاتووە سەرنج بدرێ، دوو هۆکاری هەیە:

**یەک:** ئەو بارودۆخ و ڕەوشە ناکرێ لە دنیادا بەدی بێت، چونکە دنیا (تەنیا هەر ماڵی فەنایە و داری بەقا نییە) و ژیان دنیایەکی تری لەپشتەوەیە، ئەوجا ئەوەی کورد لە مەهدی چاوەڕێی کردووە، دەکرێ تەنیا هەر لە بەهەشتدا ڕووبدات.

**دوو:** سێ ئایینی ئیبراهیمی کە سەرانسەری دنیایان کۆنترۆڵ کردووە و زۆربەی هەرە زۆری میللەتانی دنیایان لەژێر دەسەڵاتدایە، نەیانتوانیوە و (ناشتوانن) بچنە ژێر باری ئەم ئەرکەوە و ئەو جیهانە ئەفسانااوییە فەنتازییە بنیاد بنێن، چۆن تاکەکەسێکی وەک مەهدی ئەو بارە قورسەی پێ هەڵدەگیرێ و ئەو کارە دەکات و ئەو دنیایە بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەبێ!؟ ئیتر لە ئاسنی سارد کوتانەوە بەولاوە هیچی تر نییە، ئەگەر بپرسی، باشە بۆ ئایینەکان خۆیان نەچوونە ژێرباری ئەم ئەرکەوە و ئەو بەهەشتەیان بۆ ئیماندارانیان لەسەر زەوی بنیاد نەناو یەخەی محەمەدی مەهدییان گرتووە؟! هەر ئەو پرسیارەش ڕووبەڕووی جوولەکە و مەسیحی دەبێتەوە.

٢- ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە بەردەم:

ئایا دەکرێ دانانی بنەماکانی فیقهـ و عەقیدە و ئسووڵی ئایین و چوار مەزهەبەکەی سوننە و سێ مەزهەبەکەی شیعە، بە جۆرە چاکسازییەک دابنرێن، یان ئەمانە گشتیان لە خانەی توێژینەوەی ئازاد (ئیجتیهاد) ناچنە دەرەوە؟! کەوابوو چاکسازی، گۆڕین، نوێکردنەوە، بووژاندنەوە (ژیاندنەوە) چی دەگەیەنن؟! ئەوە نییە فەرموودەیەکی ڕاست دەڵێ: خوا هەموو سەرە سەد ساڵێک کەسێک بۆ ئەو ئوممەتە دەنێرێ ئایینەکەی نوێ بکەنەوە (لە هەندێک سەرچاوەدا کە من بە ڕاستتری دەزانم، وتراوە: کاروباری ئایینەکە نوێ دەکەنەوە)!!

ئایا ئەو چاکسازییە لە چ کایەیەکدا دەبێ؟! چونکە ئایین و کاروبارەکەی ئەوەندە قووڵ و ورد و پان و بەرینن، لە دەریایەکی بێ قەراخ و بێ بن دەچن؟

ئایا ئەو چاکسازییە لە لێکدانەوەی تێکست و دەقەکاندا دەبێ؟ یان لە عەقیدە و شەریعەت و بنەماکانی (ئسووڵی) ئایینەکەدا دەبێ؟! دەکرێ بۆچوون و بیروڕای ئەوانەی (ئیجتیهادیان) کردووە بە مەزهەب و ئاراستە جیاوازییەکانەوە چاکسازی و نوێکردنەوە بیانگرێتەوە؟!

- ئەگەر چاکسازی نوێ، دوای لێکهەڵپچڕانی خەلافەتی عوسمانی بە ڕێکوپێکی دەرکەوتبێ، بەڵام لە دەستپێشخەری تاکەکەسی بەولاوە نەبووە، هەر لە (جەمالەددینی ئەفغانی)یەوە بۆ محەمەد عەبدو، عەبدولکەریم سرووش و پێشتریش محەمەد ئیقبالی کشمیری. ئێستاکە ڕەوش و بارودۆخی ئەم سەردەمە بە تەواوەتی

جیاوازە و ژیان و کۆمەڵگە گۆڕانی سەرتاپاگیریان بەخۆیانەوە دیوە. لەو سەردەمەدا سێ هێزی تاڕادەیەک جیاواز و لە یەکتری دابڕاو لە گۆڕەپانی کۆمەڵگە و ژیاندا کاران و بوونیان هەیە:

- گەل (بە پێکهاتە و کۆڕ و کۆمەڵە و ڕێکخراو و چین و پارتە سیاسییەکانەوە).

- دەسەڵاتی سیاسی (حکوومەت).

- داوودەزگا ئایینییەکان (بە زانایانی ئایینی، پێکهاتە و دامەزراوەکان، خانەی فەتوادان، ئەوقاف، ناوەندەکان: ئەزهەر، حیجاز، نەجەف و کەربەلا، قوم.)

ئەو ڕەوشە پتر بابەت و کێشەکەی ئاڵۆز کردووە و جۆرە بێ ناوەندێک هاتووەتە ئاراوە کە خۆی لەو پرسیارەدا چڕ دەکاتەوە:

ڕووی گوفتار بکرێتە چ لایەنێک؟ چ لایەنێک شایستەی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە گرنگ و چارەنووسسازەیە؟ گەل خۆی بە چین و توێژ و پێکهاتە هەمەجۆر و جیاوازییەکانییەوە ئەو چاکسازییە بکات؟! یان ئەمە ئەرک و فرمانی حکوومەتە؟! کەوابوو دامەزراوە ئایینییەکان بە گشت پێکهاتەکانیانەوە دەخرێنە چ خانەیەکەوە؟

٣ - ئەو ڕەوشەی ئەو لایەنانە پتر زەق دەکاتەوە، کێشەکان تەنیا هەر ڕەهەندی ئایینییان نەبووە، بۆ نموونە دوای کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام ساڵی (٦٣٢ز) چەند خێڵێکی گەورە و سەرەکی عەرەب (بە تایبەتی لە یەمامە) لە خەلیفە ئەبووبەکر یاخی بوون. مەبەستی ئەو یاخی بوونە ئایینی نەبووە، چونکە ئەو خێڵانە پێشتر دەنگیان (بەیعەتیان) دابوو، بووبوون بە موسڵمان، بەڵکوو پتر هۆکار و ڕەهەندی ئابووری و سیاسی (دەسەڵات و باج)یان هەبووە.

- ئیتر ئەو کێشە سەخت و سامناکە دوور لە زمانی ئایین و ژیر، بە شمشێر یەکلایی کراوەتەوە، بە هەزاران (سەحابەی دوێنێ)ی تێدا کوژراون، بە ڕووبار خوێن ڕژاوە!! ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئایین و کۆمەڵگەکەی، تەنانەت لەسەردەمی پەیامبەری ئیسلامیشدا کێشەی ئایینی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵایەتی هەبووە، دابەش بوون، ئیتر خێڵەکی بووبێ، یان سروشتی تری دەرخستبێ، لە ئارادابووە: موهاجیر، ئەنسار، بەنی هاشم. ئەو بابەتە پتر لە کاتی بەیعەتدان بە ئەبووبەکر سەرئاو کەوتووە، ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ: ئایا ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی خەلیفەی یەکەم و دووەم بوونەتەوە و بە شمشێر بەلایەکدا خراون دوو خاڵ پشت ڕاست ناکەنەوە:

**یەک:** لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینەکەوە ئەو کێشانەی هەر لەگەڵدا بووە، بە یەکجاری چارەسەر (بن بڕ) نەکراون، یان لە تواناییدا نەبووە ئەو سەردەمەش یەکلایی بکرێنەوە، تاوەکوو سەردەمی کۆتایی خەلافەتی عوسمانی گەرموگوڕی خۆیان لەدەست نەداوە؟!

**دوو:** هیچ گومان لەوەدا نییە کە پەیامبەری ئیسلام بە تەواوەتی لەو کێشانە ئاگادار بووە و هەستی پێ کردوون، بەڵام بەپێی سەرچاوەکان هیچ ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکی نەکردووە و هیچی لە پاش بەجێ نەماوە دوای ئەو چی بکەن و چۆن کاروباری ئایین و دنیا بەڕێوەبەرن (١) (هەندێک سەرچاوە وا باس دەکەن کە پەیامبەری ئیسلام لەسەرە مەرگدا، داوای پێنووس و کاغەزی کردووە، بۆ ئەوەی وەسیەت بنووسێ، گوایە خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتابی کوڕی نەوفل ناسراو بە فارووق عومەر، واتە جیاکار لەنێوان هەق و ناهەقدا، ڕێگەی نەداوە وەسیەتەکە بنووسێ)! بەڵام فەرموودەیەک هەیە بە ئاشکرا ئاماژە بەو ڕەوشە ئاڵۆزبووەی دوای خۆی داوە کە: ئوممەتەکەی، مەبەستی موسڵمانان بووە، دەبن

بە حەفتا و ئەوەندە- فیرقە- و تەنیا هەر یەکێکیان ڕزگاری دەبێت! دەبێ ئەو گرووپە کە ڕزگاری دەبێ چ لایەنێک بێت!؟ ئەو بڕیاری دابەش بوونە بە تەواوەتی ڕەوشی جیهانی ئیسلامی بە تاک و کۆمەڵ بەرجەستە کردووە، سەردەم بەڵگەی ڕاستیی ئەو بڕیار و پێشبینییەی پەیامبەری ئیسلامە کە گرووپ و ئاراستە و ئامانج و پرۆژە و بۆچوونی جیاواز لە ئارادان!

٤- ئەو کێشانە بەبێ چارەسەرکردن بە درێژایی سەردەمی حوکمڕانی عوسمانی گەرموگوڕی خۆیانیان لەدەست نەداوە و دوای لێکهەڵپچڕانی ئەو دەسەڵاتە قۆناغێکی دیکە هاتووەتە پێشەوە کە تارادەیەک بەرچاو ڕوونی هزرمەندانی ڕابەرە سیاسی و ئایینییەکەیان پێوە دیار بووە، بۆیە ئەو پرسیارە بەبیردا دێت:

- ئایا دەکرێ بەبێ دەستبەرداربوون لە کەلەپوور و کولتووری بۆ ماوەی ئایینەکە کە تاوەکوو بینە قاقای تەمومژاوی و کێشەیە، هیوای جۆرە پێشکەوتنێک بخوازرێ؟ دەبێ هەڵوێست بەرانبەر کولتووری کراوە و پێشکەوتنخوازی ڕۆژئاوا چۆن بێ و بە چ بارێکدا تەکان بدرێ؟!

- هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەردوو چەمکی پێشکەوتن و کولتوور و کەلەپووری بۆ ماوە لە ناوەرۆک و ڕوخسار و میتودە و ئامانجدا دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازن:

- پێشکەوتن ڕووی لە دوا ڕۆژە و جموجوڵی و هەوڵ و کۆششی تێدایە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی چاوەڕێ کراو و هیوا بۆ خوازراو. بە پێچەوانەوە کەلەپوور و کولتووری بۆ ماوە گیرۆدەی دەستی ڕابوردووە و چەق بەستووە و دەرفەتی هیچ جۆرە بزاوتێک نادات.

ئەگەر هەڵوێستی لایەنگرانی کەلەپووری بۆ ماوە دەربارەی ئینگلیز و فەڕەنسا دوای یەکەمین جەنگی جیهان و پێشتریش شۆڕشی فەڕەنسا و دروشمەکانی و هاتنی لەشکری ناپلیۆن بۆ میسر بە داگیرکەر و دەستدرێژیکار و کولتوورەکەشیان بە گومانەوە سەرنج درابێ، ئەوە پێشکەوتخوازان بە ڕزگارکەر لەدەستی دەسەڵاتی ستەمکاری عوسمانییان داناوە و وەک مامۆستایەکی ڕۆشنبیریان دیتووە و کولتوورەکەش بە بابەتێکی پێشکەوتووی شارستانی داناوە. لەو هەلومەرج و ڕەوشە ئاڵۆز و گرفتاوی و تەنگژ ئامێزەدا ڕابەرێکی بوێری ئایینی و ڕابەری چاکەکار و پێشکەوتن و چاکسازی و نوێکردنەوە، پەروەردە و گۆشکراوی ئەزهەر محەمەد عەبدو دەرکەوتووە.

ئەگەرچی عەبدو دۆستێکی نزیکی جەمالەدینی ئەفغانی بووە و چەند ساڵێک لە میسر و پاریس (فەڕەنسا) پێکەوە چالاک بوون و کاریان کردووە، بەڵام محەمەد عەبدو بە جۆرێکی دیکە بیری کردووەتەوە و بە ئاراستەیەکی تر تێکۆشاوە و هەنگاوی هەڵگرتووە.

- محەمەد عەبدو لە میسر، لە باوکێکی تورکمان و دایکێکی میسری لە دایک بووە، لە ئەزهەر کە لە جیهانی سوننەدا، ناوەندی خوێندنی کاروباری ئایینی بووە، خوێندوویەتی. بەدەستبەکاربوونی قۆناغێکی نوێی تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئایین دەستی پێ کردووە. بەلایەوە ئایین ڕەگەزێکی سەرەکی و جەوهەری پێکهاتەی ژیان و بیرکردنەوە و ئاکاری مرۆڤی چاکەخوازە و ڕۆڵی کارا لە بنیادنانی شارستانیەتی و کولتوور دەگێڕێ، ئەمەش لەلای خۆیەوە جۆرێکی تری لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی کاروباری ئایینە کە هەنگاوێکی بوێرانەی سەر ڕێگەی چاکسازی و نوێکردنەوە و بووژاندنەوەی بڕوا و باوەڕە.

- چوونی عەبدو بۆ پاریسی پایتەختی فەڕەنسا و ناسینی جەمالەددینی ئەفغانی، بیرکردنەوە و چالاکییەکانی بەرچاوڕوونییەکی سەرنجڕاکێش و ڕەهەندێکی نوێخوازیان- بەپێی

سەردەمی خۆی- پێ بەخشیوە. شارەزایی لە فەلسەفەی ئیسلام و لۆجیک و زانستی کەلام و فەلەک و ئیلاهیات (لاهووت) هەبووە.

ماوەیەک وەک وانەبێژ لە ئەزهەر دەستبەکار بووە و فەقێ و زانایانی ئایینی لەخۆی نزیک کردووەتەوە. هانی گوێگرەکانی داوە ئازادانە بیربکەنەوە، دوایی کراوە بە گەورە موفتی تێکڕای وڵاتی میسر. لەگەڵ ئەفغانی لە فەڕەنسا گۆڤاری بەناوبانگی (ئەل عروە ئەل وثقا)ی لە ساڵی ١٨٨٤ بەدواوە دەرکردووە و ئەو گۆڤارە، بەپێی کولتووری ئەو سەردەمە، بووە بە سەکۆیەکی ئازاد بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ئازاد و بە ئازادی تێگەیشتنی ئایین و بەرەنگاربوونەوەی دواکەوتوویی و سەلەفییەت و بڕوا و باوەڕی چەق بەستوو، سەرەڕای هاندان بۆ سوود وەرگرتن لە هزری پێشکەوتووی ئازاد و کولتوور و شارستانیەتی گەشەکردووی ئەوسای وڵاتانی ئەورووپا. ئەگەر ئەفغانی هانی ڕۆشنبیر و هزرمەند و زانایانی ئایینی دابێ لە کاروبار و کایەی سیاسەتدا چالاکانە کارابن، بەلای محەمەد عەبدو، پەروەردە، زانین، زانست، خوێندن ئەو ڕۆڵە لە چاکسازی و گۆڕان و پەرەسەندن و گەشەکردندا دەگێڕن. بەو پێیە ئەو ڕابەرانەی ئەو سەردەمە تیشکیان خستووەتە سەر دوو لایەن کە تاوەکوو ئەم سەردەمەش لە پرۆسەی نەسرەوتی تێکۆشین لە پێناوی ڕابوون و بەرەو پێشچوون و چاکسازی و نوێکردنەوە گەرموگوڕی خۆیان لەدەست نەداوە: سیاسەت، پەروەردە و خوێندن!

- عەبدو ڕابەرێکی ئایینی و خاوەنی پرۆژەیەکی چاکسازی و شارستانی بووە لەو پرۆژەیەشدا میانەڕەو بووە (٢)، لە بۆچوونە جیهانیدەکەیدا هیچ جۆرە توندڕەوییەک هەستی پێ نەکراوە، بۆیە دەکرێ بگوترێ ئەو پرۆژە ئازاد و بوێرانەیەی ئەو کەڵە ڕابەرە دوو ڕەهەندی ئایینی و کۆمەڵایەتی هەبووە: چاکسازی لە ئاییندا هەر لە شەرع و ئسووڵ و فیقهەوە تا دەگاتە ڕەهەند و لایەنە گرینگەکانی ژیان و کۆمەڵگە، ئەو پرۆژەیەشی کە بە درێژایی ژیانی خەمی پیادە و جێبەجێکردنی هەبووە و بوێرانە هەوڵی بۆ داوە، کاردانەوەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە، هەر لە پەسندکردنی مەرجەکییەوە تاوەکوو ڕەتکردنەوە و بەگژداچوونەوەی. وەک هەموو ڕابەر و هزرمەند و چاکسازێکی سەردەمی خۆی، تۆمەتی جۆربەجۆر خراوەتە پارسەنگییەوە، تاوەکوو لادان لە ڕێگەی دروست و ڕاستەقینەی ئایینەکە خۆی، ئەم ڕەوشەش دووچاری دوورکەوتنەوە و چەرمەسەری و کێشە و بەرەی زۆر و زەبەندی کردووە، بەڵام ئەو دۆخە پشتی سارد نەکردووەتەوە و بەردەوام بووە بە شێواز و شێوەی جیاواز و سوور بووە لەسەر ئەوەی ئایین و موسڵمانان کێشە و بەرەیان هەیە و ئەو کێشەیەش خەسڵەت و سروشتی کولتووری هەیە کە دەبێ لە بارەیەوە شتێک بکرێت و هەنگاو هەڵبگیرێ.

٥ - لە شاکاری (رسالة التوحيد)دا کە لە خانەی زانستی کەلامدا پۆلێن دەکرێ، سنووری جیهاندیدە سەلەفییە چەق بەستووە کۆنەپارێزەکەی شافیعی بەزاندووە و گەڕاوەتەوە بۆ سەر ڕێبازی پێشکەوتنخوازی ژیرەکی موعتەزیلە. لەسەرەتادا پێناسەی زانستی کەلام دەکات کە ئەو بە زانستی (تەوحید) ناوی بردووە، ئەوجا هاتووەتە سەر باسی یەکڕەنگی و بوونی خوا و خەسڵەتەکانی و گەوهەری ڕاستەقینەی پەیامی پەیامبەر. بەو پێیە عەبدو وەک موعتەزیلە پێی لەسەر ئەوەدا گرتووە کە دەبێ ژێر پێوەری سەرەکی و کارای بڕیاردانبێ لە بارەی دڵنیایی (یەقین) و ئیمان و لێکدانەوەی تێکستەکانی ئایین، هەروەها کۆشاوە بنەما بنەڕەتییەکانی بابەتی ئاکار و

حوكم و ئەنجامگیرییەكانی پشت بە بڕیاری ژێر بەستن (٣).

– محەمەد عەبدو لە كۆمەڵگەیەكدا ژیاوە، كولتووری هەمەڕەنگ، میسری بە دابونەریتی كۆمەڵایەتییەوە، كولتووری عوسمانلی و فەڕەنسایی، مەزهەبی جیاواز، جاران فاتمی و لەسەردەمی ئەودا شافیعی و حەنەفی، ئایینی ئیسلام و مەسیحی (قیبتی) و جوولەكە، نەتەوەی عەرەب و ئەمازیغی و بەڕەگەز ئەفەریقایی، ئەمانە بەگشتی ئاسۆیەكی فراوان و بەرچاوڕوونییەك و سنووربەزاندنی ڕەوشی هەڵكەوتی لە ئارادابوویان بەو هزرمەندە بەخشیوە. ئەو دۆخە بە ڕوونی لە بەرهەمە بەپێز و هەمەڕەنگییەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

– ئەو پرسیارەی بەبیردا دێت: كاتێك قسە لە كەلەپوور و نوێكردنەوە دەكرێ، مەبەست چاكسازی تیۆرییانەی بۆماوە كۆنەكەیە، یان گۆڕینی ڕیشەیی هەڵكەوتی لە ئارادابووە، گۆڕینێكی ڕیشەیی كە هۆكاری دواكەوتن لە ڕەگوڕیشەوە پاكتاو بكات و هەڵبكێشێ!

گومان لەوەدا نییە كە تیۆری، هزر یەكەم هەنگاوە لەسەر ڕێگەی كار و جێبەجێ كردندا هەڵدەگیرێ! نوێكردنەوەش ناكرێ وا بچووك بكرێتەوە كە بریتی بێ لە جارێكی تر لێكدانەوە و شرۆڤەكردنی واتای چەمكە شەرعییەكان، بە جۆرێك كە تەنیا هەر گۆڕینێكی تیۆری هەندەكی بێ، بەبێ دیسپلینی ڕێكخستنی ئەو گۆڕانە خوازراوەی دەویسترێ بكرێ، ئایا لە توانایی تاكەكەسێكدا هەیە بەتەنیا خۆی ئەم كارە سەخت و گرانە بكات؟! یان ئەم ئەركە تەنیا كۆمەڵانی خەڵك، ڕێكخراو و دامەزراوە جەماوەری و سیاسی و كۆمەڵایەتی و دەزگاكانی دەوڵەت دەتوانن پیادە و جێبەجێی بكەن؟!

– ئایا دەكرێ بەو پرۆسە سەخت و دژوارەی بە چاكسازی و نوێكردنەوە و گۆڕین ناودەبرێ وا لە كولتوور و كەلەپووری بۆماوە (هی ئایین) بكرێن لەگەڵ پێداویستییەكانی ژیانی ڕۆژانەی سەردەم (مۆدێرن) بێنەوە؟! چونكە مەبەست لە چاكسازی چارەسەركردنی كێشەكانی ئێستای سەردەمە نەك ڕابوردوو، پەرەسەندن گەشەكردن و بەرەو پێشچوون كێشەی سەرەكی سەردەمە، نەك ڕابوردوو. ئەگەر ئاوڕ و سەرنجی ڕابوردوو بدرێت، لەوەوەیە كە ڕەگوڕیشەی هەندێك تەنگژە و گرفتی سەردەم كە كۆمەڵگە بەدەستیانەوە گیری خواردووە، لە ڕابوردووەوە هاتوون و ماونەتەوە، هەندێك جار وا بە بیر و مێشكدا دێ ئایا ئەو ئاوڕدانەوەیە لە ڕابوردوویەك كە بەسەرچووە و چووەتە مووزەی مێژووەوە هیچی لێ شین دەبێتەوە؟! بۆ سەرلەنوێ دەست پێ نەكرێتەوە؟!

دەست پێ كردنەوەیەك هەڵكەوتی لە ئارادا بوو (واقیع) بە هەموو ڕەهەند و پێكهاتە و تەنگژە و كێشەكانی بكات بە كەرەستەی شیكردنەوە و تاووتوو كردن؟! مەرج نییە سەرچاوەی گشت كێشەكانی ئەمڕۆ و ڕابوردوو (دوێنێ) بووبێ! كێشە هەیە دەركەوتەی هەلومەرج و دۆخی سەردەم خۆیەتی و كۆمەڵگەش لەلای خۆیەوە لە پرۆسەی پێشكەوتن و بەرەوپێشچوونیدا ئەگەر هەندێك كێشە یەكلایی بكاتەوە، هی نوێ دەورووژێنی، ئەو نوێیانە خۆیان جارێكی دیكە دەبنە مایەی پرۆسەی بزاوت و جووڵانەوەی كۆمەڵگە خۆی، بۆیە ناكرێ لەم هەموو كێشە و بەرانەدا تەنیا هەر شانی ئایین و پیاوانی ئایینی ئارداوی بكرێت! ئەگەر جاران، لە سەردەمەكانی پێشوودا، چاكسازی و نوێكردنەوە و گۆڕان بەناوی ژێر- شەرعەوە كرابێ (٤) ئەوە ئەو پرۆسەیەی سەردەم هەمەڕەنگتر و ئەوپەڕی ئاڵۆز و تەمومژاوییە و بەناوی (واقیعەوە) و لە پێناوی گۆڕانێكدا دەكرێ كە ئەمڕۆ و دواڕۆژێكی خۆشتری شایستەی مرۆڤ دەستەبەر ببێ.

– ئایا نوێکردنەوەی کەلەپوور بە چ مەبەستێکە؟ لە سەرەتاوە ئەنجامەکان دیار و دەستنیشان دەکات: وەڵامەکە لە سێ ڕێتێچوون تێناپەڕێ:

**یەک:** یان ئەوەتا بە مەبەستی نوێکردنەوەی کاروباری ئایینە (وەک لە حەدیسێکدا هاتووە) بەو نیازەی لەگەڵ ژیانی سەردەمدا بگونجێ.

**دوو:** یان گۆڕینی هەڵکەوتی لە ئارادابووی ئێستای سەردەمە بەرەو دواڕۆژێکی چاکتر و گونجاوتر لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیان و کۆمەڵگەدا.

**سێ:** یان ئەوەتا جیاکردنەوەی ئایینە لە سیاسەت کە بە سیکۆلاریزم ناوبراوە. پرۆسەیەکە لە هەندێ کۆڕ و کۆمەڵەدا بە گومڕایی و لە هی تر بە چاکسازی ناوبراوە. لە هەرسێ مەبەستدا (بە با و بە باران هەر لە بەفر کەم دەبێتەوە) گۆڕانەکە بە هەر بارێکدا بێ، یەخەی ئایینەکە خۆی دەگرێتەوە، ئەو بۆچوونە – بڕیارە، ئەو ڕاستییە جێگیر و دووپات دەکاتەوە: ئایین چ ڕۆڵێکی لە ڕابوردوودا گێڕاوە و ئێستاش چ ڕۆڵێک دەگێڕێ؟! چۆن توانیویەتی کۆمەڵگە و مرۆڤ بەو جۆرە سەرنجڕاکێشە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و کۆنترۆڵیان بکات! هەر لە قۆناغی لە دایک بوونەوە تاوەکوو مردن و بە گۆڕ سپاردن و تەلقین دادان، بۆیە لەگشت بزاوت و کۆشش و هەوڵێکدا بە جۆرێک لە جۆرەکان پڕیشکێکی هەر بەردەکەوێ! ئەمەش هۆکارێک بووە کە وەک ئامرازێکی کارا لە کاروباری سیاسەت و دەوڵەتدا سوودی لێ وەرگیراوە و بەکارهاتووە.

٦ – لەسەردەمی ژیان و چالاکی محەمەد عەبدودا ئایین و باوەڕ (ئیمان و عەقیدە) و شەریعەت وا لێکدراونەتەوە کە خزمەتی سوود و قازانجی هەلومەرجی سەپێنراوی لە ئارادابوودا بکەن، بۆ نموونە گوتراوە، باوەڕ (ئیمان و عەقیدە) بریتییە لە پاراستنی کەلەپوور و کولتووری بۆ ماوەی ئایینی و داکۆکی کردن لە دابونەریتی شەرعی و مەزهەبی و هەوڵدان بۆ ڕاگیریی کردن و هێشتنەوەی بارودۆخ و ڕەوشی لە ئارادابوو وەک خۆی بەبێ دەستکاری کردن و گۆڕین، ئیتر دەبێ چۆن ئەو ڕابەرە چاکسازە ڕووبەڕووی ئەو ڕەوشە چەقبەستووە بووبێتەوە و چ نەخشەڕێگەیەکی داناوە و بیری چۆن کردووەتەوە بۆ تێپەڕاندن و بەزاندنی سنوورە قایم کراوەکەی؟! چۆن توانیویەتی دەست بۆ (عەقیدەیەک) بەرێت کە بە هەموو جۆر و شێوازێک هەوڵ دراوە پشتڕاست بکرێتەوە کە جێگیر و نەگۆڕە و ناکرێ بیر لە گۆڕینی بکرێتەوە؟

– محەمەد عەبدو پەنای بردووەتە بەر ڕێبازی ژیرەکی و ژیری کردووە بە سەرپشک لەبیرکردنەوە و کار و توێژینەوەکانیدا، بەڵام دووچاری کێشە و پرسیارێک بووەتەوە:

ئایا ئایینی ئیسلام دەتوانێ لەگەڵ کولتوور و شارستانیەتی نوێ (مۆدێرن)دا کە بەهۆی شۆڕشی فەڕەنسا و ناپلیۆن و هەڵمەتی ئینگلیز بۆ سەر میسر هەوڵی بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی دراوە، بگونجێ و بێتەوە؟! ئایا دەکرێ ئەو کولتوورە نادیدە بگیرێ و پشتگوێ بخرێ؟! ئەو کولتوورە هاوردە کراوەی ڕۆژئاوا لە کۆمەڵگەیەکدا پێگەیشتووە کە ڕیسی (تانوپۆیەکەی) ئایینی مەسیحی بووە، ئەو ئایینەی لەسەر زاری مەسیحییەوە گوتوویەتی: دەبێ دەسەڵاتی ئایین لە دەسەڵاتی دنیایی جیا بکرێتەوە (ئەوی موڵکی ڕەببە لە موڵکی قەیسەر(٥) ) جیا بکرێتەوە!

– بەلای ئەو هزرمەندە موسڵمانەوە ئایینی ئیسلام لە مەسیحییەت جیا و جیاوازە، ئەگەر ئەو جیاکردنەوەی ئایین لە کاروباری دنیا لە مەسیحیەتدا بووبێتە مایەی پێشکەوتنی گەل و کۆمەڵگەکانی ئەورووپا و گوایە پێوەندی

تۆکمەی نێوان هەردووکیان بووبێتە مایەی چەق بەستوویی ژیان و کۆمەڵگەی موسڵمانان، بە هەڵە تێگەیشتنی ئایینی ئیسلام و چەواشەکردنی ڕاستی (حەقیقەتی) ڕەوشی وڵاتە موسڵمانەکانە!؟ یان نا؟ یانێکە و دوو هەوا؟!.

- بەلای (محەمەد عەبدو)ـەوە ئایینی ئیسلام سروشت و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و ڕێگەی جیاکردنەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە لە یەکتری نادات، چونکە بەو جۆرە سەرنجی بابەتەکە دەدات کە بەلای ئیسلامەوە گەردوون و مرۆڤ یەک گەردوون و مرۆڤن و داهێنراوی (مەخلوقی) خوان، بۆیە ئەو جیاکردنەوەیە هەڕەمەکییە و هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە بەپێی ئایینی ئیسلام قەیسەر موڵکی نییە، بەڵکوو بەندەی خوایە و دەبێ ملکەچی فەرمایشتەکانی ڕەب ببێ و لە دواڕۆژدا لێی دەپێچرێتەوە ئایا لە دنیادا چی کردووە! هەروەها بە پێچەوانەی مەسیحییەتەوە لە ئیسلامدا - ڕەهبانیەت - و گۆشەگیری نییە! گوایە ئەمە ئەو هۆکارە بووە کە ئەو هزرمەندە موسڵمانە بەربەرەکانی دەسەڵاتی ئینگلیزی لە میسردا کردووە، بگرە لەگەڵ ئەوەدا بووە کە ئەمانە لە ستەمکاری عوسمانلی باشترن و بە پێویستی زانیوە ئەوەندەی بگونجێ سوود لە کولتوور و تاقیکردنەوە و شارستانیەتە پێشکەوتووەکەیان وەربگیرێ.

- لەلایەکی دیکەوە بەلایەوە پەروەردە و خوێندن دەبێ بایەخیان پێ بدرێ و دەستی چاکسازی بیانگاتێ، بۆیە هەوڵی داوە، ئەوەندەی بۆی لواوە، چاکسازی لە بابەتەکانی خوێندنی ناوەندی ئەزهەردا بکات و داوای کردووە دادگا شەرعییەکان و قوتابخانە و پەیمانگەکان لەو چاکسازییە بەدەر نەبن.

٧- لە کایەی فەلسەفەدا بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبووە، بە تایبەتی دەربارەی پرۆسەی زانین، ڕۆڵی ژیر و سنوورەکانی بڕکردنی، پێوەندی ئایین و دەوڵەت ژن و خێزان، پەروەردە و چەند بابەتێکی تری و تاووتوو کردووە:

ژیر بەهرە و خەڵاتێکە خوا بە مرۆڤی بەخشیوە کە لە هەست و سۆز و هۆش کارا و پایەبەرزترە و هەڵە و کەموکوڕییەکانی (٦) ئەو هێزانە لە تێگەیشتن و بڕیاردان و زانیندا ڕاست دەکاتەوە و هۆکارەکانیش ڕوون دەکاتەوە، بۆ نموونە چاو لە دوورەوە شتێکی گەورە بە بچووک دەبینێ و مرۆڤی نەساغ شتی شیرین، بەتاڵ تام دەکات و دەچێژێ، ئیتر هێزی ژیر ئەو بۆچوونە ناڕاستانە ڕاست دەکاتەوە. جگە لەوەی هەر ئەو هێزە خۆی بووەتە مایەی ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بێ، ئیتر لە ناوخۆی کۆمەڵگەدا لەگەڵ ئەندامانی دیکەدا هەڵبکات و هاوکاربێت.

لەو پرۆسەیەدا شێخی ئەزهەری بە پێچەوانەی سەلەفییەکانەوە کە سنووری چەقبەستوویی ڕوخساری دیاردەی دەقەکانیان نەبەزاندووە و پابەندی دابونەریتی کەلەپووری بۆ ماوە بوون، لە و باوەڕە دابووە کە ئەو چوار ڕەهەندە - کایەیە، پێویستە لە چالاکییەکانی ئەو پرۆسەیە پەنایان بۆ ببردرێ و کارا بکرێن:

ژیر، نەقڵ، ئەزموون و تاقیکردنەوە، هەست و ویژدان: هەر بەم ئامرازانە کولتوور خەتوخاڵ دەدات و زانینی دروستی شەرعی و دنیایی ئیسلامی دێتە بەر و پێ دەگات. ئەو پەنابردنە بەر ژیر، لەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە کە ژیر خۆی بڕکردنەکەی ڕێژەییە و ناتوانێ لە کایەی ئیلاهیات و جیهانی (غەیب)دا کارا و چالاک بێت، لێرەوە ڕۆڵی سرووش سەرئاوەدەکەوێ! کە لە ئاییندا بەرجەستە بووە و ڕێنمایی مرۆڤ دەکات لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەی دنیایی و قیامەتیدا. چی بکات و چی نەکات بۆ ئەوەی

ماڵێک لە دوو ماڵەکەی خوا مسۆگەر بکات.

- بەلای ئەو هزرمەندەوە هیچ ناکۆکی و ناتەباییەک لەنێوان ژیر و ئایین، ئایین و زانست و ویژداندا نییە.

زانست بەروبوومی تاقیکردنەوە و هەست و ژیرە، ئایینیش بەهرە و خەڵاتی ڕەببانییە بۆ مرۆڤ، بۆیە بە بۆچوونی شێخ محەمەد عەبدو ئایین پاڵپشتی زانستە و هەردووکیان بەهاوکاری، ژیر و ویژدان دەخەنە سەر ڕێگەی ڕاستی خۆیان، ئیتر ژیر سنووری هێز و توانایی خۆی دەزانێ و پەی بەوەوە دەبات تا چەند بڕ دەکات!

- ژیر ئامرازی پەی بردنە بە ئامانج و هۆکار و ئەنجام، سادە و لێکدراو لە یەکتری جیا دەکاتەوە.

- ویژدان لەلای خۆیەوە ئەگەر- ئاسایی بێ و کێشە و گرفتی نەبێ- ئەو ڕەوشانە دەزانی کە لە ناخی دەروونندا ڕوودەدەن وەک: چێژ و خۆشی و ئێش و ئازار، ترس و دڵەڕاوکێ، دەروون دوو چاوی هەیە، یەکێکیان نزیک و ئەوی دیکەیان دووری پێ دەبینێ، ئیتر زانست ڕێنمایی ویژدان سەلمێنە ساغکردنەوە و بڕوا پێبوونی تێدایە و کۆی کردووەتەوە دەکات. ویژدانیش دۆست و پاڵپشتی زانستە و ئایین لەسەرووی هەموویانەوەیە، چونکە لە خۆیدا ڕەهەندی زانست و چێژ، ژیر و دڵ و دەروون و هزر و ویژدان سەلمێنە ساغکردنەوە و بڕوا پێ بوونی تێدایە و کۆی کردووەتەوە. ئەو بڕیارە بۆچوونەی ئەو ڕابەرە ئایینییە وەڵامدانەوەی ئەو فەیلەسووفانەیە کە:

- باوەڕیان وایە کە ناکرێ ژیر لە ڕێنمایی کردندا پشکی شێری بەر بکەوێ بەراورد بەو ڕۆڵەی سرووش و تێکستە ئایینییەکان دەیگێڕن.

- لایەنەکەی تری ئەو هزرمەندانەی وایان داناوە ژیر سنووری ڕێژەیی دەبەزێنی و لە پەی بردن و بڕیارداندا توانایی ڕەهای هەیە. لەژێر خۆی بەولاوە هیچ هێزێکی دیکە دەسەڵاتی بەسەر ژیردا ناشکێ.

- لە سنوورێکی دیاریکراودا- بەو مەرجە سنووری ڕەنگ بۆڕێژراوی ئایینەکە نەبەزێنی- بایەخی بە لایەنی کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە و پێکەوە ژیان داوە.

بەلایەوە، ناکرێ پیاوێک چوار ژنی هەبێ، ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی ئەزهەرییەکان لێی بچنە سەنگەرەوە و بە لەڕێ لادان تۆمەتباری بکەن، شێخ لە وەڵامدا گوتوویەتی:

ئایین ڕێگەی پتر لە یەک هاوسەر (ژنی) داوە بە مەرجێک پیاوەکە دادپەروەرانە و بە یەک چاو تەماشای گشتیان بکات، ئەو هەڵوێستەش لەلای پیاوان دەگمەنە و ناکرێ گشت ژنەکانی وەک یەک خۆش بوێ و دادپەروەرانە لەگەڵیاندا بگونجێ. ئەو بێدادییە مەرجەکەی فرە ژنی کە لە ئاییندا هاتووە پێشێل دەکات، بۆیە دەبێ مرۆڤ لە ژنێک پتری نەبێ.

- لەلایەکی ترەوە بە چاوی خۆی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی ژنی میسری سەردەمی خۆی دیوە و ماوەیەک دادوەر بووە کێشەکان هاتوونەتە بەردەمی و بڕیاری لە بارەیانەوە داوە، بۆیە کۆشاوە سەرنج بۆ لای سێ کێشە ڕابکێشێ (٧):

یەک: خوێندنی ژن- کچ- لە قوتابخانەکان دەستەبەر بێ و دەرفەتی تەواوەتیان پێ بدرێ لە ژیانی کۆمەڵگەدا بەشدار بن.

دوو: کێشەی فرە ژنی یەکلایی بکرێتەوە.

سێ: ڕادە و سنوورێک بۆ جیابوونەوەی هەرەمەکی ژن و مێرد دابنرێت.

- بە باوەڕی شێخی ئەزهەری ناکۆکی و ناتەبایی لەنێوان ئایین و سیاسەتدا نییە و دەکرێ هەردووک لایان هاوکاری یەکتربن. ئایین، بە تایبەتی شەریعەت ببێ بە سەرچاوە

و بنەمای بەڕێوەچوونی کاروباری دەوڵەت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەوڵەتی ئیسلامی دەکرێ دوو ڕەهەندی هەبێ:

- لەلایەکەوە دەوڵەتێکی شارستانی مەدەنی بێ.

- لەلایەکی ترەوە ئیسلامی بێ و سوود لە ڕێنماییەکانی شەریعەت وەربگرێ.

دەوڵەتەکە شارستانی و مەدەنییە لەوەدا کە میللەت، گەل سەرچاوەی هەرسێک دەسەڵاتی داد و جێبەجێکار و یاسادانان بێ و خۆیشی دەزگا و دامەزراوەکانی بنیاد بنێ. ئیسلامیشە بەو پێیەی بنەماکانی (ئسووڵی) ئایین و فیقهـ و شەریعەت سەرچاوەی باڵادەستیی دەسەڵاتی نەتەوە (ئوممەت) و دەوڵەت دەبن. بەم دۆخەی دەوڵەت جێبەجێکردنی خواستی ڕەببانی و شەریعەتی ئایین جێگیر و پیادە دەکرێت (٨).

ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ: ئەگەر دەوڵەتەکە ئایینی بێ، یان پابەند و پشت ئەستوور بێ بە ڕێنماییەکانی شەریعەتی ئایینەکە، دەکرێ سەرۆک دەوڵەت و کاربەدەستە باڵاکان سیڤیل (مەدەنی) بن و پیاوانی ئایینی نەبن؟! ئەگەر ئایینەکە ڕابەر و ڕێنمایی کار بێ چ ڕۆڵێک بۆ (شووراو) هەڵبژاردنی ئازاد دەمێنێ!؟ ئەم بۆچوونەی ئیمامی ئەزهەری تا چەند لەگەڵ دەسەڵاتی (کەهەنوتی) کاهینانی مەسیحیدا دێتەوە؟!

- شێخی ئەزهەر هزرمەندێکی بوێر و ئازا و چاونەترسی ئایینی و کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی بووە، لەگەڵ جەمالەددینی ئەفغانی خەمی سەرەکییان چاکسازی و نوێکردنەوە و ژیانەوە بووە، بەڵام بە دوو ڕێگا و بە دوو بۆچوونی لە وردەکاریدا، لە یەکتری جیاواز و سەربەخۆ: ئەفغانی ئەو ڕۆڵەی بە سیاسەت سپاردووە، کەچی محەمەد عەبدوی ئەزهەری، خوێندن و پەروەردەی بەو ئامرازە زانیوە کە لە ڕاپەڕاندنی ئەو کارە چاکسازییە دژوارەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١ - هەندێک سەرچاوە ئەوە باس دەکەن کە پەیامبەری ئیسلام لە چەند بۆنەیەکدا بە خەڵکی (سەحابەکانی) وتووە: ئێوە دەربارەی کاروباری دنیاکەتان باشتر دەزانن (أنتم ادری بأمور دنیاکم)، ئەمەش ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە کە پەیامبەری ئیسلام لە ژیان و سەرەمەرگیشیدا شتێکی ئەوتۆی نەدرکاندووە کە وەک نەخشەڕێگایەک دوای خۆی پشتی پێ ببەسترێ.

- نصر حامد أبو زيد: النص والسلطة والحقيقة، إرادة المعرفة وإرادة الهيمنة، المغرب ٢٠٠٦، ص١٧، وفي اماكن أخرى.

٢ - د. محمد عمارة: المنهج الاصلاحي للامام محمد عبده، اسكندرية ٢٠٠٥، ص١٥٣.

٣ - د. ماجد فخري: تأريخ الفلسفة الاسلامية، بيروت ٢٠٠٤، ص٤٦٦.

٤ - د. حسن حنفي: التراث والتجديد، موقفنا من التراث القديم، بيروت ٢٠٠٢، ط٥، ص٥٧، وفي اماكن أخرى.

٥ - ئینجیل - مەتتا (٢٢: - ٢٣) بە ئەڵمانی.

٦ - د. محمد عمارة: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

٧ - محمد عمارة: سەرچاوەکە خۆی، ل١٣٢.

٨ - محمد عمارة: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.

# من و ڕۆماننووسین

**عەزیزی مەلای ڕەش**

عەرەب غەدری لە میللەتەکەم کردووە، بۆیە بە پێچەوانەی مەلایانی سەردەم بڕیارم دا بەیەکجاری پشت لە زمانی عەرەبی بکەم و ڕووم بەلای زمانی خۆم وەرچەرخێنم، ئەوسا هەروەکوو گوتم: زمانی دایکی خۆم نەدەزانی و کتێبی کوردیشم نەبوو. ڕۆژانە تەرحی کرێکارێکی چالاک لە گەڕەکی ڕووناکی هەولێر لە سەرەتای دەوامی بەیانی دەگەیشتمە کتێبخانەی گشتی. ئەوکات لە تەک مزگەوتی کوێتی بوو. یەکەم کتێبی کوردیم دەستدایە بیخوێنمەوە (ژانی گەل)ی م. ئیبراهیم ئەحمەد بوو، زۆرم هەوەست پێ هات و دوو جارم لەسەر یەک خوێندەوە.

پاشدان بەهۆی خوێندنەوە و ئامەشۆم بۆ نێو نووسەرانی سەردەم و هەڵسوکەوتم لەگەڵیان، نەخاسمە لەگەڵ کاکی ئازیزم د. عەزیز گەردی هەرزوو پێوەندیم پێوە کرد و دوای خوێندنەوەی ڕەوانبێژییەکانی، هەتا ئەم ساتەش من بەلاغەتی عەرەبیم باش دەزانی حسیام: کە زۆر زانا و بەهرەدارە، بۆیە لەو ڕۆژەوە بووینە کاکی یەکتر و موومان بەنێوان وەنەچێت. بەیەکەوە لەگەڵ چەند نووسەرێک ڕۆژانە لە گازینۆی (شەوانی هەولێر) و پێش کتێبخانەی مومتاز حەیدەری کاتمان بەسەر دەبرد.

هەر کتێبێکی کوردی دەگەیشتە چاپخانە، پێش ئەوەی دەربچێت، ئێمە، ئەو چەند نووسەرە پێشەکی پارەمان دەدا

من مرۆڤێکی تەمبەڵم و دەم و زارێکی واشم نییە لە کۆڕی مەجلیسان ڕای دەروونی خۆم پڕ بە پێست بۆ گوێگران هەڵڕێژم. تەنیا خوای مەزن بەهرەیەکی مەلای ڕەشی باوکمی بە نسیب کردووم کە دەست بە نووسینی ڕۆمان دەکەم ڕووداو لە دوای ڕووداو لە مێشکم گینگڵە دەخۆنەوە، بۆیە ڕۆمانەکانی من تەژی ڕووداون و هیچ کاتیش لەسەر ڕووداو گیروگرفتم نەبووە، کەچی سەت جار بەداخەوە چەند نووسەرێکی ئەوسای دەزگای ڕۆشنبیریی هەولێر گەورەترین زەڕبەیان لێ دام..

باوەڕ بکەن هانیان دابام هەر ساڵێ ڕۆمانێکم دادەنا.

بۆم واژی بووەوە لەبەرچی نووسەرە کوردەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی شاری هەولێر بەم تەرزە خنگەملانێیان لەگەڵ من کرد:

**یەکەم:** من مەلا بووم و لەسونعی ئەوان نەبووم، بە جاهیل و نەزانیان دەخەملاندم.

**دووەم:** یەکسەر لە دوای نووسینی چیرۆکی منداڵان، ملم لەبەر نووسینی ڕۆمان نا، ئەمەش

بەمەزهەبیان زۆر مەحاڵ بوو.
**سێیەم:** لەسەر مێزی خواردنەوە هاوبیریان نەبووم.
**چوارەم:** وەک ئەوان بەعسی نەبووم.
**پێنجەم:** کێخوا سێوێ تاکە ڕۆمانێکی سەرکەوتووی سەردەم بوو، زمانەکەشی بەهێزی وا، هەتا ئەمڕۆی حازری دوو هەزار و بیست و یەکە ئەو تەرحە زمانە ئاوقای چیرۆک و ڕۆمانی کوردی نەبووە، بۆیە ئەوانەی چاویان پێ هەڵنەدەهات، ئەو پیلانە شوومەیان دامەزراند.
**شەشەم:** تاکوو ساڵی ١٩٨٦ ڕۆمانی (شار)ی مامۆستا حسێن عارف ببێتە یەکەم.

* * *

کێخوا سێوێ هەتا ئەمڕۆی حازری سێ جار چاپ کراوە.
**جاری یەکەم:** هەزار دانە، **جاری دووەم:** هەزار دانە، **جاری سێیەم:** پێنج سەت دانە.
لەساڵی ٢٠٢٢دا لەزانکۆی ڕاپەڕین ماجستێری بەم ناوە لەسەر وەرگیراوە: (ڕەنگدانەوەی فۆلکلۆر لە ڕۆمانی کێخوا سێوێ دا).
کە چاپ کرا کەس لێی نەدەکڕیم، خەڵکەکەش ناحەق نەبوون، چونکە لە هەموو لایەک بڵاوکراوەکە کتێبێکی بێ سوودە، هەتا لە تەلەڤزیۆن بەر گوێم کەوت کە لە:
- حسێن عارف لە ڕۆمانی شاردا دەڵێت:
- هەنگاوێکی خێرا و هەنگاوێکی لەسەرەخۆ.
ئەمە هەموو کەس دەزانێت عەرەبییە،
کەچی عەزیزی مەلای ڕەش دەڵێت:
- غارە پڕ ناوەکەیان کردە گورگەلۆقە، کە کوردییەکی سرفە.
- یاخۆ دەگوترێت: تا نەیکەیت نایخۆیت. وتەیەکی مانا سوورکە، کەچی عەزیزی مەلای ڕەش دەڵێت: تا ڕەنج نەکێشیت گەنج نانۆشیت.
دوای تەقینەوەی کێخوا سێوێ لە ڕۆژنامانەدا کە تا ئەمڕۆی حازری هیچ ڕۆمانێکی کوردی ئەوەندەی لەسەر نەنووسراوە: هەشتا لاپەڕەی ڕۆژنامە گۆترە نییە، خڕکەبەردێکی کاریگەر بوو قەبرغەی ناحەزانمی بۆ هەتا هەتایە سمی.
خوا لێی خۆشبێ سەردار میران فەرمووی:
- ئەو کیتابانەی لە سەتا سەت یارمەتی درابوون وا لە پەنا دیواران کەوتوونە، کەس عانەیەکیان پێ نادات، کەچی ڕۆمانی کێخوا سێوێ کە زۆر لەسەری سەر کۆنە کراوم، وا لە بازاڕدا دانەیەک دەست ناکەوێت.

* * *

وێڕای ئەو هەموو موحارەبەیە کە دەچوومە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر لەبەر ئەوە پلی خیانەتم بۆ ئەو دوو حزبە نەگەیاندبووە عەردی دووسێ،
منیش گوتم:
- مامۆستا من خاوەنی کێخوا سێوێمە.
بە بزەیەکەوە گوتی:
- کەواتە ئەوا بڕیارم دا بۆت چاپ بکەین، نەک یارمەتی.
لە بەختە دمۆرەکەی من، بەرپرسی چاپ کردنەکە شێخ جەعفەری تایەن بوو.
دوای چەند ڕۆژێک وێنەیەکی دوو منداڵی زۆر جوان و ڕەنگاوڕەنگی نیشاندام و گوتی:
- بەتەمامە بەرگەکەی ئاوا جوان بکەین، کووت عەقڵ دەگرێت؟.
منیش زۆرم پێ جوان بوو و گوتم:
- زۆر باشە.
لێرە بۆ خوێنەرانی ئازیز باش واڵا دەبێتەوە کە من جگە لە ئەوەی مرۆڤێکی تەمبەڵم و زیرەک نیمە، زەینیشم زۆر تیژ نییە و شت زوو لەبیر دەکەم. بۆ باوەڕ هاتنی دڵی دوو دڵان لەم ڕووەوە وێنەی دوو منداڵەکە بەرگی کتێبی پۆلی یەکی سەرەتایی بوو و بەلای کەمیەوە ماوەی بیست ساڵ لە کاتی دەوامدا لە قوتابخانە لەبەرچاوم بووە و چەند ساڵیش بە قوتابییانم گوتووە، خوا دەزانێت زەینم هەرگیز

بۆ ئەوە نەدەچوو، نەخاسمە وێنەی بەرگ منداڵی گچکە، لە ناوەڕۆکیش بۆ مێردمنداڵان.

کە لە دەزگاکە بەرپرس بوو، ئەو بنەماڵەش دۆستایەتیان لەگەڵ بنەماڵەی دایکم دەبێت، هەم مەلا عەزیزی برا گەورەی خوێندنی مەلایەتی لای باوکمی تەواوکردبوو. یەکسەر بە ئەم لاو ئەولای خۆی دەڵێت:

– ئەگەر ئێمە عەزیزی مەلای ڕەش بە فەتارەت بدەین، کەڵکی چیمان نامینێت.

دەسبەجێ دەیدڕێنێت.

هەر کە کابرای تەقریرنووس بە دوای نووسینەکەی دەچێت و پێی دەڵێن:

– ڕەوانی جێگەی خۆمان کردووە.

لە دوای ڕاپەڕین ڕۆژێک لە باخی شار لەگەڵ چەند برادەران دانیشتبووین، کابرای تەقریرنووس لە پشتەوە بەگوڕەوە ئەم لاو ئەولامی دوو جار ماچ کرد.

ئەمەش نیشانەی پەشیمان بوونەوەی بوو، منیش لە ڕاهی خوا گەردەنم ئازاد کرد.

* * *

**بۆرەی قەپلان، ڕۆمانی دووەمی مێردمنداڵان.**

دڵنیا بووم لەم ڕۆمانەدا لە زمانی ناحەزان دەرباز نابم، چونکە ناوەڕۆکەکەی زۆر بە کەلەپووری کوردەواری دەچێت، هەتا (م. شێرزاد حەسەن)یش بەم جۆرە بەرەنگارم بوو.

باوەڕ بکەن نەوێرام چیتر قەڵەم بۆ ئەو چەشنە ڕۆمانە بەکار بهێنم، ئەگەرنا بەتەما بووم هیتریش دانێم، ئەوجا چەند کوڕی ئەدەبی منداڵان لە شاری هەولێر و سلێمانی بەستران، تەنیا لە دوای منیان نەدەگێڕاوە، هەتا جارێک لە کۆڕێکی شاری سلێمانی باسی ڕۆمانی مێردمنداڵان دەکرێت و دەڵێن: تەنیا عەزیزی مەلای ڕەش دوو ڕۆمانی مێردمنداڵانی هەیە، بریا لە دوامان بناردبایە، هۆیە سەرەکییەکەش خۆم نەکردبووە خوبزەی حزبەکان و بەس.

* * *

دوای دەست بەربوونم لە چاپی کێخوا سێوێ و دیتنی ڕۆمانی (شار)ی م. حوسێن عارف وتەکەیم هاتەوە یاد:

– ((چیرۆکی ئاوا باش بنووسە خۆت لە قەرەی ڕۆمان مەدە)).

ئەوسا لەناخی جمجمەی سەرمەوە گینگڵەی خواردەوە و باوەڕم تەواو هات غەنیمە سەرەکییەکەم تەنیا ئەو بووە و کەسی تر نییە.

کەچی چ شاهیدم نەبوو! بۆیە بەهیچ شێوەیەک نەموێرا بڵاوی بکەمەوە و بە یەکجاری پشتم تێ کرد.

هەتا ساڵی ٢٠٢١ بڕیارم دا بینووسمەوە و قاتی نەوەی داهاتوو پێم باوەڕ دەکەن.

منیش ئەوەندەم بەسە.

لە دوای کێشمەکێشێکی زۆری دەروونییەوە ئەم ڕێگەیەم گرتەبەر:

نزیکەی دە دوازدە نوسخەی لێ چاپ بکەم و شەش حەوت نووسخان بدەمە چەند نووسەرێکی ئازیز و متمانە پێکراو و ئەوانی تریش لە نێو کتێبخانەکەم هەڵبگیرێن و بەس.

**دوو بابەتی لابەلا**

**یەکەم:** زۆر سوپاس بۆ کەسانی دەزگای چاپەمەنی وەزارەتی ڕۆشنبیری کە بەهۆی ئەوانەوە زۆربەی کتێبەکانم بەچاپ گەیشتن، هەتا لەژیاندا چاوم کوسکە کوسکیان بێت لەیادم ناپەڕێت.

**دووەم:** بەپێزیی نووسینی کوردیی شێوەزاری هەولێر ئەمڕۆ بۆ د. عەزیز گەردی و من دەگەڕێتەوە.

ئەو شێوەزاری دەوروبەری بەحرکە و بەڕانەتی و دەشتی هەولێری هێنا سەر کاغەز، منیش شێوەزاری دەڤەری قەراج و کەندێناوە و دەشتی هەولێرم هێنا.

# تیۆری ڕەخنەیی بنیادگەری و جێبەجێکردنی لە ڕۆمانی کوردیدا

گۆران سەباح

**تیۆری ڕەخنەیی بنیادگەری چییە؟**

زاراوەی بنیادگەری (structuralism) لە سەرەتای سەدەی بیست لە ئەورووپا پەیدا بوو. زمانناسی سویسری، (فێردیناند سۆسێر)، بۆ یەکەم جار لە زانستی زمانەوانی بەکاری هێنا. دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، پسپۆڕانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان پەرەیان بە چەمکەکەی سۆسێر دا. لە هەموویان پتر، مرۆڤناسی فەڕەنسی (کلاود لیڤی ستڕۆس) خۆی پێوە خەریک کرد (مامبرۆل، ٢٠١٦)، پاشان لە بوارەیلی وەک دەروونناسی، ئابووری، تەلارسازی، مرۆڤناسی و ڕەخنەی ئەدەبی هاتە بەکارهێنان.

لە ئەدەبدا، ڕەخنەی بنیادگەری، دەق دەخاتە نێو بازنەیەکی فراوانتر، بەهۆی پێوەندی لەگەڵ دەقەیلی تر، بەپێی پێکهاتەی یونیڤێرسالی گێڕانەوە شەنوکەوی دەکات (بار، ٢٠٠٢). تیۆرە ڕەخنەییەکە باسی مانای دەق ناکات، بگرە باسی چۆنێتی مانای دەق دەکات (تایسۆن، ٢٠١٥). بۆ نموونە، ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان) باسی خۆکوشتن و بەرەڵڵابوونی نەفس دەکات، تیۆری بنیادگەری دێ بزانێ چۆن و بە چ شێوەیەک باسی ئەو بابەتە دەکات، بۆیە ئەم تیۆرە نزیکە لە تیۆری ڕەخنەیی (وەڵامی خوێنەر) (تایسۆن، ٢٠١٥).

تیۆرەکە هەوڵێکە بۆ تێگەیین لە بنیادی ئەزموون، بەرهەم، ڕەفتار و ئاگایی مرۆڤ لە

نێـو دەقێکـی ئەدەبـی (تایسـۆن، ٢٠١٥). لـە هێماناسـیدا (semiotics)، هەمـوو دەقێـک دەبـێ پێکهاتەیەکـی هەبێـت، ئەمـەش یارمەتـی خوێنەری بـە ئەزمـوون دەدات باشـتر دەقەکـە شـی بکاتـەوە (نـۆس، ١٩٩٥). بەپێـی تیـۆرە ڕەخنەییەکـە تامـی دەقێکـی ئەدەبـی لـە پێکهاتـە نوێیەکەیدایـە.

## نۆرسرۆپ فرای و تیۆری ژانرەکان

نۆرسـرۆپ فـرای، تیۆریسـت و ڕەخنەگـری ئەدەبـی، پێـی وایـە مـرۆڤ بـە دوو ڕێگـە خەیاڵـی خـۆی دەگێڕێتـەوە: جیهانـی واقیعـی و جیهانـی میسـالی (تایسـۆن، ٢٠١٥). جیهانـە میسـالییەکە (باشـترە لـە جیهانـە واقیعییەکـە) جیهانـی بەرائـەت و خۆشـی و ڕازیبوونـە، جیهانـە واقیعییەکـە جیهانـی ئەزمـوون و دڵەڕاوکـە و شکسـتە.

تیـۆری ژانـرەکان (یـان تیـۆری ئەفسـانەکان)ی فـرای، بنەمـا سـەرەکییەکانی ئـەم ژانرانـە ئاشـکرا دەکـەن: کۆمیـدی، تراژیدیـا، ڕۆمانـس و ئایرۆنـی/ سـاتیر (تایسـۆن، ٢٠١٥). فـرای پێـی وایـە هـەر ژانرێـک ڕووداو، تێمـا، کارەکتـەر و پلۆتـی تایبـەت بـە خـۆی هـەس. ئـەم ژانرانـە پێکـەوە وامـان لـێ دەکـەن لـە گێڕانـەوە بگەیـن. فـرای پێـی وایـە چوار بنەمـای بنیادگـەری هـەن: ململانـە، کارەسـات، ئـاژاوە و شـێوان و سـەرکەوتن. ململانـە بناغـەی ڕۆمانسـە؛ کارەسـات هـی تراژیدیایـە؛ ئـاژاوە و شـێوان هـی ئایرۆنـی و سـاتیرە؛ سـەرکەوتن هـی کۆمیدیایـە. فـرای نـاو لەمانـە دەنێـت: «ئەفسـانەی گشـتگیر»، کەواتـە لای فـرای، هەمـوو گێڕانەوەیەک ڕەگێکـی لـە نێـو گێڕانەوەیەکـی تـردا هەیـە.

فـرای دەسـەڵاتی پرۆتاگۆنیسـت و مـۆدی فیکشـن و جـۆری کارەکتـەر بەپێـی تیـۆری مـۆدەکان (theory of modes) دیـاری دەکات. بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئەمـە، خشـتەکەی تایسـۆن (٢٠١٥) بـەکار دێنـم:

دەسـەڵاتی پرۆتاگۆنیسـت، مـۆدی فیکشـن، جـۆری کارەکتـەر.

لە سەرووی مرۆڤ و دەوروبەر، ئەفسانە، ئیلاهی.

تـا ڕادەیـەک لـە سـەرووی مـرۆڤ و دەوروبـەر، ڕۆمانـس، پاڵـەوان.

تـا ڕادەیـەک لە سـەرووی مرۆڤ، لاسایی (داستان و تراژیدی)، سـەرکردە.

لـە سـەرووی مـرۆڤ و دەوروبـەر نییـە، لاسـایی (کۆمیـدی و واقیعـی)، خەڵکـی ئاسـایی.

لـە خـوار هەموو شـتێک، ئایرۆنی، ئەنتاگۆنیسـت (دژە پاڵەوان).

### ڕۆبـەرت شـۆلز پۆلێنێکـی کەمێـک جیاوازتـر لـەوەی فـرای دەکات (تایسـۆن، ٢٠١٥):

دەسـەڵاتی پرۆتاگۆنیسـت، مـۆدی فیکشـن، جـۆری کارەکتـەر.

لـە سـەرووی مـرۆڤ و دەوروبـەر، ڕۆمانـس، پاڵـەوان.

یەکسـان بـە مـرۆڤ و دەوروبـەر، لاسـایی وەک ژیانـی واقیعـی، خەڵکـی ئاسـایی.

تـا ڕادەیـەک لـە سـەرووی مـرۆڤ، لاسـایی (داسـتان و تراژیـدی)، سـەرکردە.

لـە خـوار مـرۆڤ و دەوروبـەر، لاسـایی (کۆمیـدی و واقیعـی)، کۆمیـدی و خەڵکـی بەدحاڵ.

لـە خـوار هەموو شـتێک، ئایرۆنی، ئەنتاگۆنیسـت (دژە پاڵەوان).

## بنیادی گێڕانەوە

ڕاڤـەی بنیـادی گێڕانـەوە دەتوێژێتـە ناواخنـی دەقـی ئەدەبـی بـۆ کەشـفکردنی یەکەکانـی بنیـادی دەق، وەک پێشـڤەچوونی گێڕانـەوە، ئەرکەیلـی کارەکتـەر (تایسـۆن، ٢٠١٥). بـۆ تێگەییـن لـە بنیادگەریـی گێڕانـەوە، کاری ئـەی جـەی گریمـاس، تزڤیتـان تـۆدۆرۆڤ و گێـرارد گینێـت دەدەینـە

بەربـاس.

گریمـاس پێـی وایـە مـرۆڤ بـە دوو شـێوە دەگاتـە مانا:

**یەک:** سین پێچەوانەی شینە.

**دوو:** نەفی سین، واتە نەفی شین.

بـۆ نموونـە، پێچەوانـەی خۆشەویسـتی ڕکـە، نەفـی خۆشەویسـتی غیابـی خۆشەویسـتییە (تایسـۆن، ٢٠١٥)، ئەمـە لـە پلۆتدا هەیـە: ململانە و چـارە، شـەڕ و ئاشـتبوونەوە، جیابوونـەوە و پێکشادبوونەوە. ئەم هاوکێشانەی پلـۆت لەلایەن کارەکتەرانـەوە دێنـە جێبەجێکـرن.

**گریمـاس سێ پۆلێنی پلـۆت، بەهـۆی جۆرەکانی ئەرکـی کارەکتــەر و جۆرەکانـی پلـۆت دیـاری دەکات.**

**جۆرەکانی پلۆت، ئەرکەیلی کارەکتەر:**

چیرۆکەیلـی گـەڕان/ ئـارەزوو (سـوژەیەک، یـان پاڵەوانێـک بـەدوای ئۆبجێکتێکـدا دەگەڕێـت، ڕەنگـە کەسـێک، شـتێک، خـود، یـان شـوێنێک بێـت. سـوژە-ئۆبجێکـت.

چیرۆکەیلـی کۆمیونیکەیشـن (یەکێـک شـتێک دەنێرێـت و ئـەوی تـر وەری دەگرێـت)، نێـرەر -وەرگـر.

وردە پلۆتـی چیرۆکەیلی گەڕان/ ئارەزوو (ئەوەی بـە دوای ئۆبجێکتێکدا دەگەڕێت هاوکارێکی هەیـە و دژێکیشـی هەیـە بەرەنـگاری دەبێتـەوە، هـاوکار -دژ.

**گریماس سێ جۆرە بنیاد دەناسێنێت:**

١ - بنیـادی گرێبەسـت (contractual structures): مۆرکردن، یـان شکاندنی پەیمان، دامەزرانـدن، یـان تێکدانـی کیانێـک.

٢ - بنیـادی جێبەجێـکاری (Performative structures): ئەنجامدانـی ئـەرک، هـەوڵ و کۆشـش.

٣- بنیادی لێکترازان (Disjunctive structures).

**گریماس سیستمێکی داناوە بۆ ڕاڤەی بنیاد:**

ئەزموونـی هەنووکەیـی، قابیلـی گـۆڕان، ئیختیاری ئایدیۆلۆژی.

خۆشـی/ ئازار، ڕاسـتی: یاخیبوون+ قەبوڵکردن، ژیان: خۆشـی+ ناخۆشی.

بێـزاری/ بێـز، درۆ: کۆڵـدان+ ئینـکاری، مـردن: بێـزاری+ بێـز.

**بـەڵام تـۆدۆرۆڤ ئـەم سیستەمەی بـۆ یەکەکانی بنیـادی گێڕانـەوە هەیـە:**

یەکەکانی گێڕانەوە، یەکەکانی زمان.

کارەکتەر، ناوی دیار.

کاری کارەکتەر، فرمان.

سیفەتی کارەکتەر، ئاوەڵناو.

تێکەڵەی کارەکتەر و کردار، ڕستە.

لە تێکەڵەیەک زیاتر، پەرەگراف.

بنیـادی (لـە تێکەڵەیـەک زیاتـر) بریتییـە لـە سـیفەت، کـردار، سـیفەت. بـۆ نموونـە، کارەکتەرێک ئێسک گرانە، دوای کردارێکی بـاش، ئێسـک سـووک دەبێت. تـۆدۆرۆڤ بنیـادی دەق لـە کارەکتــەر و کـرداردا دەبینێتـەوە، بـەڵام گینێـت سێ ئاست بـۆ گێڕانـەوە دیـاری دەکات: چیـرۆک، دەق، گێڕانــەوە.

چیـرۆک: لـە کۆمەڵـە ڕووداوێکـی گێـڕدراوە پێـک دێـت. دەق واتـە وشـەکانی نێـو کتێبەکـە، ئـەو وشـانەی ڕووداوەکانـی پـێ دێنـە گێڕانـەوە، ئاخاوتـن و بەربـاس. گێڕانـەوە، واتـە گێڕانـەوەی چیرۆکەکـە بـۆ جەمـاوەر، بـۆ کەسـێک، یـان کۆمەڵێـک کـەس. ئـەوەی دەیگێڕێتـەوە بەرکەوتەی لەگـەڵ نووسـەرەکەدا نییـە، جەمـاوەر (ئـەوەی چیرۆکـی بـۆ دێتـە گێڕانـەوە) بەرکەوتـەی لەگـەڵ خوێنـەردا نییـە.

**گینێس پێی وایە بەپێی سێ شت چیرۆک و**

**دەق و گێڕانەوە تێکەڵ بەیەک دەبن (تایسۆن، ٢٠١٥):**

١- دەم (کات): ڕێکخستنی ڕووداوەکان بەپێی کات. ئەم ڕێکخستنە پێویستی بە ڕیزکردن و ماوە و چەندجارەبوونەوە هەیە:

- ڕیزکردن: بریتییە لە پێوەندی نێوان کرۆنۆلۆژیی ڕووداوەکان و کرۆنۆلۆژیی گێڕانەوەی ڕووداوەکان. واتە، لە ڕۆمانی مرۆڤی هەرزان: شووشە سەقەتە، دێ بابی لە دەست دەدات، براکەی لە دەست دەدات، هاوەڵانی لەدەست دەدات، مەیلی بۆ ڕام هەیە، دواتر چاک دەبێتەوە. ئەمانە ڕوودراون، بەڵام نووسەر لێکی جیا کردوونەتەوە و بەسەر گێڕانەوەکەدا پەرتی کردوون.

- ماوە: بریتییە لە پێوەندیی نێوان درێژیی ڕووداوێک و ئەو چەند لاپەڕەیەی لە کتێبەکە بۆی تەرخان دەکرێت. ململانەی نێوان دوو کارەکتەر پێنج ساڵە، بەڵام بە پێنج دێڕ باس دەکرێت، یان دیمەنێکی کوژران پێنجە دەقەیە، بەڵام بە پێنج لاپەڕە باس دەکرێت.

- چەندجارەبوونەوە: بریتییە لە پێوەندی نێوان دووبارەبوونەوەی ڕووداوێک، لەگەڵ ڕووداوێک کە بە چەند جارێکی جیاواز دێتە گێڕانەوە.

٢- چەشە (میزاج): بریتییە لە کەشی گێڕانەوە کە دێتە دروستکردن بەهۆی دووری و ڕوانگەوە.

- دووری: واتە ئەو دەمەی گێڕەرەوە لە نێو یەک لە کارەکتەرەکاندایە. چیرۆکەکە لە ڕێی ویژدانی ئەو پاکتاو دەکرێت. گێڕەرەوە هەرچەند نێزیک بێت، دووری نێوان گێڕانەوە و چیرۆک زێتر دەبێت. بە پێچەوانەشەوە، بێو ئاگامان لە گێڕەرەوە نەبێت، ئەوە گێڕانەوە و چیرۆک لێک نزیک دەبنەوە. ئەو دەمەی چیرۆکەکە خۆی خۆی دەگێڕێتەوە. دووری بە بازدان و نەبوونی وردەکاریش دروست دەبێت. چەندە وردەکاری هەبێت، ئەوەندە چیرۆک و گێڕانەوە لێک نزیک دەبنەوە.

- ڕوانگە، واتە گۆشەنیگا: لەوانەیە گێڕەرەوە قسە بکات، بەڵام شتەکان بە چاوی کارەکتەرێک دەبینین. ئەوەی کارەکتەرەکە دەیبینێت جیاوازە لەوەی گێڕەرەوە دەیبینێت.

٣- دەنگ: بریتییە لە دەنگی گێڕەرەوە: ئەو دەنگەی گێمان لێی دەبێت (دەنگی گێڕەرەوە) ڕەنگە جیاواز بێت لەو چاوەی شتەکانی پێ دەبینین (ڕوانگە). بۆ ڕاڤەی دەنگ دەبێ بنۆڕینە پێوەندی نێوان گێڕەرەوە (کرداری گێڕانەوە) بەو چیرۆکەی دێتە گێڕانەوە (شێوازی گێڕانەوەکە). دەنگ یارمەتیمان دەدات چەشەی گێڕەرەوە بۆ چیرۆکەکە دیاری بکەین.

## بنیادی ڕاڤەی ئەدەبی

(جۆناسان کەلەر) پێی وایە بنیادی نووسین و مانای دەقی ئەدەبی پێوەستن بە سیستمی ڕێسا و کۆد کە خوێنەر، واگا، یان بێ ئاگا، لە ناخیدا دروستی کردوون (تایسۆن، ٢٠١٥). هەندێ لەو ڕێسا و کۆدانە خوێنەر دەمێکە لە بیریدا چەسپی کردوون. بۆ نموونە، خوێنەر دەزانێت دەقێکی ئەفسانەیی واقیعی نییە. کۆدەیلی تر لە زانکۆ دێنە خوێندن، بۆ نموونە، بەکاربردنی ئیماژی سروشتی بەشێک لە تێمای کارەکە ئاشکرا دەکات (تایسۆن، ٢٠١٥).

ئەم ڕێسا و کۆدانە جۆرێک لە خوێندەواری و ئاگایی لای تاک دروست دەکات کە کەلەر پێی دەڵێت ئاستی خوێندەواریی تاک بۆ ئەدەب. بۆ تێگەیین لە ئاستی خوێندەواریی ئەدەبی (literary competency)، کەلەر سێ توخمی سەرەکی دەداتە بەرباس (تایسۆن، ٢٠١٥):

**یەکەم:** ئاوێتەبوونی دووری و ناخود (the convention of distance and impersonality)

هەرکە کارێکی ئەدەبی دەخوێنینەوە، خۆمان لە واقیع و خودی خۆمان دوور دەخەینەوە. دوورییەکی خەیاڵی دروست دەبێت. خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی لای خوێنەر جیاوازە لە خوێندنەوەی نامەیەک، یان وتارێک.

**دووەم:** بەسروشتیکردن (naturalization)

خوێنەر دەقەکە دەگۆڕێت و بە پێوەری ژیانی واقیعی تێی دەگات. کاتێ نووسەر دەنووسێت، «خۆشەویستەکەم هەرمێیەکی پێگەیشتووە»، خوێنەر دەزانێت مەسەلە میوەکە نییە، بگرە نووسەر وەک خوازەیەک میوەکەی بەکار هێناوە. کاتێ خوێنەر لە دەقێکی ئەدەبی تێ دەگات، زیاتر دەینرخێنێت و خۆشی دەوێت؛ جوانییەکەی مانایەکی بۆ ئەو هەیە. لەم کۆدەدا خوێنەر گوێی لە دەنگی گێڕەرەوەیە نەک نووسەر، بۆیە هەر کەموکورتییەک بۆ گێڕەرەوەکە دەگەڕێتەوە، نەک نووسەرەکە.

**سێیەم:** ڕێسای بایەخدان (the rule of significance)

خوێنەر پێی وایە دەقێکی ئەدەبی بایەخی تایبەت بە کێشە سەرەکییەکان دەدات، بۆیە بایەخی زێتر بە دەقێکی ئەدەبی دەدات تا دەقێکی نائەدەبی. سەیری ئەم ڕستەیە بکە: «پیاوەکە ناهێڵێت منداڵیان ببێت.» ئەمە لە وتارێک، یان هەر دەقێکی نائەدەبی بخوێنییەوە، هێندە بایەخی پێ نادەی، بەلام بێو لە چیرۆکێک، ڕۆمانێک، یان شیعرێکدا بیخوێنییەوە، زێتر بایەخی پێ دەدەی و تێگەیشتنت بۆی قووڵتر دەبێتەوە. بۆ نموونە، لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا، (بێرنی) ڕێگرە لەوەی خێزانەکەی منداڵی ببێت، ماڵباتیان لەسەر ئەمە تێک دەچێت. بابەتی کەمیی لەدایکبوونی منداڵ لە ئەوروپا کێشەیەکی گەورەی ئەوروپییەکانە.

**چوارەم:** ڕێسای خوازەی یەکگرتوو (the rule of metaphorical coherent)

زاراوەکە و سوژە لە خوازە، پێوەندییەکی یەکگرتوویان بە دەقەکە هەیە. بۆ نموونە، چیرۆکێک دەنووسی لەسەر دەرۆزەکەرێکی بەتەمەن. دوای پێشاندانی نەهامەتییەکانی ژیانی، لە کۆتاییدا لە سەرمان لە شوێنێک ڕەق دەبێتەوە. دەکرێ ئەمە بە خوازەیەک دەربڕی، « خۆرئاوابوونی ئەوێ ڕۆژێ سیس و ڕەنگ زەرد بوو و هەموو شتێکی دەبەستا.»

**پێنجەم:** ڕێسای تێمای یەکگرتوو (the rule of thematic unity)

لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا چاوەڕێی ئەوە دەکەین تێماکە، بابەتە سەرەکییەکە، وجودی هەبێت، واتە لە سەرەوە تا کۆتایی هەرچی هەیە لە خزمەتی تێماکان دایە. کەلەر پێی وایە تێمای یەکگرتوو بەم پرۆسێسانە دروست دەبێت: یەک، دژایەتی تەواو (باش بەرانبەر خراپ)؛ دوو، چارەی دژایەتی (باش بەسەر خراپدا زاڵ دەبێت)؛ سێ، ترازانی دژایەتی تەواو (واتە باش بەرانبەر خراپ لە ڕێی لایەنی سێیەم دێتە چارەبوون).

## جێبەجێکردنی تیۆری ڕەخنەیی بنیادگەری لەسەر ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان):

هەوڵ دەدەین بزانین بەهۆی پێوەندیی نێوان چەند ڕووداوێکی دووبارە چۆن دەقەکە بنیاد نراوە، بۆ ئەمەش دەچینەوە سەر میتودەکەی تۆدۆرۆڤ: ڕووداو (فرمان)، سیفەت (ئاوەڵناو) و کارەکتەر (ناو). ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بەسەر سێ فرماندا دابەش دەبێت: خۆیان دەکوژن، نازانین بۆ خۆیان دەکوژن، دەزانین بۆ خۆیان دەکوژن. ئەمە دەبێتە هۆی زەقکردنەوەی سیفەت و کارەکتەر: شووشە و تیمەکەی.

لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا خوێنەر بەر لێشاوێک لە خۆکوشتندا دەکەوێت. ڕووداوەکانی خۆکوشتن لە

کوردستان و فەڕەنسا و ئەمریکا و ئێران و چەندان شوێنی تری جیهان دووبارە دەبنەوە. ئەم دووبارە بوونەوەیە وا دەکات زانایان بۆ چارەسەرێک بگەڕێن. شووشە و تیمەکەی پێنج جار یەک پرۆسە بۆ نێو جیهانی مردن دووبارە دەکەنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێکی هۆی خۆکوشتنەکە ئاشکرا بێت و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

ڕێزمانی (خۆکوشتن، نەزانین، زانین) لەگەڵ ڕێزمانە باوەکە یەکانگیرە کە بریتییە لە (سەرەتا، کێشە، چارەسەری کێشە). لێرەدا دەبینین ڕۆمانەکە بە شێوازێکی باو هاتووەتە بنیادنان (کێشە، چارەسەر)، بەڵام لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، کاتێ شووشە بەئاگا دێتەوە، بە چارەسەرەکە دڵخۆش نییە و ڕوخسار و ئاکاری پێمان دەڵێن کە مرۆڤایەتی لەم کێشەیە دەرباز بوو، بەڵام پێ دەنێتە نێو کێشەیەکی خراتر. گێڕەرەوە پێمان ناڵێت کێشە نوێیەکە چییە، ئا لێرەدا کۆتایی ڕۆمانەکە لە بازنەی باوی (کێشە -چارەسەر) دێتە دەرەوە.

**ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان) بە هاوێنەی هەر سێ جۆری بنیادی گریماس:**

ڕۆمانەکە هەر سێ جۆرەکەی تێدایە. کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە، هەر یەکە بە جیا، بەندن بە جۆرە پەیمانێک بۆ وەستاندنی پەتای خۆکوشتن (بنیادی گرێبەست). بۆ نموونە، شووشە پەیمانی بە خۆی داوە نەوەستێت تا چارەیەک بۆ پەتاکە نەدۆزێتەوە. سەرۆکی وڵاتان و بەرپرسانی کۆمپانیا و زانایان بەندن بەوەی ڕێ لە خۆکوشتن بگرن. هەموو جۆرە پەیمانێکیش قابیلی شکاندنە. پلۆتەکە بەندە بە پەیمانی مرۆییانەی شووشە و زاناکان کە تووشی دەیان کێشە دەبنەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کۆڵ نادەن.

شووشە و تیمی زانایان لە (زەوی بڵند) بۆ دۆزینەوەی چارەیەک بۆ پەتاکە (بنیادی جێبەجێکاری) شەو و ڕۆژ گرێ دەدەن. ڕۆمانەکە بەم بنیادەیشەوە بەندە. بێو شووشە و تیمەکەی لە هەوڵ بکەون، بنیادی ڕۆمانەکە تێک دەچێت.

بنیادی ڕۆمانەکە چەند جارێک دەکەوێتە ژێر هەڕەشە لە ڕێی (بانک) کە کارەکتەرێکی بەهێزە و نایەوێت هیچ چارەیەک بۆ خۆکوشتن دۆزرێتەوە، بەڵام هێز و تۆکمەیی بنیادی یەکەم و دووەم ناهێڵن بانک سەر بکەوێت.

## ئەنجام

لەم باسەدا، بۆمان بەدەر دەکەوێت تیۆری ڕەخنەیی بنیادگەری فراوانە و چەندان میتودی هەیە و دەکرێت بە شێوەی جۆروجۆر لەسەر دەقی ئەدەبی بێتە جێبەجێکردن. ئەم باسە نموونەیەکە بۆ واڵاکردنی دەرگە بۆ ڕەخنەگرانی تر، تا بتوانن میتودێکی ئەم تیۆرە هەڵبژێرن و لەسەر هەر دەقێکی خۆماڵی جێبەجێی بکەن.

**سەرچاوەکان:**

Barry, P. 2002. «Structuralism.» Pp. 39–60 in Beginning Theory: An Introduction to Literary and Cultural Theory. Manchester: Manchester University Press.

Mambrol, Nasrullah (2016-03-20). «Structuralism». Literary Theory and Criticism Notes. Retrieved 2017-06-29.

Nöth, Winfried. 1995. Handbook of Semiotics. Indiana University Press. p. 312.

Slavutin, Evgeny, and Vladimir Pimonov. 2018. Plot Structure. Moscow: Nauka / Flinta Publishing.

Tyson, Lois. Critical Theory Today: A User-Friendly Guide. New York: Routledge, 2015. Print.

# سایکۆلۆژیایا گۆتنێن پێشیان

د. نەسرەدین ئیبراهیم گولی*
(زانکۆی زاخۆ- کۆلێژی پەروەردە)

ئەوێن وەکی مەلا مەحموودێ دێرشەوی، زانا و وێژەزان و سیاسەتوان، د پەرتووکا خۆ دا «مشتاخا چیا ژ گۆتنێن پێشیا» و هەروەسا دکتۆر عەلیێ ڕۆخزادی د پەرتووکا خۆ دا «گۆارەی کوردەواری پەند و قسەی پێشیان» و گەلەکێن دیتر وەکی وان گۆتنێن باب و باپیرێن مە یێن لێکداین و پشتی چەندین سالان زەحمەت پێڤە کێشای ئێخستینە بەردەستێ مە. ڕۆخزادی د ئەوێ باوەڕێ دایە، کو ئەو گۆتن یادگار و بیرهاتنێن باب و باپیرێن مەنە و وەکی گۆهارکەکێ یێن ب گۆهێن مە ڤە و ئەم ب وان دژین (٣). ئەڤ جۆرە کارە نەهەوانتەنە، بەلکۆ کارێن مەزنن و دچنە ڕێزا شاکارێن نەتەوەیی، چونکی نەهێلاینە کەلتوور و فەرهەنگ و ڕەوش و تیتالێن جڤاکا کوردەواری بەرزە و هندا ببن.

ئەڤ گۆتنە ژبلی هندەک ڕستەیێن ئاسایی یێن کۆ ئەم ب چاڤەکێ سەرڤەیی وان دبینین و دخوینین بەرهەمێ هزاران سال و چەرخانە ژ ژیان و ژیار و سەربۆر و ئەزموونێن هەر نەتەوەیەکی، نەخاسمە نەتەوەیێ تێر ئەزموون و خۆدان سەربۆرەکا وەکی کوردان. ژبلی ڤێ چەندێ و ژ هەمیان گرنگتر و کارتێکەرتر ئەوە، کو ئەڤ گۆتنە هەروەسا ژی ستایل و شێوازێ هزرکرنا تاکێ وی نەتەوەیە. زانایێن مەزنێن سایکۆلۆژییێن وەکی کۆرزوبسکی (Korzybsky) و گەلەکێن دیتر دەمێ ئاماژەی ب هندێ ددەن، کو شێوازێ هزرکرنا کەلتوور و نەتەوەیەکی ناڤەرۆک

و پێکهاتەیا زمانەڤانیێ وان یێ ئاخفتنێ درست و ئاڤا دکەتن (٥: ل١٥١)، ژ خۆ ڕا وەنەگۆتیە. نموونە گەلەکن و تنێ ئەم دێ بۆ تێگەهشتنا خواندەڤانی ئاماژەی ب یەکێ دەین. ئەوا باب و باپیرێن مە گۆتی «تل یان تپلێن دەستان هەمی هندی یەک نینن» نە هەما گۆتنەک بەلاڤش و هەوانتەیە.

ئەگەر ئەم هندەک د چاڤەکێ سایکۆلۆژی دا وێ شرۆڤەبکەین، دێ بینین کو ئەڤ گۆتنە و گۆتنێن هاوشێوەی وێ گەلەک واتا و ڕامانێن جڤاکی و کەلتووری، سایکۆلۆژی و زانستی ژێ دەردکەڤن. ئەڤ گۆتنە هیچ نەبیتن و بەری هەر تشتەکی هێڤێن و بنیاتێ زانستەکێ یە، کو ئەڤرۆکە ئەم ب ناڤێ سایکۆلۆژیایا جیاوازیێن تاکی (علم النفس الفروق الفردیة) دنیاسین کو لایەنێن جوداجودایێن جیاوازیێن هەمە لایەنە ل نک مرۆڤان و نەخاسمە لایەنێ سایکۆلۆژیێ وی ڤەدکۆلیتن و ئەگەر و بناس و کارتێکرن و ل دۆماهیکێ ژی ئەنجامەکا گرنگ لبەر چاڤێن مە ڕۆهن دکەتن، ئەو ژی ئەوە، کو جیاوازیێن هزری و ڕەفتاری و بیروباوەڕان ل نک مرۆڤان ب تایبەتی و یێن گشتی ل جیهانێ تام و چێژ و ڕامانێ ددەتە جیهانێ و ژیانێ و ئەگەر وەسا نەبایە، بێگومان، دا جیهان و ژیان تشتەک ڕۆتین و ڕەوالەت و بێتام و ڕامان بیتن و مرۆڤ دا زوی ژ وێ تێر و بێزار و بێ هیڤیی بیتن.

ژ لایەکێ دیکە ڤە، ئەگەر ئەم یەک ب یەکی وشەیێن ڤێ گۆتنێ ل بن بەرچاڤکا سایکۆلۆژیێ ببینین دیسانێ دێ بینین چ ڕامانێن کەلتووری و فەرهەنگی و جڤاکی ژێ دەردکەڤن. وشەیا « تپل یان تل» گرێدایە ب دەستێن مرۆڤی ڤە. ئانکۆ ئەڤ وشەیە ژی نە هەما هەوانتە هاتییە بکارئینان. تاکێ کوردستانێ بەری هەر تشتەکی کوڕێ چیا و کویستان و ڕەز و زەڤی و وێ ئاخێ یە یاکۆ مرۆڤێ کوردستانێ تێدا فێری ماندیبوونێ و خۆڕاگری و بەرخۆدانێ بووی، ئەڤ مرۆڤە قوتابیێ قوتابخانەیەکا مەزنە و ئەو ژی ئایینێ زەردەشتی یە، کو ب چاڤەکێ پیرۆز تەماشەی کاری و ڕێنجبەریێ و جۆتیاریێ و کشتوکالیێ کری (١).

ئایینێ زەردەشتێ شەهید بەروڤاژی هزرا هندەک کەس و لایەنێن دەمارگیر و لدویڤ سالۆخەتێن د کەساتی و پەیاما وی دا هەی و دهێتە دیتن و خواندن و تێبینیکرن ب ئایینەک مەزن و بەلکۆ ژی ئەسمانی دهێتە هژمارتن. زانایەکێ مەزنێ وەکی عەلی وەردیێ بەهشتی (١٩١٣-١٩٩٥) ب پشتگرێدان ب ئایەتا (٢٤)ێ ژ سورەتا فاتر ژ قورئانا پیرۆز کو دفەرمووتن» دناڤ هەر نەتەوە (و قەومەکی) دا ژ (قەومێن) کەڤن (نەزیر) یان هۆشدارکەرەک هەبوویە و ژ لایێ خۆداییێ مەزن ڤە هاتیە هنارتن (٤: ل١٥٦).

هەروەسا پرۆفیسۆر ڕەزەوی ژی ب پشتگرێدان ب گەلەک ژ لایەن و ناڤەرۆکان و ڕێنماییێن پەرتووکا ئەڤێستایێ، د بەرهەمەکێ خۆ دا ب ناڤێ «پارسی ئەهلێ کیتابێ نە» (٢: ل٨١)، نیشانی مە ددەت، کو ڕێنماییێن زەردەشتێ پێغەمبەر ژی ژ یێن پێغەمبەرێن دیکە کێمتر نینن و گرنگن، لەوما گرنگیدانا وی بۆ لایەنێ کشتوکالیێ وەکی گەلەک ژ بزاڤێن وی یێن دیکە یێن چاکسازیێ ئەوە، کو مرۆڤێ ئارییایی ژ ژیانا نەجێگیر و یا پشتگرێدای ب «پارییەکێ بخۆە و نەمرە و نەژی » و یا بیابانی و کۆچەراتیێ قورتال بکەتن و وی ل گوندان و باژێران جێگیر بکەتن و ب ڕێکا کار و پیشەسازی و ڕێنجبەریێ و کشتوکالیێ ئاسایشا وی خۆراکی و سایکۆلۆژی دابین بکەتن، چونکی ب باوەرا وی هەژاری و نەداری و بێکاری و دیسانێ ژی ژیانا بیابانی و کۆچەراتیێ بناسێ هەمی ئاریشە و گرفتێن مرۆڤینە. دبیتن یەک ژ ئەگەر و بناسێن کو هاریکارییەکا مەزن کری ئەڤ ئایینە بێی هیچ جەنگ و کۆشتار و زۆرداریێ ل وی سنوورێ جۆگرافیاییێ مەزن و بەرفرە، هەر ژ سنوورێن چین و هندستانێ و هەتا ڕۆمێ و ئەفریقیا بەلاڤ ببیتن. ئەڤ دووربینییا گرێدای ب

لایەنێ سیاسەتێ و چاکسازیێ و جڤاکی ڤە بیتن، کو پتر گۆنجای بوویە دگەل سروشتێ مرۆڤێن دەڤەرێ و نەخاسمە ئاریاییان، کو ل دەڤەرێن تێر ئاڤ و ئاڤا و کشتوکالی و دویر ژ بیابانێن هشک و تەحرە دژیان.

ل سەر ڤێ چەندێ تاکێ ئاریایێ کورد ل گۆندان و بۆ رێنجبەریێ و ل دویڤ رێنماییێن زەردەشتێ شەهید پێدڤی ب دەست و باسکان هەبی. ئانکو ئەگەر ئەم وشەیا تلا و پاشی دەستی د ڤێ گۆتنێ و گۆتنێن هاوشێوە دا دبینین مەبەست ژێ گرنگییا دەستی یە د کەلتوور و فەرهەنگێ ژیار و ژیانا تاکێ کوردێ ئاریایی دا و ئەگەر نە وەسا بایە نموونەیا جیاوازیێ ل دەوروبەرێ کوردی گەلەک تشتێن دیکە ژێ دا هەبن. بەلێ تپلێن دەستی گۆتنەکا وەسایە سەد جاران پتر ژ وشە و ناڤەک دیکە بۆ وی و د ڤێ گۆتنێ و گۆتنێن هاوشێوە دا دگۆنجیان.

وشەیا «هەمی» ژێ د ڤێ گۆتنێ دا ئاماژەیەکە ب جڤاکیبوون و کۆمەکا مرۆڤان و تشتان، چونکی مرۆڤ و تاکێ کوردی هەمی دەما و وەکی هەر مرۆڤەک دیکە و بەری هەر تشتەکی کەسەکێ جڤاکییە و بوونا وی د ناڤ جڤاکێدا رامانێ ددەتە ژیانا وی و ئەو بوونا خۆ د ناڤ جڤاکا خۆ و د ناڤ کەلتوور و فەرهەنگ و بها و رەوش و تیتال و داب و نەریتێن وێ دا جوان و ب کێرهاتی و بکار دبینیتن. زبارە یەکە ژ بەلگەیێن ڤێ گۆتنێ دسەلمینن و پشکەک بوویە ژ کەلتوورێ پێکڤە ژیان و کارکرنا تاکێ کوردێ ئاریایی و جۆتیاردۆست بدرێژاهییا هزاران سالێن بۆری. ئایینی زەردەشتی یەکە ژ ئەوان رێبازێن کو ب رێکا هاندانا تاکێ ئاریایی بۆ کارێ بکۆمەل و پێکڤەیی و زبارەی دڤێتن هندا دیتر تەکەزێ و داکۆکیێ لسەر گرنگیی و فەراتییا بجڤاکیبوونێ بۆ تاکێ ئاریایێ کوردی بکەتن.

هاتنا وشەیا «وەکی یەک نینن» ژێ دیسانێ ژبلی تمامکەرییا ئاخفتنێ، ئەوێ راستیێ دیار دکەتن کو جیاوازی و نەوەکهەڤی تشتەکە نەتنێ سروشتی و ئاسایی نینە، بەلکۆ ژی وەکی سایکۆلۆژیایا جیاوازیێن تاکی و ل چەرخێ بیستێ نیشان ددەتن بۆ دانا واتا و رامانێ ب ژیانا مرۆڤی بگشتی ل ئەڤێ جیهانێ فەر و گرنگە. ئەڤرۆکە ئەڤ زانستە و ئەڤ گۆتنە نیشانی مە ددەتن کو هەر مرۆڤەک بکێر کارەکی و پیشە و شۆلەکی دهێتن و ئەگەر کەسەک بکێر کارەکی و پیشەیەکێ دیکە نەهات و نەشیا د ئەوی کاری دا پێشکەفتن و سەرکەفتنێ بدەست خۆ ڤە بینیتن رامانا وێ ئەو نینە ئەو ئێدی بکێر چ تشتەکی ناهێتن، بەلکۆ ئەڤ مرۆڤە هندەک تشتان دزانیتن کەسەکێ دیکە بەلکۆ نەزانیتن و نەشێتن وی کاری ئەنجام بدەتن. ئەڤ خالا گرنگ و هەستیار ئەڤرۆکە ب یەک ژ بنەماییێن سەرەکیێن بیاڤێ ئاراستەکرن و رێنماییێن پیشەیی و چارەسەرکرنا نەخۆشێن دەروونی ل هەمی جیهانێ دهێتە هژمارتن و گەلەک داکۆکی لسەر جێبەجێکرنا وێ دهێتە کرن ژ پێخەمەت بەرهەڤکرنا مرۆڤێن کو بۆ هەلبژارتنا کار و پیشەیەکی نەشێن بریارێن درست و گرنجای بدەن یان ژی بۆ وان نەساخێن دەروونی ئەوێن ل بن گڤاشتنێن دەروونی و جڤاکی ژ خۆ بێ هیڤی و ژبەر نەبوونا باوەریەکا مۆکم بخۆ نەشێن سەرکەفتنان د ژیانا خۆ دا تۆمار بکەن و نەشێن ببنە هاریکار بۆ چارسەکرنا خۆ ژ لایەنێ بسپۆرێن سایکۆلۆژی و نۆژدارێن دەروونی ڤە، چونکی ب باوەرا زانستێ سایکۆلۆژی و پزیشکییا نوی باوەری بخۆ بوونا نەخۆشی مەزنترین هاریکارە بۆ هندێ پرۆسێسا چارەسەرییا وی ب زوویترین و ب ساناهیترین شێوە و رێک بهێتە ئەنجامگرتن. بەلێ ئەڤ گۆتنە یا پێشیان نەک تنێ هندەک وشە و رستەنە ب دویڤ یەک ڤە هاتینە رێزکرن، بەلکۆ بنەمایێ هژمارەکا زانستانە و ژ ئەوان ژی زانستێن کارگێری و سیاسی و پەروەردەیی و پیشەسازی و سەر هەمیان را ژی سایکۆلۆژیایێ و ب هەمی لقێن خۆڤە.

ئەڤ گۆتنە نموونەکا بچویکە ژ شێوازێ هزرکرن و مێنتالیتەیا کوردێن ئارییایی و ئەگەر ئەم بکەڤینە بەر و گۆتنێن وان یێن پێشیێ یەک ب یەکی ل بن بەرچاڤکا زانستەکێ سەردەمیانەیێ وەکی سایکۆلۆژیایێ بەینە بەرێکڤە و شرۆڤەبکەین دێ ب ڕۆهن و ئاشکرایی بینین گەلەک ژ ئەوان گۆتنان بنیاتێ گەلەک ژ ئەوان بیردۆزانە، ئەوێن ئەڤرۆکە ب ناڤێ هندەک زانایێن بیانی دهێتە زانین، ل دەمەکی ئەو هزر و بنەما و پرەنسیپێن هزری و زانستی ئەڤە بەری هزاران سالان د هزر و بیروباوەڕ و ئەزموون و کەلتوور و فەرهەنگێ کوردستانیان دا بوونا خۆ هەبوویە، بەلێ چونکی داگیرکەرێن کوردستانێ نەهێلایە کوردستانی ب زمانی خۆ بخوینن و بنڤێسن و بەرهەمێن خۆ تۆمار بکەن و ب ناڤێن جوداجودا و پیرۆزکرنا فەرهەنگ و زمانێ خۆ و سەپاندنا وێ ب سەر زمانێ کوردی و کەلتووری وان یێ پیرۆز نەهێلایە ئەزموونا هزاران سالەیا نەتەوە و نەژادەکێ ڕەسەنێ دەڤەرێ وەک کەلتوورەکێ زیندی بمینیتن. خەلکێ ئەڤ کارە ب هێجەتێن جودا ب سەر مە دا سەپاندن و نەخاسمە ب ناڤێ ئایینی و ڤێ چەندێ کارەکێ وەسا کر کو دەست و پێیێن مە کرنە د زکێ مە دا و مە هندی خزمەتا بەلاڤکرنا کەلتوور و زمانێ خەلکێ کر یا خۆ نەکرییە، لەوما کەلتوور و فەرهەنگ و زمانێ زەنگین و ڕەنگینێ مە ل بن تۆزێ ما و یێ خەلکێ پێشکەفت و زانستی و تیۆرێن زانستی بوونە بەهرا خەلکێ و ب ناڤێن وان هاتن تۆمارکرن و ئەم ژێ بێبەهر بووین.

ل دەمەکی ئەگەر زمان و کەلتوور و فەرهەنگێ بیانی ب سەر کوردستانیان دا نەگرتبایە، ئەڤرۆکە دا گەلەک بیردۆز و تیۆرێن زانستی و نەخاسمە یێن سایکۆلۆژی ب ناڤێ باب و باپیرێن مە هێنە تۆمارکرن و ناڤدێرکرن. دیرۆک نیشان ددەتن ئەو دەمێ هێشتان سایکۆلۆژی نەببوو زانستەک سەربخۆ و هێشتان ل بن دەستهەلاتا زانستێن فەلسەفێ و لۆژیکێ دا بوون ب سەدان زانایێن کوردستانی ل دەڤەرێن جودایێن کوردستانێ ب هزاران پەرتووکێن فەلسەفی و د بیاڤێن لۆژیکێ (مەنتقێ) دا دنڤێسین و دبیتن گەلەک ژ وان ژی هاتبنە دزین یان بەرزەکرن و ژناڤبرن، بەلێ ئەوێن ماین ژی نە ب زمانێ کوردینە و تنێ نیشانا هندێ کو ئەم بزانین ئەو بەرهەمێن باب و باپیرێن مەنە ئەوە، کو نڤیسەرێن وان خەلکێن دەڤەرێن جودایێن کوردستانا پیرۆز و ڕەنگینن کو ب زمانێ خەلکێ هزر و بیروباوەڕێن فەلسەفی و لۆژیکی و زانستییێن خۆ و یێن باب و باپیرێن خۆ یێن نڤێسین و نیشاندا کو ئەو ژی د ئاڤاکرنا ئاڤاهییا زانستێ دا ل ئەڤێ جیهانێ پشکدار بووینە و زانست ژی تنێ بەرهەمێ ماندیبوونا هندەک نەتەوە و هندەک وەلاتان نینە.

ژێدەر:

١- ڕەزا، هاشم (٢٠١٢). زەردەشت پێغەمبەرێ ئیرانێ دێرین، وەرگێڕان ژ فارسیێ: وریا قانع، دەزگای چاپی جەمال عیرفان، سلێمانی، کوردستان، (ی ٤٢٥) ل.

٢- رضائی، عبدالعظیم (١٣٧٦). تاریخ دەهـ هزار ساله ایران از پیدایش یریایها تا انقراض پارتها، جلد اول، چاپ اقبال، چاپ هشتم، تهران: ایران، (٣٤٥)ص.

٣- رخزادی، علی (١٣٩٠). گۆارەی کوردەواری پەند و قسەی پێشیان، أمثال و حکم کردی، چ. ٣، انتشارات کردستان، سنندج: ایران، (٤٣٦)ص.

٤- الوردي، علي (١٩٩٤). مهزلة العقل البشري، ط. ٢، دار کوفان، لندن، (٣٠٢)ص.

٥- یوسف، جمعة سید (١٩٩٠). سیکولوجیة اللغة والمرض العقلي، سلسلة عالم المعرفة، مطبعة السیاسة: الکویت، (٢٩٨)ص.

* پرۆفیسۆرێ هاریکار/ بسپۆرێ زانستێن پێداگۆگی و پەروەردەیی/ زانینگەها زاخۆ

# پرسیارە فانتازیاکان لەبارەی کەسایەتییە مێژووییەکان ڕۆمان.. مێژوو؟

ئیبراهیم نەسروڵڵا
لە عەرەبییەوە: تاهیر عوسمان

بە مەزەندەی من ئەو پرسیارەی سەرەوە زوڵم لە ڕۆمان، هەروەها لە مێژوو دەکا، ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بێ، کەواتە ئێمە ئەو ژانرە ئەدەبییە کە ڕۆمانە، لە تێکڕای ئەو شتانەی تێیدان بێبەش کرد، واتە ئەوەی کە لە هونەری ڕۆمان و مرۆڤەکانی ناو ڕۆماندا هەن، خەونەکانیان کە هەرگیز مێژوو وەکوو کردە، یان ڕووداوێک لای لێ نەکردوونەتەوە، گەشەکردنی دەروونی و سۆزداری لە ڕۆماندا هەیە، فەلسەفەی تاکەکان و وردبوونەوە ناوەکییەکانیانی تێدایە، خەیاڵی تێدایە، ئەوجا خەیاڵکردنی ڕۆژانە بێ، بەو پێیەی کە هێزێکە و کەسایەتییەکان پێک دەهێنێ، نەوەک تەنیا دیاردەیەکی دەرەکی بێ لە دیاردەکانی ژیان و بەس، لەوانەیە بتوانین بڵێین کەوا ڕۆمان مێژووی ناوەخۆی جیهانە کە ململانێ لەگەڵ ئەو جیهانەدا دەکا و شتی تریش.

ڕۆمان بەڵگەنامەیەکی هونەری و مرۆیی پلە یەکە، بەڵام مێژوو لە ناوەخۆیدا دەشارێتەوە و باوەشی پێدادەکا، جا ئەگەر ڕۆمانەکە لەبارەی قۆناغێکی زەمەنیی دوورەوە، یان نزیک، یان لەبارەی ئێستاوە نووسرابێ، ڕۆمان ئەگەر لە تاکە یەک ڕۆژ وردببێتەوە، یان ٥٠ ساڵ، دەشێ ببێتە سەرچاوەیەک بۆ تێگەیشتنی مێژوو، بە مەزەندەی من مێژوو پێویستی بەوەیە بۆ ڕۆمان

بگەڕێتەوە ئەگەر مەبەستی بێ لە قۆناغێک لە قۆناغەکان تێبگا، هەروەک چۆن ڕۆمانیش بۆ مێژوو دەگەڕێتەوە تا لە قۆناغێک لە قۆناغەکان حاڵی بێ.

## ئایا مێژوو ڕەشنووسی ڕۆمانە؟

مێژوو توخمێکە لەپاڵ توخمەکانی تر کە ڕۆمان پشتی پێ دەبەستێ، هەروەک چۆن پشت بە توخمە مەعریفییەکانی تریش دەبەستێ، ئەوانەی ڕاستەوخۆ پێوەندیان بەمرۆڤەوە هەیە، وەکوو بیروبۆچوونە میللییەکان، هەقایەت و گۆرانی، دابونەریتەکان و پیشەباوەکان، ئەو توخمانەی کە ڕۆڵیان لە هەڵسانەوە و قرپوونی مرۆڤدا هەبووە، ئەو توێژینەوانەی کە بەگشت شتەکانی دەوروبەری مرۆڤ پەیوەستن وەکوو ڕووەک و سروشت و مەرگ و لەدایک بوون.

## فانتازیا: کەسایەتییەکانی ڕۆمان.... مێژوو؟

دیارە دوو جۆرە کەسایەتی هەن، کەسایەتییەک کە مێژوو باسی کردووە و کۆدەنگییەک لەسەر ئەوە هەیە ناوبنرێ کەسایەتی مێژوویی، هەروەها کەسایەتییەک کە ڕۆماننووس لەبارەیەوە دەنووسێ، ئەوجا کەسایەتییەکی خەیاڵی، یان واقیعی بێ، ئێستا دەکرێ بپرسین: ئایا کەسایەتییەکی وەکوو (ئەحمەد عەبدولجەواد) لە سێیانەکەی (نەجیب مەحفووز)، یان کەسایەتی (موتعەب ئەلهەزال) لە ڕۆمانی (شارەکانی خوێ)ی (عەبدولڕەحمان مونیف) ((دوور لەو کەسایەتییە واقیعیانەی کە هەمان ئەو ناوانەیان هەیە))، یان کەسایەتی (موستەفا سەعید) لە ڕۆمانی- وەرزی کۆچ بەرەو باکوور-ی (ئەلتەیب سالح) کەسایەتیی ڕۆمانین، یان مێژوویی؟ ئەگەر گوتمان مێژوویی نین، هەرچەندە مێژوو بزوێنەری سەرەکی ڕۆمانە، بۆ دەبێ کەسایەتییەکی مێژوویی وەکوو (سەعد زەغلوول) کەسایەتییەکی مێژوویی بێ، هەرچەندە ناوبراو بەشێکی بچووکی لە ڕۆمانە سێیانەکەی (مەحفووز) داگیر کردووە، ئایا لەبەر ئەوە مێژووییە، چونکە مێژوو ڕێزی لێ ناوە و ناوی لەلاپەڕەکانی مێژوودا هەیە، بەڵام (ئەحمەد عەبدولجەواد) مێژوویی نییە، چونکە تەنیا ڕۆمان باسی کردووە و دایهێناوە و ڕۆحی بە بەردا کردووە، بەڵام ئایا تا چەند هەقیقەتی مێژوویی بەتەواوی لە کەسایەتی- ئەحمەد عەبدولجەواد -دا هەیە، کۆمەڵە ڕووداوێکی مێژووی سەرزەوی لە کەسێکدا کۆبووەتەوە و کۆمەڵە کەسایەتییەکی ڕاستەقینە تێیدا گردبوونەتەوە و ئاوێتەی خودی ئەو کەسایەتییە بووینە کە مێژوو ناتوانێ نکوڵییان لێ بکا، تەنیا لەبەر ئەوەی مێژوو لەلاپەڕەکانی خۆیدا ئاماژەی پێ نەکردوون، ئەو کەسایەتییە نابێتە مێژوویی، ئایا دایکم کە لەدوا ڕۆمانمدا باسی دەکەم و بەدرێژایی (٥٠٠) لاپەڕە ئامادەیی هەیە، کەسایەتییەکی مێژووییە، یان نا؟ من وای بۆ دەچم ئێمە لە زۆر حاڵەتدا مامەڵە لەگەڵ شتە ڕۆژانییەکاندا دەکەین کە ناوەکانیان چەشنی کەسایەتییەکی لەناوچوو تۆمار ناکرێ، یان وەکوو ئەوانەی کە کتێبەکانی مێژوو مینا کەسایەتی نەمر باسیان دەکا، ئایا تەنیا مێژوونووسە کە سیفەتی نەمری بە کەسایەتییەکان دەبەخشێ، ئەی (زۆربا)؟ (ئاناکارنینا)؟ یان (کارمن )؟ لە بەرهەمەکەی (بیزیە)، ئایا هەموو ئەوانە تەنیا کەسایەتی ناو خەیاڵ نین؟ تەنیا لەبەر ئەوەی بڕوانامەی لە دایکبوونیان نییە (یان هەر بەڵگەنامەیەکی فەرمی دی) کە لە فەرمانگەی کاروباری شارستانی دەرچووبێ، هەرچەندە ئەو کەسایەتیانەی ئاماژەمان پێ کردن بەڵگەنامەی لە دایکبوونیان هەیە کە لە دڵ و ڕۆح و هەستی ملیۆنان خوێنەرەوە

دەرهێنراون و پارێزراون، ئەوان کەسانێکن لە ملیۆنان کەسایەتی تر دەوڵەمەندترن کە وەکوو وەزیر، پاشا، پیاوکوژ، سەرۆک، سەرکردەی چەتەکان، دزە بەناوبانگەکانی بانکەکان، شاعیر، ڕۆماننووسەکان، تەنانەت وەکوو ئەو ئیمپراتۆرانەش تۆمارکراون و ناسراون کە تەنیا بۆ دوو ڕۆژ چوونەتە سەرتەخت و بەس.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا ڕۆماننووسەکان خۆیان کەسایەتی مێژوویین و (کەسایەتی) نێو ڕۆمانەکانیان وا نین؟ هەرچەندە خەریکە بڵێین (زۆربا) لە نووسەرەکەی بەناوبانگترە و ناوبانگی (ئانا کارنینا) لەناوبانگی تۆلستۆی کەمتر نییە، ئەگەر (سەد ساڵ دوورەپەرێزی) بسڕینەوە، بەشێکی زۆر لە پیتەکانی ناوی (مارکیز) وەلادەنرێن و هیچ بوونێکی لە دەرەوەی ئەم ڕۆمانەدا نابێ وەکوو ئەوەی کە لە نووسینی ئەو شاکارەدا بەدەستی هێناوە.

ئایا (ماری جۆزێف ڕوز دی تاشر دی لاباجیری) کە ناپلیۆن ناوەکەی لە (ڕوز)ەوە گۆڕی بۆ (جوزفین) کەسایەتییەکی مێژووییە لەبەرئەوەی (ناپلیۆن) خۆشی ویستووە، (فیرمینا داتا) لە ڕۆمانی (خۆشەویستی لەسەردەمی کۆلێرادا)ی مارکیز هەر بە کەسایەتییەکی نێو ڕۆمان مایەوە لەبەرئەوەی کەسی (فلەرینتینۆ ئەریتا) شەیدای بووبوو، کە لە منداڵدانی داهێنەرانەی (مارکیز) دەرچووبوو؟ واتە (مارکیز) خۆی دایهێنابوو و ناوی نابوو. لە ڕۆمانی (لەژێر خۆری چێشتەنگاو)ی خۆمدا، پاڵەوانەکە دەڵێ: (هەموو ئەوانەی لە شەقامەکان دەیانبینین پاڵەوانی شاردراوەن، تەنانەت ئەوەی کە هیچ بەسەرهاتێکیشی نییە، دەشێ هەقایەت و بەسەر هاتێکی تر بخوازێ، واتە هەقایەتەکانی تر وەربگرێ، تا ببێتە پاڵەوان، تەنانەت منیش، بەتەواوی خۆم نیم، بەڵکوو کەسێکی تریشم، من هەموو ئەوانەم کە ناسیومن و تێیاندا ژیام و تێمدا ژیان، هەموو ئەوەش تاکە کەسێک نییە، تاوەکوو تەنیا خودی خۆی ببێتە پاڵەوان، چونکە ڕاستییەکەی هەموو پاڵەوانیەتییەکان بەبێ ئەو بوون، هەوڵ بدە نۆ نموونە هەقایەتی (پڵینگ)، یان بەسەرهاتی (دایکی وەلید)، یان (نوعمان) بە تەنیا بگێڕیتەوە، چی ڕوودەدا؟ هەریەکێک لەوانە دەبنە کەسایەتییەکی سەرەکی و من دەبمە کەسایەتییەکی لاوەکی، ئایا ئێستا زانیت مانای هەقایەت چییە؟ چۆن دەشێ ببێتە قەدەرێکی دەست واڵا؟).

## ڕۆماننووس، یان مێژوونووس؟

تاکە یەک مێژوونووس نییە، بەڵکوو چەندان جۆرە مێژوونووس هەن، هەروەک چۆن چەندان جۆرە ڕۆماننووسیش هەن، مێژوونووسی دەسەڵات وەکوو مێژوونووسی ڕاستییەکان نییە، مێژوونووسی چەوساوەکان هەمان مێژوونووسی چەوسێنەرەکان نییە، هەمان مەسەلە سەبارەت بە نووسەرانیش وایە، بەڵام هەمیشە جیاوازییەکە لە هەردوو شێوازی گوزارشت کردنەکەیاندایە کە هەندێک جار لەیەکتر نزیک دەبنەوە و شێوازێکی وروژێنەر پێشکەش دەکەن، هەندێک جاری تر وا لە یەکتری نزیک دەبنەوە کە یەکێکیان شوێن ئەوەکەی تر دەکەوێ، ڕۆمان خوێندنەوەی مێژوو دووبارە دەکاتەوە و ڕای خۆی تێدا دەڵێ، مێژووش خوێندنەوەی خۆی دووبارە دەکاتەوە تا ڕای خۆی لەبارەی پێشینەکان و هاوسەردەمەکانییەوە دەرببڕێ، هەروەک چۆن مێژوو چەند زانستێکی هەیە یارمەتی دەدا، هەمان ئەو زانستانە یارمەتی ڕۆماننووسیش دەدەن، بەم بۆنەیەوە دەشێ ڕۆماننووسان و مێژوونووسان وەک تیپێکی مۆسیقایی وابن، یەکێکیان مۆسیقا بژەنێ و ئەوەکەی تر

گۆرانی بچڕێ، یەکێک نۆتەی مۆسیقا بنووسێ، یەکێکیش هەر دەبێ بە یاخی بوونەوە لێی دەرچێ و پەرەی پێ بدا، یان گوێڕایەڵی بێ و تەنیا لاسایی بکاتەوە و هیچیتر.

## ئایا ڕۆماننووس مێژوونووسە؟

ئایا دەتوانین بڵێین کە ڕۆماننووس مێژوونووسێکی پەردەپۆش کراوە؟ بیەوێ، یان نەیەوێ، خۆی لەنێو شێوازی گوزارشت کردنەکەی شاردووەتەوە و پشتی بەو جیاوازییە بەستووە کە ئەوەی دەینووسێ خەیاڵە، بەڵام ئەمە فێڵێکی گەورەیە، چونکە ئێمەی خوێنەر باوەڕ بەو خەیاڵە دەکەین و تێکەڵی دەبین و وەکوو ڕاستییەک دەکەوینە ژێر کاریگەرییەکەیەوە، ئێمەی خوێنەر ئەو کاتە خەیاڵ بۆ ئەسڵەکەی خۆی دەگەڕێنینەوە کاتێک وا باوەڕی پێ دەکەین هەروەک ڕاستی بێ و بمانهەژێنێ و کارمان تێ بکا، هەندێک جار نەتوانین لێی جیا بینەوە و لە خوێندنەوەی بەردەوام دەبین تا بزانین چی بەسەر پاڵەوانەکەمان دێ، ئەوجا ژن، یان پیاو بێ، لەکاتێکدا لەوانەیە پلاکی تەلەڤزیۆنەکە بکوژێنینەوە و چیتر تەماشای ئەو ڕووداوانە نەکەین کە ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێن، یان لەکاتی جەنگدا بخەوین، هەرچەندە مەترسی کوشتنیشمان لەسەر بێ.

ڕاستییەکەی ڕۆماننووس هەموو شتێک خۆی دەیکا، ئەو ناچارە ببێتە توێژەری کۆمەڵایەتی و توێژەر لە کەلەپوور، ئەندازیاری شارستانی، زانای دەروونناس، پسپۆڕ لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و چەکەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، ببێتە بیرمەند و پزیشک و داهێنەر و موختار و سەرۆک وڵات و فەرماندەی سوپا و منداڵێک کە هێشتا لەدایک نەبووە، یان پیرەمێردێکی تەمەن ٩٠ساڵی، زیندوو بێ و تاموچێژ لەژیان وەرگرێ، یان لەسەر جێگا خەوی مردنی بێ، پیاو، یان ئافرەت بێ و هەندێک جار کۆرپەڵە.

بەکورتی لەبەر ئەوەی ڕۆمان مۆدێلێکی بچووککراوەی گەردوونە، پاشان لە وڕێنەشدا وڕێنەیەک هەیە پێی دەگوترێ هەقیقەت.

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی (القدس العربی)**
https://www.alquds.co.uk/%d8%a3%d8%b3%d8%a6%d9%84%d8%a9-%d9%81%d8%a7%d9%86%d8%aa%d8%a7%d8%b2%d9%8a%d8%a9-%d8%ad%d9%88%d9%84-%d8%a7%d9%84%d8%b4%d8%ae%d8%b5%d9%8a%d8%a7%d8%aa-%d8%a7%d9%84%d8%aa%d8%a7%d8%b1%d9%8a%d8%ae%d9%8a/?fbclid=IwAR2onOs18tFlOuNaMEboJE9sReeyHaR-PrOzhBMIzEEON4hfaFa7BP2gVzSw

**ئیبراهیم نەسروڵڵا، نووسەر و ڕۆماننووس و شاعیرێکی ئوردنی بەڕەچەڵەک فەلەستینییە، ساڵی ١٩٥٤ لەدایک بووە، چەندان ڕۆمان و کۆشیعری بڵاوکردووەتەوە کە ئەمانە ناوونیشانی بەشێکیانن:**

**١- قناديل ملك الجليل.**
**٢- ارواح كليمنجارو.**
**٣- شرفة العار.**
**٤- زمن الخيول البيضاء.**
**٥- ظلال المفاتيح.**
**٦- تحت شمس الضحى.**
**٧- اعراس امنة.**
**٨- طفولتي حتى الان.**
**٩- زيتون الشوارع.**
**١٠- سيرة عين.**
**١١- شرفة الهاوية.**

**ژیاننامە و بەرهەمەکان لە ئینتەرنێت، ماڵپەری ویکیبیدیا وەرگیراون و لە سەرچاوەی بابەتەکە نین (ت.ع).**

# نەخشی کولتوور لە زماندا

پ. د. شیلان عومەر حسێن
(زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی زمان – بەشی کوردی)

( ١- ٢ )

**پێشەکی:**

کولتوور، ڕستێک لە بەها و دابونەریت و یاسا و ڕەفتار و هەڵوێست و شێواز و چۆنێتی ژیانکردنی تاکەکانی گرووپێکی کۆمەڵایەتییە و تەرزی تەواوکارییانەی کۆزانین و بیروباوەڕ و هەڵوێست و ڕەفتارەکانی مرۆڤە، کە لە کۆمەڵەوە فێری دەبین، کولتوور و پێوەندیگرتن دووانەیەکی لەیەک نەپچڕاون، ئەمەش بەهۆی زمانەوە بەرجەستە دەبێت، لەم ڕووەوە زمان هەم بە توخمی پێکهێنەری کولتوور دانراوە و هەمیش بە کرۆکی کولتوور دەستنیشان کراوە، چونکە ئەوە زمانە هەموو پێکهاتەکانی کولتووری لە ناواخنی خۆیدا هەڵگرتووە و گوزارشتیان لێ دەکات و بەبێ زمان کولتوورەکان بوونیان نییە، لەمەشەوە زمان کولتوورێکی بەهێماکراوی گوزارشت لێ کراوە و کولتووریش زمانێکی گۆنەکراوە، بۆیە مەحاڵە بتوانین بەبێ زمان باس لە کولتوور بکەین و وەک مەحاڵیشە بەبێ کولتوور بتوانین زمان فێرببین، بەواتا هیچ زمانێک نییە نەخش و مۆرک و شقڵ و پەنجەمۆری کولتووریی تێدا نەنەخشێنرابێت، چونکە هەموو واتا و ماناکانی یەکە زمانییەکان لە کولتوورەوە وەریان دەگرین و فێریان دەبین، ئەمەش سروشتی وابەستەیی و یەکانگیربوونی زمان و کولتوور دەسەلمێنێت، ئەم پنتە بووە هەوێنی لێکۆڵین لە پرسی نەخشی کولتوور لە زماندا.

**١/١ کولتوور:**

کولتوور ئەو چێوەیەیە کە لە بۆتەیدا هەوێنی جیاوکی ئاوەزمەندی و دنیابینی و کەسێتی و کردە و ڕەفتارەکانمانی تێدا گەڵاڵەکراوە و نەخشی کێشراوە، بە واتا هەموو ئەمانە لە کولتوورەوە سەرچاوەدەگرن، ئەمەش کاریگەری لەسەر تەرزی بیر و بیرکردنەوە و چۆنێتی ئاڵوگۆڕی زانیاری و گوزارشت لە هەست و هەڵچوون و شێوازی ئاخاوتن و ئاماژە و نووسین و کردەوەکانماندا هەیە کە کردەی پێوەندیگرتن پێک دەهێنن، بایەخبەندی کولتوور لەوەدایە کە بۆ ئاشنابوون بەنەتەوەیەک و زانینی

ئاوەزمەندی و بیر و بیرکردنەوەیان، تەنانەت فێربوونی زمانەکەیان و تێکەڵاوبوونیان، پێویستە شارەزای پێکهاتەی کولتوورییان ببینن، کلیلی ئەمەش هەر بەهۆی فێربوونی زمانەکەوە دەبێت، چونکە مۆرک و پەنجەمۆری کولتوور لە فەرهەنگی زماندا شقڵی گرتووە، بۆیە کولتوور هەموو پنتێکی بوونمانی تەنیوە.

هەرچەندە بەپێی بۆچوونی نەریتی، کولتوور تەنیا بە کۆزانیاری پێناسەکراوە، لەوانە شێلەر (١٩٦٠) کولتوور بە شێوە/ فۆرمە باڵاکانی کۆزانین پەسند دەکات، بەڵام بەپێی چەمکە نوێیەکان، کولتوور بە زاراوەکانی زانست و فەلسەفە و هونەر و مێژوو و ئایین و زمان و..تاد گوزارشتی لێ کراوە.

لەم ڕوانگانەوە ڕستێک ناساندن بۆ ئەم چەمکە فراوان و ئاڵۆز و تێکچڕژاوە خراوەتەڕوو، لەوانە :

ا - کولتوور زانیاری بەدەست هێنراوە و پێڕەوی کۆزانین و بیرکردنەوە و دنیابینی هاوبەشی نێوان گرووپێکی دیاریکراوە کە لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکەوە بەدەستی دەهێنین.

ب- کولتوور ئاماژەیە بە کەڵەکەبوونی کۆزانین و بیروباوەڕ و ئەزموون و بەها و هەڵوێست و ئایین و چەمکی کات و ڕۆڵ و جیهانبینی و هەر هەبوویەکی بەرجەستە و نابەرجەستە و هەر گریمانە و بیرۆکەیەک سەبارەت بەسروشتی مرۆڤ و هەبووەکان، کە بەئەندامبوونمان لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی بە زگماکی و نائاگایانە فێریان دەبین.

پ - کولتوور پێوەندی گرتنە و پێوەندی گرتنیش کولتوورە و وەک دوو ڕووی دراوێکن.

ت- کولتوور ڕەفتارە کە لەڕێگەی کۆمەڵەوە فێری دەبین، بە واتا کولتوور ڕەفتاری چێنراوە، کە لەکۆی کۆزانین و ئەزموونی فێربووی کەڵەکەبووی کەسێک دەگرێتەوە کە لەڕووی کۆمەڵایەتی دەگوازرێتەوە.

ج- کولتوور شێوازی چۆنێتی ژیانکردنی تاک و گرووپ و نەتەوەکانە، کە ئەمەش دیدگا و تێڕوانینیان بۆ مرۆڤ، ژیان، جیهان و بوون پێکی دەهێنێت و لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە.

چ- کولتوور پێوەندیگرتنی هێمایییە و هێماکانیش کارامەیی و کۆزانین و بەها و هەڵویست و ڕەفتار و هاندان و پاڵنەرەکانی گرووپێک دەنوێنن، واتا و ئاماژەبەندی هێماکانیش لە کۆمەڵەکەوە وەردەگیرێن و فێردەبین.

ح- کولتوور بریتییە لە تێکڕای کۆی ڕەفتاری تاکەکانی گرووپێکی دیاریکراو کە بە نەریتی ئەو گرووپە دەستنیشان کراوە و لەنێوان نەوەکاندا دەگوازرێنەوە.

خ - کولتوور کۆی بەرنامەڕێژیی ئاوەزی و ژیرییە، کە ئەندامانی گرووپێک لە گرووپێکی تر جیادەکاتەوە، ئەمەش لە هێماکان و دابونەریت و شوێنەوارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

لەم ناساندنەوەدا پێکهاتەکانی کولتوور هەڵدەگۆزین کە بریتین لە:

١- هێماکان. ٢- بیرەکان. ٣- شوێنەوارەکان.

٤- هەبووە بەرجەستە و ماددییەکان.

هێماکان و بیرەکان بە کولتووری نابەرجەستە ناونراون، چونکە هێما و بەها و بیروباوەڕ و تێڕوانین و دیدگاکان تانوپۆی دەنەخشێنن. هەرچی کولتووری بەرجەستەشە شوێنەوار و هەبووە بەرجەستە و مادییەکانی وەک ئامراز و جۆری خواردن و جلوبەرگ و ...تاد کۆمەڵێک، لەخۆدەگرێت.

### ٢/١ توخمەکانی کولتوور:

١- هێما: نیگارێکە کە هەبوویەک لە جیهانی دەرەوەدا (بەرجەستە، نابەرجەستە بێت)، دیاردەیەک، ڕووداوێک... تاد، دەنوێنێت و

واتایـەک دەگەیەنـن.

هێمـا بەگشـتی بـۆ هێمـای زمانـی و هێمـای نازمانـی جیاکراونەتـەوە، کـە بـە پێوەندیگرتنـی زارەکـی و پێوەندیگرتنـی نازارەکـی پەسـندکراون و (زمانـی ئاخاوتـن، زمانـی نووسـین، زمانـی جەسـتە، ئامـاژە، جوولـە، بـۆن، ..) دەینوێنـن. هێماکان ئاستی ڕووکەشـی کولتـوور دەنوێنـن و بەهاکانیـش ئاسـتی قووڵـی کولتـوور بەرجەسـتە دەکـەن و هێمـاکان بەرجەسـتەکەری بەکارهێنانـی کولتـوورن.

ئـەو تایبەتمەندییـە چارەنووسسـازەی مـرۆڤ جیادەکاتـەوە، توانایيەتـی بـۆ دروسـتکردنی هێمایـەک کـە نێوەندگیـر بێـت لەنێـوان ئـەوان و ژینگەکەیـدا، هەمـوو کارەکـی کردنێکـی واتاسـازی کەڵـک لـە دوو کەرەسـتە وەردەگرێـت: ئاماژەپێدەر و ئاماژەبۆکراو، بـۆ نموونـە دەنگـە پێکهێنەرەکانی وشـەی (باران) ئاماژەپێدەرە و خـۆی لـە خۆیـدا هێمـا نییـە، بەڵکـوو تەنیـا دەنگـی بـێ واتـان، لەمەشـەوە هێمـا نـە خـودی وشـەکەیە و نـە ئـەو هەبووەشـی کـە ئامـاژەی پـێ دەدات، بەڵکـوو پێوەنـدی نێـوان ئـەو دووانەیـە، لەبەرئـەوەی لـە ئێسـتای زمانـدا هیـچ پێوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ و هیـچ پەیکاڵبوونێـک لەنێـوان ئاماژەپێـدەر و ئاماژەپێکـراودا نییـە، هێمـا زمانییـەکان بـە سروشـتی لەخۆوەیـی ناونـراون، بـەم دووانەییـەی هێمـای زمانـی دەوترێـت لەخۆوەیـی هێمـا، لەبەرانبـەردا هەندێـک هێمـای زمانـی هـەن کـە پێوەنـدی ڕاسـتەوخۆ و سروشـتی پەیکاڵبوونیـان هەیـە لەگـەڵ هێمابۆکراوەکانیانـدا و بەمانـە دەوترێـت نالەخۆوەیـی هێمـا.

لەمەشـەوە پەیوەسـت بـە پێوەنـدی ئامـاژەی هێمـاکان بـە هێماکراوەکانییانـەوە، ئـەم جۆرانـەی هێمـا دیـاری کـراون:

ا- سروشـتی لەخۆوەیـی هێمـا. ب- سروشـتی نالەخۆوەیـی هێمـا.

**٢- زمان:**

لـە زمانەوانـی نەریتیـدا، زمـان بەتەنیـا بـە ڕسـتێک دەنـگ، یـان پیـت دادەنـرا، دواتـر زمـان بەهـۆکاری پێوەندیگرتـن و کەناڵـی گواسـتنەوەی زانیـاری و ئامـرازی ئاڵوگـۆڕی بیـروڕا و بۆچـوون و دەربـڕی هەسـت و نەسـت و هەڵچـوون و مەیـل و نیـاز و ویسـتی مـرۆڤ دەستنیشـان کرابـوو، بـەڵام سروشـتی کارایـی و سـرکی و ئاڵـۆزی و پەنهانـی و کاریگەرییەکانـی زمـان لـە جیهانـی ڕاسـتەقینەدا، زیاتـر سـەرنج و دیدگا و بیـری زانایـان بەگشـتی و زمانناسـانی بەتایبەتـی ڕاکێشـا بـۆ وردتـر قووڵبوونـەوە و کنەکـردن و پشـکنینی هەمـوو لایەنەکانـی و شـیکردنەوەی زمـان هـەم وەک هۆکار و هـەم وەک سـەرچاوە، بـەوەی لێکۆڵینـەوەکان درشـتتر و فراوانتـر بکـەن و لەگـەڵ ئـەوەی لـە پێـڕەوی نـاوەوەی زمـان و دروسـتە و پێکهاتـە و یەکـە پێکهێنەرەکانـی دەکۆڵنـەوە، هـاوکات لـە دەرەوەی زمـان و ئـەرک و ڕۆڵ و چۆنیەتـی بەکارهێنانـی بەپێـی دەوروبـەر و بۆنـەی وتـن و کاریگـەری و کاردانەوەکانـی لەسـەر لایەنەکانـی ئـاوەزی و دەروونـی و کۆمەڵایەتـی و پەروەردەیـی و نەتەوەیـی و... مـرۆڤ، بکۆڵنـەوە و ئەمانـە بوونـە کەرەسـتە و بـواری لێتوێژینـەوەکان و ئاکامـی ئـەم پەیدۆزی و کنەکـردن و کێوماڵکردنە پەسـندکردنی جیـاوازی بـۆ بابەتـی زمـان هێنایـە ئـاراوە، بـەوەی لـە زمانەوانـی نوێـدا زمـان، واتـە بـوون و هەبـوون و بنیـادی هـەر هەبوویەکـە (کـەس، ڕووداو، دیـاردە، کـردە، حاڵـەت، ...تـاد)، کـە دەربڕێتـی و زمـان خـودی ئـەو هەبـووە دەگەیەنێـت کـە گوزارشـتی لـێ دەکات، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێت زمـان کۆگـە و گەنجینـەی دنیابینـی و ئاوەزمەنـدی و فەرهەنـگ و کولتـوور و ڕەسـەنایەتی و لایەنـی دەروونـی و کۆمەڵایەتـی و شارسـتانێتی و ژیـاری و ئەزمـوون و تاقیکارییەکانـی هـەر تـاک و گـرووپ و

نەتەوەیەکە، بەواتایەکی تر زمان دیوانی تاک و گرووپ و نەتەوەکانە و زادەی چۆنێتی ژیانکردن و بەرهەمی تاقیکاری و ئەزموونی ڕۆژانە و پیشەی مێژوویی و فەرهەنگی و چۆنێتی بیرکردنەوە و تێڕامان لە ژیان و بوون و مرۆڤ و گەردوون... تاد، تانوپۆی جەستەی زمان دەنەخشێنن.

لێرەدا چەند پرسێکی گرنگ دێتە ئاراوە، بەوەی هەموو ئەم زانیارییانە چۆن لەناو هێما زمانییەکان (کە وشەکانن) هەڵگیراون؟ یان ئایا چۆن ئەم بیرانە بە هێما زمانییەکان بەکۆد دەکرێن؟

زمان پێدراوێکی ناوەکی و ئاوەزییە، وەک چۆن ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەم بۆچوونەی زانایانی وەک دی سۆسۆر و چۆمسکی و هالیدای و هایمز و فیگۆتسکی و...تاد، ئەمان زمان بۆ توانستی زمانی و توانایی زمانی دابەش دەکەن و ئەرکی سەرەکی زمانەوانی پەسندکردنی ئەم دوو لایەنەی زمانە، (توانستی زمانی/ زانیاری زمانی) بریتییە لەو بەشە ئەبستراکتەی ناو مێشک کە گەنجینە و سەرچاوە و ژێدەری زمانە بەگشتی و بە زمانی ناوەکیش ناوبراوە. زانیارییە زمانییەکانیش کۆی زانیاری فەرهەنگی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و نەتەوەیی... دەگرێتەوە.

(توانایی زمانی/ کردەی زمانی)، بریتییە لەو بەشە بەرجەستەیەی زمان کە بە ئاخاوتن دەینوێنین و ئاخاوتنەکانیشمان بریتین لە بڕ و جۆر و چۆنێتی ئەو زانیارییە زمانییانەی کە هێمایان دەکەین و دەریان دەبڕین، بۆیە هەرچی کردەی زمانییە بەرجەستەکەر و بەکۆدکەری زانیارییە زمانییەکانی ناو مێشکمانە و وشە و ڕستە و دەستەواژە و دەربڕاو کەرەستە زمانییەکان بەگشتی ئەو قاڵبانەن کە زانیارییە زمانییەکانی تێدا هەڵگیراون، زانیارییە زمانییەکانی ناو ئاوەزیشمان لە دەوروبەر و کۆمەڵ و فەرهەنگ، کولتوورمانەوە وەرمان گرتووە.

زمان بە دوو ڕێگە واتای هەیە، هەردوو ڕێگە کە بە کولتوورەوە پەیوەستن و پێوەی بەستراونەتەوە، یەکەمیان لە ڕێگەی ئەوەی کە دەیڵێت، یان وەک ئاماژەدانێک بە هێمای کۆدکراو (سیمانتیک)، دووەمیان لە ڕێگەی ئەوەی وەک کردەیەک لە دەوروبەردا (پراگماتیک) دەیکات.

**٣- نەریت/ دابونەریت:**

نەریتە جیاوازەکان، کولتوورە جیاوازەکان پێک دەهێنن، جیاوازی نەریت بە دوو جۆر خراوەتەڕوو:

ا- نەریتی فەرمی/ ڕەسمی: دابونەریت و یاساکان دەگرێتەوە و ئاماژە بە پێوەرە بەهاییە ڕەفتارییە باڵاکانی هەر کۆمەڵێک دەکات، دیاردە دروست و نادروستەکان دەگرێتەوە، وەک تاوانکردن، سەرپێچیکردن، ستایشکردن..، زۆرینەی ئەم جۆرە جیهانین و لەنێو هەموو نەتەوەکاندا هەن و کەمتر گۆڕانیان بەسەردا دێت.

ب- نەریتی نافەرمی/ ناڕەسمی: دابونەریتی میللی و گشتی دەگرێتەوە، کە بەهای دیاریکراوی خۆیانیان هەیە و کاریگەری لەسەر چۆنێتی بیرکردنەوە و ڕەفتارمان هەیە، وەک شێوازی ماڵداریکردن (خوارکردنەوەی پیاڵە مانای نەخواردنی چای تر دەدات)، یان چۆنێتی دانانی کەرەستەی ناوماڵ و شێوازی جلوبەرگ و شێوازی قژ و جوانکاری...، ئەم جۆرەیان بەپێی کۆمەڵەکان دەگۆڕێت و لە خودی کۆمەڵێکیشدا بە تێپەڕبوونی کات شیاوی گۆڕانە.

**٤- سرووتەکان:**

هەموو کۆمەڵێک سرووت و بۆنە و نەریتی ژیانی ( ئایینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و

فەرهەنگی و...) تایبەت بە خۆی هەیە کە ڕەنگدانەوەی جۆری ژیانکردنی ئەو کۆمەڵە بەرجەستەدەکەن و لە نێوان نەوەکاندا دەیگوازنەوە، ( جەژنی ئایینی و نەتەوەیی و بۆنەی منداڵبوون و خەنەبەندان و ئاهەنگی هاوسەرگیری و دەرچوون و..) نموونەی دیاری ئەم جۆرەن.

سرووتەکان نموونەیەکی دیاری واتان وەک کردە، هەرچەندە هێزی سرووتەکان تەنیا لە وشەکاندا نییە، بەڵکوو لە دروستەی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە و دەیسەپێنێت بەسەر ئاخێوەرانیدا، بڕوانە کردەی قسەیی واژۆکردنی چەکی پارە، گرێبەستی هاوسەرگیری، بڕیاری سزادان و لەسێدارەدان، یان بەپێچەوانەوە، پەیماندان، ناونان... یەکێک لە مەرجە زەمینەییەکانی/ دەوروبەرییەکانی هێز و دەستەڵات و پیرۆزی وشەکان دەگەڕێتەوە بۆ کولتوورەکەی، بە واتایەکی تر هەر وشەیەک لە زماندا پیرۆزی و هێزی پێ دەدرێت وەک بیروباوەڕەکان، هەڵوێستی ئەخلاقی و سزای یاسایی، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە هەموو کۆمەڵەکاندا هەندێک وشە لە توانایی کردەکانەوە داهێنراون، بۆ نموونە بە وتنی وشەیەک سەرکردەیەک، نەتەوەیەک، خۆش بەخت دەبێت، یان بەپێچەوانەوە بڕوانە قوربانیانی نێوان جەنگەکان، هەریەکەیان پەیوەست بە نەتەوەکەی خۆیان شەهیدن و هەردووکیان براوەی جەنگن، کەواتە وشەکان هۆکاری بەهێزی و پیرۆزی و چارەنووسسازی کردەکانن، ئەمەش بۆچوونی (مالینۆفسکی) یە. ئەوەی جێی سەرنجە کە چەمکی هەیە، هێمایی کولتوور پەیکاڵی هەبووەکانە.

**٥- بەهاکان:**

بریتین لە پێڕەوی دادوەریکردن و بڕیاردان لەسەر ئەوەی چی دروستە و چی نادروست، چی خوازراوە و چی نەخوازراو، بەهاکان جڵەوی دابونەریتەکان دەکەن و ڕێژەیی دەکەن/ کۆنترۆڵی دەکەن.

**٦- شوێنەوارەکان:**

پاشماوە شوێنەوارییەکانی مرۆڤایەتی وەک هەڵکەنراو و کەلوپەل و شوێنەوارەکانی ناو ئەشکەوت و پەرستگا و نموونەی ئەم توخمەی کولتوورن.

**٧- ئایین:**

ئەو بیروڕا و باوەڕ و بۆچوونانەن کە بەرنامەی ژیانکردنی چۆنێتی مرۆڤبوونی مرۆڤەکانی تێدا داڕێژراوە و جۆر و چۆنێتی پێوەندیگرتنی مرۆڤ بە خودی خۆی و دەوروبەرییەوە دیاری دەکات.

**٣/١ زمانەوانی ڕێژەیی:**

زمانەوانی ڕێژەیی ئەو تیۆرەیە کە لە کاریگەریی زمان لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوەی بەکارهێنەرەکانیان دەکۆڵێتەوە و مەبەستێتی وەڵامی ئەو پرسەبداتەوە، کە ئایا تا چ ڕادەیەک دنیابینی و چالاکییە دەروونی و... ئەندامانی گرووپێکی کۆمەڵایەتی وابەستەی ئەو زمانەیە کە بەکاری دەهێنن؟ فسیۆلۆژیستەکان و زماناسان لە سەدەی (١٨)وە گرنگییان بە هەمەجۆری زمانی مرۆڤ و واتا داوە، بەتایبەت زانایانی ئەڵمانی وەک (هێردەر ١٧٤٤-١٨٠٣) و (ولهێلم ڤۆن هۆمبۆڵت ١٧٦١-١٨٣٥) بایەخێکی زۆریان بە هەمەجۆری زمان و کولتوورەکانی جیهان دا. بۆچوونی ئەم زانایانە ئەوەبوو، کە مرۆڤە جیاوازەکان بە شێوەی جیاواز قسە دەکەن، چونکە بیرکردنەوەی جیاوازیان هەیە، لەبەرئەوەی زمانەکەیان شێوازی جیاوازیان پێشکەش دەکات بۆ گوزارشتکردن لە جیهان و

بوون و ژیان، بۆیە بیرکردنەوەی جیاوازیشیان بۆ دروست دەبێت، ئەمەش بنەمای چەمکی زمانەوانی ڕێژەییە، ئەم تێڕوانینە لە ئەمریکا لەلایەن زمانزان فرانز بواس (١٨٥٨-١٩٤١) و دواتر لەلایەن ئیدوارد ساپیر (١٨٨٤-١٩٣٩) و بنیامین لی ڤۆرف (١٨٩٧-١٩٤١) خراوەتەڕوو، بۆچوونەکانی ساپیر وۆرف سەبارەت بە وابەستەیی زمان و بیرکردنەوە بە گریمانەی ساپیر - وۆرف ناسراون.

لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا، زانایانی زمان و مرۆڤناسی لەژێر ڕۆشنایی پەرەسەندنەکانی زانستی درک پێ کردن و زانستی کۆمەڵناسی و زانستی مرۆڤناسی پێداچوونەوەیان بە بیری تیۆری زمانەوانی ڕێژەیی کردەوە، گامپەرز و لیڤنسۆن لە دیدی مرۆڤناسی و پراگماتیکەوە بیری ئەوەی کە لایەنە گشتییەکانی زمان و دەرکەوتە تایبەتییە خودییەکانی ئاخێوەر لە چێوەی جۆراوجۆری بەکارهێنانـدا بەرجەستە دەبن.

بیرۆکەی بنەمای زمانەوانی ڕێژەیی ئەوەیە کە کولتوور لە ڕێگەی زمانەوە کاریگەری لەسەر شێوە و شێواز و چۆنێتی بیرکردنەوەمان هەیە، بەتایبەتی پۆلێن کردنەکانمان بۆ جیهانی ئەزموونکراو، بەڵگەی ئەمەش دیاردەناسییە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگۆڕێت، وەک تێڕوانین لە گوڵ لای کورد و چواندنی بە خۆشەویستەکەی...، هەروەها تا ئێستا نەبوونی ئاشکرای کردەی وەرگێڕانی پڕاوپڕ و یەکلاکەرەوە بوونی بەراوردکاری زمانی کە خۆی لە بنەڕەتدا بەراوردکاری فەرهەنگی و کولتوورییە.

**١-٣/١ گریمانەی ساپیر - وۆرف:**

ئەم گریمانەیە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە دروستەی ئەو زمانەی بەکاری دەهێنێت کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و چۆنیەتی ڕەفتارکردن و جۆری ژیانکردن هەیە، وۆرف بەو ئەنجامە گەیشتووە کە هۆکاری ئەوەی زمانە جیاوازەکان دەتوانن مرۆڤەکان بەرەو کردارە جیاوازەکان ببەن، ئەوەیە کە زمان تێگەیشتن و شێوازی پۆلێنکردنی ئەزموونیان پاڵفتە دەکات، بۆ نموونە (تاف) لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ (ڕابوردوو - ڕانەبوردوو - داهاتوو) دابەش کراوە، لای کورد بۆ (ڕابوردوو - ڕانەبوردوو)، لەلای هەندێک نەتەوە بەرانبەر ئاراستەکانی سەرەوە و خوارەوە، لای چەپ و لای ڕاست، تەنیا ئاراستەی (باکوور و باشوور) بەکاردێت.

هەرچەندە بۆ یەکەم جار ئەم گریمانەیە لە ساڵی (١٩٤٠)دا لەلایەن وۆرفەوە داڕێژرا و مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتەوە، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەوایەتی دا بەوەی کە زمان بیرکردنەوە دیاری دەکات، نەک بەپێچەوانەوە، لەو سەردەمەشدا ئەو گەڵاڵەیەی کە ئێمە دیلی زمانەکەمانین قبووڵنەکراو بوو، بەڵام دوای پەنجا ساڵ و لەگەڵ سەرهەڵدانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگیدان بە زمانەوانی ڕێژەیی زیندوو بوویەوە، ئەمان ئەوەیان خستە ڕوو کە ئەگەر ئاخێوەرانی دوو زمانی جیاواز لە یەکتر تێ نەگەن، لەبەر ئەوە نییە کە زمانەکانیان ناتوانرێت وەربگێڕدرێت و فێرببن، بەڵکوو کێشە لەوەدایە کە ئەوان هەمان شێوازی بیرکردنەوە و سەیرکردن و لێکدانەوەیان بۆ ڕووداوەکان نییە، ئەوان لەسەر واتا و بەهای ئەو چەمکانەی کە بنەمای وشەکانن، کۆک نین، بۆیە تێگەیشتن لە زمانەکاندا بە هاوتابوونی دروستەبیانەوە پەیوەست نییە، بەڵکوو پەیوەستە بە پێڕەوی چەمکی هاوبەشییانەوە، شێوازی بە کۆدکردنی ئەزموونی زمانێکی دیاریکراو لە ڕووی واتاییەوە، تەنیا بەکارهێنەرانی ئەو زمانە زیاتر لێی تێ دەگەن و بەکارهێنەرانی زمان

دەتوانن ئەزموونەکان بە شێوەی جیاواز ڕێک بخەن و جیایان بکەنەوە، بە پێی ئەو پۆلە واتاییەی کە لە بەکۆدکردنیاندا بۆیان دابین کراوە، بۆیە تیۆری زمانەوانی ڕێژەیی بانگەشەی ئەوە ناکات کە دروستەی زمانی ئەو شتانە سنووردار دەکات، کە مرۆڤەکان دەتوانن بیری لێ بکەنەوە، یان هەستی پێ بکەن، تەنیا ئەوەیە کە مەیلی کاریگەری لەسەر ئەو شتانە هەیە، بە گشتی کارەکانی ساپیر و وۆرف دوو تێگەیشتنی گرنگیان لێکەوتەوە:

١) لەم سەردەمەدا دانپێدانانێک هەیە، کە زمان وەک کۆد، ڕەنگدانەوەی سەرقاڵییە کولتوورییەکانە و شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان سنووردار دەکات.

٢) وۆرف دەوروبەری بۆ تەواوکردنی واتا کۆدکراوەکان لە زماندا بە گرنگ و پێویست دانا، کەواتە ئێمە دیلی ئەو واتا کولتوورییانە نین کە زمانەکەمان پێشکەشی دەکات، بەڵکوو دەتوانین لە کارلێکە پراگماتیکییەکان لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیکەی زماندا زەنگینیان بکەین.

تێڕوانینی یەکەم پێوەندی بە کولتوورەوە هەیە بەوەی لە ڕووی واتاییەوە لە خودی زمانەکەدا بەکۆد کراوە، دووەمیان پێوەندی بە کولتوورەوە هەیە کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەکەوە دەردەکەوێت.

بەپێی بنەمای زمانەوانی ڕێژەیی، کولتوور لە فەرهەنگی ئاوەزی و سینتاکس (ڕێزمانی) هەموو زمانێکدا بەکۆدکراوە، بروانە پێڕەوی سەرەوریزبوونی بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانەکاندا، توخم و ڕەگەز دروستە و پێکهاتە زمانییەکان، خودی ناونان لە دیاردە و هەبووەکان، بروانە ئیدیەمەکان لە زماندا، ئیدیەمەکان زادەی تێڕامان و فەرهەنگی نەتەوەکانە، بۆیە کولتوور نەک لە دروستەی واتای زماندا بەکۆدکراوە، بەڵکوو بەتەواوی دەربڕینە ئیدیەمییەکان ڕەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوە و فەرهەنگمانە و کولتووری تێدا بەکۆدکراوە.

لەلایەکی ترەوە زمانە جیاوازەکان لە ڕێگەی ئەو خوازە زمانیانەی بەکاری دەهێنن کە بەرجەستەکەری ئەوەیە ئاخێوەرانی بە شێوازی جیاواز لە واقیع دەڕوانن.

خوازەی زمانی پێڕەوی چەمکی ئاساییمانی تەنیوە و ئاخاوتنەکانی ڕۆژانەمان دیاردەی خوازەیی زۆر کارایە تێیدا، بروانە کێڵگەی واتایی (گوتن): (ئاخاوتن، دەمەتەقێ، چەنەباز، درۆ، قیژە، جنێو...).

هەموو ئەم واتایانە بە خوازە لە کولتوور وەرمان گرتووە و ژیانکردنی پێ دەکەین و ئەو کردانەی بە ئەنجامی دەگەیەنین ئەمان پێکی دەهێنن، خوازەی زمانی لە چۆنێتی بەرجەستەکردنی ئاوەزی ئێمەوەیە بۆ دەوروبەرمان بەرهەم دێت، ئەم چۆنێتی بەرجەستەکردنەش بەپێی هەستەکانمانە، لێرەدا دەپرسین ئایا هەستەکان گشتین، یان تایبەتن بە کولتوورێکی دیاریکراو؟ بە گشتی (بەرژەوەندی، خۆشی، سەرسوڕمان، خەم، تووڕەیی، بێزاری، سووکایەتی، ترس، شەرمەزاری، تاوانباری، ...) لە نموونەی هەستە بنەڕەتییەکانن، بەپێی زمانەکان هەستەکان چوونیەک نین، بۆ نموونە لە زمانی کوردی و ئینگلیزی و فارسیدا بەهۆی وشەکانەوە ئەم هەستانە دیاری دەکرێن، بەڵام لە زمانێکی وەک پۆڵەندیدا وشەیەک نییە کە بە تەواوی لەگەڵ وشەی (بێزاری) کوردیدا بگونجێت و دەربڕی ئەو هەستە بێت، لە زمانی ئوستورالیدا لە ڕووی وشەییەوە هەستی (ترس) لە هەستی (شەرمەزاری) جیاناکاتەوە.

# خالید بەگی ئەحمەد پاشای بابان

هێمن عومەر خۆشناو
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلیژی پەروەردەی شەقڵاوە)

(ئـەم وتـارە، هەوڵێکـە بـۆ هەڵدانـەوەی چەنـد لاپەڕەیەکـی ژیانـی کـوڕی پاشـایەکی بابـان و یەکێـک لـە کاربەدەسـتە گەورەکانـی ئەوسـای دەوڵەتـی عوسـمانی، بەتایبەتـی لـە ڕێـی ئەرشـیڤی عوسـمانییەوە چەنـد زانیارییەکـی تـازە دەخاتە سـەر ئـەو کەمـە زانیارییانـەی لەبـارەی ئـەو کەسـایەتییە کـوردە هەبـوون. بێگومـان ئەمـە سـەرەتایەکە و دەکـرێ لەمـەودوا ئاگایـی زیاتـری لەبـارەوە بدۆزرێتـەوە.)

**لەبارەی منداڵەکانی ئەحمەد پاشاوە:**

دوای نەمانی دەسـەڵاتی بابانەکان و دوورخرانەوەی هەردوو برا: عەبدوڵڵا پاشا و ئەحمەد پاشا بۆ نزیک لـە پایتەختـی دەوڵەتـی عوسـمانی، چەنـد سـاڵێک منداڵەکانـی ئەحمـەد پاشـا لـە بەغـدا دەمێننـەوە و ناوبـراو چەنـد جـار نامـە بۆ دەسـەڵاتدارانی عوسـمانی دەنووسـێ و داوا دەکات ڕێـگا بدرێـت منداڵەکانـی لـە بەغـداوە بێنـە ئەسـتەنبوڵ، تەنانـەت بەڵێنـی ئـەوە بـە حکوومەتـی عوسـمانی دەدات کـە کوڕەکانـی بخاتـە خوێندنـی سـەربازییەوە.

ئەحمەدپاشـا دوای ئـەوەی لـە سـەرەتای نیـوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدە لـە ئەسـتەنبوڵ دەگیرسێتەوە و ئەو داوایەی جێبەجێ دەکرێ و لە ١٢٦٨/١/١٨ی کۆچـی (بەرانبـەر ١٨٥١/١١/١٣ز) نامەیـەک بـۆ سـەڵتەنەتی عوسـمانی دەنووسـێت

و زۆر منەتدارانە و سوپاسگوزارانە داوایەکی غولامانەیان لێ دەکات کە سێ کوڕەکەی لە بەغداوە هاتوونەتە ئەستەنبوڵ و داوا دەکات کە لە مەکتەبی حەربییەی عەسکەرییە بخوێنن و لەنوێوە تۆماریان بکات، وەک خۆی ئاماژەی پێ داوە، دەیەوێ خزمەت بە بواری سەربازی بکەن و ببنە چرایەک بۆ دەوڵەت، کە ئەوە هیوا و ئاواتی لەمێژینەی بووە (١).

بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی هەر یەک لە خەلیل خالید بەگ و مەحموود نەدیم بەگ و ئامینە خانم وەک منداڵی ئەحمەد پاشا ناویان هاتووە.



خالید بەگی ئەحمەد پاشای بابان

**کورتە ژیانی خالید بەگ لە تۆماری فەرمانبەرانی عوسمانیدا:**

بەهۆی ئەوەی ناوی زۆربەی فەرمانبەرانی دەوڵەتی عوسمانی، ناوی دووانە بوون، خالید بەگیش لە بنەڕەتدا ناوی خەلیل خالید بووە و لە تۆماری فەرمانبەرانی دەوڵەتی عوسمانی بەم شێوەیە باسی کراوە: خەلیل خالید بەگ کوڕی کۆچکردوو ئەحمەد پاشای والی پێشووی ئەدەنە و وەزیری پایەبەرزی سەڵتەنەتی سەنییە و بنەماڵەی بابانەکانە. لە ساڵی ١٢٥٦ ی کۆچی (١٨٤٠ز) لە شاری سلێمانی سەر بە ویلایەتی بەغدا لەدایک بووە. سەرەتا لە مەکتەبی ڕوشدییە، پاشان مەکتەبی حەربییەی خوێندووە و بڕوانامەی وەرگرتووە. زمانەکانی تورکی، عەرەبی و فارسی و فەڕەنسی بە نووسین و خوێندنەوە زانیوە و ئاشنای زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی و ئەڵمانیش بووە.

لە تەمەنی ٢١ ساڵی و لە ساڵی ١٢٧٧ لە مەکتەبی ئەعدادییەی حەربی بووەتە مامۆستای جوگرافیا و کۆزمۆگرافیا و مێژوو، دواتر بووەتە مامۆستای بیرکاری لە مەکتەبی ڕوشدییە و دوو ساڵ دواتر ڕوتبەی (پلەی) یوزباشی لە ئەرزەڕۆم وەرگرتووە، لە ساڵی ١٢٨٥ دا کارەکەی خۆی گۆڕیوە و بە مووچەی ٣٠٠ قرووش لە ژووری وەرگێڕان لە بابی عالی دامەزراوە، دواتر بە مووچەی ٨٠٠ قرووش بووەتە مامۆستای وانەی جوگرافیا لە مەکتەبی دارولفونوون. لە ساڵی ١٨٨٧ بە مووچەی دوو هەزار قرووش بە ڕوتبەی دووەمین لە باڵیۆزخانەی لەندەن بە نووسەری دووەم و دوای دوو ساڵ بەردەوام بوون ڕوتبەی بەرز کراوەتەوە و ئەم جارە بە مووچەی ٣٠٠٠ قرووش لە سەفارەتی پاریس بووەتە سەرکاتب و دوای ساڵ و نیوێک لە کارەکەی دوورخراوەتەوە.

لە ٢١ی ڕەبیعی دووەمی ساڵی ١٢٨٦ی کۆچی (١٨٦٩/٧/٢٢ز) بە مووچەی ٧٥٠٠ قرووش بە قۆمیسەری دووەم لە مەناسترە دامەزراوە. لەوێ پێنج مانگ بەردەوام بووە و دواتر مووچەکەی بووەتە دە هەزار قرووش و

دوای گۆڕانی ناوونیشانی و تێپەڕبوونی شەش مانگی تر، مووچەکەی بووەتە پازدە هەزار، پاشان لە باڵیۆزخانەی بەلگراد بە فەرمانبەر دامەزراوە.

لە ٧ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٣٠٣ی کۆچی (١٨٨٥/١٢/١٤ز) لە لایەن پاشای سربستانەوە نیشانی یەکەمینی دراوەتێ. (ناوبراو نەیتوانی خۆی لەگەڵ ئەو شارانەدا بگونجێنێت کە لێی دامەزرابوو، بەو پێیەی لەشی بێهێز و نەخۆش بوو، داوای ئەوەی کرد کە بە هەمیشەیی دابمەزرێ. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، وەک لە شوێنەکانی دیکە کە دامەزرا، نەیتوانی ئەرکی خۆی وەک باڵیۆزی بەلگراد جێبەجێ بکات. ئەو زۆرجار مۆڵەتی وەرگرتووە، تەنانەت هەندێک جاریش بێ مۆڵەت بەلگرادی بەجێ هێشتووە، ئەم کارەی بووە هۆی ناڕەحەتبوونی حکوومەتی عوسمانی. لە لایەکی ترەوە موسڵمانانی ناوچەکە لە ئەدای خەلیل خالید بەگ ڕازی نەبوون و بووە هۆی ئەوەی ناڕەزایەتی لە دژی دەرببڕن، تەنانەت تۆمەتباریان کرد بە پاڵپشتی لە سیاسەتەکانی حکوومەتی سربیا لە دژی موسڵمانان و بەو هۆیەوە داوایان لە حکوومەتی عوسمانی کرد کە ناوبراو دووربخەنەوە، هەرچەندە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی دا لە نزیکەوە بەدواداچوون و چارەسەری کێشەکانی موسڵمانان بکات بە کردنەوەی نووسینگەیەک لە بەلگراد، بەڵام کاردانەوەی موسڵمانانی بەرانبەر خەلیل خالید بەگ بارودۆخەکەی هێور نەکردەوە و دواجار بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٨٨٥ لە کارەکەی دووربخەنەوە.) (٢)

ناوبراو لە ١٣٠٢/١٢/٢٣ی کۆچی (بەرانبەر ١٨٨٥/١٠/٣ز) بە مووچەی ٢٠ هەزار قرووش لە باڵیۆزخانەی تاران دامەزراوە.

لە ١٣٠٣/١/١٩ی کۆچی دووەمین ڕوتبەی مەجیدی وەرگرتووە. ناوبراو لە ١٠ی مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٣٠٣ی کۆچی (دەکاتە ١٨٨٦/٤/١٤ز) لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە نیشانی شیر و خورشیدی دراوەتێ.

لە ١٨ی شەعبانی ساڵی ١٣٠٤ی کۆچیدا لەلایەن حەزرەتی شاهەنشاهی ئێرانەوە (مرصع تمثالی) پێشکەش کراوە. لە ٥ی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٠٧ی کۆچی لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ڕوتبەی یەکەمین و قەڵغانی شیر و خورشیدی پێ خەڵات کراوە.

لە ٢٩ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٣٠٩ی کۆچیدا (١٨٩١/١١/٢ز) بە مووچەی ١٧ هەزار قرووش بۆ ویلایەتی ئەدەنە گوازرایەوە.

ناوبراو لە ٣ی شەعبانی ساڵی ١٣٠٩ی کۆچیدا دەستی لە کارەکەی کێشایەوە و لە ١٢/٥ی هەمان ساڵدا (١٨٩٢/٧/١ز) بە مووچەی ٢٠ هەزار قرووش و ڕوتبەی باڵا لە ویلایەتی بەیرووت دامەزرا، لە ١٦ی صەفەری ساڵی ١٣١٢ی کۆچی گوازرایەوە ویلایەتی قەستەمۆنی.

لە مانگی ڕەبیعی دووەمی هەمان ساڵدا مووچەکەی بۆ کرایە ٢٠ هەزار قرووش.

بەهۆی ئەوەی لە لایەن دەوڵەتی ڕووسیاوە



ڕوتبەی یەکەمینی ئستانیسلاسی پێ درا، لە ٤ی ڕەبیعی دووەمی ساڵی ١٣١٣ی کۆچی (١٨٩٥/٩/٢٤ز) لەلایەن پاشای عوسمانییەوە خەڵات کرا.

ناوبراو بەهۆی نەخۆشییەوە داوای مۆڵەتی کردووە کە بچێتە ئەوروپا، یان خانەنشین بکرێ، بەو هۆیەوە لە شاری قەیسەری دانیشتووە و لە ١٢/٢٦ی هەمان ساڵدا داوای خانەنشینی کردووە.(٣)

**خانەنشینبوونی:**

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەک کە مێژووی ١٣١٧/٤/٩ی کۆچی (١٨٩٩/٨/١٧ز) لەسەر نووسراوە، ئاماژە بەوە دراوە، کە لەو مێژووەی خالید بەگی والی قەستەمۆنی دەستی لە کار کێشاوەتەوە، ئێستا لە شاری قەیسەرییەدا نیشتەجێیە و داوای خانەنشین بوون دەکات، کە لایەنی کەم سی ساڵ خزمەتی هەیە و مانگانە مووچەکەی سێ هەزار قرووشە.(٤) بەپێی بەڵگەنامەیەکی تر ئاماژە بەوە دراوە کە بڕیاری دەست لە کارکێشانەوەی خالید بەگ وەک والیی قەستەمۆنی ڕەزامەندی لەسەر دراوە. (٥)

لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی ١٣١٩/٨/١٩ی کۆچی لەسەر نووسراوە، ئاماژە بە لیستی فەرمانبەریی و مووچە و پلەوپایەکەی دراوە، کە لە ١٢ی مارتی ١٢٧٧ی ڕۆمی (١٨٦١/٣/٢٤ز) دامەزراوە و بە هەمووی ٣١ ساڵ و یازدە مانگ کاری فەرانبەرایەتی دەوڵەتی کردووە. ئەو شوێنانەیشی کاری تێداکردووە، لەندەن، پاریس، بەغداد، تاران، بەیرووت و قەستەمۆنی بووە. (٦)

**هاوسەری:**

سەبارەت بە هاوسەری خالید بەگ، لە بەڵگەنامەیەکدا ناوی هاوسەرەکەی بە سوهەیلا خانم هاتووە، بەڵام لە بەڵگەنامەیەکی تردا کە مێژووی ١٣١٩/١٢/٢٦ی کۆچی لەسەر نووسراوە و ئاماژە بەوە دراوە کۆچکردوو خالید بەگ والی ویلایەتی قەستەمۆنی، مووچەی خانەنشینییەکەی لە سندووقی خانەنشینی ئەو شارەدا بۆ عائیشە خانمی هاوسەری تەرخان دەکرێ، ئەوجا نازانرێ ئایا کامەیان ڕاستە؟ چونکە هەر پێدەچێ کە یەکێکیان لە کاتی نووسیندا هەڵەکرابێ. (٧)

**کۆچی دوایی:**

دوای بەدواگەڕانمان لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا سەبارەت بە کۆچی دوایی خالید بەگ، سەرەتا ئەوەمان بینی کە بەڵگەنامەیەک باسی لە مردنی کردووە، بێ ئەوەی مێژووەکە بە روونی باس بکات، بەپێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە مێژووی ١٣١٩/١٢/٢٩ی کۆچی لەسەر نووسراوە، نووسراوێکی گەنجینەی دارایی هەیە، ئاماژەی بەوە داوە کە کۆچکردوو خالید بەگی والی پێشووتری ویلایەتی



قەستەمۆنی مانگانە ١٧٩٠ قرووش مووچەکەی بووە و ئەو مووچەیەی دوای وەفاتی دەدرێتە میراتگرەکانی (٨)، بەڵام لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا ڕۆژ و مانگ و ساڵی مردنەکەی دیارکردووە کە بریتییە لە ٢٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٣١٧ی ڕۆمی (دەکاتە ١٩٠٢/١/٨ز) و بەڵگەنامەکە ئەوی وەک والی پێشووتری قەستەمۆنی و کوڕی کۆچکردوو ئەحمەدپاشای والی ئەدەنە ناساندووە، بۆیە ئاماژە بەوە دراوە کە مووچەکەی لە سنجاقی قەیسەریدا مانگانە ١٧٩٠ قرووش بوو، بۆیە مووچەکە دەبێتە میرات و بەپێی شەرعی خودا ١٣٤٢ قرووش بۆ مستەفا عیززەت بەگی برای و ٤٤٧ قرووشیش بۆ سوهەیلا خانمی هاوسەری دەبێت و لە ٤ی ئەیلولی ساڵی ١٣٢٣ی ڕۆمی بۆیان زیاد دەکرێ، ئەمەش لەسەر داوای مستەفا عیزەتی برای کە کۆچکردوو نیشتەجێی قەیسەری بوو و مستەفای برایشی لە شاری کوتاهیەدا نیشتەجێ بووە. ئەو مووچەیە لە ڕۆژی مردنییەوە حیساب دەکرێ و میراتگرەکان دەیگرن. ئەم بەڵگەنامەیەش مێژووی ١٣٢٧/٥/١٨ی کۆچی لەسەر نووسراوە. (٩)

### خالید بەگ و والی لە بەیرووت:

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، خەلیل خالید بەگ لە ١٢/٥ی ساڵی ١٣٠٩ی کۆچی (١٨٩٢/٧/١ز) بە مووچەی ٢٠ هەزار قرووش و ڕوتبەی باڵا لە ویلایەتی بەیرووت دامەزرا و لە ١٦ی صەفەری ساڵی ١٣١٢ی کۆچی (١٨٩٤/٨/١٩ز)گوازرایەوە ویلایەتی قەستەمۆنی. وا دیارە بەو ماوە کەمە خەڵکی لبنان زۆر خۆشیان ویستووە. بە بۆنەی دەست لە کارهەڵگرتنی لە ڕۆژنامەکانی ئەوێدا زۆریان پەسن داوە و گەلێکیان پێداهەڵگوتووە، دواتر ئەو شیعر و نووسینانەیان لە دووتوێی کتێبێک بە ناوی (التهاني البلدية في المحامد الخالدية)، لە ساڵی ١٨٩٤ لە بەیرووت چاپ کردووە. ئەم کتێبە کە ٩٠ لاپەڕەیە و تێیدا باسی ئەو ئاهەنگە دەکات کە بۆ ڕێزلێنان لە خەلیل خالید بەگ ڕێک خرابوو. ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەم بڕگانەی خوارەوە:

ناوەڕۆکی کارتی بانگهێشتنامە بۆ ئاهەنگەکە، بە زمانی تورکی و عەرەبییە و تێیدا هاتووە کە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەم ٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٣٠٩ لە فەرمانگەی حکومەت ئامادە بن. هەروەک لە ڕۆژنامەی (حديقة الاخبار)، ژمارە ١٨٣٥ لە ٢٧ی جەمادی دووەمی ساڵی ١٣١١ی کۆچی هاتووە، بە بۆنەی ئەو گرنگیدانەی حەزرەتی خالد بەگ ئەفەندیی والی بەیرووت بە شارەکە، محەمەد ئەفەندی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی و ئەندامەکان، ئێوارەخوانێک بۆ حەزرەتی والی ناوبراو ڕێک



دەخــەن.

بــە هەمــان شــێوە ڕۆژنامــەی (المصبــاح)، لــە ژمــارە ١٠٣١ی خۆیــدا ئاگادارینامەکــەی بڵاوکردووەتــەوە. ڕۆژنامــەی (بیروت)یش لە ژمارە ٦١٩ی خۆیدا باسی لە خزمەتەکانی خالید بــەگ کــردووە و سوپاســنامەی خــۆی دەربڕیــوە.

ڕۆژنامــەی (لســان الحــال)، لــە ژمــارەی ١٥٧٨ دا، باســی ئــەو ئێوارەخوانــەی کــردووە و ئامــاژەی بــەوە داوە کــە لــە ژمــارەی داهاتــوودا ناوەڕۆکــی ئاهەنگەکــە بــاس دەکــەن. لــە ژمــارەی دواتــردا ڕاپۆرتێکــی تێروتەســەلیان لەســەر ئاهەنگەکــە بڵاوکردووەتــەوە، کــە وێــڕای وتــاری ســەرۆکی شــارەوانی بەیــرووت، ئامــاژە بــەوە دراوە کــە نعــوم پاشــای موتەســەڕیفی جەبــەل لبنــان و ئەندامانــی ئەنجوومەنــی ئیــدارەی ویلایــەت و گــەورە کاربەدەســتانی عەســکەری و حکوومــی ئامادە بوون. جەنابی والی وتارێکی بە تورکی خوێنــدەوە و سوپاســی ئەنجوومەنــی شــارەوانی و ســەرۆکەکەی کــرد کــە لــە هــەوڵ و کۆششــیان درێغیــان نەکــردووە. هــەر لــەو ئاهەنگــەدا (صاحب الفضیلــة الشــیخ عبدالرحمــن افنــدی النحــاس) نەقیبی ساداتی ئەشراف قەسیدەیەکی خوێندەوە. پاشــان (عزتلــو حسن افنــدی) وتارێکی خوێندەوە و تێیدا سوپاسی والی کرد و ئاماژەی بە هەوڵ و خەباتەکانی دا. لــەو ئاهەنگــەدا کە لــە ســەرای دەوڵــەت بەڕێوەچــوو، خەڵــک و جەماوەرێکــی زۆر ئامادەبــوون، تــا درەنگانێکــی شــەو بــەردەوام بــوو و هــۆڵ و باغچەکــە بــە ڕووناکایــی جۆربەجــۆر ڕازانرابــووەوە و بڵێســەی ئاگــر و ڕووناکیــش لــە ســتوونەکانەوە بــەرز دەبــووەوە و دیمەنێکــی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشی بە شوێنەکە بەخشیبوو و بــە ئاگــر لەســەر دەرگاکەیــان نووســیبوو (پاشاهم جوق یشا- واتە هەربژی و سەلامەت بێ پاشــام)!

ســەروەختی کۆتایــی ئاهەنگەکــە ڕۆژنامــە هەوڵــی دا هەمــوو ئــەو وتار و شــیعر و قەسیدانە بەدەســت بخات، تــا لــە ڕۆژنامەکــە بڵاویان بکاتــەوە، بــەڵام هەمــووی دەســت نەکەوتــن. ئاهەنگەکــە بەرەبــەری نیوەی شــەو کۆتایــی هــات.

(عزتلــو حســن افنــدي) وتارێکــی پێشــکەش کــرد، ســەرەتا بــە شــیعرێک دەســتی پــێ کــرد کــە پەســنی والــی دا:

**یا خالد العزم یا والي الولایة یا**
**فردا تكملت في فضل واحسان**
**وكیف لا تكمل الذات التي رفعت**
**لها بنود العلي من عهد بابان**

ڕۆژنامــەی (ثمــرات الفنــون)، لــە ژمــارەی ٩٦٣ ی ٨ی ڕەجەبــی ســاڵی ١٣١١ (١٨٩٤/١/١٥ز) بــە ناوونیشــانی (مهرجــان امــس او الاعتــراف بالجمیــل) وتارێکی بڵاوکردووەتــەوە، تێیدا باسی لــەوە کــردووە کــە چــۆن بتوانیــن ئــەو هەســت و دڵخۆشــییەی دوێنــێ ئێــوارە کــە لــە لایــەن خەڵکییــەوە دەربــڕدراوە، لێــرە لــەم ڕۆژنامەیــەدا هەمــووی بــاس بکەیــن؟ حەزرەتــی والــی لــە وتــارە پــڕ لــە ڕەوانبێژییەکەیــدا بــە وشــەگەلی کــورت و واتــای زۆرەوە ســەرەتا سوپاســی خەلیفــەی کــرد لــە ڕۆڵــی بــۆ ئاوەدانکردنــەوەی وڵات، پاشــان ئامــاژەی بــە پێشــکەوتنی بەیــرووت دا لــە ڕووی ئاوەدانییــەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا باســی لــە چاکســازییەکان و ئەرکــی شــارەوانی لــە هەمبــەر پاراســتنی مافــی هاووڵاتیــان و بــەراوردی ڕەوشــی شــارەوانی جــاران و ئێســتای کــرد. دواتــر شــاعیران و ئەدیبــان و وتاربێــژان بــە تێکســت و وتارەکانیــان لــە پەســنی حەزرەتــی والــی، ئاهەنگەکەیــان ڕازانــدەوە.

ڕۆژنامــەی (بیــروت)، لــە ژمــارە ٦٢٠ی ڕۆژی ٨ی

ڕەجەبی ساڵی ١٣١١ی کۆچی ڕاپۆرتێکی لەو بارەیەوە بڵاوکردووەتەوە و تێیدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەنجوومەنی شارەداری کە زمانحاڵی شارەکەیە، ئەو هەڵگری هەست و سۆزی خەڵکی شارەکەیە بۆ جەنابی والی و کارە باشەکانی لەو ویلایەتەدا، لەگەڵ ئەوەشدا واقیعی ئاهەنگەکەی بەوردی گواستووەتەوە.

ڕۆژنامەی (الاحوال)یش لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە ئاهەنگەکەدا جەخت لەسەر سێ خاڵ کرایەوە: یەکەمیان سوپاس و ستایش بۆ حەزرەتی خەلیفە و دوعای تەمەندرێژی بۆی.

دووەمیان سوپاس بۆ خالید بەگ ئەفەندی والی کە بە سیاسەتە باشەکانی ڕۆڵی لە پێشخستنی شارەکەدا هەبووە، زۆربەی وتەکان جەختیان لەوە دەکردەوە کە نهێنی سەرکەوتنی خالید بەگ ئەوەیە کە خۆی لەماڵباتی وەزیرانی بەناوبانگی ئالی بابانە.

سێیەمیشیان باسی هەوڵەکانی محەمەد ئەفەندی سەرۆکی شارەوانییە.

ڕۆژنامەی (حدیقة الاخبار)یش لە ژمارەی ١٨٣٧ بە هەمان شێوە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر ئاهەنگەکە بڵاوکردووەتەوە.

ڕۆژنامەی (المصباح)یش لە ژمارەی ١٠٣٣ی خۆیدا ئاماژەی بەوە داوە سوپاس و پێزانین لە هەمبەر کاری چاک شتێکی پێویستە و بەو بۆنەیەوە هەموو خەڵکی بەیرووت چاکەکانی پیاوی گەورەی دەوڵەتی عوسمانی ڕێزدار خالید بەگ ئەفەندی والی ویلایەتیان لەبیر ناچێ کە خەڵک گەواهی ئەوە دەدات؛ ناوبراو لەو ڕۆژەوەی بووەتە والی تا ئێستا لە هەوڵ و کۆششەکانی بۆ خزمەتی ئەو شارە و خەڵک و بەرژەوەندییەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە درێغی نەکردووە. دواتر جەنابی والی خالید بەگ وتارێکی بە تورکی خوێندەوە کە کەم کەس وتاری وای بیستبوو (ترکیة العبارة ما کان اجولها في المسامع واولجها في المجامع استهلها بالدعاء الحمیم للحضرة السنیة الملوکانیة.....)

ڕۆژنامەی (الولایة الرسمیة)، لە ژمارەی ٢٥٦ی خۆیدا ئاماژەی بەوە داوە؛ ئەو هەنگاوە چاکسازییانەی کە حەزرەتی والی خالید بەگ ئەفەندی لەو ڕۆژەوەی دەستبەکاربووە، گرتوویەتییە بەر، لە هەموو ڕوویەکەوە کاریگەریی خۆی هەبووە، کە خۆی لە دامەزراندنی وێستگەی گاز و فراوانکردنی ڕێگاوبانەکان و کارئاسانیکردن لە ڕاییکردنی کاروباری هاوڵاتییان بینیوەتەوە.

(حسن افندي) لە وتارەکەی خۆیدا کە بە زمانی عەرەبی پێشکەشی کردووە، وێڕای ئەوەی بە شێوەی پەخشان پەسنێکی زۆری خالید بەگی بابان دەدا، دواتر باسی کارە باشەکانی ناوبراو دەکات لە کردنەوەی ڕێگەوبان و پرد و باڵەخانەی خێرخوازی و گرنگیدان بە بواری تەندروستی کە کورتی دەکاتەوە لەم دێڕە شیعرە:

له اياد عليک ثابتة
اعد منها ولا اعددها

دواتر شێخ (عبدالرحمن النحاس) نەقیبولئەشرافی بەیرووت شیعرێک دەخوێنێتەوە، تێیدا هاتووە:

**كذلک والينا المعظم خالد**
**من استوجب التمداح بالنظم والنثر**
**بمسعاه للاصلاح احيا بلادنا**
**وشيد حكم الحق بالنصح في الامر**
**وما برحت تزهو البلاد بمجده**
**وتحسدها في افقها بهجة البدر**
**فنسأل مولانا العظيم بقائه**
**وتوفيقه دوما الى الخير والبر**

فـارس ئەفەنـدی شـاعیر کـە ئەندامـی دادگای بازرگانـی بەیرووتـە، ئەویـش بـە شـیعرێک بەشـداری دەکات کـە تێیـدا هاتـووە:

فوالي عليه نعمة بعد نعمة
ولاسيما النعمى بواليه خالد
امير اذا استنسبته اعتز راجعا
الى سادة غر كرام اماجد
الى آل بابان الاولى دون قدرهم
مناط الثريا او منار الفراقد
هم الشم ارباب المفاخر والعلى
أباة سراة من اجل المحاتد
امام من الافراد في الفضل والوفا
همام من الامجاد سامي المقاصد
اذا قال فالفعل المؤكد شاهد
على صدقة لامن يمين و شاهد

تا دەگاتە:

وما المال والابدان الا امانة
من الله والسلطان في كف خالد

دواتـر شـاعیر محەمـەد ئەفەنـدی اللبابیـدی کـە فەرمانبـەری ویلایەتـی بەیرووتـە، ئـەم شـیعرەی خوێنـدەوە:

مآثر ذي المجد المؤثل خالد
بجيد العلى منظومة كالقلائد
همام لقد نال الفخار بهمة
تناضل في الافلاک هام الفراقد

تا دەگاتە:

هم آل بابان الاولى اجتمعت بهم
صنوف المعالي من طريف و تالد
سرى له في الناس حسن سريرة
تدل على سر الكرام الاماجد
فلازالت الاوطان تشكر دائما
مآثر ذي المجد المؤثل خالد

(الشيـخ قاسـم افنـدي ابـو الحسـن الكسـتي)ی شـاعیریش بـەم شێوەیە هەسـتی خۆی دەربڕیـوە:

احوذي من آل بابان عنهم
انبأتنا الشهامة الخالدية
عن لسان العموم اهدت اليه
واجب الشكر هيئة البلدية

(عزتلـو ابراهيـم بيـک الاسـودي)ی نووسـەریش هەسـتی خۆی بە پەخشـانێکی بـەرز دەربڕیـوە و تێیدا پەسـنێکی زۆری خالیـد بەگی داوە، لەپـای ئـەو خزمەتانـەی لـە شـارەکەیدا پێشکەشـی کـردووە.

(محمـد رفعـت افنـدي)ی قائیمقامـی (نابلـوس) یـش دوای دەربڕینـی هەسـتەکانی بەشـێوەی پەخشـان، شـیعرێکی لـەو بـارەوە نووسـیوە کـە تێیـدا هاتـووە:

خالد بگ وزير منصف
طالب من ربه خير المآب
كم افاض الخير في نفع الورى
وبدا باللطف في حال الخطاب
كم الى الاشراف اضحى مسعدا
ولمن للعلم حاز الانتساب
فلهذا القطر نادى قائلا
ربنا وفقه دوما للصواب

(ابراهيـم افنـدي المجـذوب)ی شـاعیریش بـە شـیعرێک بەشـداری کـرد، کـە تێیـدا هاتـووە:

فلا يرحت ايامه فى مسرة
وايام والينا المعظم خالد

(سـليم افنـدى نصراللـه جـدي)ی شـاعیریش وەهـا هەسـتی خۆی دەربڕیـوە:

فضله الخالد بحر فاذا
جاءه طالب نعمى لا يخيب
ولكم أبدى لنا ماثرة
نشرها افضل من نفحة طيب

شـاعیر (ابراهيـم افنـدى الحورانـي) شـیعرێکی

درێـژ لـە پەسـنی خالیـد بـەگ دەهۆنێتـەوە، کـە تێیـدا هاتـووە:

وأيد دين الوالهين جمالها
كما ايد الاحكام بالعدل خالد
خليل العلى والمجد والفضل والندى
وما شاء من باقي الفضائل قاصد
امين امير المؤمنين وزيره
مدبر امر الخلق والله عاضد
حليف المعالي فخر بابان من بهم
تفاخرت الغر الكرام الاماجد
شموس الهدى والعلم والدين والتقى
لهم في رحاب الخافقين مساجد

دوای ئـەوە (محمـد افنـدي زيـن الديـن اللبناني) شـاعیریش شـیعرێک دەخوێنێتـەوە، کـە تێیـدا هاتـووە:

فتولاها وزير خالد
ذكره ذكرنا بابن الوليد
دام في يمن المليك نائلا
لرضاه ظافرا بما يريد

پاشـان (راغـب افنـدي البـزري) کـە یەکێـک بـووە لـە موقەییدییەکانـی دادگای بازرگانیـی بەیرووت پەخشـانێکی پـڕ لـە پەسـن و سـتایش دەخوێنێتـەوە و نـاو بەناویش بـە پارچـە شـیعرێک دەیڕازێنێتـەوە، کـە یەکێـک لـەو پارچـە شـیعرانە بریتییـە لـە:

لخالد في ولايتنا اياد
تخلد ذكره ضمن الدفاتر
فنحمده ونشكره جميعا
لما ابداه من حسن المآثر

دواتـر شـیعرێکی درێـژ بـە جیـا دەخوێنێتـەوە، کـە تێیـدا هاتـووە:

ولي نعمتنا والي ولايتنا
كشاف كربتنا كهف لنا وخبا


el-Tahani al-baladiyah

التهاني البلدية
في
المحامد الخالدية

مجموعة اقوال الجرائد في وصف احتفال مجلس بلدية بيروت لحضرة صاحب العطوفة

خليل خالد بك أفندي
والي ولاية بيروت الجليلة

والخطب والقصائد التي تليت في ذلك الاحتفال

جمعتها ادارة جريدة لسان الحال تذكاراً لمساعي عطوفة طلاء الولاية

المطبعة الادبية بيروت سنة ١٨٩٤

Digitized by Google
Original from UNIVERSITY OF MICHIGAN

من آل بابان اهل الفضل من شهدت
بفضلهم عقلاء الناس والادبا
بشراك بشراك يابيروت حيث اتاك
خالد واليا فالخير قد قربا
ما همه غير توفيق العباد وعم
ران البلاد وتسهيل الذى صعبا
جاه الاماثل والاعيان عن تقة
كهف الارامل والايتام والغربا

پاشـان (حنـا بـک الاسـعد)ی شـاعیر بـە شـیعرێکی تورکـی و عەرەبـی لـە پەسـنی خالیـد بەگـدا دەڵـێ:

در فراست اسمى خالد قويديلر
ذكرى خالد نسبتى ابن الوليد
لطف خالد ذكرنى تخليد ايدوب
فخر عالم اولدى بالرأى السديد
سموه خالد قد جادت فراستهم
فخلدت طيب ذكراه معاطره

جێـی باسـە ئـەم کتێبـە کـە هەمـوو برووسـکە و شـیعر و ڕاپۆرتەکانـی شـەوی ئاهەنگەکـەی

لەخۆگرتـووە، هـەر یـەک لـە (خلیـل سـرکیس و محمـد بـدران) ئامادەیـان کـردووە و لـە بەیرووتـی سـەردەمی عوسـمانییەکان چـاپ کـراوە. بەپێـی ئـاگاداری ئێمـە، ئـەم کتێبـە و بەڵگەنامەکانـی دەرهـەق خالیـد بـەگ بـۆ یەکـەم جـارە بـە کـوردی قسـەیان لەسـەر دەکرێ و بەدڵنیاییەوە وردبوونەوە و کۆکردنـەوەی هەمـوو زانیارییـەکان لـەو بارەیـەوە دەبێتـە بەشـێکی گرنگـی مێـژووی یەکێـک لـە کوڕانـی میرێکـی بابـان و کاربەدەسـتێکی گـەورەی ئەوسـای عوسـمانی. وێـڕای ئەمـەش بەشـێک لـە منداڵ و نەوەکانـی پاشـایانی بابـان دوای نەمانـی دەسـەڵاتەکەیان لـە سـلێمانی، ئـاوارەی شـار و وڵاتـان بوونـە و بەشـێکیان بوونەتـە ئـاردی نێـو دڕکیـان و لـە دواجاریشـدا هەوڵـی دۆزینەوەیـان بەشـێکە لـە نووسـینەوەی مێـژووی فەرامۆشـکراوی کـورد.

**پەراوێزەکان:**

1. A.}MKT.NZD.00046.00001.001
2. Babanzâde Halil Halid Bey ve Belgrad Sefirliği, Doç. Dr. Abidin Temizer - Doç. Dr. İbrahim Serbestoğlu,2 nd Erasmus International Academic Research Symposium,October 11-13 2019Paris/France.s285-289.
3. DH.SAİDd..00002
4. MV.00098-2
5. DH.ŞFR.00178.00034.001
6. ŞD.00096.00034.001
7. ŞD.01002.00064.002
8. Y..PRK.ML.00022.00083.001
9. BEO.003568.267531.002

**سەرچاوەکان:**

**بە زمانی عەرەبی:**

التهاني البلديـة فـي المحامـد الخالديـة، اعـداد جريـدة لسـان الحـال، الطبعـة الادبيـة، بيـروت، ١٨٩٤.

**بە زمانی تورکی:**

Babanzâde Halil Halid Bey ve Belgrad Sefirliği, Doç. Dr. Abidin Temizer - Doç. Dr. İbrahim Serbestoğlu,2 nd Erasmus International Academic Research Symposium,October 11-13 2019Paris/France.s285-289.

**کۆدی بەڵگەنامەی عوسمانی:**

A.}MKT.NZD.00046.00001.001
BEO.003568.267531.002
DH.SAİDd..00002
DH.ŞFR.00178.00034.001
MV.00098-2
ŞD.00096.00034.001
ŞD.01002.00064.002
Y..PRK.ML.00022.00083.001

# مۆنتاژ و مۆسیقا له دراماتورگی میرهولددا

د. فازڵ جاف

هەر کاتێک باس لە دەستەواژەی مۆنتاژ دەکرێ، بیر و هزرمان بۆ مۆنتاژی فیلم دەڕوا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کاری فیلمسازی و داهێنان و تەکنیک و کارامەییەکانی ئەم بوارە، بەتەواوەتی پشت بە تەکنیکی مۆنتاژ دەبەستێ. فیلمسازی ڕووسی و ڕێژیسۆری پێشەنگ سیرگی ئێزینشێتین (١٨٩٨-١٩٤٨) داهێنەری ئەم تەکنیکە گرنگەیە، کە لە بواری سینەمادا بە وەرچەرخانێکی مەزن دادەنرێ.

دیارە دەستەواژەی مۆنتاژ بە لای (ئێزینشێتین)ـەوە تەنیا تێرمێکی سادە و تەکنیکێکی ئاسان و ڕووکەش نییە، بگرە چەمکێکە لە دیدگە و بۆچوونی فەلسەفی و ئیستێتیکییەوە ڕێچکە دەگرێ، ئەم ڕێچکەیەش دەمان باتەوە بۆ قوتابخانەی میرهولد لە نواندن و دەرهێنانی شانۆییدا، کە ئێزنیشێتین ناسراوترین و بلیمەتترین قوتابی و فێرکاری ئەو قوتابخانەیەیە.

میرهولد کاریگەرێتییەکی زۆر بەهێزی لەسەر بیر و بۆچوون و دیدگەی هونەری و جیهانبینی ئێزینشێتین نواندووە. ڕێبازی میرهولد سەبارەت بە چەمکی جووڵە، بەتایبەتیش لە چوارچێوەی مەشق و ڕاهێنانەکانی بیۆمیکانیک، بوون بە سەرچاوەی ئیلهام بۆ ئێزینشێتین لە گەڵاڵەکردن و دارشتنی تەکنیکی مۆنتاژدا. ئەوەی کە لێرە، بەشبەحاڵی ئێزینشێتین و تەکنیکی مۆنتاژەوە هەڵوەستەم لەسەر کرد، بەو مەبەستەیە کە بڵێم سەرچاوەی مۆنتاژ لە سینەمادا بۆ شانۆ دەگەڕێتەوە، ڕوونتر بڵێم بۆ میرهولد و میتودە شانۆییەکەی دەگەڕێتەوە، ئەوەندەش کە پێوەندی بە شانۆوە بێ، مۆنتاژ پاش میرهولد لە لای زۆربەی ڕێژیسۆرانی مۆدێرن، بەزۆریش لەم چەرخەدا، لەلای ڕێژیسۆرانی پاش پۆستمۆدێرنیزم، بەکار دەهێنرێ.

هەروەک ئەڵما لاو Alma Law و میل گۆردون Mel Gordon لە کێتبەکەیاندا ( Meyerhold, Eisenstein and Biomechanics، ١٩٩٦)دا دەڵێن «ئێزینشێتین لە ڕێگەی ئامرازە سوپەر عەقڵانییەکانییەوە، تاکە هونەرمەندی ئاڤانگارد

(پێشەنگ) بووە کە بە تەواوی لە بنەما ئیستێتیکی و زانستییەکانی بیۆمیکانیکی قووڵ بووەتەوە.» لاو و گۆردون دەڵێن "ئامانجی ئێزینشتێتین لە ئەنجامدانی شیکارییەکی بەو شێوە قووڵە، بە مەبەستی ئەوە بوو دیاری بکات کە چۆن لە ڕێگەی وێناکردنی ڕاکۆرسی (ساتێکی چەسپاو لە جووڵە و لە بەرزترین ئاستی دەربڕیندا)، ئەو ساتە جەستە لەو پێگە و دۆخەدا، دەتوانرێت کاریگەری جووڵەی دەربڕین بگەیەنرێت». بیرۆکەی زنجیرە ڕاکورسە (Raccourci)کانی مییرهولد دەبنە ئیلهامبەخش بۆ داهێنانی چەمکێکی دیکەی جووڵە و جەستە لەلای ئێزینشتێتین کە ناوی لێ دەنێ (جووڵەی دەربڕێنخواز Expressive Movement)، شێوە دەربڕێنی ئەم چەمک و بۆچوونەی مییرهولد، پاشتر لەلای میخایل چێخۆڤ (ئاماژەی سایکۆلۆژی) و لەلای برێخت (گێستوس Gestus) و لەلای باربا (پێش دەربڕینPre- expressivity) وەدەردەکەون.

بەر لەوەی باس لە شێوازی مۆنتاژ بکەین، بەو شێوەیەی کە مییرهولد لە دەقی شانۆنامەدا کردوویەتی، وا پێویست دەکات بۆ چەمکی جووڵە، لە چوارچێوەی سیستمە شانۆییەکەیدا بگەڕێینەوە. جووڵە خانەی بنەڕەتی هەموو دەربڕینێکە لە سیستمی نمایشی ئیتودەکانی بیۆمیکانیکدا، هەر جووڵەیەکیش خۆی لە خۆیدا، بە سێ قۆناغدا تێ دەپەڕێ: (مەبەست، جێبەجێکردن، کاردانەوە).

ئەم شێوازی مۆنتاژکردنەی جووڵە، پاشتر وەک میتودێکی دراماتورگی کاریگەر، دیمەن بە دیمەن پەل بۆ بەهای دەقی شانۆنامەکە دەهاوێ، لە سەرجەم پێکهات و ڕەگەزەکانی نمایشەکەدا ڕەنگ دەداتەوە.

مۆنتاژ لە لای مییرهولد چەند ئەرکێکی هەیە، کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم، گرۆتێسک و دیدگە و جیهانبینی گرۆتێسکانە لە سەرووی هەموو ئەو ئەرکانەوەیە، کە مییرهولد لە ڕێگەی مۆنتاژ و داڕشتنەوەی بینای دیمەنەکانەوە ئەنجامی دەدا. هەر لە ڕێگەی ئەم شێوازی بەکارهێنانی مۆنتاژەوە، بینەر بە هۆش و ئاگاییەوە بەشدار دەبێ، چونکە هەر یەکەیەک لە یەکە هونەرییەکانی دیمەنەکە بینەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەم پرۆسەیە کە بەردی بناغەی دراماتورگی مییرهولدە، ئێزینشتێتین ناوی لێ ناوە (مۆنتاژی سەرنجڕاکێشان Montage Attraction)، کە پاشتر بو سینەمای گواستەوە، هەر بۆیە بەبێ باسکردن لە تەکنیکی مۆنتاژ، ناکرێ باس لە شێوازی دراماتورگی مییرهولد بکەین.

شێوازی مۆنتاژکردنی جووڵە و ڕووداوەکانی هەر دیمەنێک لە سەر بنەمای ئەو فرەدەنگییە هەڵدەچنرێت کە پێشتر باسمان لێوە کرد. مییرهولد بە ئامانجی جیاوازی و یەکانگیریی دەنگەکان بنیاتی دیمەنەکانی بۆ چەند یەکەیەکی هونەری دابەش دەکرد، هەموو ئەو یەکانەش پێوەندییەکی ئۆرگانیک، لە فۆرمێکی شانۆییدا بە یەکدییانەوە دەبەستێ.

هەروەک پێشتریش باسمان لێوە کرد، مییرهولد لە نمایشەکانی ساڵانی بیستەکان، کە دەکاتە دەوڵەمەندترین قۆناغی کارەکانی ئەو، تەکنیکەکانی فرەدەنگی و مۆنتاژی بۆ ڕیژیسۆران و دراماتورگەکانی پاش خۆی گەیاندە لوتکە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو ڕاستەوخۆ، یان لە کتوپڕێکدا ئەم جۆرە دراماتورگییەی هێنابێتە کایەوە، ئەو هەر لە سەرەتاوە، بەو جۆرە ڕەفتاری لەگەڵ شانۆنامەکانی ئیبسین و مۆلێیر

و ئۆستروْڤسکی و نووسەرانی دیکەدا کردووە، بەڵام دراماتورگی مییرهولد لە کۆتا فۆرمەکەیدا، واتە لە دوا قۆناغی گەڵاڵەکردنیدا، کە فرەدەنگی و تەکنیکی مۆنتاژ و مۆسیقای تێدا بەرجەستە کرا، بە بۆچوونی ڕەخنەگران و مییرهولدناسان، سێ نمایشن: (پشکنەر)ی گۆگۆل و (دارستان) و (عەقڵ بەڵایە)ی گریبۆیدۆڤ.

هەروەک ڕەخنەگری بەناوبانگی ڕووسی (لۆرۆڤسکی) دەڵێ: دوو نمایش بەر لە پشکنەر بۆ داهێنانەکانی مییرهولد وەک دراماتورگ لە پشکنەردا تەواو ڕێخۆشکەر بوون، ئەو دوو نمایشەش: (ماندات/ انتداب)ی ئاردمان و (مامۆستا بوبوس)ی فایکۆ بوو، کە هەردوو نمایش ، بە ماوەیەکی کەم، بەر لە پشکنەر، پێشکەش کران. لە نمایشی یەکەمیاندا ڕیژیسۆر تەکنیکی دراماتورگی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی دەق زاڵ بوو، لە دوومیشیاندا مۆسیقا لە دابەشکردنی دیمەنەکان بەسەر ئێپیسۆدەکاندا ڕەگەزی سەرەکی بوو.

**پشکنەر/ گۆگۆل:**

مییرهولد هەر لە سەرەتاوە چەند هزرێکی بنچینەیی دەکاتە ستراتیژی کارە دراماتورگییەکەی لە پشکنەردا. ئەم هزرانە گەواهی ئەوە دەدەن کە دیدگەی دراماتورگی مییرهولد چەند قووڵن، چەند لە تێڕوانینێکی فیکری و ئیستێتیکییانەوە سەرچاوە دەگرن، واتە ئەرکی دراماتورگی لەلای مییرهولد تەنیا کورتکردنەوە و دەستکاریکردنی کۆپرانەی دەق و وشەکانی نووسەر نییە، وەک لەلای زۆر لە ڕیژیسۆران دەیبینین.

لە کۆبوونەوەی مییرهولد لەگەڵ ستافی پشکنەردا، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٨، جارێکی تر، پاش نزیکەی دوو ساڵ لە نمایشکردنی بەردەوامی پشکنەر، پازدە هزر و بیرۆکەی بنچینەیی دووپات دەکاتەوە، کە دەبنە هەوێنی ئیستێتیکییانەی نمایشەکە، لێرەدا ئاماژە بە چەند هزرێکیان دەکەم:

- ڕازی نەبوونی گۆگۆل لە یەکەم نمایشی پشکنەر لە کاتی خۆیدا ( ساڵی ١٨٣٦)، بۆ نمایشی ساڵی ١٩٢٦ بکرێ بە خاڵی دەستپێک.
- نمایشەکە دوو مەبەست بپێکێ: چێژ و ڕەخنە.
- کەسایەتییەکان کۆمیدین و خاوەن بیوگراف (ژیاننامە)ن.
- بەکارهێنانی دەستکەوت و تەکنیکەکانی سینەما لە هونەری کۆمیدیادا: بە تایبەتی لەلای چارلی چاپلن و باستەر کیتون.
- تێکشاندنی ئەو ئەفسانە باوەی کە دەڵێ: گۆگۆل زۆر ڕۆیی (مبالغة) دەکات.
- دەم و دوو: دەبێ بینای مۆسیقای ناو دەقەکە بەدەرخات.
- دابەشکردنی شانۆنامەکە بەپێی بەشەکان: دابەشکردن بە جۆرێکی تر (نوێ)، دیمەنەکان سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە، بە شێوازێک کە مۆرکە کۆمیدییەکەی دەقەکە بخانە ڕوو.

ئەم ستراتیژیانە لە جۆری دراماتورگی مییرهولد لە پشکنەردا یەکلاکەرەوە بوون، ئەم بۆچوونە شانۆنامەی دارستان و سەرجەم ئەو نمایشانە دەگرێتەوە، کە لەلایەن مییرهولدەوە، لە بیستەکاندا نمایش کراون. ئەم دیدگەیەی ڕیژیسۆر لە سییەکاندا، کە بە دەیەی نمایشە سیاسییەکان دەژمێردرێ، دەوڵەمەندتر و زەقتر دەردەکەون، چونکە شانۆی سیاسی، بەو شێوەیەی کە لە شانۆنامەکانی مایاکۆڤسکی و ئاردمان و ئیلیوشا و نووسەرانی دیکەی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، وەک ژانرێکی نوێ، بەر لە پیسکاتۆر و برێخت، زیاتر بواری بۆ بەهرە و

داهێنانی مییرهولد ڕەخساند کە گەشە بکا و دەرکەوێ.

دارستان/ ئۆستڕۆڤسکی:

شانۆنامەی دارستان کە ئۆستڕۆڤسکی ساڵی ١٨٧١ نووسیویەتی بە یەکێک لە شانۆنامە هەرە سەرکەوتووەکانی دەژمێردرێ. ئەم شانۆنامەیە کە ئۆستڕۆڤسکی لە دوا قۆناغی تەمەنیدا نووسیویەتی، هەر لە یەکەم نمایشەوە سەرکەوتنی بە دەست هێنا، لە ناو بەرهەمەکانی مییرهولدیشدا بە یەکێک لە شاکارەکانی دادەنرێ، کە تێیدا هەردوو چەمکی بیۆمیکانیک و بیناگەرایی تێدا بەرجەستە کراون.

شانۆنامەی دارستان شانۆنامەیەکی پێنج پەردەییە، ئەمەش لە شانۆنامەی کۆمیدیدا زۆر باو نییە، بۆیە مییرهولد ئەوەی نەشاردووەتەوە کە شێوازی پێنج پەردەیی بۆ دارستان زۆر دەست نادات، لەبەر ئەوە لە کاری دراماتورگی سەبارەت بە دارستان، سیستمێکی تری پیادە کردووە، واتە سیستمی سێ پەردەیی، کە لەبنەڕەتدا سیستمێکی کۆنی ئیلێزیسی و ئیسپانییە لە شانۆی کۆمیدیادا، پاشان ئەو ڕێزبەندییەی پێڕەو نەکرد، کە لە دیمەنەکانی شانۆنامەکەدا هەیە. ئەو بە پێی ڕووداو و بەسەرهاتەکان، جێگۆڕکێی بە زۆربەی دیمەنەکان کرد، لە چەند شوێنێکیشدا پاش و پێشی بە دیمەنەکان کردووە، بۆ نموونە کە یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکان دەست بە گەشتکردن دەکات، ئەو، ئەو دیمەنەی هێناوەتە پێش و زووتر پێشانی داوە، بەو پێیە ژمارەی ئێپیسۆدەکان، کە لەسەر پەیژە و یەکەی مۆسیقا دانرابوون، لە ژمارەی دیمەنەکانی شانۆنامەکە زۆرتر بوون، ئەمەش بێجگە لە فرەڕەهەندێتی، دینامیکییەت و جۆش و تینی زۆری بە نمایشەکە بەخشی.

ڕۆڵی بینای مۆسیقا لە نمایشەکانی مییرهولد لە کاری دراماتۆرگی و لە داهێنانەکانیدا وەک ڕێژیسۆر هۆکارێکی کاریگەر بووە. دەستنیشان کردن و چەسپاندنی بینای موزیکیانەی دەقەکە بەر لە نمایش و هەر لە پرۆسەی دراماتورگییەوە، بە شێوەیەکی بەرچاوتر لە نمایشەکانی: (ژنهێنانی کریچینسکی)ی سوخۆڤۆ کوبلین و (خاتوو کەمیلیا) ئەلیکسەندەر دۆماس و (سی و سێ جار بوورانەوە)ی چێخۆڤ، کە هەر سێ نمایشەکە لە ستراکتوری موزیکیانەی تۆکمە و ڕیتمی چەسپاودا خۆیان دەنوانند.




# نووسین بە تیشکی ئەستێرە

## (خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی «کەوتنەخوارەوەی مەراق»)

سەردار قادر
(سلێمانی)

(١- ٢)

یەکێک لە سەرکێشییەکانی بەشێک لە شاعیرانی کوردستانی باشوور، لە ڕووی بیر و خەیاڵ و ڕۆشنبیری و مەعریفە، تەنانەت ئەکادیمیشەوە ئەوەیە، دەیانەوێت بەرگێکی نوێ بە بەژن و باڵای شیعری کوردیدا بکەن، یان بە فۆرمێکی نوێوە شانبەشانی شاعیرانی وڵاتانی جیهان بنووسن.

خۆشبەختانە ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعری کوردی بەتایبەتی، لە دوای ڕاپەڕینەوە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهانی سەردەم، بەردەوام لە تاقیکردنەوەی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی دنیای ئەدەبدا بووە، هەر لە سەرەتای سەدەی (٢١)ـەمیشەوە، نەوەیەکی تر لە نێو شیعر و ئەدەبی کوردیدا هاتنە ناوەندە ئەدەبییەکەوە و بەرهەمەکانیان بڵاوکردەوە.

بەشێکی ئەو نەوەیەش تا ئێستا بە چەند ئەزموونێکی جیاجیادا تێپەڕیوونە و هێشتایش هەر لە ڕێگەی ئەزموونی جیاوازتردان. هەر لەم سۆنگەیەوە «سەردار نۆڕی» لە ساڵی ٢٠١٩دا بە بڵاوکردنەوەی کتێبی (کەوتنەخوارەوەی مەراق) کە (٦٠٠) دەقی هایکۆ لەخۆدەگرێت، وەک دووەمین بەرهەمی ئەدەبیی/ شیعریی هاتە نێو ناوەندی ئەدەبی کوردییەوە. ئەم کتێبە سەرنجی بەشێک لە خوێنەرانی خستووەتە سەر توانایی و چەمەوازی زمانی کوردی، تا جیهانێکی بەرفراوان و نوێتر لە دنیای مەعریفی و ئەندێشەیی ئەدەبی کوردی دەستەبەر بکات، هەرچەندە نۆڕی بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کوردستان و ناوچەکەوە، ڕووبەڕووی گەلێ گرفت و ئاڵۆزیی دژوار بووەتەوە، بەڵام بەردەوام هەوڵی باشی داوە بە سوودوەرگرتن لە ئەندێشە و بیر و ئەدەب و هونەر، هەندێ لە ئاواتەکانی لەم پێناوەدا بێنێتە دی.

لێرەدا مەبەست و ئامانجی من ئەوەیە، باسێک لەسەر ئەوە بکەم، چۆن شیعری هایکۆ گەیشتە کوردستان؟ چۆن لەلایەن هەندێ شاعیرەوە کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بیر لە نووسینی کرایەوە؟ هەروەها لەسەر کتێبی (کەوتنەخوارەوەی مەراق) کە دیوانی هایکۆیەکانی «سەردار نۆڕێ»یە، زیاتر بوەستم و خوێندنەوەیش بۆ هەندێک لە هایکۆیەکانی ناو کتێبەکە بکەم.

ڕاستییەکەی لە هەر کوێیەک باسی شیعری هایکۆ بکرایە، بێ قەیدوشەرت دەمانزانی زێد و نیشتمانی هایکۆ وڵاتی یابان (ژاپۆن)ـە، بەڵام ئێستا شیعری هایکۆ لە سنووری یابان دەرچووە و بووەتە دیاردەیەکی شیعریی جیهانی و بە هەموو دنیادا بڵاوبووەتەوە، ئەگەرچی مێژووی شیعری هایکۆ لای ئێمە تەمەنێکی کەمی هەیە، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی جوان و بایەخدار هاتووەتە ناو دنیای ئەدەبیمانەوە.

وەک دەزانین لە نێوان ئێمە و شارستانیەتی یاباندا جیاوازییەکی زۆر مەودافراوان هەیە، کە ناتوانین دانی پێدانەنێین، ئەمە جگە لە زمان و ژینگە و گشت بۆچوون و نووسینەکانیشمان، بەڵام بە بۆچوونی من، زمانی کوردی بەهۆی شیرینییەکەیەوە، توانیویەتی ئەم فۆرمە قبووڵ بکات و بە جوانیش لەناو خۆیدا کاری لەسەر بکات، هەرچەندە کەم تا زۆر هەندێ نووسەر لەگەڵ ئەم بۆچوونەی من ناکۆکن، بەڵام خۆشبەختانە سروشتی کوردستان و ڕەوتی ژیان، وەک وتم «شیرینیی زمانی کوردی» لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ئیلهامەی دەبێتە هۆی ئەوەی نۆڕێ (سیناریۆ و هایکۆ) بە زمانی کوردی بنووسێت، ئەوەیە کە بەردەوام سوود لە مەشقکردن لەسەر هایکۆنووسین وەرگرێت، تا دەربڕین و داڕشتنی سەرلەنوێتر و مۆدێرنانەتر، بە دیدگا و بیر و ئەندێشەیەکی جوانەوە بهێنێتە بەرهەم، تا لەم (شێوە/ فۆرم)ی شیعرەدا باشتر بنووسێت. هۆگریی نۆڕێ بۆ وەرزی سەوزی بەهار و جوانی و سروشتی کوردستان، وای لێ دەکات بە ئاوێتەبوون لەگەڵ هایکۆ و سروشت، ببێتە گۆرەپانی هۆنینەوەی هایکۆوە.

**سەردار نۆڕێ کێیە؟**

- ناوی سێیانی (سەردار حەمید خورشید)ـە.
- ١/ ٥/ ١٩٨٥ لە شاری کەلار لەدایک بووە.
- دەرچووی بەشی شێوەکاری (نیگارکێشان)ی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی خانەقینە (٢٠٠٨-٢٠٠٩). لە هەموو قۆناغەکان بە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی پەیمانگە دەرچووە. ساڵانە خەڵاتی یەکەمی پەیمانگەی وەرگرتووە. هەموو ساڵێک بەشداریی پێشانگە و چالاکی ساڵانەی پەیمانگەی کردووە.
- سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەریی لە (سەنتەری چالاکیی گەنجانی کەلار)ـەوە بووە.
- ئێستا مامۆستای نیگارکێشانە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کفری.
- لە دەیان پێشانگەی هاوبەشدا لە (کەلار و کفری و خانەقین و هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و دهۆک، سنە و تاران و...تاد) بەشداربووە.
- لە ساڵی (٢٠٠٥)ـەوە شیعر دەنووسێت.
- لە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکاندا شیعر و نووسینەکانی بڵاوکراونەتەوە.
- ساڵی ٢٠١٤ کۆشیعرێکی بە ناوونیشانی (پۆرترێتی ئەندێشەکانی فڕین) چاپ کردووە.
- لە چەندان فیستیڤاڵی شیعریدا خەڵاتی وەرگرتووە.

## کودەتای وشە و شۆڕشی هایکۆ

سەردەمانێک وا باو بوو شیعری درێژ بنووسین، زۆر جار تا دواچۆڕی مەرەکەب لە شیعر نووسین نەدەبووینەوە، جگە لە شلبوونی پەنجەکانمان بە هۆی زۆر نووسینەوە، بەمەش دەیان و سەدان لاپەڕەمان دەنووسی، کە پێمان وابوو ئەو پەیامەی دەمانەوێت بینووسین، هێشتا نەمانتوانیوە بە خوێنەرانی بگەیەنین، ئەگەرچی هەندێ کەس، ئەم سەردەمە بە مەرگی نووسین دەزانن، بەڵام بە بۆچوونی من ئێستا لەچاو جاران، هەزاران هەنگاو چووینەتە پێشەوە، تەنانەت ئێستا دەتوانرێت بە حەڤدە برگە و کەمتر و زیاتریش، پەیام وەک تیشکی گزنگ بەرەو ئاسمانەکان بنێردرێت. وەک وتم ئەم بزاڤە (هایکۆنووسین) مەرگی قەڵەم و نووسین نییە، بەڵکوو ژیانەوە و کودەتایەکی سپییە بەسەر درێژدارییەوە.

کودەتاکە هەر بە تەنیا گۆڕانی ئامرازی نووسین نییە، بەڵکوو ئەوەیە کە پرۆسەی شیعر و نووسینی بەرەو ئاستێکی بالاتر بردووە. ئەو هزرە گەشەی مرۆڤ لەناو هایکۆدا هەیەتی، قووڵتر و وردتر، جوانترین شاکار بەرهەم دێنن، هەر بۆیە لە خوێندنەوەدا دەقی (هایکۆ) جۆرە درەوشانەوەیەکی گەشتر و پیرۆزییەکی بڵندی لەخۆگرتووە، بۆ نموونە وەک ئەم هایکۆیەی خوارەوە کە نووسەر سروشتی پاییزی ڕاکیشاوەتەوە ناو وشەکانییەوە و بایەخی بەجوانییەکانی پاییز داوە:

**پایز نیگارکێشە**
**بەڕەنگە گەرمەکان،**
**تابلۆی ئیرۆتیک دەکێشێت!**

- ئەڵبەت نووسینی (هایکۆ) هەروائاسان نییە، یان بەجۆرێکی تر بڵێین، بێ یاساوڕێسا نییە. هایکۆ جۆرە شیعرێکی ئەفسووناوییە، بە خوێندنەوەی هەر دەقێکی، موچڕکێکی ئەوینی تێدایە، هەموو کەس ناتوانێت خۆی لە قەرەی بدات، هەربۆیە نووسەرەکانی ئەم ژانرە، ژمارەیان سنووردارە، ئەوانەشی جوان دەنووسن، لە پەنجەی دەست تێناپەڕن، بەڵام خۆشبەختانە خوێنەری بالا دەیانخوێنێتەوە، بەمەش ڕۆژبەڕۆژ هەوادارێکی زۆر ئالوودەی هایکۆکان دەبن. لێرەدا خەریکە خەڵک و خوێنەر زۆر بە گەرمی گرنگیی بەم ژانرە بدەن، بەمەش ئێستا دەستەبژێرێکی باش دەرکەوتوون. یەکێک لەو نموونە جوانانەی سەردەم کە هایکۆ دەنووسێت، (سەردار نۆڕێ) یە، کە بە کۆڵێک عیشق و بە دڵێکی سپییەوە، موسافیرێکە بەردەوام بێ هیلاک بوون، بە ناو گوڵجاڕی هایکۆدا دەڕوات، ئاوێتەی لەنجەی سەرمەستانەی شنەی بایە و لەگەڵ هەرچوار وەرزی ژیاندا دەبێتە هاوسەفەر.

ئەگەر هەر هایکۆیەکی ئەم نووسەرە (هایکیستە) لە کتێبی (کەوتنەخوارەوەی مەراق)دا بخوێنینەوە، تێ دەگەین مەراق چۆن وەک گەڵا و گوڵی لاولاو، بەسەر ڕۆحی «نۆڕێ»دا هەڵکشاوە. ئەو بەردەوام عەودالە و بە خەیاڵێکی ناسکەوە، بە قەڵەمێکی سوورەوە خۆی دەکات بە کووچەی پڕ لە بەرامەی وەرزی باراندا و بۆ شەوێک تەنیایی، خۆی دەکات بە میوانی تریفە و جارێکی تر سەر لە مەراقە سووربووەکانی دەداتەوە و لە ژێر ڕەهێڵەی وشەدا، تا ترۆپکی هەست شەیدایانە هەستی خۆی درێژ دەکاتەوە، بەرانبەر جریوەی ئەستێرە و خەرمانەی مانگ، درەوشانەوەی شەونم، لەگەڵ سروشتدا عاشقانە دەکەوێتە گفتوگۆ، ئەمما

چۆن گفتوگۆیەک! کە هاوئاهەنگە لەگەڵ ڕۆحی نادیاری خۆیدا، بە زمانی شاعیرێکی عاشق و بەدەست و پەنجەیەکی نەرمەوە، فەنتازیا تێکەڵ بە گۆرانییە کورتەکانی خۆی دەکات.

بۆ نموونە وەک ئەم هایکۆیە کە شاعیر چەند عاشقانە دەڵێت:

**چەند تینووتم؟**
**هێز و ڕووناکی ڕێم بە،**
**ئەی تریفە ژن!**

## کەوتنەخوارەوەی مەراق؛ سەدان ئەفسانە و هەزاران ئاواز

نامە کورتەکانی (کەوتنەخوارەوەی مەراق)، خۆی لە شەش سەد نامەی «هایکۆ»ی عەتراوی و چوار «تانکا» و دوو «هایبوون» دەدا. کەوتنەخوارەوەی مەراق سێ کتێبە لە ناو یەک دیواندا، بەڵام هەر کتێبێکی بەدرێژایی پەلکەزێڕینە پڕن لە ڕەنگ، لەگەڵ سەد لاپەڕەی تری سەرەتای کتێبەکەدا، کە باسێکی چڕوپڕە لە سەر هایکۆ، بۆ گشت خوێنەرێک کە بیەوێ شارەزایی لەبارەی هایکۆوە هەبێت، پێویستە بیخوێنێتەوە.

(پژمینی گوڵ) وەک یەکەمین گوڵزاری هایکۆ؛ وەک زنەی ڕوون بەرەو شەپۆلە یاخییەکانی دەریا پەل دەکوتێ و سروشت دەخاتە پێکەنین. لە باترزای ڕازاوەی خەیاڵدا، دەست دەخاتە پەناگوێی و بەسۆزەوە هۆرە دەکا، پەیتا پەیتا ستران بەرەو شکۆفەی گوڵاڵەسوورەکان دەنێرێت.

## مانا و پێناسەی (پژمینی گوڵ)

عەتربارانێکە پڕپڕە لە هەناسەی گوڵە کێوییەکان، هەر هایکۆیەک گوڵێکە و بەپێی جۆر و ڕەنگی خۆی، بۆنی خۆش بە دەشت و دۆڵ و بنار و قەدپاڵ و کانیاوەکان دەبەخشێت، تا دەگاتە دەستی دڵدارەکان، ئەوسا چەپک چەپک خۆیان بۆ مەستبوونی پەپوولە و سەمای هەنگە زێڕینەکان دەڕازێننەوە.

ئەگەرچی بە بۆچوونی هەندێ کەس، (نۆڕێ) ماوەیەکی کەمە بە هایکۆ ئاشنا بووە، بەڵام بەدیدی من مادام لە سەرەتاوە وەک پیشە لەگەڵ ڕەنگدا ئاوێزان بووە، دەتوانم بڵێم لەو ساتەوە ئەو و هایکۆ دووانەی یەک ژانرن، چونکە هەر نیگارێک، یان هەر تابلۆیەک کە کێشابێتی، بۆ خۆی هایکۆیەکی جوان و ناسک بووە. پێ دەچێت نۆڕێ ئیلهامی زیاتر لەو ڕەنگانە وەرگرتبێت، بۆیە ئێستا بووە بە هەوێنی گشت هایکۆیەکانی، ئەم مرۆڤە ناسکبینە کە بەئاشکرا لە دەقە جوانەکانیدا دەردەکەوێت، وێنە و مۆسیقا و گشت جوانییەکانی لە سروشت دزیوە، کاسەی خەیاڵێک مەراق لەسەر مەراقی خواردبێتەوە، وەک خاک ماچەکانی بارانی لە گیرفانی هەوردا شاردبێتەوە. ئەوەتا بە زمانێکی شیرین لە «پژمینی گوڵ»دا لە لاپەڕە (١٣٧) دەفەرموێ:

**(هەڵاڵەباران،**
**باخچەی پڕ لە شیلە و بۆن**
**پژمینی گوڵ)!**

نۆڕێ؛ پژمینی گوڵ بە هەڵاڵەباران وێنا دەکات و وەک شووشەیەکی پڕ لە بۆنی ئەڤینداری بە ئێمەی دەبەخشێت، کە دەمێکە دووکەڵی جەنگ و بارووت هەراسانی کردووین!

هەرچەندە پژمین لای مرۆڤ دەرهاویشتەیەکی بێزارکەرە، بەڵام لێرەدا نووسەر هێندە وشە و ناوی پژمین جوان دەهێنێت، کە مرۆڤ سەرسام دەکات! خۆزگە دەخوازێ ئەویش وەک گوڵ

بپژمیایە، نەک وەک مرۆڤێک کە دەوروپشتی لێی بترسن، لێرەدا ئەگەر بەوردی دیقەت بدەین؛ نۆڕیێ بە شێوەیەکی زۆر هونەرییانە وشەی پژمینی ئارایشت کردووە.

شاعیری پێی وایە ئەگەر مرۆڤ لە کاتی پژمیندا ئەستێرەش ببینێت، ئەوە بێ شک گوڵ هەموو عەرشی خودا دەبینێت.

**هایکۆ بە کێشی قەڵەمباز، کتێبی دووەم:**

(عاشقێک میزەڵان دەفرۆشێت)؛ «هایکۆ مرۆییەکان»

نۆڕیێ لە لاپەڕە (٢٣٥)دا دەفەرموێ:

**(عاشقێک میزەڵان دەفرۆشێت**

**بە فووتێکراویی لێیدەکڕم**

**دەبمە هەڵگری حەسرەتەکانی)!**

لێرەدا «نۆڕیێ» بەهۆی گەشەی خەیاڵ و ڕوئیاکانییەوە خۆی دەکا بە بوونێکی ڕەها و عاشقانە ئیلهام لە بیرۆکەکانی وەردەگرێت، ئەوسا بە یەک قەڵەمباز بە سەر سنووره چەقبەستووەکاندا دەپەڕێتەوە، کاتێ ئاوڕ دەداتەوە، گەیشتووەتە ناو سنووری مرۆڤبوونەوە. بەم سەرکێشییەشی، دەیەوێت بەو ڕەهابوونە مرۆییەی بگات کە لە مێژە مرۆڤ ئاواتی بۆ دەخوازێت.

نۆڕیێ لەم گەشتەدا بە هەزاران ڕەنگ دەنوێنێت، هێورهێور لە ئازارەکانی مرۆڤ نزیک دەبێتەوە. حەزدەکات بە دڵێکی سپییەوە کڕنووش ببا و یەک یەک برینەکانیان ماچ بکات، بۆیە ئەو هەمیشە لە بیری ئەوەدایە، بێ سنوور جیهانێک بۆ سۆزەکانی خۆی بکێشێت، لەگەڵ ئاوێتەبوونی گشت ترپەکانی هەستیدا، فێنکایی گشت خەیاڵە ڕەنگینەکانی بکات بە دیاری، بۆ هەموو مرۆڤایەتی. نۆڕیێ لەم ژانرەدا زیاتر لە هەموو چەمکە مەعریفییەکانی تر، بە ناو ڕۆحی مرۆڤدا شۆڕدەبێتەوە. ئەو وەک مامەخەمەیەک، دڵە ناسکەکەی پڕپڕە لە زەمزەمەی ئەو چرپە شیرینانەی کە لە شۆڕشی شیعرەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەر لەم پێناوەشدا کڵپە و بڵێسەی هایکۆ، هەموو مێژووی داگیرکردووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هیچ شتێک بە قەد ئەم هایکۆ برۆنزییانە بەناو ڕۆحی پڕ لە ئازاری مرۆڤدا سەفەریان نەکردووە.. بەناو ژیاندا، بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە بە وشەی زێڕین ئازارەکانی گشت مرۆڤایەتی بپشکنێت، چیتر وەک شاعیرێکی بێ هیوا فرمێسک بۆ ئەندێشەی مرۆڤەکان نەڕێژێت!

**(ئەوین و ئیرۆتیک، نۆڕیێ و ڕۆمانسییەت).**

دەتوانم بڵێم: کوردستان بە نیشتمان و دایکی شیعری ئیرۆتیک ناسراوە، ئەگەر بەخێرایی ئاوڕێک لە هونەر و شیعری کوردی بدەینەوە، بەتایبەتی هونەر و شیعری فۆلکلۆری کوردی، دەبینین زۆر بە فراوانی، پیاوان بەبێ هیچ سانسۆرێک بە زمانێکی ڕووت و ئیرۆتیکانە، شیعر بە سەر بەژن و باڵای ژندا دەڵێن، ئەویش وەک خۆشەویستیی دەربڕینێک کە لە قووڵایی هەست و نەستیانەوە هاتووە.

بۆ نموونە.. وەک:

**(دەمەکەت کانی ئاو لێ بخواردا**

**سینەت باغی بەی سەیرت بکردا)**

یان

**(هەرمێ، ئەی وەی هەرمێ**

**سینگۆڵەت باغی ورمێ)**

یان دەڵێ:

**(سۆییە باڵابەرز، هەستە بەیانە**

**دەم لەناوی دەم، دەست لەملانە)**

بەمـەش غەریـزەی جـوولاوە و بووەتـە هـۆی وروژاندنـی ڕەگـەزی بەرانبـەر، هەتـا ئێسـتاش بەردەوامـە.

سـترانە کورتەکانـی (هایکۆکانـی) «نـۆڕێ»دا پڕپـڕە لـە عەتـری وشـە و ئیرۆتیـک، لەگـەڵ بزە و خەنـدەی کچانـی عـازەب دەسـتبازی دەکات. نـۆڕێ؛ هـەر جوانییـەک دەبینـێ، پەنجـەرە بـە ڕوویـدا واڵا دەکات، وەک عاشقێکی مەست وازی بە وشە دەکات. جارجـار بـە موزیکـی زۆربـاوە، نەریتـی ڕۆژهـەڵات دەبەزێنێت و وەک دەنگێکی چاوەڕواننەکراو لەژێر پڕووشـەی بارانـدا سـەمادەکات. کاتـێ شـکۆفەی گوڵێـک دەبینێـت، خـۆی لـێ دەبێتـە هەنگێکـی سـەرخۆش و پـەردەی شـەرم دەدڕێنێت و دەڵێـت:

**«هەنگێکم لەکاتی پێوەدان»**

هەمـوو دەزانیـن هەنـگ هێنـدە میهرەبانـە، بـە هـەر کەسـەوە بـدات، خـۆی دەمرێـت، کەواتـە «نـۆڕێ» هـەزار هێنـدەی هەنـگ، دڵ میهرەبانترە بۆ ڕەگـەزی بەرانبـەری، تـا سـەر ئێسـک ئامادەیـە لەپێنـاو خەنـدەی گوڵێـکدا، عاشـقانە خـۆی شـەهید بـکات، تـا گـوڵ بـژی.

نۆڕێ لەلاپەڕە (١٥٢)دا دەڵێت

**(کازیوە دەڕژێ،**

**بە ڕووتی دەچمە حەوشە**

**جریوە دەمپۆشێ)!**

کاتـێ دڵـی شاعیرێک بەڕاستی دێتەگۆ، ئیدی سروشـت پـڕ دەبێـت لـە شـەکانەوەی وشـە. وەک چـۆن دارسـتان باڵنـدەی خـۆش دەوێـت، وەک چـۆن خاکوخـۆڵ کانی و ڕووباریـان خـۆش دەوێ، شـاعیرش وایـە. کاتـێ دڵـی وەک کازیـوە تیرێـژی لـێ دەڕژێ، گزنـگ و کازیـوە و جریـوەی چۆلەکـە و گمـەی کۆتـری خـۆش دەوێ.

«نـۆڕێ» بەجۆرێـک لـە ئەفسـوون و ڕاپەڕینـی کازیـوەدا سەرسـام و حەیرانـە، ئیتـر بـە جۆرێـک مەسـت دەبـێ، لـە گشـت نەریـت و بـاوەکان یاخـی دەبێت و سەرکێشـانە بـە گژ کولتوورێکـی چەقبەسـتوودا دەچێتـەوە و ئیـدی بەوپـەڕی ئازادییـەوە، وەک ئاونـگ جلەکانـی فـڕێ دەدات و لـە نـاو حەوشـەکەیدا خـۆی ڕووت دەکاتـەوە، ئەوسـا بـە چۆلەکـە زێڕینەکانـی سـەردەمی کازیـوە دەڵێـت:

وەرن، چۆلەکـە زێڕینەکانـی سـەردەمی کازیـوە، پێـش پێکەنینـی هەنـار، پێـش مەسـتبوونی ڕەنـگ، پێـش سـترانی شـنەی بـا، وەرن بـە جریـوەی خۆتـان دامپۆشـن، تـا شـەبەنگ شـەبەنگ بەسـەر ئـەم شـارە تاریکـەدا داگیرسـێم.

دەی وەرن، بەهێمنـی دامپۆشـن، تـا ئـەو شـەوانەی بـوون بـە شـۆڕەبی ژوور سـەرم، تێکـەڵ بـە ڕەنگـی گزنگیـان بکـەم.

بەڵـێ، وادیـارە شـاعیرێک تاریکـی نیشـتمان لـە مێـژەوە کپکپـی کـردووە، بۆیـە وەک پڕووشـەی بەفـر، بـە ئەفسـانەی کازیـوەدا، جانتایەکـی سپی بـە بـادا هەڵدەگرێ و لـە بناری شـاخ، گوڵەشـلێرە فێـری پێکەنیـن دەکات.

نـۆڕێ وەک دێڕێکـی سـپی بـۆ خەونـی نیشـتمان، وەک بارانـی ڕووت، وەک سـەرەتای شـیعرێکی بزێـو، وێنەیـەک بـە ڕووتـی لـە باوەشـی کازیـوەدا دەگرێـت، لەتـەک کۆڕاڵـی بـادا دەسـت لەملانـی یەکتـر دەبـن!

# چەپکێک نامە

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەی یەکەم**

بغداد

مديرية الثروة الحيوانية والبيطرة العامة

١٩٦٢/٨/١٤

مامۆستا تاهیری خۆشەویست

ڕۆژتان باش

پاش هەواڵ پرسینێکی گەرم، ئومێد ئەکەم سحەتتان زۆر باش بێت. کتێبەکەت لە (ارشاد) تەواو بوو، موافەقەتی لەسەر کراوە، (وە) هیچی لێ فڕێ نەدراوە، تەنها بۆ سەیران نەبێ، پەندی پێشینەکانی سەر بەرگەکە نەبێت کە ئەڵێ: (نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە)، چونکە وەکوو پشکنیویانەتەوە، نەختێ مانای جیابوونەوەی پێوە دیارە، ئیتر من تێی ناگەم و (مانا لە دڵی دانەرەکەیەتی)!!

گیانەکەم، مامۆستا؛

تا ئێستا سێ چوار چاپخانە گەڕام و گەلێکیان ئامادەیی نیشان ئەدەن بۆ چاپ کردنی، بە مەرجێ پارەکە لە پاش چاپ بوونی کتێبەکە ئەبێ هەمووی بدرێ، تەنها دوو چاپخانەمان بە دەستەوە ماوە، یەکەمیان هیی ئیتیحادی ئودەبا کە وتیان پێشەکی نیوەی پارە بدەن، دوو پارە بدەن، (وە) هەتا چاپ ئەکرێ هەر مانگێک پارە بدەن و کە کتێبەکە تەواو بوو، بە دوو مانگ، پارەکە هەمووی بدرێ، بەڵام کتێبەکەش بە حەجمی بچووک ئەبێ، هیی گەورەیان ئیمکان نابێت، واتا لە حەجمی (هیوا)دا (١) ئەبێت.

(وە) چاپخانەی دووەم، چاپخانەی وەفایە کە بە حەجمی گەورە چاپی ئەکات، (وە) لەوێ وەکوو تەقدیرمان کردووە ڕەنگبێ ١٧٠ هەتا ١٨٠ لاپەڕە ئەبێت، واتا (١١) مەلزەمە، (وە) ئەوەش لیستەی مەسرووفاتییەتی

٨٢،٥٠٠ کرێی چاپ، هەر مەلزەمەی بە ٧،٥٠٠ دینار حەجمی گەورە

٣٣،٠٠٠ پارەی کاغەزی سپی و بریقەدار

١٥،٠٠٠ کرێی (تصحیف) کاغەز بڕین و دەرزی لێدان و ڕێکخستنی

٤،٥٥٠ پارەی بەرگ (مشجر).

١،٠٠٠ پارەی چاپی بەرگەکە

١٣٦،٠٥٠ هەمووی

(وە) ئەگەر کاغەزی (بۆر) بکەین، لەجیاتی سپییەکە، بایی ٢٧،٥٠٠ دینارە، واتا ٥،٥٠٠ دیناری فەرقە، (وە) بەڕای من با قیروسیایی

لـەو فەرقـەش بکەیـن و بـا کاغەزەکـە سـپی و جـوان بـێ.

ئنجا هـەر دانـەی ئەگـەر ١٠٠٠ هـەزاری لـێ چاپ بکەیـن، بـە (١٣٦ فلـس) ئەوەسـتێ، ئەتوانیـن بـە گوێـرەی گەورەیـی کتێبەکـە بـە ٢٥٠ فلـس بیفرۆشـین، (وە) ئەگـەر ٦٠٠ دانـەی لـێ بفرشـرێ، پارەکـەی خـۆی دەگرێتـەوە.

(وە) ڕێککەوتنمـان لەگەڵیـان بـەو جـۆرە دەبـێ، کـە پێشـەکی ٧٠ دیناریـان بدەینـێ هەتـا کاغـەز و کەلوپـەل بکـڕن، ئیتـر هـەر دەسـتیان بـە چاپ کـرد، ئێمـە لـەو تەئریخـەوە دەس بەدانی (قسـط) بکەیـن و مانگـی ١٥،٠٠٠ (پانـزە) دیناریـان بدەینـێ، ئەگـەر کتێبەکـە بـە دوو مانـگ، یـا سـێ مانـگ تـەواو بـوو (بـۆ وێنـە)، مانـای وایـە ئەبـێ (٤- ٥) مانـگ قسـط بدەیـن، ئیتـر ئەگـەر موافەقەتتـان کـرد، ئـەوا بـۆم بنووسـەوە (و) تـا تەعەهودیـان لەگـەڵ ببەسـتین و پارەکەیـان بـۆ بنێـرە، زۆر سـەلام پێشـکەش مامۆسـتا جـەلال ئەفەنـدی ئەکـەم.

ئیمزا

برای دڵسۆزتان

عەبدولڕەزاق محەمەد بیمار

**(١) هیـوا: گۆڤـاری هیـوا، لـە ژمارەکانـی پێشـوودا لـە بارەیـەوە نووسـراوە.**

*** نامەی دووەم**

بەغدا

١٠/١٠ (دەبێ ساڵی ١٩٦٢ بێ).

جەنابی مامۆستا تاهیر ئەفەندی خۆشەویست

ڕۆژباشـێکی گەرمـی دڵسـۆزانەتان پێشـکەش ئەکەم. نامە زۆر شیرینەکەتانم بە دەس گەیشت، هەتـا بڵێـی خـۆش بـوو، (وە) چەنـد جـار هـەر ئەمخوێنـدەوە و دووبـارەم ئەکـردەوە.

وا تـا ئیسـتا سـێ مەلزەمـە، واتـا (٤٨) لاپـەڕە لە کتێبەکە بە چاپ گەیشتووە، (وە) هەمـووی بـاش چـاپ کـراوە و غەڵەتـی تێـدا نییـە، مەگـەر هـی زۆر ورد نەبـی کـە نەکەوتووتـە بـەر سـەرنجم، چونکـە مـن دووجـار تەسـحیحی مسـوەدەکانی چـاپ دەکـەم، بـەڵام داخەکـەم لەلایـەن ئیمـلاوە وا تـا ئـەم ڕادەیـە لـە دەسـتمان دەرچـوو، (وە) لەمـەولا چاوەدێـری ئـەوەش دەکـەم.

مامۆسـتا گیـان، نووسـیوتە ٣٠ دینـارت داوە





بە ماموستا جەلال ئەفەندی(١)، ئەمما نەکەی هیچی تری بدەیەوە، چونکە وەکوو مەسەلەکە ئەلێ دەستی تۆ کەوتووتە بن سەری، عەینی وایە، کە لەیەکەم لاپەڕەی کتێبەکە نووسراوە (ماموستا جەلال حەویز(١) یارمەتی داوە بۆ چاپ کردنی)، یەعنی هەرچۆنێک بێ ئێمە ئێستا هیچمان پێ ناکرێ، ئینجا ئەگەر یارمەتییەکەشی بە ٤٠ دیناریش بێ هەر باشە، دەنا دەبێ ئەو لاپەڕەیەی پێش بەرگ خەسار بکەین و زەرەرمان لێ ئەکەوێ، ئیتر هەرچۆنێک بێت ماموستا ڕاگرە تا کتێبەکە دەرئەچێ، ئەو وەختە ئەکەوێتە بەر ئەمری واقیع، ئەبینێ وا ناوی لەسەر نووسراوە، (وە) ڕەنگبێ ئەوسا یارمەتییەکە جێگیرتر ببێ.

ئەمما بۆ مەسەلەی نرخی، باشە، ٢٠٠ فلسی لەسەر دائەنێین، بە مەرجێک کتێبەکە پارەی زۆر تێ نەچێت و زەرەری لێ نەکەین، چونکە خاوەن کتێبخانەکان لە ٢٠٪ی پارەی کتێبەکە ئەگێڕنەوە.. (وە) ئەگەر زانیمان کتێبەکە گەورە ئەبێ و ماوەی ئەوەی هەیە بیکەین بە دوو بەش، ئەو دەمە کە ١٠٠ لاپەڕە چاپ کرا، ئاگادارت ئەکەمەوە و تا ڕای تووش و ماموستا (جەلال)یش بزانین.. (وە) بڕیارێکی بەسەردا بدەن.

هەر کۆپیەک ببینم، ئەوەندەی چاپ کراوە، بۆتی ئەنێرمەوە.

ئیتر خۆشیتان.

ئیمزا

برای دڵسۆزت

عەبدولڕەزاق محەمەد

(١) جەلال ئەفەندی (جەلال حەوێز): لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.

*** نامەی سێیەم**

ماموستا تاهیر ئەفەندی خۆشەویست

ڕۆژباش

وا چوار مەلزەمەی کتێبەکەم بۆ ناردیتەوە، بەبێ بەرگ:

١- سەر عینوانی کتێبەکە بەدەس نووسراوە و کلێشەیەکی جوانە کە لە بەرگدا چاپ ئەبێ، یەعنی ئەمە وا نامینێتەوە.

٢- زۆر هەوڵم داوە ئیملا و ئینشای تۆ بپارێزم و بێ غەڵەت بێت، خۆ ئەگەر هەندێ هەڵە ڕووی دابێ، ئەوە، یا نەمدیوە، یان زۆر ورد بووە و بەرچاو نەکەوتووە.

٣- (وە) لەسەر قسەی خۆت ناوی خۆم و جەلال ئەفەندیشم نووسی.

٤- هەر ئیقتراحێکت هەیە بۆم بنووسەوە.

٥- (وە) کتێبەکە پاش تەواو بوون، زۆر جوان و ڕێکوپێک دەرئەچێ، وەکوو ئەو مسوەدانە نابێت.

ئیتر شادیتان

ئیمزا

برای بچووکت

عەبدولڕەزاق

١٩٦٢/١٠/١٧


ماموستا طاهر افندی خوشەویست
روژباش ،
وا چوار مەلزەمەی کتیبەکەم بو ناردیتەوە، بەبی بەرگ :
١- سەر عنوانی کتیبەکە بەدەس نووسراوە وکلیشەیەکی جوانە
کە لەبەرگدا چاپ ئەبی ، یعنی ئەمە وا نامینیتەوە .
٢- زور هەولم داوە املاو انشای تو بپاریزم و بی غلط
بیت ، خو ئەگەر هەندی هەلە روویدابی ئەوە یا نەمدیوە
یان زور وورد بووە وبەرچاو نەکەوتوە .
٣- وە لەسەر قسەی خوت ناوی خوم و جلال افندیشم
نووسی .
٤- هەر اقتراحیکت هەیە بوم بنووسەوە .
٥- وە کتیبەکە پاش تەواوبوون زور جوان وریک وپیک
دەرئەچی وەکو ئەو مسودانە نابیت .
ایتر شادبیتان
برای بچووکت
عبدالرزاق
١٧/ ١٠/ ١٩٦٢

*** نامەی چوارەم**

بەغدا

١٩٦٢/١١/٢٠

مامۆستا تاهیر ئەفەندی خۆشەویست

ڕۆژ باش

پاش پێشکەشکردنی گەرمترین سەلام، لە هەواڵتان ئەپرسم، ئومێد ئەکەم سحەتتان زۆر باش بێت.

بە پۆستە (٢٠) بیست دینارەکەم پێ گەیشت، وا بوو بە (٩٠) دینار تا ئیستاکە ناردووتە و تەسلیم بە چاپخانە کراوە.

بە هەموو هەوڵێک، ئومێد وایە سەری مانگ کتێبەکە تەواو بێت و بگاتەوە بەردەستتان، (وە) منیش هەر دەرچوو، بۆ سلێمانی و کەرکووک و هەولێری ئەنێرم و قسمێکیشی لە بەغدا ئەهێڵمەوە، باقی ترت بۆ ئەنێرم.

ئیتر زۆر سەلام و عەرزی ئیحتیرام پێشکەشی مامۆستا جەلال ئەفەندی و خاڵە بابەکە (١) و باقی مامۆستایانی تر ئەکەم.

ئیتر شادیتان


بەغدا
٦٢/١١/٢٠
ماموستا طاهر افندی خوشویست
روژباش ،
پاش پیشکەش کردنی گەرمترین سلام ، لە هەوالتان ئەپرسم
وە امید ئەکەم صحەتتان زور باش بیت .
بە پوستە (٢٠) بیست دینارەکەم پێ گەیشت . وا بوو بە
(٩٠) دینار تا ئیستاکە ناردووتە و تسلیم بە چاپخانە
کراوە ..
بە هەموو هەولیك ، امید وایە سەری مانگ کیتبەکە
تەواو بێت .. و بگاتەوە بەر دەستتان . وەمنیش
هەر دەرچوو بو سلیمانی وکەرکوك و هەولیری ئەنیرم
وەقسمیکیشی لە بەغدا ئەهیلمەوە ، باقی ترت بو ئەنیرم .
ئیتر زور سلام و عرض احترام پیشکەش ماموستا جلال افندی
و خالە بابەکەو باقی ماموستایانی تر ئەکەم .
ئیتر شادتان
برای دلسوز
عبدالرزاق محمد

ئیمزا

برای دڵسۆز

عەبدولڕەزاق محەمەد

(١) خاڵە بابەکە: ناوی تەواوی (عەبدولکریم سەدرەددین عەبدولکەریم بەرزنجی)یە، ساڵی لە دایک بوون و مردنی دیار نییە، لە خێزانێکی ناوداری شاری کۆیەیە، مامۆستای سەرەتایی بووە، بەهۆی نەخۆشی گورچیلەوە، لە کۆیە کۆچی دوایی کردووە.

*** نامەی پێنجەم**

مامۆستا تاهیر ئەفەندی

ڕۆژ باش

پاش هەواڵ پرسین، هیوادارم سحەتتان زۆر باش بێت.

برا کاک فەتاح (١) هاتە لام، لە کتێبەکەی (شەوچەرە)ی پرسی، داخەکەم وەختی خۆی تێم گەیاندی کە لە بەغدا چاپ کردنی زۆر زەحمەتە و (بالفعل) تا ئیستە لە ١٦ لاپەڕە بەولاوە لێی چاپ نەکراوە، ئەمما خەریکین هەر چۆنێک بێت تا سەری ئەم مانگە (٥) مەلزەمەی چاپ بکەین، بەڵکوو بە سلفە ٥٠ دینار لە دایەرە وەربگرین، لە ئەسڵی ٧٠ دینارەکە، ئیتر بە خواتان ئەسپێرم.

ئیمزا

براتان

عەبدولڕەزاق

مديرية الدراسة الكردية العامة

(١) ٩٧٠/٣/٢٢

(١) کاک فەتاح: ناوی تەواوی (فەتاح حەمەد مام خدر)ـە، ناسراو بوو بە خارە فەتاح، ساڵی ١٩٣٣ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، کوڕی (حەمەشەلی مام خدر)یە، لەبەرەی (ساڵحی)یەکان

بووە، پیاوێکی ڕاستگۆ و دەست و دڵ کراوە و میوان دۆست بوو، حەزی بە خزمەتی کەسوکار و خزم و ناسیاوەکانی دەکرد، لە کارگەی پیبسی کۆلا لە بەغدا کاری دەکرد، لەوێ ساڵانێکی زۆر کاری کرد، نزیکەی (٤٠) ساڵ ماڵی لە بەغدا بوو، هەر لەوێش بە نەخۆشی شێرپەنجەی سنگ، ساڵی ١٩٩٥ کۆچی دوایی کرد، لە شاری کۆیە بە خاکیان سپارد.

*** نامەی شەشەم**

مامۆستا تایەری حەوێزی

ڕۆژ باش

کاک وەهاب (١) هاتە لام و گوتی کاغەزێکی کاک تایەر و بیست دینارت بۆ هاتووە، ئەگەرچی ئێستا وەرم نەگرتووە، بەلام تکایە زوو ٣٠ دیناری کەش بنێرە، با ببێ بە پەنجا دینار، هەتا بیخەمە بەر چاپ.

ئەم کیتابەش، عەقدەکە ئیمزا بکە، پوولی مالیە لەسەر نوسخەیەک، (وە) نوسخەیەکیش بێ پوول.

ئنجا کە چووە ژێر چاپ، من دوو سێ مەلزەمەی چاپ کراو ئەدەمە دائیرە، ئەوانیش نیوەی پارەکەت بۆ سەرف ئەکەن، (وە) ئەگەر کتێبەکە تەواو بوو، گشتی پارەکە، یەعنی ئەکەین بە دوو، یان سێ قست.

تەبعەن، پارە بەناوی تۆوە سەرف ئەکرێ، ئنجا کە کاتی پارە وەرگرتن هات، ئاگادارت دەکەم کە بێیە بەغدا، یان ئەگەر ئەزانی لە کۆیە سەرف ئەبێ (مذکەرەی اذن دفع)ت بۆ دەکەن.

ئیتر شادیتان

ئیمزا

عەبدولڕەزاق

٧٠/١١/١٥ (١٩)

(١) وەهاب محەمەدئەمین: لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.

*** نامەی حەوتەم**

مامۆستا تاهیر

ڕۆژ باش

وەکوو پێم گوتبوون، لەم ڕۆژانە مەسەلەی





چاپ کردن زۆر زەحمەتە، بڕوات هەبێ تا مانگێک هەموو چاپخانەکانی بەغدا گەڕام، کەسیان نەیان دەکرد، چونکە ئیشیان زۆرە و نرخی گرانیان داوا ئەکرد، بەڵام هەر چۆنێک بێت، وا لە چاپخانەی (دارالسلام) خستمە ژێر چاپەوە و بەم گوێرە:

١- نرخی چاپی مەلزەمەیەک (١٥) دینار

٢- دوو هەزار دانەی لێ چاپ ئەکەین

٣ - لەسەر کاغەزی سپی و ئەستوور، مەلزەمەی بە ٤ دینار بۆ هەر هەزارەی.

٤- تەقدیری حسابەکە بەم جۆرەیە:

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٠٠٠ | ١٥٠ | نرخی چاپ (ئەگەر ١٠ مەلزەمە دەرچێت). |
| ٠٠٠ | ٨٠ | کاغەز (بۆ ٢٠٠٠) |
| ٠٠٠ | ١٠ | بەرگ |
| ٠٠٠ | ٠٥ | کلێشە |
| ٠٠٠ | ١٠ | تێل لێدان، بەرگ کردن، ڕێکخستن |
| | ٢٥٥،٠٠٠ | |

یەعنی بە تەقریبی دانەی (١٥٠) ئەکەوێ.


ماموستا طاهر

ڕوژباش،

وەکو پێم گوتبوون لەم ڕوژانە مەسەلەی چاپکردن زور زەحمەتە، بڕوات هەبێ تا مانگێک هەموو چاپخانەکانی بەغدا گەڕام کەسیان نەیان دەکرد چونکە ئیشیان زورە و نرخی گرانیان داوا ئەکرد بەلام هەرچۆنێک بێت وا لە چاپخانەی دارالسلام خستمە ژێر چاپەوە و بەم گوێرە:

١- نرخی چاپی ملزمەیەک (١٥) دینار

٢- دوو هزار دانەی لێ چاپ ئەکەین

٣- لەسەر کاغەزی سپی و ئەستوور، ملزمەی بە ٤ دینار بۆ هەر هزارەی.

٤- تقدیری حسابەکە بەم جۆرەیە:

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| — | ١٥٠ | نرخی چاپ (ئەگەر ١٠ ملزمە دەرچێت) |
| — | ٨٠ | کاغەز (بۆ ... م) |
| — | ١٠ | بەرگ |
| — | ٥ | کلیشە |
| — | ١٠ | تێل لێدان. بەرگ کردن. ڕێکخستن |
| — | ٢٥٥ | |

یەعنی بە تقریبی دانەی بە (١٥٠) ئەکەوێ.

تائیستا (٥٠) دینارت ناردووە پێم گەیشتوە، پارەکانی تریش لەماوەی دوو مانگ ئەبێ پەیدا بکەیت. وە بۆ وەرگرتنی (٧٠) دیناری مساعدەکە، ئەگەر حەز ئەکە...

تائیستا (٥٠) دینارت ناردووە، پێم گەیشتووە، پارەکانی تریش لە ماوەی دوو مانگ ئەبێ پەیدا بکەیت.

(وە) بۆ وەرگرتنی (٧٠) دیناری مساعەدەکە، ئەگەر حەز ئەکەی وەکالەتێکی خاسەمان بۆ بکە بەناوی من، یا هەر کەسێک، وەک ئەمیر(١)، تەخویلی بکە بۆ وەرگرتنی (٧٠) دینارەکە.

ئومێد هەیە بە دوو مانگ کتێبەکە تەواو بێت، ئیتر شادیتان.

ئیمزا

عەبدولڕەزاق

مديرية الدراسة الكردية العامة

١٩٧٠/١٢/٢٦

**سەرنج:**

**لەلایەن (عەبدولوەهاب محەمەدئەمین)ـەوە ئەو داوێنە بۆ نامەکە نووسراوە.**

(برام چووم بۆ لای عەبدولڕەزاق حەمەد ئەو کاغەزەی دامێ.

برام، لەو شەوانە ڕووناک (٢) و کاک ئەمیر لە ماڵی ئێمە بوون، بە سەیارەی خۆیان هاتنە لامان، زۆر لە ئەحواڵتان دەپرسن، ئینشائەڵڵا لە مانگی (٢) دەگەڕێنەوە کۆیە. دایکم (٣)، کاک کەمال، عەزیز، دڵشاد، مونیرە، نەزیمە، فەزیلە، زۆر لە ئەحواڵتان دەپرسن، باقی وەلسەلام.

برات

عەبدولوەهاب محەمەدئەمین

ئیمزا

**(١) ئەمیر: ئەمیر عەبدولکریم حەوێزی، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.**

**(٢) ڕووناک: کچی گەورەی (م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی)یە، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.**

**(٣) دایکم: مەبەست لێی دایکی (وەهاب**

محەمەدئەمین)ـە کـە نـاوی تـەواوی (عیـسمەت ڕەسووڵ قادر)ـە، لە ١٩١٤/٧/١ لە دایک بووە، لە خێزانێکی خانەدان پەروەردە کراوە، ژنێکی سەلار و سەنگین و بەڕێز بووە، هەر لە شاری کۆیە لە ١٩٨٥/٥/٢٤ کۆچی دوایی کردووە.

*** نامەی هەشتەم**

١٩٧٢/١/١

مامۆستا کاک تایەرە فەندی

ڕۆژ باش

پاش هەواڵ پرسینێکی گەرم، ئومێد دەکەم سحەتتان زۆر باش بێت، ئەگەر لە برای خۆت پرسیار دەکەی بە کەیفی تۆم و ئاواتی خۆشی و بەختیاریت بۆ دەخوازم.

وەختی خۆی بۆم نووسی: دەترسێم لە مەسەلەی (لە) چاپدانی کتێبەکەت شەرمەزار بم، بە ڕاستی وا هاتە جێ، بە تایبەتی شەرمەزاری کابرایەکی بێگانەی خاوەن چاپخانە، کە ئەوەندە بەڵێن و گفتم پێداوە، هیچ تامی تێدا نەمایە، کابراش ئەوەندە دوور نییە هەتا خۆمی لێ بشارمەوە، بەهۆی ئیشوکاری دایەرەوە ناچارم زوو زوو خۆمی پێ نیشان بدەم، ئیتر من لەو ناوەدا نازانم چی بکەم؟ ئایا قەرز نابێ بدرێتەوە؟ یان من کە وەکوو کەفیلم نابێ من پارەکەی بدەم؟ ئەرێ برای مامۆستا بۆ ئەم دیمەنە ناهێنییە پێش چاوی خۆت و بۆچی وا لێی بێ خەمی. بڕوا بکە ئەگەر پارەم بوایە خۆم دەمدا و جارێکی تریش پێم نەدەگوتییەوە و دڵم نەدەیەشاندی، چونکە لەوە دەترسم سەرباری هەموو شتێک تۆیش دڵگیر بیت.

هەرچۆنێک بێت مامۆستا، بیری لێ بکەوە و بەهانام وەرە پارەکە بنێرە، تۆ وا بزانم ئەو ڕێیەت هەر لەبەرە، ڕۆژێک هەر دەبێ سەرت بخورێ بۆ چاپێکی تازە، ئیتر چاوەنوارم.

مديرية الدراسة الكردية العامة

بغداد- شارع البنوك

ئیمزا

برای دڵسۆزتان

عەبدولڕەزاق بیمار

*** نامەی نۆیەم**

هەولێر — بەهۆی چاخانەی نامیق

کەریم مستەفا شارەزا

١٧-٧-١٩٧٤

برای بەڕێزم مامۆستا تاهیر، ڕۆژتان باش.

هیوادارم تەندروست و ژیان خۆش بن. ئەو یەک دوو ڕۆژەی کە لە کۆیە بووم ماوەم نەبوو چەند سەعاتێک بە دووقۆڵی بە یەکەوە دانیشین و یەک قسەی مێژوویی و ئەدەبی بکەین، هەرچەندە دڵیشمان کراوە و خۆش نەبێ، بەڵام کە شتێک لە پیاوی بووە ماخولیا، دەبێتە ویردی سەر زاری و خەیاڵی پێوە دەگری. ئێستاش خەیاڵم بە (مامەند کەرکووکی)یەوە (١) گرتووە و دەمەوێ ساغی بکەمەوە و بزانم کێیە. دەڵێن لە کۆیە،



لە ساڵەکانی دوای ١٩٢١وە تا ١٩٢٨ مامۆستا (ی) قوتابخانە بووە و ناوی ڕەمزی ڕەحیم جۆڵا، یا جاوفرۆش بووە. تکایە بۆم لە کاک ڕۆستەم (٢)، یا کاک عەبدولمەجید (٣) (و)، یا کاک عەونی (٤) بپرسە ئایا لە کاتی خۆی پێـ(ی) ڕاگەیشتوون و ئایا ڕەمزی ڕاستە دەستی شیعر دانانی بووە و لە زاری کرمانجی (٥) بەناوی مامەند کەرکوکی هۆنراوەی بڵاوکردبێتەوە، لەوانەیە ئێوەش پێی ڕاگەیشتبن. لە کاتی خۆی دەرسی بە خوا لێ خۆشبوو سابیر ئیسماعیل (٦) و کاک ئەحمەد حەوێز (٧) گوتییە. لەوانەیە لە پۆلی یەکەمیش دەرسی بە ئێوەش گوتبێ و ئینجا نەقل بووبێ بۆ کەرکووک. لە (میرزا محەمەدئەمین)م (٨) پرسی گوتی باشم دەناسی، بەڵام ئاگای لێ نەبووە کە شاعیر بووبێ. لێرەدا دەمەوێ بۆم لە ئەوانە بپرسی: ئایا ڕەمزی ڕەحیم لەلای ئەوان درکاندوویەتی کە شیعری نیشتمانی دادەنێ و ئەو بەناوی مامەند کەرکووکی شیعری (ئەم ساڵەیە، ساڵی فەرەح و شادی و خەندان) و (ڕۆژێ تەسادوفی (یٚ) بوو.. تووشی فەقیرێ هاتم لەگەڵیان کوڕ و کیژی ناویان بوو (کورد و فاتم) دانابێ.

جا تکایە لە ماوەی هەفتەیەک ئەم پرسیارانەم بۆ ساغ بکەنەوە و وەڵام بدەنەوە، بەهۆی یەکێکی خۆیی و خۆ ئەگەر کەس نەبوو، ئەوا بۆم بنێرنە لای خەدیجەی (٩) خوشکم، ئەو بۆم ڕەوان دەکات.

وەک بەبیرم بێتەوە جارێک غەریب ئەفەندیش (١٠) گوتی بیستوومە کە ڕەمزی ڕەحیم ئەو شیعرانەی لە کۆیە بە قوتابیان گوتبێ.

سەلامی زۆرمان بۆ براژنە زێنەب و منداڵەکان، داکی پشتیوان زۆر سەلامتان لێ دەکات. سەلامامان بۆ کاک سەمەد و کاک ڕۆستەم و مامۆستا عەبدولمەجید نوورەددین و کاک عەونی و هەر خۆش بن.

برات

ئیمزا

کەریم شارەزا


هەولێر - ... چاپخانەی ...
کەریم مستەفا شارەزا
١٧/١٧/ ١٩٧٤
برای بەڕێزم مامۆستا طاهر ڕۆژتان باش
هیوادارم تەندروست و ژیان خۆش بێ . ئەو یەک دوو ڕۆژەی
کە لە کۆیە بووم ماوەم نەبوو چەند سەعاتێک بە دوو قۆڵی
بە یەکەوە دانیشین و یەک قسەی مێژوویی وەک دەبێ بکەین
هەرچەندە دڵیشمان گراوە و خۆششمان نەبێ بەڵام کە شتێک
لە بیاوی بووە ماخولیا دەبێتە ویردی سەر زاری و خەیاڵی پێوە
دەگری. ئێستاش خەیاڵم بە (مامەند کەرکووکی) یەوە گیرتوە
دەمەوێ ساغی بکەمەوە و بزانم کێیە. دەڵێن لە کۆیە لە ساڵەکانی
دوای ٩٢١ وە تا ٩٢٨ مامۆستا قوتابخانە بووە و ناوی
ڕەمزی ڕەحیم جۆلا یا جاوفرۆش بووە. تکایە بۆم لە کاک
ڕۆستەم یا کاک عبدالمجید و یا کاک عونی بپرسە ئایا لە کاتی خۆی
پێی ڕاگەیشتوون و ئایا ڕەمزی ڕاستە دەستی شیعر دانانی بووە
و لە زاری کرمانجی بە ناوی مامەند کرکوکی هۆنراوەی بڵاو کردبێتەوە
لەوانەیە ئێوەش پێی ڕاگەیشتبن. لە کاتی خۆی دەرسی

(١) مامەند کەرکووکی (٢) کاک ڕۆستەم (٣) عەبدولمەجید (٤) عەونی (٥) زاری کرمانجی (٦) ئیسماعیل (٧) ئەحمەد حەوێز (٨) میرزا محەمەدئەمین، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.

(٩) خەدیجە: خەدیجە مستەفا، کە بە (فریشتە) ناسراوە، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.

(١٠) غەریب ئەفەندی: ناوی تەواوی (غەریب مستەفا تەها سەڕاج)ـە، ساڵی ١٩٢٠ لە کۆیە لە دایک بووە، لە وتنەوەی وانەکانی بیرکاری و ئینگلیزی زۆر شارەزا و لێهاتوو بووە، بۆیە ماوەیەک بۆ ئامادەیی کۆیەی کوڕان دانراوە، ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢٠ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە کۆیە بە خاکیان سپاردووە.

به بۆنەی بیست و شەشەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# هەڤپەیڤین و دیمانە شانۆییەکانی ڕامان وانەی هونەریی و سەرچاوەی مێژوویین

**موحسین محەمەد**

لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا چەندان ناوونیشانی جیاواز بۆ دواندنی نووسەرێک، یان هونەرمەندێک، یان هەرکەسێک دەخوێنینەوە لەوانە: گفتوگۆ، چاوپێکەوتن،چاڤپێکەفتن، لەگەڵ هونەرمەند، چەند پرسیارێک، لێدوانێک، دوانێک، ڕووبەڕوو، ئەزوتو، دەمەتەقێ، دیدار، دیمانە، دیالۆگ، هەڤدیتن، هەڤپەیڤین هەیە.

بێگومان ڕۆژنامەگەریی کوردی چەشنی ڕۆژنامەگەریی نەتەوەکانی دیکە، بە چەندان قۆناغ و گۆڕانکاریدا تێپەڕیوە و گەشەی کردووە. ئەوەی تێبینی دەکرێ، ئەو ناوونیشانانە زۆر درەنگ گەیشتوونەتە ناو هەموو بوارە کولتوورییەکان، هەر بۆیە شانۆی کوردییش بەپێی قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی، زۆر درەنگ بەو گۆشە ڕۆژنامەگەرییە ئاشنا بووە، ئەوجا ئەگەر بەخێرایی ئاوڕێک لەو ساڵانە بدەینەوە، دەبینین گفتوگۆ، یان هەڤپەیڤینی شانۆیی بەتەواوی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەفتایەکانی سەدەی ڕابوردوو، کە بەقۆناغێکی زۆر گرنگی ڕۆشنبیری کوردی دادەنرێ، ئەویش بەهۆی ئەو ئازادییەی کە لە ئەنجامی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەنێوان حکوومەتی بەغدا و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول هاتە دی. بەر لەو قۆناغە تا سەرەتای پەیدابوونی ڕۆژنامەگەریی کوردی، ڕەنگە هیچ دیمانەیەکی شانۆیی لەگەڵ هیچ هونەرمەندێک، یان نووسەرێک نەدۆزینەوە، لەگەڵ ئەوەی جیاوازی سەرهەڵدانی شانۆ لە کوردستان و پەیدابوونی ڕۆژنامەگەریی کوردی، زۆر دەمێک نییە، هەمووی چەند ساڵێکە.

لە سەرەتای حەفتاکان، دەرچوونی ڕۆژنامەی هاوکاری و دامەزراندنی تیپە شانۆییەکان و دەرچوونی ژمارەیەک لە هونەرمەندانی شانۆ لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا، تەکانێکی بە گۆشەی دیمانەی شانۆیی دا، بەڵام دیسان لەو سەرەتایەدا ڕووبەری چاوپێکەوتنەکان زۆر کەم و بەرتەسک بوون، ئەگەر ئەو چاوپێکەوتنەی ساڵی ١٩٧٠ی

ڕۆژنامەی هاوکاری لەلاپەڕەی هونەر لەگەڵ هونەرمەند تەڵعەت سامان بەنموونە بهێنینەوە، دەبینین لاپەڕەکە چارەگێکی بۆ ئەو گفتوگۆیە تەرخان کردووە، کە لە پێنج پرسیار پێک دێ، پێشەکییەکەی (٥٥) وشەیە، وشەکانی وەڵامەکان لەنێوان (٢٣- ٢٦) وشەیە. ناوونیشانەکەش: چەند پرسیارێک.. هونەرمەند تەڵعەت سامان، ئەمەش بۆ هونەرمەندێکی ئەکادیمی لەو سەردەمی زۆر کەم بووە، چونکە ئەو لە یەک کاتدا خەریکی دروستکردنی تیپ و ئامادەکردنی ئەکتەری پیشەیی و نووسینی شانۆیی بووە، بەڵام دەرفەتی دیمانەکە زۆر کەم بووە، لەچاو کەسایەتی هونەرمەندەکە و قۆناغە شانۆییەکە.

ئەگەر لە دیمانەکانی ئەو سەردەمیدا کێشەی یەکەم، ڕووبەر و قەبارەی گۆڤار، یان ڕۆژنامەکە بووبێ، کێشەی دووەم کەمی هۆشیاری شانۆیی ڕۆژنامەنووسەکە بووە لە بوارە هونەرییەکەدا، ڕۆژنامەنووسی زیرەک دەتوانێ بەچەند کورتە پرسیارێک، وەڵامی زۆر کورت و پوختی دەست بکەوێ، لەیەک کاتدا سوود و کاریگەری بۆ خوێنەر هەبێ.

بەر لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو، کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان قەبارە و سنووری ئازادییان زۆر بەرتەسک بووە. لە پەنجاکان قەبارە و ئازادی ڕۆژنامەگەریی گەشەی کرد، بەڵام بۆ هونەری شانۆ، بەتایبەتی لەگۆشەی هەڤپەیڤیندا هەر لە سنوورە تەسکەکەی خۆیدا مایەوە، لە شستەکان بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، گوشاری حکوومەتی دیکتاتۆری بەغدا بۆ سەر ڕۆشنبیری کوردی زیادی کرد. لە حەفتاکان وەکوو گوتمان ڕۆشنبیری کوردی گەشەی کرد، گۆشەی هەڤپەیڤین چووە قۆناغی یەکەمی پەیدابوونی گفتوگۆ شانۆییەکان، ئەگەرچی سەرەتا هەر کورت و ناو بەناو بوو، بەڵام جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ قۆناغەکانی پێشووی خۆی پەیداکرد، ئەمەش بەهۆی گەشەکردنی هونەری شانۆی کوردی لەسەر هەموو ئاستەکاندا.

لەو سەردەمیدا گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد کە لە بەغدا دەردەچوو، بەگەورەترین قەبارە و بەرگ، بەشێوەی وەرزی بڵاودەکرایەوە، بەڵام تایبەت بوو بە زمانەوانی کوردی و بنەما زانستییەکانی، وا بزانم تاوەکوو ئەمڕۆش لە ڕووی قەبارە و ژمارەی لاپەڕەکانی هیچ گۆڤارێک نەیتوانیوە، ئاستی گۆڤارەکە تێپەڕێنێ. لە هەشتایەکان هەڤپەیڤینی شانۆیی تەواوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی گرتەوە، بەڵام هێشتا مایەی هیوای شانۆکاران نەبوو، لەبەرئەوەی سنووری ئازادی زۆر بەرتەسک بوو، ئەگەرچی ڕووبەری دیمانەکان زۆر زیاتر لەوەی حەفتاکان گەشەی کرد.

گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ کە لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، لە بەغدا دەردەچوو، لە ڕووی قەبارە و ژمارەی لاپەڕەکان و بابەتەوە، هەموو گۆڤارەکانی پێشی خۆی تێپەڕاند، جگە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد نەبێ، کە لە ڕووی قەبارەوە هەر خۆی یەکەم بوو. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ لەگەڵ ئەوەی قەبارەکەی گەورە بوو، بەڵام لە گۆشەی هەڤپەیڤین و دیمانەدا زۆر هەژار بوو.

لە ١٩٨٣ گۆڤاری کاروان یەکەم ژمارەی چاوی هەڵهێنا، ئەویش بە گشتی لە گۆشەی چاوپێکەوتن و دیمانەکان زۆر هەژار بوو. دەبێ نکوڵی لەو ڕاستییە نەکەین، زۆربوون و گەشەکردنی گۆشەی دیمانە و گفتوگۆ پێوەندی بە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە، بۆیە ئاستی دیمانەکان هیچ کاتێک لەچاو قۆناغەکان وەکوو پێویست نەبووە. لەدوای ڕاپەڕین (١٩٩١) ئەو گۆشە ڕۆژنامەگەرییە بەهۆی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە و ئازادی ڕەهای

شانۆکاران بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد، گۆڤاری ڕامان کە لە ١٩٩٦ چاوی هەڵهێنا، ئەو گۆشەیە هێدی هێدی بەسەر هەموو ئەو ساڵانەی پێشی خۆی و ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی هاوسەردەمی خۆی بازی دەدا.

ڕامان سنوورەکانی تێک شکاند، گەورەترین ڕووبەر و ئازادی فەراهەم کرد، هەڤپەیڤینەکان چەندان ئەڵقە و دەیان پرسیاری لەخۆگرت، کە بێگومان لە ئاکامدا، ئەو هەموو پرسیار و وەڵامانە دەبنە بەشێکی گرنگ لە سەرچاوەی مێژوویی بۆ شانۆی کوردی. بۆنموونە: لەهەڤپەیڤینی کاوە ئەحمەد میرزا دا چەندان لاپەڕەی مێژوویی دەخوێنینەوە، لەوانە کە دەڵێ: ئەو شانۆگەریانەی کە لە دەرەوە نمایش دەکران، لە قوتابخانەی غازی، کە ئێستا کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان، بۆ پێشانگەی شێوەکاری لەوێدایە، کۆن لە قوتابخانەی غازی، شانۆگەری دەکرا، من دەچوومە ئەوێ، کەڕەتێک چووم شانۆگەری (کەرەلۆتی مەنووچەر) نیشان درا، ئەمە نووسینی ئیبراهیم ئەحمەد بوو، ئیتر زۆربەی ناودارەکانی سلێمانی ڕۆبین و ئەحمەد عەزیز و ئەحمەد غەفوور دەوریان تێدا دەبینی، لێرەدا مامۆستا کاوەی ئەحمەد میرزا ئەوە دووپات دەکاتەوە، قۆناغە سەرەتاییەکانی شانۆی کورد لەسەر دەستی کەسانی هۆشیار و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی پەیدابووە. (چەتۆ حەسەن)یش هەر لە ڕووی مێژووییەوە دەڵێ: کێشەی زۆرمان هەبوو، بەڵام بۆ ڕەگەزی ئافرەت کەسانی باشمان بۆ پەیدا بوو، (شەوقیە شەوکەت)مان هەبوو، لە نواندنی تەلەڤزیۆنی (مەرج) بەشداری کرد. پاش ئەو کچێک هات ناوی نەسرین عەبدولقادر بوو، چووینە بەغدا لە میهرەجانی هونەری کوردی بە شانۆگەری (لافاو) بەشداربووین کە لە دەرهێنانی خۆم بوو، نووسەرەکەیشی عەبدولغەنی عەلی یەحیا بوو. ساڵی ١٩٧٤ نەسرین عەبدولقادر لەگەڵمان هات و بەشداری تێدا کرد، لەوێ هەڵاتین، گوتیان هەڵین دەتانگرن، ئەوجا ئەو یادەوەرییەی م. چەتۆ حەسەن چەند گرنگە، تیپێک لە کوردستان بانگهێشتی پایتەخت کراوە بۆ نمایشی شانۆیی، کەچی هەڕەشەی گرتن و ڕاوەدونانیان لێ دەکرێ.

سەبارەت بە (میوانی ناوەخت)یش دەڵێ، چوومە لای محەمەد ڕەزا کە بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی کەرکووک بوو، کورد دەڵێ دار ئەگەر کرمی لەخۆی نەبێ، تەمەنی هەزار ساڵە.. وتم: ئەوە پرۆڤەمان تەواوبووە، هاتووین وێنەمان بۆ بگرن، وتی: دەتەوێ تووشی گرفت و کێشەم بکەی؟ گوتم خێرە! دەستی برد وەرەقەیەکی دەرهێنا، ناوەکەی گرت و گوتی بیخوێنەوە، تەماشا دەکەم ڕاپۆرتێکیان لەسەرمان نووسیوە، ئەو درامایە پێشمەرگەی تێدایە، چەکی تێدایە.

لە شانۆگەری (ماڵی نوێ) نووسیبوویان کە ئەوە نووسەرەکەی سەعدوڵڵا وەنووسە شیوعییە، لە سووریایە، ئەوەبوو ئیشەکەیان ڕاگرت. بەڵێ، م. چەتۆ حەسەن ڕاست دەکات، لەناو تیپە شانۆییەکان هونەرمەندی زۆر ناودار و بەهەیبەت هەبوو، ڕاپۆرتنووس و گەندەڵ هەبوو، تەنانەت بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و جەماوەری هەولێر لە هەشتاکان یەکێکیانی لەسەر گەندەڵی لە درامایەکی تەلەڤزیۆنی سزادا و گواستەوە بۆ بنکەی لاوان، لەبەرئەوەی دزی لە پاداشتی ئەکتەرەکان کردبوو، هەر ئەو هونەرمەندەش یەکەم کەس بوو لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە خۆپێشاندانەکان وێنەی (سەدام حسێن)ی هەڵدەگرت، کە هێشتا سەدام حسێن جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بوو، هەڵگرتنی ئەو وێنەیەش لە حەفتاکان لەستۆدیۆیەکی تەنیشت فەرمانگەی ئەوقافی هەولێر، لە تەیراوە هەڵوسرابوو. منیش کە شانۆگەری کەلیلە و

دمنەم نمایش کرد، یەکێک لە ئەندامانی لێژنەی سانسۆری دەق، پێی ڕاگەیاندم، کە من مۆڵەتم نییە، چۆن ئەو شانۆگەرییە پێشکەش دەکەم، ئەوەبوو بە ناچاری لەپاش نمایشی ڕۆژی سێیەم، شانۆگەرییەکەمان ڕاگرت!

لە ڕووی وانەی هونەرییەوە هەر لە هەمان ژمارەدا کاوە ئەحمەد میرزا دەڵێ: ئێمە وەک تیپی نواندنی سلێمانی ئەندامەکانمان هان دەدا ئەو شانۆگەرییانەی لە بەغدا نمایش دەکران، بچن بیانبینن، بۆ ئەوەی شارەزاییان زیاتر بێت. ئەو ئامۆژگارییەی ئەو سەردەمی بۆ ئێستای هونەری شانۆی کوردی، هەمان گرنگی خۆی هەیە، گەورەترین گرفتی بەردەم شانۆی کوردی ئەوەیە، گەنجەکان شارەزاییان لە شانۆی پیشەیی زۆر کەمە، بەبینینی ئەو شانۆیە، هونەرمەند ناچار دەبێ بایەخ بە بینەر بدات، بۆ ئەوەی بلیتی شانۆیی ببڕێ، شانۆی گەنجان لە دۆخی ئەماتۆری بچێتە دۆخی پیشەیی، ئەو ئامۆژگارییە وانەیەکی هونەری زۆر گرنگە.

شانۆی وێنە و ئەزموونگەری و نوێخوازی لە شانۆدا، وەهمێکی شانۆیی بوو، لە دوای ١٩٨٧ لە کوردستان پەیدا بوو، سەری زۆربەی گەنجانی قاڵ کردبوو، ئەو شانۆیەش بینەری نەبوو. د. فازڵ جاف لە ژمارە ٣٤ دەڵێ: (شانۆیەک لە دنیادا نییە ناوی شانۆی وێنە بێ، چونکە وشەی وێنە خۆی لە خۆیدا کە بەشانۆوە دەلکێنرێ بێ مانایە،- سەلاح قەسەب- دەبوایە شانۆکەی ناوی شانۆی (بصري- بينين) بوایە، چونکە (بەصەرییەت) بەسەر شانۆکەدا زاڵە، ئەمە لایەنێکی، ئەمە ئەگەر لە شانۆدا سەیری بکەین، مێژووی ئەو شانۆیە وەک داهێنان لە چلەکان و پەنجاکان لە ئەورووپادا هەبووە و ئێستاش ئەم ڕێبازە لای کەڵە دەرهێنەرانی وەک دەرهێنەری کەنەدی (ڕۆبەرت لێ باژ)، یان وەک دەرهێنەری ئەمریکایی (ڕۆبەرت ویڵسن) ئەمە بە ئاشکرا دیارە، بەڵام ئەوان بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ چی دەق هەیە، یان ئەکتەر ناکەن.....ئەم شێوازەی سەلاح قەسەب بەکاری دەهێنێ شێوازێکە بە هیچ جۆرێ شانۆیی نییە، بەڵکوو شێوازێکی تەشکیلییە، وەک عەرەب دەڵێن (زەرەق وەرەقە)، ئەمەش لەوەدا خۆی دەنوێنێ، کە میتودی شانۆیی تێدا نییە (میتودی شانۆ زمانێکە یەکەم پێوەندی ڕاستەوخۆی بە تێکستەوە هەیە. دووەم بە ئەکتەرەوە هەیە)، ئەوجا من ئەو دوو سێ نموونەیەم هێنایەوە، بۆ ئەوەی بابەتەکەم وەڵامی ناوونیشانەکە بداتەوە. گومان لەوەدا نییە، هەڤپەیڤین و دیمانە شانۆییەکانی ڕامان بە تێکڕایی چەندان کتێبی مێژوویی و وانەی هونەری زۆر گرنگن کە دەشێ لە هەموو سەردەمێکدا سوودیان لێ وەربگیرێ.

گۆڤارەکەمان وەکوو هەر گۆڤارێکی دیکە بە چەندان قۆناغ و گۆڕانکاریدا تێپەڕیوە، تا گەیشتووەتە ژمارە ٣١١ لە بیست و شەش ساڵدا، ئەمەش ناوونیشانێکی دیکەیە کە دەکرێ لە کاتی خۆیدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ. دیمانەکان سەرەتا یەک لاپەڕە، یان دوو لاپەڕە بوون، دواتر گەشەیان کرد گەیشتە دە لاپەڕە، لە قۆناغی سێیەمیدا هەڤپەیڤینەکان گەیشتنە ٢٥ تا ٢٧ لاپەڕە و بە سێ بەش، یان بەچوار بەش بڵاوکراونەتەوە. هەڤپەیڤینی چەتۆ حەسەن گەیشتە ٥٧ لاپەڕە و سەعدوون یوونس گەیشتە ٧٥ لاپەڕە، جەلیل زەنگەنە گەیشتە ١٠٠ لاپەڕە، کاوە ئەحمەد میرزا گەیشتە ١٠٢ لاپەڕە. بێگومان هەر یەک لەم هەڤپەیڤینانە کتێبێکی سەربەخۆن، کە سوودی یەکجار زۆر بە کتێبخانەی شانۆی کوردی دەگەیەنێ.

بە پێویستی دەزانم دوای هەڤپەیڤینە بەرفراوانەکان لەلایەن نووسەرێکی دیکەوە

بەدواداچوونێکـی وردیـان بـۆ بکرێ، ئەمـەش وەکـوو ئـەوەی مـن بـۆ هەڤپەیڤینەکـەی (سـەعدوون یوونـس)م کـرد. بـۆ ڕاسـتکردنەوەی هەنـدێ هەڵـەی مێژوویی، یـان تێبینـی ڕەخنەیـی لەسـەر شـێوازی پرسـیار و وەڵامـەکان. جگـە لـە دیمانـە و هەڤپەیڤینـە شـانۆییەکان، ڕامـان چەندان مێزگـرد و گفتوگـۆی بەکۆمەڵـی سـازکردووە، ئەوانیش خەزێنەیەکی دیکـەن لەهەگبـەی گۆڤـاری (ڕامـان)دا. مـن بـۆ ئـەم بابەتـە بـە پێویسـتم زانـی هەمـوو دیمانـە و هەڤپەیڤینـەکان بـە ژمـارە و سـاڵی دەرچوونـی گۆڤارەکـە بڵاوبکەمـەوە، کـە ئاسـانکارییەکی زۆر بـۆ توێژەرانـی شـانۆ دەکا و کاتـی زۆریـان بـۆ دەگەڕێنێتـەوە.

**تێبینی:** لـە ژمـارە ٢٧٧- ٢٧٨ تـا ژمـارە ٣١١ هیـچ هەڤپەیڤینێـک، یـان دیمانەیەکـی شـانۆیی لـە گۆڤـاری (ڕامـان)دا بڵاونەکراوەتـەوە. هەڤپەیڤیـن لەگـەڵ م. حەمەکەریـم هەورامـی لـە ژمـارە ٩٨ی سـاڵی ٢٠٠٥ هەنـدێ پرسـیار و وەڵامـی شـانۆیی و درامـی دەخوێنینـەوە، بۆیـە لـە لیسـتەکە دانەنـراوە، چونکـە هەڤپەیڤینەکـە بەرفراوانـە، بـەڵام گۆشـەیەکی بچووکـی بـۆ شـانۆ و درامـا تەرخـان کـراوە، کـە شـایانی بـە بیرهێنانەوەیـە.

**هەڤپەیڤیـن و دیمانـە شـانۆییەکانی گۆڤـاری ڕامـان، لـە ژمـارە ١ ی سـاڵی ١٩٩٦ تـا ژمـارە ٣١١ ی ٢٠٢٣**

- لەگـەڵ ئەحمـەد سـالار ئامادەکردنـی: ئـازاد عەبدولواحید. ژ. ١ س. ١٩٩٦ و- ژ. ١٠ س ١٩٩٧
- لەگـەڵ قوتبەدیـن سـادقی ئـا: حەمـەی حەمەباقی و بەدرەدین ساڵح- ژ. ٢٢ س. ١٩٩٨
- لەگـەڵ سـەباح عەبدورەحمـان ئـا: ئـازاد عەبدولواحیـد و مەحمـوود زامـدار- ژ. ٢٢ س. ١٩٩٨
- لەگـەڵ قـادر مستەفا ئا: ئازاد عەبدولواحیـد و مەحمـوود زامـدار- ژ ٢٢ س. ١٩٩٨
- لەگـەڵ ئۆسـکار ئیسـماعیل ئـا: ئـازاد عەبدولواحیـد - ژ. ٢٢ س. ١٩٩٨
- لەگـەڵ جوان سـەعید ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٢. س. ١٩٩٨
- لەگـەڵ سوارەی فتووحی ئا: بەدرەدین سـاڵح - ژ. ٢٢ . س.١٩٩٨
- لەگـەڵ عەباس ژاژڵەیی ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٢ . س. ١٩٩٨
- لەگـەڵ حەمەسـەعید ئیبراهیـم ئـا: چەلەنـگ (جیهانبەخـش کۆیـی)- . ژ. ٢٢ . س. ١٩٩٨
- لەگـەڵ دانا عەلـی سـەعید ئـا: ڕامـان- ژ. ٢٢ . س. ١٩٩٨
- لەگـەڵ ا. ب. هـەوری ئـا: عومەر محەمەدساڵح - ژ. ٢٢.س. ١٩٩٨
- لەگـەڵ تاهـا خەلیـل ئـا: ئازاد عەبدولواحید و مەحمـوود زامـدار- ژ. ٢٩ . س. ١٩٩٨
- لەگـەڵ ئیبراهیـم عیسـا ئـا: ئیسـماعیل عەلـی - ژ. ٣١ .س. ١٩٩٩
- لەگـەڵ د. فازیـل جـاف ئـا: ئازاد عەبدولواحید و مەحموود زامدار- ژ. ٣٤ س. ١٩٩٩
- لەگـەڵ ئەنـوەر شـێخانی ئـا: جیهانبەخـش کۆیـی- ژ. ٣٤ . س. ١٩٩٩
- لەگـەڵ هیوا سـوعاد یوونـس ئـا: ئیسـماعیل عەلـی- ژ. ٣٤ . س. ١٩٩٩
- لەگـەڵ جوان بەهائەددین ئـا: شـاد- ژ. ٣٤ .س. ١٩٩٩
- لەگـەڵ عومـەر عەلـی ئەمیـن ئـا: ئـازاد عەبدولواحیـد و مەحمـوود زامـدار - ژ. ٣٤ . س. ١٩٩٩ لەگـەڵ گەزیـزە عومـەر عەلـی ئەمیـن ئـا: ئازاد عەبدولواحیـد و مەحمـوود زامـدار- ژ. ٣٦ س. ١٩٩٩ لەگـەڵ فەرهـاد شـەریف. ئـا: موحسـین محەمـەد - ژ. ٤٦ . س. ٢٠٠٠
- لەگـەڵ خەلیـل یابـە. ئـا: ئیسـماعیل عەلـی - ژ. ٤٦ . س. ٢٠٠٠
- لەگـەڵ ڕووبـار ئەحمـەد ئـا: مەحمـوود زامـدار

- ژ. ٤٨ .س. ٢٠٠٠
- لەگەڵ تەڵعەت سامان ئا: ئازاد عەبدولواحید و مەحموود زامدار- ژ. ٥٨ س. ٢٠٠١
- لەگەڵ هێمن کانەبی ئا: ڕامان - ژ. ٥٨ س. ٢٠٠١
- لەگەڵ حەمەڕەشید هەرەس ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٥٨ . س. ٢٠٠١
- لەگەڵ وەلید مەعروف ئا: ڕامان- ژ. ٥٨ . س. ٢٠٠١
- لەگەڵ شیرین جەلال ئەحمەد ئا: ڕامان- ژ. ٥٨ . س. ٢٠٠١
- لەگەڵ بەهاری لە تافەتیان ئا: ڕامان- ژ. ٥٨ . س. ٢٠٠١
- لەگەڵ بەهرۆز غەریب پوور ئا: مەریوان هەڵەبجەیی- ژ. ٧٠ . س. ٢٠٠٢
- لەگەڵ نیگار حەسیب قەرەداغی ئا: ڕامان - ژ. ٧٠ . س. ٢٠٠٢
- لەگەڵ مەهدی مەجید جاف ئا: ڕامان- ژ. ٧٠. س. ٢٠٠٢
- لەگەڵ زوهێر عەبدلمەسیح ئا: ڕامان- ژ. ٧٠ . س. ٢٠٠٢
- لەگەڵ مەحموود ئەحمەد بێوەی ئا: ڕامان - ژ. ٧٠ . س. ٢٠٠٢
- لەگەڵ حەمە ڕەشید هەرەس ئا: ڕامان- ژ. ٧٠ . س. ٢٠٠٢
- لەگەڵ تەها بابان ئا: ئازاد عەبدولواحید و مەحموود زامدار- ژ. ٨٤ و ٨٥ .س. ٢٠٠٤
- لەگەڵ سەفوەت جەڕاح ئا: موحسین محەمەد - ژ. ٨٤ و ٨٥ .س. ٢٠٠٤
- لەگەڵ جەلیل زەنگەنە ئا: ڕامان- ژ. ٨٤ و ٨٥ .س. ٢٠٠٤
- لەگەڵ ئاواز ئەحمەد ئا: ڕامان- ژ. ٨٤ و ٨٥ .س. ٢٠٠٤
- لەگەڵ کرمانج مستەفا ئا: ڕامان- ژ. ٨٤ و ٨٥ . س. ٢٠٠٤
- لەگەڵ ئیبراهیم فەرشی ئا: ڕامان- ژ. ٩٦ .س. ٢٠٠٥
- لەگەڵ سەرکاو هادی ئا: شۆڕش محەمەد- ژ. ١٩١ .س. ٢٠١٣
- لەگەڵ سەعدوون یوونس ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٣٣ .س. ٢٠١٦ بەشی ١
- لەگەڵ سەعدوون یوونس ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٣٤ .س. ٢٠١٦ بەشی ٢
- لەگەڵ سەعدوون یوونس ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٣٥ .س. ٢٠١٦ بەشی ٣
- لەگەڵ چەتۆ حەسەن ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٤٠ . س. ٢٠١٧ بەشی ١
- لەگەڵ چەتۆ حەسەن ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٤١ .س. ٢٠١٧ بەشی ٢
- لەگەڵ چەتۆ حەسەن ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٤٢ .س. ٢٠١٧ بەشی ٣
- لەگەڵ جەلیل زەنگەنە ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٦٨ .س. ٢٠١٩ بەش١
- لەگەڵ جەلیل زەنگەنە ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٦٩ .س. ٢٠١٩ بەش٢
- لەگەڵ جەلیل زەنگەنە ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٧٠ .س. ٢٠١٩ بەش٣
- لەگەڵ جەلیل زەنگەنە ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٧١ .س. ٢٠١٩ بەش٤
- لەگەڵ کاوە ئەحمەد میرزا ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٧٢ .س. ٢٠٢٠ بەشی١
- لەگەڵ کاوە ئەحمەد میرزا ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٧٣ .س. ٢٠٢٠ بەشی٢
- لەگەڵ کاوە ئەحمەد میرزا ئا: ئازاد عەبدولواحید - ژ. ٢٧٤ .س. ٢٠٢٠ بەشی٣
- لەگەڵ کاوە ئەحمەد میرزا ئا: ئازاد عەبدولواحید- ژ. ٢٧٥ و٢٧٦ .س. ٢٠٢٠ بەشی٤






# زمانی داڕشتن لە ئەدەبدا

حەمە ئەحمەد جاف

ئەدەب وەک ئەورووپییەکان، پێناسەیان بۆ کردووە، بەو بەرهەم و ژانرە دەگوترێت کە لە ڕێگەی جوانیی زمانی داڕشتنەوە، خۆی دەگەیەنێتە هزر و ئاوەزی ئەدەبیی قەڵەمی مرۆڤەکان، کە تێیدا هەست و نەست و ئیستێتیکای جوانکاری و هەڵچوون و وورووژاندنی سۆز لە ڕژانی ئیلهامی قەڵەمەکاندا دەجووڵێنێ.

مەبەستیشمان لە هۆکار و تایبەتمەندییەکانی زمانی داڕشتن لە ئەدەبدا، سادەیی هونەری زمانی شیعر و چیرۆک و وتار و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانە کە هەموو ئەمانە لە ڕێگەی زمانی داڕشتن و دەربڕینی زمانی ئەدەبدایە، لێرەدا مەبەستیش لە جوانی ئیستێتیکا و هەستی جوانکاری ئەوەیە کە ئەدەب، زمانی ڕەوانی هونەرێکی شیرین و جوانە، هاوکات کە ڕەوانبێژی لە زمان و جوانکاریش لە ئەدەبەکەدا نەبوو، پێی ناگوترێت (ئەدەب)، هەڵبەتا ئەدەبیش پێویستی بە گەرموگوڕییەک هەیە، کە لەو دەلاقەوە بتوانێت سۆز و عاتیفە و ویژدانی مرۆڤ بجووڵێنێ .

بەشێوەیەکی گشتی ، ئەدەب دەکرێت بە دوو بەشەوە، شیعر و پەخشان، وەک باس دەکرێت سەرەتا مرۆڤ کە فێری زمان بوو، لەڕێگەی وتوێژ و گفتوگۆوە پێداویستییەکانی ژیان و مامەڵەی ڕۆژانەی لەگەڵ کەسایەتی خۆیدا فەراهەم دەکرد، ئەگەرچی جیاوازییەکی گەورە لەنێوان زمانی پەخشانی وتووێژ و زمانی پەخشانی ئەدەبیدا هەبوو، بەڵام سەرەتای سەرهەڵدانی نووسینی شیعر لای مرۆڤەکان وەک هونەرێکی جوان مامەڵەی لەگەڵدا کرا و بەشێوازێکی جوانی ئەدەبی دەهۆنرایەوە، لەوانەیە مرۆڤ بەر لە نووسینی شیعر، پەخشانی وەک فاکتەرێکی هونەری بەکارهێنابێت بۆ کارکردن لەسەر ئەم و ئەو، وەک دەڵێن :کۆنترین تێکستی ئەدەبی، تێکستی شیعر بووە.

سەرەتای قۆناغەکانی نووسینەوە و داهێنانی هونەری زمانی داڕشتن و نووسین، کاری کردەسەر دەرکەوتنی تیشکی هونەرە جیاوازەکانی ئەدەب لە مێژوودا، بۆیە پێویستە لەسەرمان، لەڕێگەی ڕەوانیی زمانی داڕشتنەوە، لە گەیشتن بە ژوانی جوانیی ئەدەب بڕوانین و هەوڵی گەیشتن بە زمانی ستاندارد بدەین، تا هەموو تاکێکی کورد بتوانێ بە شێوازی زمانی ستانداردی کوردی مێژووی ئەدەبیی خۆی بنووسێ و بخوێنێتەوە، هەروەها هەوڵی جیدی بدرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەک ناچار بکرێن هەوڵ بدەن بۆ بەکارهێنانی زاراوەی ڕەوانی کوردی و ستانداردکردنی ڕێنووس و زمانی کوردی، هاوکات وەک سەرچاوەیەکی زمانەوانی کوردییش بەکاربهێنرێت .

پێکەوە بەرەو زمان و ڕێنووسێکی یەکگرتووی ستاندارد، تا لەوێوە هەموو ڕێگەکان بچنەوە بانە و لە ڕێگای زمانی داڕشتن و دەربڕینی زمانی ئەدەب و ئاخاوتنەوە، مێژووی ئەدەبی خۆمان بنووسینەوە.